# پێشەنگ ژمارە 7 و 8



## تویێشووی داهاتوو:

**تایبەتە بە ژیان و بەرهەممەکانی شاعیری شۆرشگێری ئیرانی "سەعیدی سوڵتان پور"**

# پێشەنگ

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد سالحی

سەرنوسەر: سەعید ئەمانی

سکرتێری نوسین: یونس. م

دەستەی بەرێوەبەر:

- بێستون
- کەیوان ئەفروز
- شورش موحەممەدی
- ناسر حەق پەرەست

روبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی

ئیمەیل:
peshang2@msn.com
peshang_ko@yahoo.com

تەلەفون:
07701934573
07701367543

قیمەت: 1000 دینار / 600 تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.


سەروتار 5

وتار 6

وەڵامێکی درەنگ وەخت

مێژووی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری

ئەدەبیاتی ژنانە، یان ژنانەبونی ئەدەبیات

هەڵسەنگاندنی ئاڵۆ گۆڕەکانی شێعری ژن لەئێران

ئەم نیشتمانە هی ئێمەیە

وتووێژ 22

وتوێژ لەگەڵ شاعیر سەلاحە رەش

وتوێژ لەگەڵ شاعیرو هونەرمەند شاخەوان سدیق

سینەما 38

بیرەوەریەکانی ماتۆر سیکلەت ...

مەبەست لەدروستکردنی فیلمی "مارمێلکە" چی بوو؟!

وتوێژ لەگەڵ موسلمی مەنسوری سەبارەت بە ..

شێعر 54

فرمێسکی بەرد

لە یادی کۆمۆنی پاریس دا

چۆلەکە

ئێوارە

ئێوارەکانی گشت تەمەنم

چیرۆك 68

سەربوردەکانی نێو کتێبی خوێندنەوە

پەرەیەك لەیادەوەرییەکانی زەردەشت

سزای خۆشویستن.. سزای خۆش نەویستن

ئادەم و حەوا

ئایین 84

جیاوازی نیوان جیایی دین لەدەولەت وجیایی ...

دین

چاوخشاندنێك بە سەر مێژوی ئیسلامدا

توێشوو 106

هونەرمەندی کۆمۆنیست و گیانبەخت کردووی ...

لە یادی ئازیزی هاوڕێ جەماڵ موفتی دا

جیرۆکیك بۆیادی کاك جەماڵ و یاد

**ئادرەسی پێشەنگ لە سەر تۆری ئەنتێرنێت**

http://www.komalah.org/peshang/index.htm



# سەروتار

بەر لە دو ساڵ لەوە پێش کۆمەڵێك قەڵەم بەدەستی دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست لە بریار دانێکی بە کۆمەڵدا هاتنە سەر ئەوەی کە جارێکی تر گۆواری (پێشەنگ) کە بەر لەم بریارە 16 ژمارەی لێ دەرچووبو، وە ماوەی نزیك بە حەوت تا هەشت ساڵێك بو بڵاو نەدەکرایەوە. لە ئەندازەو فۆرمێکی نوێ داو لە سەر هەمان رێبازی پێشووی ، بە چاپ بگەیەننەوە.

ئەم ژمارەیەی لەبەر دەستی ئێوەی خوێنەری ئازیز دایە، ژمارە 7و 8 ی ئەم گۆوارەیە کە بە هەوڵ و کۆششی بێ دریغ و ماندو نەناسانەی ئەو خۆشەویستانە هاتۆتە بەرهەم و بە چاپ گەیێندراوە.

رون و ئاشکرایە لە مەودای ئامادەو بەچاپ گەیاندنی ئەو هەشت ژمارەیە دا گەلێك کۆسپ و ئاستەنگ هاتۆتە بەر دەم دەستەی نوسەران و ئامادە کارانی پێشەنگ کە گرینگ ترینیان بێ ئیمکاناتی و دەستەنگی بووە ، بەڵام سەرەرای هەر کۆسپ و تەگەرەیەك کە هاتبێتە پێش، بە عەزمێکی پۆڵاییینەوە سوور بووین لە سەر بەچاپ گەیاندنی ژمارەکانی پێشەنگ بە بەردەوامی.

بەردەوامی و ئیدامە کاری ئێمەش، بە بێ یارمەتی بێ دریغی ژمارەیەکی بەر چاو لە شاعیران، نوسەران و هونەرمەندانی خاوەن هەڵوێستی، دۆستی پێشەنگ لە کوردستانی عێراق، کە بەحەق هاندەر و پشتیوانمان بوون، ئیمکانی نەبو.

بەرهەم و وتووێژ و راو بۆچونەکانیان لە گشت ژمارەکانی دەورەی دوهەمی پێشەنگ دا رەنگی داوەتەوە.

ئەمەش خۆی یەکێك لە لایەنە سەرکەوتوەکانی گۆوارەکەیە ، کە توانیوێتی کەش و فەزایەك بخوڵقێنێ کە هەمو ئەو ئازیزانە پێشەنگ بە سەکۆ و دەنگی خۆیان بزانن و بەشانازییەوە بەرهەم و بابەتی بۆ بنێرن.

پێشەنگ وەك دەنگێکی تایبەت و خاوەن رێچکەیەکی سەربەخۆ، توانیوێتی خۆی لە لاسایی کردنەوە ببوێرێ.

ئەو باس و بابەتانەی وروژاندووە کە پەیوەستن بە ژیانی ئێستا و داهاتوی چینی بێ بەشی کۆمەڵگا و ئامانژەی بەو گرفتانە داوە کە وەك رایەڵی جاڵجاڵۆکە، لە لایەن دەسەڵاتی سەرمایەوە کەلێن و قوژبنی ژیان و زەینی بەشی زۆری مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئێمەی تەنیوە. هەوڵ دراوە بابەتە وەرگێردراوەکانی دوو توێی پێشەنگ، هەڵبژاردەی ئەو بابەتانە بن کە گۆوار و بڵاوکراوکانی تر ،بە حوکمی رێبازی جیاوازیان لە گەڵ پێشەنگ، خۆیان لێ بواردووە و قەرەی نەکەوتوون. بە پێچەوانەش خۆی لەو باس و بابەتانە نەداوە کە لەژێر ناوی جۆراوجۆ دا بە مەبەستی سەرگرمکردن و چەواشە کاری رۆژانە لەم لاو لەولا بڵاو دەبنەوە.

لەگەڵ هەمو ئەمانەدا بێ کەم و کوریش نەبووە. دۆستانی پێشەنگ بە دیدێکی دڵسۆزانەوە روانیویانەتە پێشەنگ و لەگەڵ ئەوە دا کە هاوکاری بێ دریغیان کردووە رەخنە وپێشنیاریشیان ئاراستە کردووە. ئێمەش بە هەست کردن بە زەرورەتو لەبەرچاوگرتنی پێشنیارەکان قەوارەی گۆڤارەکەمان گۆری بۆ A4ی تەواو. بەهیواین لەمەو بەو لاوە، لەم ئەندازەیە دا دەری بکەین. پشتمان بە هاوکاری و پشتیوانی ئێوە هاوکاران و خوێنەرانی خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز گەرمەو بە شانازییەوە چاوەرێین بەردەوام بن لەگڵمان دا.

(( پێشەنگ ))

**



- وەلامێکی درەنگ وەخت
- مێژووی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری
- ئەدەبیاتی ژنانە، یان ژنانەبونی ئەدەبیات
- هەڵسەنگاندنی ئاڵو گۆڕەکانی شێعری ژن لەئێران دوای پەروین
- ئەم نیشتمانە هی ئێمەیە

# وەڵامێکی درەنگ وەخت



بەڕێز و خۆشەویست کاك یۆنس

ئەم کاتە و هەموو کاتێکت باش

ئەگەر لە لای بەڕێزتانەوە جێگای گلەیی بم یان نەبم، من بۆ خۆم ڕەخنەم لە دواکەوتنم هەیە بۆ وەڵامدانەوە بە نامەکەتان . لە ڕاستیدا جگە لەوەی کە سەرم قاڵ بوو بە نووسینی باسەکەمەوە بۆ سایتی دەنگەکان ( تێڕامانێك لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و گرفتەکانی )، بەڵام لە دووتوێی نامەکەتانەوە پەیم بە سنگ فراوانی و توانای بەخشندەییتان بردبوو . دەمزانی کەموکوڕییم لەم بارەیەوە بۆ کەسانی خەباتگێڕی وەکو ئێوە جێگای لێبوردن دەبێت، بۆیە باسەکەی خۆم کە لە گەرمەی نووسینیدا بووم، بە هاتنی نامەکەی بەڕێزتان، ڕام نەوەستان و بە درێژە پێدانیەوە تا کۆتایی لەگەڵیدا ڕۆیشتم . ئەوەشت لێ ناشارمەوە کە ترسی کرچ و کاڵی نووسینیشم هەبوو لە وەڵامدانەوەی دەست بەجێدا . ئەڵبەتە من لە ئاستی ئێوەدا دەستم کورتە لە ڕازاندنەوەی نامەدا (وەکو ئێوە لەو بارەیەوە دەست ڕەنگین نیم)، بۆیە بە داوای لێبوردن و مۆڵەت وەرگرتن لێتانەوە دێمە سەر قسە و باسێکی کراوە لەمەڕ ناوەرۆکی نامەکەتانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە من ناتوانم لە ئێستادا تێڕوانینی خۆم دەربارەی گۆڤارەکەتان و ئەم چەند ژمارەیەی دوایی بە شێوەیەکی لە دڵا پەسەند بدەم بە دەستەوە، بەڵام هەندێك ئایدیای گشتیم لە باری ئەدەب و ئەدەبی کرێکارییەوە بە شێوەیەکی کورت و خێرا دەخەمە ڕوو .

چینی کرێکار وەکو شۆڕشگێڕترین چینی کۆمەڵگا، وەکو ڕووخێنەری سەرمایەداری و دامەزرێنەری سۆشیالیزم، وەکو چینێکی جیهانی و لە هەمان کاتیشدا ڕزگارکەری مرۆڤایەتی لە دەست هەموو جۆرە چەوساندنەوەیك، چۆن پێویستی بە ڕیزی سەربەخۆی خۆی هەیە لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا, لە مەیدانەکانی تریشدا کە ئەدەب یەکێکیانە، هەمان پێویستی دووبارە دەبێتەوە . مەسەلەی پاراستنی سەربەخۆیی چینی کرێکار لە ئەدەبدا، مەسەلەی داسەپاندنی ئەدەبێکی وشك و برنگ و لە قاڵب دراو نییە . ئەو جۆرە بۆچوونەی کە ئەدەب لە قاوغێکی تەسکدا دێنێتەوە یەك و لە هەمان کاتیشدا هەموو بەها مرۆییەکان و جوانناسییەکان لە ناوەرۆکدا دەبینێتەوە و شێوە بە تەواوی وەیان تا ڕادەیەکی زۆر وەلا دەنێت، نامۆیە بە مارکسیزم و ڕێگرە لە بەردەم هاتنە مەیدانی ئەدەبی کرێکاری. مرۆیی (ئینسانی) ترین پێوانە کە سنوورەکان ناناسێت و ئازادی بێ قەید و شەرت بۆ ئەدەبی خزمەت گوزار بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بە فەرمی دەناسێت، پێوانەی چینایەتییانەی جیهانیی چینی کرێکارە . واتە ئێمە کە باس لە ئەدەبی چینی کرێکار دەکەین، یانی باس لە ئازادترین و بەربڵاوترین و شۆڕشگێڕترین و کراوەترین ئەدەب دەکەین.

لە ئەدەبی کرێکاریدا ئاسۆ و ئاسوودەیی تاك و کۆ، نە دابڕاون لە یەکتری و نە سەربەخۆییشیان لە دەست

دەدەن . ئەدەب هەرچەندە بەرهەمی تاکەکانە و لە ڕوانگەی ئەوانەوە مامەڵە لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگا و کێشەکانیدا دەکات، بەڵام لە پرۆسەی کار و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو تاکانەوە لە دایك دەبێت و لەوێشەوە هەناسە دەدات و مەنزڵ گیری دەکات . ئەدەب ئەگەر بۆ تاکیش بنووسرێت، ئەو تاکە خۆی بەرهەمی کۆی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانە (ووتەیەکی، مارکس)ە . یانی ئەدەب چ لەوێوە کە بەرهەمی تاك تاکی مرۆڤەکانە و چە لەوێشەوە کە ئەگەر لە پێناوی تاکدا بنوسرێت، هێشتا لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کارەکەشی لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا یەکلایی دەبێتەوە . یانی تاك لە کۆمەڵدا چ بنوسێت و چ بۆی بنووسرێت، هەر بەرهەمی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و سەربەخۆییەکەی لەوێوە سەر دەردێنێ و دەپارێزرێت . کەواتە ئەدەب وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە تاك و کۆ لە بەرهەمەکانیدا سیمای خۆیان بە ڕۆشنی بە دەر دەخەن، لە ڕەوتی گەشە کردنی خۆیدا و لە سەر ئاستی جیهانی، هەم تاك و کۆی بە یەکەوە گرێداوە و هەم ئاڵای بەختەوەری مرۆڤی بەرز کردووەتەوە . ئەدەبی نا کرێکاری ( ئەدەبی چین و توێژەکانی تر ) ئەگەر لە مەیدانی خزمەت کردنیدا بە تاکی مرۆڤ بتوانێت تا ڕادەیەك ڕوخساری چینایەتییانەی خۆی لە ژێر دەمامکی مرۆڤ دۆستیدا حەشار بدات، وە یان تاکی مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشمە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا دا بماڵێت, ئەوا لە مەیدانی خزمەت کردنیدا بە کۆ، وەیان خۆ هەڵپێکانی ئاشکرای بە ململانێ چینایەتییەکانەوە، ناتوانێت ئەو دەمامکە هەڵگرێت و پێناسەیەکی داپۆشەرانە لەمەڕ ئامانجەکانیانەوە بدات بە دەستەوە . سەبارەت بە ئەدەبی کرێکاری مەسەلەی تاك و کۆ، هەم سیمایان ڕۆشنتر و هەم نزیك بوونەوەیان زیاتر و هەم پەیوەندییان توندتر دەبێت لەگەڵ یەکتریدا . ئەدەبی کرێکاری پەلوپۆ هاویشتنی هەمەلایەنەیە و ڕۆیشتنیشی بە ڕێگای بەختەوەری و ڕزگار بووندا، سنوور نەناسە . ئەو لە مەیدانی خزمەت کردنیدا بە تاك بێت یان بە کۆ، تەنیا بەها مرۆییەکان و جوانناسییەکان دەناسێت . نە تاك لە کۆدا دەتوێنێتەوە و نە " کۆ " ش لە بەرانبەر تاکدا لاواز دەکات . نە زیادەڕەوی لە ناسینی سەربەخۆییاندا دەکات و نە لە یەکتریشیان دادەبڕێت . ئەو بە هەڵکردنی ئاڵای هەڵپێچانی چەوساندنەوە، هەردووکیان ( تاك و کۆ ) لە ڕەوتی چوونە پێشەوەیاندا، دەئاڵێنێت بە یەکتریدا . جا ئەگەر لێرەدا مۆڵەت ( ئیجازە ) م پێ بدەن و ئاماژە بە ڕۆڵ (دەور)ی گۆڤارەکەتان "پێشەنگ" بکەم، دەڵێم: هێنانە کایەی ئەدەبێکی کرێکاری لە لایەن ئێوەوە، دەبێت بە مانای پەل هاویشتنی ستاتیکانە بێت بۆ داهێنان و چوونە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی وەکو ئاڵۆزترین دیاردە، دەبێت لە ڕوانگەی ئەدەبی کرێکارییەوە، ڕۆشنی و ئاسان کردنەوە و چارەسەر کردنی گرفتەکانی، بە شێوازی باڵا و ڕەسەنایەتی لە نووسیندا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئیلتیزامی چینایەتی بۆ ئەدەب، لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە، هەرگیز بە مانای هێنانە خوارەوەی ڕەونەقی نووسین و قۆزاغە دروست کردنی چەپگەرایەتی نییە بە دەوریدا. ئیلتیزامی چینایەتی ئەو کلیلەیە کە دەرگای داهێنان بۆ شاعیر و نووسەری چینی کرێکار و سەر بەو چینە دەکاتەوە . مەسەلەی داهێنان، ئەگەر لە بواری تاك دا بێت یان کۆ، هەمیشە پەیوەندی بە خواستە مرۆییەکانەوە هەیە بۆ دەرباز بوون لە بارودۆخێکی دژوار.

دوو ئەرکی گرنگ کە لە بەردەم ئەدەبی کرێکاریدایە بریتین لە بەختیاری هەنووکەیی مرۆڤەکان و ڕزگار بوونیان لە چەوساندنەوە . ئەگەر بەختیاری هەنووکەیی مرۆڤەکان لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و لێکهەڵپێکراوی ناخ و ڕووداو و کۆمەڵدا، لە هەر شوێنێك بێت و بۆ هەر کەسێك بێت، ببینرێتەوە،، ئەوا گوزارشت دانی ستاتیکانە لەو بارودۆخە،, لایەنێکی سەرەکی پێکهاتنی ئەدەبی کرێکارییە . وە لایەنە سەرەکییەکەی تری کە ڕزگار بوونی یەکجاری مرۆڤایەتییە لە دەست چەوساندنەوە،

بێگومان لەگەڵ لایەنی یەکەمدا (بەختیاری هەنووکەیی مرۆڤەکان) پێکەوە ئەدەبی کرێکاری دادەمەزرێنن و جێی دەخەن . جا بەو ئەندازەیەی گۆڤارەکەتان بتوانێت کارە ئەدەبییەکانی لەمەڕ ئەم دوو مەسەلە گرنگەوە بە شێوازێکی بەرزی هاوچەرخانە بباتە پێشەوە، یانی بەو ئەندازەیە دەتوانێت خزمەتگوزار بێت بە چەوساوەکان و ئەو ناوەش کە هەڵی گرتووە (پێشەنگ ) بە کردەوە بە کۆمەڵانی خەڵکی بناسێنێت. مەبەستی من ڕەخنە گرتن نییە لە گۆڤاری پێشەنگ و بە کەم زانینی دەوری ئەدەبیی ئەو نییە، بەڵکو مەبەستم گەشەسەندنی ئەدەبییانەی زیاتریەتی لە پرۆسەی بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکەی ئەمڕۆدا و دەرهاتنیەتی وەکو پێشەنگی ئەدەبی کرێکاری. ئەگەر بچینە سەر بەشێکی تری نامەکەتان و سەبارەت بە بڵاو بوونەوەی بەرهەمی من لە پێشەنگدا قسە بکەین، دەڵێم ئەوە جێگای پێزانین و خۆشحاڵی یە بۆ من کە بەڕێزتان لەو بارەیەوە بەسەرم دەکەنەوە و دەتانەوێت ئاشنایەتی لە نێوان بەرهەمەکانم و لاپەڕەکانی گۆڤارەکەتاندا تازە بکەنەوە . مۆڵەت بەخشینی ئێوە بە شیعر و نووسینی من لە و ڕووەوە، گەورە کردنی بەرهەمەکانمە . داواکەتان بە سوپاسەوە وەردەگرم و هەوڵ دەدەم بە گوێرەی هەبوونی بەرهەمی ئەدەبیم، کەمتەرخەمی نەکەم و پێشەنگی خۆشەویست لەو ڕووەوە لە خۆم زویر نەکەم . پێم خۆشە بە پێی توانا و دەرفەت، کاری هاوبەشی ئەدەبیم لەگەڵتانا هەبێت و هەم بۆ نەخشاندنی زیاتری ئاسۆی کانوونی ئەدەبی کرێکاری و هەم بۆ پەروەردە بوونی زیاتری فکری و ئەدەبی خۆم، ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکتریدا و لەو پێناوەدا بچینە گفتوگۆیەکی قووڵتر و بەریین ترەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەو تێبینی و پێشنیارەم بخەمە بەردەم ئێوەی خۆشەویست و وەبیری بەڕێزتانی بهێنمەوە کە قەڵەم بە دەستی ئەدەبی کرێکاری، کەم و زۆر، لێرە و لەوێ، بوونیان هەیە و والا بوونی لاپەڕەکانی "پێشەنگ"یش بۆ بەرهەمەکانیان دەبێتە هۆی گیرساندن و بردنە پێشەوەی ئەو ئەدەبەی کە خواستی هەموو لایەکمانە.

ئیتر لەگەڵ سوپاسمدا

بە گەرمی دەستی خەباتکارانەتان دەگوشم

بژار

2005–06–08

**

# مێژووی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری

نوسینی: ع. شوان

بەشی یەکەم

لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەستەکەم بەناردنی ئەو ژمارانەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری, کە تا ئێستا نەتبینیوە. دیارە ئارەزووم دەکرد هەموو ژمارەکانت بە یەکجار بۆ بنێرم, ئەویش لە کێشی گیرفانی مندا نییە, بۆیە هەوڵ ئەدەم هەر پارەم لێ زیاد بێت دانەیەك یان دووانت بۆدەنێرم. دەبێ لە قسورم ببوری.

ژمارە 9ی ئابی 1992 :

+بەرگی ڕەنگاوڕەنگ نییە, پەڕەی ئاسای بوو.لەبارەی وێنەی بەرگەوە دەبێ بوترێ: لەبەر ئەوەی ئەو کتێبەی مارکس سەرمایەـ کەپیتاڵ چاپی مۆسکۆ شوورەوی کۆن بوو. وێنەی کتێبەکە لەو دیدەوە هەڵ

وڵاوە گوایە ئەمەریکا مۆنۆپۆڵی سەرمایەدارییە, کرێکار لە بەرامبەر ئەودا ڕاوەستاوە، بۆیە هونەرمەند هاتووە ڕەمز شەبقەیەکی ئەمەریکی کردۆتە سەر ئەو پیاوەی دەس

ی بەسەر کارخانەکاندا گرتووە ! بۆ دەربازبوون لەو دیدە تەحریفییە هاتم شبقەکەم لابرد .

+کتێبەکەی بلیخانۆف بەزمانی فارسی(هنر و زندگی اجتماعی) ئەگەر بیرت مابێ وەختی خۆی بەر لەڕۆیشتنت بۆ تورکیا, ئۆرژیناڵەکەیم لە تۆ وەرگرت دانەیەکم لێ فۆتۆکۆپی کرد. هەروەك دەبینی بەباشترین موتەرجم وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی,بە زنجیرە بڵاومکردۆتەوە فوئادی مەجید میسری ل 12 شۆلۆخۆف ل22 دابەزێنراوە, مەبەستیش لە هەموو ئەو لا لێکردنەوەو پەیجوریکردنانە ئەوە بووە بووترێ/ بابە خەڵمکینە بزووتنەوەکەی ئێمە بە شەق یان وەك قرچك هەڵمان نەتۆقاندووە, کەمێك ریشەدارە.

+بڵاوبوونەوەی شیعری وەسیەتی کرێکار ل 17 کە لە راستیدا بە شیعر ناژمێردرێ, دووبارە گۆڤاری بەرەو رووی رەخنەی دۆستو لایەنگران کردەوە, بەڵام هەروەك وتراوە ئێمە بە پێچەوانەی سەرجەم گروپو حیزبو دەستە شیوعیو کۆمۆنیستیو کرێکارییەکانەوە کە وردەبۆرژواو کوروکاڵی نارازی کۆنترۆڵیان کردووە, دەمانویست کرێکارانی بە حەقو حەقیقی لەو تربیونەوە دەنگو حزووریان هەبێ.

دوو شەممە 29. 3. 1999 لاهتی/ فینلاندا

ژمارە 16ی ئازاری 1993:

+لەم ژمارەیەوە گۆڕانکاری پۆڤەتیف لە بواری دەرهێنانی هونەریو خاوێنی لاپەڕەکان دەردەکەوێ, هەر بۆیە کە وك ژمارەکانی پێشوو گەورەم نەکردووە, لە بەر ئەوەی گۆڤار وەختی خۆی ئۆرژیناڵەکەی لە سەر پەڕەی ئێرانی مونتاجکرابوو, لە چاو پەڕەی ئەیفۆڕ کەمێك گەورەتر بوو, ناچار لە فینلاند 9٪ بچووکم کردۆتەوە.

+هونەری شێوەکاری لە وێنەی بەرگ _ئێرانی نییە لاپەڕە 12و 14و 21 لە بڵاوکراوەی چەپی ئێرانی وەرگیراون، حزوری هەیە.

+وێنەی فۆتۆگرافی لاپەڕە سفر گۆشەیەکی بچووکی ڕاپەڕینی 1991 بەرجەستە دەکات، بەیادی ئەو بۆنەیەوە دابەزێنراوە، بەرەو رووی رەخنەی چەند کەسی سەر بە چەپی تازە، موتەئەسیر بە نەزەراتی باڵی کۆمۆنیزمی کریچکاری چەپی ئێرانیەوە بووینەوە! گوایە وشەی راپەڕین دروست نییە، ئەو بزووتنەوەیەش گەش نەبووە، ئەوە نەزەری کۆنەپەرستانەیە، جۆرێکە لە خەڵکگەرایی، بە حیسابی ئەوان ئەسڵ حکومەتی کارگەری بووە!

+رەخنە لە وەدەگیرا گۆڤار بە تەنها من دەیبەم بەرێوە، بۆ وەڵام بەوە هاتم وەك هەنگاوێکی نوێ کە بۆ خۆی چاوبەست بوو! ناوی ئەو کەسانەی بەرهەمییان بە بەردەوامی لە گۆڤاردا بڵاودەکردەوە.. وەك دەستەی نووسەران دانا، هەندێکییان حەزیاتن بە کاری ژێربژێر بوو یان بە بیانووی هەمە جۆر ناڕازی بوون! جا ئەو هەنگاوە تا چەند دروست بوو؟ ئەوە لە داهاتوودا دەردەکەوێ.

لە راستیدا ئەوان بە هۆی مەشغەڵەتی تایبەتی نەدەپەرژانە سەرو کاری گۆڤار، تەنهایش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان مەبەست بوو! بۆ دەعمی ماددیو دارایی هیچییان لە خۆ نیشان نەدەدا، حازرجۆری بەر سێبەر بوون! ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو کەسانە تازەلاوو کەمئەزموونو نا هونەرمەندبوونیان پێوە دیار بوو، هەموویش خەڵکیان بخرێتە بەر دەست بۆ هەڵسەنگاندن لە بواری هونەرییەوەو..

+لاپەڕە 1و 25 بۆ بەسەرکردنەوەی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی شەپ کە نەك لە لایەن بڵاوکراوە زۆرو زەوەندەکانی بۆرژوازی بەڵکو لەلای باڵی چەپیش فەرامۆش کرابوون، ئەمەیش لاسایی کردنەوەی کوێرانەی گۆڤاری پێشەنگ بوو، لە راستیدا لەبەر نەبوونو کەمی بابەتەوە سەرچاوەی گرتبوو، گرنگ دەرچوونی گۆڤارو پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی بوو، لەسەر ئەدەبو هونەر! هاوکاتیش خۆشەویستکردنی گۆڤارو پەیداکردنی جەماوەر بوو.

+لاپەڕە 5 ئەو بابەتە رەخنەییەی خۆت وابزانم ناونیشانەکەی من بۆم دانابوو.

+لاپەڕە 19 بڵاوکردنەوەی شیعرێکی مارکسی گەنج لە بازنەی ئەو هەنگاوە نوێیانەدا بوو کە گۆڤار دەیویستو هەوڵی دەدا دەسپێشکەری تیا بنوێنێ، هەرچەندە نەدەکرا لە خانەی ئەدەبی کریچکاری دابنرێ، وەگێڕەکەی لە نێو وەسەتی ئەدەبیدا بە شانازییەوە وتبووی: یەکەم کەسم شیعری مارکس بۆ کوردی وەردەگێرم، بەبێ ئەوەی ئیشارەت بەوە بدات ئەوە ئازایەتی خۆی نەبووە، ئیختیارو هەڵبژاردنەکە لە لایەن ئێمەوە بووە، ئەو تەنها میکانێتی وەرگێڕانەکەی پێبڕاوە!

ژمارە 17ی نیسانی 1993:

حزوری هونەری شێوەکار درێژە هەیە، وێنەی بەرگو پلاپەڕە 12و 16و 20 بەرهەمی هونەرمەندانی خۆماڵی بوون، ئەمە وەێڕای لاپەڕە 7و 9 لە چەپی ئێرانییەوە خوازرا بوو، گۆڤار بە وێنەی حیزبو گرووپی سیاسی تەسەروفی دەکرد بۆیە ئارمی بۆ خۆی دروستکرد، هەر وەك لە بەرگەکەیدا دەبینرێت.

+ئەم ژمارەیە عادییەو لە هەمانکاتیشدا تایبەتی بوو، لە بواری دەرهێنانی هونەرییەوە گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، وەك دانانی مانشێتی بابەت، پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، ئەم ژماریە قسە ناهێنێ، دوو رۆژ بەر لە یەکی ئایار خرایە بازارەوە.

ژمارە 18ی ئایاری 1993:

+بە سەربەخۆ هونەری شێوەکار بە تەنها لە وێنەی بەرگو شیعرەکانی لاپەڕە 24دا وجودی هەیە، بەڵام بە شێوەی هێڵکاری بۆ پڕکردنەوەو جەمالییەت پێدانی پەڕەو شیعرەکان زیاد لە پێویست خۆی نواندووە، بە گشتی ئەم ژمارەیەش پاك راکیچشراوە، لە بواری

دەرهێنـانی هونەرییـەوە کـەمێك خۆمانـدووکردنی پێـوە دیارە.

+هۆی گۆڕانکاریش لە دەستەی نووسەراندا بە پێی ئەو قیاسە بووە کـە تـا چـەند ئافرادەکـان هەڵدەسوڕێن, بـە تـەنگ گۆڤـارەوە بـوون, بۆیـە ژمارەکانیـان وەك هاوکـار ناویان هاتووە.

+لاپەڕە 12 بەرهەمی کەسێکی کرێکارە.

+لاپەڕە 13 بەرهەمی نووسەری ناسراوە فوئاد مەجید میسرییە, لەبەر هەندێ ئیعتیبار نەیدەویست بـە ئاشـکرا لە گۆڤارێکدا ناوی بێت مە نزیکە لە بزووتنەوەی چـەپی تازەوە.

+لاپەڕە 19 هەنگاوێکی نوێتر بوو, دیارە بیرمان لـەوە کردەوە بەشێکی گۆڤـار بـە زمـانی عـەرەبی بێـت, بـەڵام لەبـەر گۆڤـار ئامـانجی سـەرەکی بـەهێزکردنو لـە سـەر پێدانی بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاری بە زمـانی کـوردیو لـــە بۆتەقەیـــەکی جـــوگرافی دیـــاریکراو هەڵدەســـوورو بزووتنەوەکــە نــۆژەن بــوو, تــا رادەیــەك لــە نرخــی نەبووندابوو, بۆیە پشت گوێ خرا.

+لاپــــەڕە 22و 23و 24 هــــەنگاوێکی نــــوێ بــــۆ هەڵخراندنی جەماوەرو وەسیەتی ئەدەبیو هونەری شاری سلەیمانی بوو, لە دژی کـارێکی تیرۆریسـتی دەرهـەپ بـە رۆشنبیری ئەنجام درابوو, بـووە مـەترەح بـوونی هەرچـی زیاتری گۆڤار لە ئاستی بەرفراواندا, ئەو هـەنگاوە هێنـدە دروست بوو, لە بڵاوکراوەی حیزبەکانـدا رەنگـی دایـەوە, نـەك ئیـشارەتی پێـدرا, بـەڵکو هەفتەنامـەی رێگاڕزگـاری کوردستان– شیوعییەکان دەقەکەیان بڵاوکردەوە.

شــایەنی وەبیرهێنانەوەیــە هــەر ژمارەیــەکی نــوێ دەربچوایە لە 1 تا 3 دانەمان بۆ حیزبو گرووپە گـەورەو بچووکەکانو بڵاوکراوەکانیان دەناردو ئەوانیش بە دەوری خۆیان لە گۆشەیەکی بچووکی بڵاوکراوەکانیاندا بە وێنەی بەرگی ژمارەوە ئاماژەیان بە دەرچـوونو کەوتنـە بـازاڕی گۆڤار دەکرد.

بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەی زۆر زیـاتر لـەوەی دەماننـار بـۆ حیزبــە بۆرژوازییــەکان, بــۆ رێکخــراوە چــەپییەکانی لەمەڕخۆمان دەنارد, بێجگە لە گرووپی سـەرنجی کرێکـار ئەوانی تر دەرچوونو کەوتنە بازاڕی گۆڤاریـان فـەرامۆش دەکرد, تەنانەت بـە دێـرێکیش ئاماژەیـان پیـچنەدەدا!!بۆیە هەمیشە داشمان بەسەریاندا سوار بوو.

+لاپـــەڕەی 25و 26و 27و 28و 29 دەســـتپێکردو سەرەتای عەلەنیکردنەوەی شەڕو کێشەی نێـوان گۆڤـار کــە خــۆی بــەقوتبی دەزانــی بــەرخوردی ناسیاســیو ناشیانەی گرووپە چەپو ئەفرادەکانیان بوو, لـەوە زیـاتر قابیلی شاردنەوە نەبوو, دیارە لەوە بەریش لە ژمارەکانی پێشوودا سەرەمقەسی بچووك لە شێوەی گلەییـدا بـەرەو رووی ئــەو گرووپانــە کردبــووە. دوو چــەممە 12. 4. 1999.

**



# ئەدەبیاتی ژنانە، یان ژنانەبونی ئەدەبیات

ن: لەیلا سادقی

و : پەیمان

ئەدەبیاتی ژنانە بابەتێکە لەم ڕۆدا قسەو باسێکی گەرمو گوڕی هێناوەتە پێش : کەژنانەگی ئەم چەشنە ئەدەبیاتە، بەناچار لایەنی پیاوانەی ئەدەبیاتیش دێنێتە ئاراوە، کەوادارمان دەکات دوو جنسیەتی ئەدەبیات قبوڵ بکەین. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئەم شێوە ھەڵسەنگاندنە زۆرتر لەڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبیاتەوەیەو پەیوەندی بەھۆویەتو ڕیشەی دیاردەناسی ئەدەبیاتەوە نابێ.

لەڕاستیدا، ئەدەبیاتی فیمینیستی، ئەدەبیاتێکە کەلەسەر ئەساسی چلۆنایەتی جێگاو شوێنی ژنان لەکۆمەل دا دێتە ئاراوە. جێگاو شوێنێکی کەلەمەوبەر لەلایەن پیاوانەوە دیاری دەکراو ئێستا ژنان بەباسکردنی گرفتو ھەڵاواردنەکان، ئێحساساتو جێگاو شێونە نا بەرابەرەکانی خۆیان لەچاو پیاوان دەنگی ناڕەزایەتییان ھەڵبڕیوە. لەڕاستیدا ئەم چەشنە ئەدەبیاتە لەسەرەتاوە جێگۆڕکێی دەستەڵاتو نا سەقامگیری ئەو دەداتە بەر ھەڵسەنگاندن. بابەتی ئەم شێوە ئەدەبیاتە، ژنانێکن کەلەچاو پیاوان لەڕوانگەی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بتەوێ‌و نەتەوێ لەئاستێکی خوارترەوە دانو یان قەرار دەگرن کەبەلێکدانەوەیەکی ڕەوان ناسانە ھێندێك جار لەڕوانگەی خۆشیانەوە ناکەونە ئاستێکی بەرابەرەوەو ئەم چەشنە ئەدەبیاتە ھەوڵی وشیارکردنەوەو وەئاگاھێنانەوەی ناخود ئاگایی ژنان سەبارەت بەمافی لەدەست چویانو جێگاو شوێنی لەکیس چویانیەتی‌و لەوەھلەی دووھەم دا، دەیەوێ کۆمەڵگای پیاوسالار بداتە بەر ڕەخنە کەھەر لەبنەڕەتەوە سوننەتەکانی کۆمەڵ ھەر ئەم ڕوانگە پیاوسالارانەیە دایڕشتوە. بەشێوەیەکی کەدایکانێکیش کەخۆیان ژنن، لەھەڵس‌و کەوت لەگەڵ کوڕو کچەکانیان دا بەچەشنێك دەجولێنەوە کەڕاستەوخۆ دەچێتە خزمەت پێگەیاندنی تاقمێك پیاوی سونتەتی ترو دەستەڵات خوازەوە. لەڕاستیدا ئەم ئەدەبیاتە ژنانەیە، ھەوڵدەدات لەکۆمەڵی تاك جەمسری پیاوانەدا، ژنانیش بناسێنێ‌و لەوەھلەی سێھەم دا، دوای دەستەبەرکردنی بەرابەری‌و مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو، دەست دەداتە ھاوبەشو ھاوڕاکردنی ژنانو پیاوان کەئەم بەشە بەکردەوە لایەنێکی ئیدەئالی ڕەخنەی فیمینیستییە کەگەیشتن پێی لازمەی وە پشت سەرنانی دوو مەر حەلەکەی پێشترە. پیاوانێك کەلەدەست دانی دەستەڵات بەگەورەترین نەھامەتی دەزانن‌و لەڕیشەگەلی وجودی خۆیاندا، دەچنە مەیدانی گشت بەرەبەرەکانێیەکەوە بۆ ئەوەی سوکانی ئەم میراسە مێژوییەیان لەدەس دەرنەچێت. دەکرێ ئەدەبیاتی فێمێنیستی لەڕوانگەی بابەتیەوە بکرێتە ژێر مەجموعەی "ئەدەبیاتی ناڕەزایەتی" لەچەشنی ئەدەبیاتی ڕەش پێستەکان، کەمایەتیەکانو...

بەڵام لەژنانە بوونی ئەدەبیات دا، ئەوەی کەبەشێوەی ڕاستەوخۆ بەھۆویەتی ئەدەبیاتو بەناچار زمانەوە پەیوەندی ھەیە، باسێکی دیاردە ناسیەکە لەزانستی زمان ناسیدا دەکرێ باسی لێبکرێ. بەھەڵسەنگاندنی زمانە زیندوەکانی دنیا، ڕووبەڕووی زمانگەلێك دەبینەوە کەکەمو زۆر جنسیت لەواندا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ. لەزمانەکانی ئەوێستایی‌و سانسکریت دا، یەکانە زمانیەکان خاوەنی ئەم جەمسەرە جنسیانە بون کەلەڕەوتی مێژوودا، زمانی فارسی دەری گەیشتە ئاستی بان جنسیەتەوە (مەرتەبەیەکی سێھەم کەئیدەئالی فیمینیستەکانیشە)و ڕۆڵی نێرو مێ‌و سنوری نێوانیانی تێدا سڕایەوە. ئەم ناسنامە ژنانەیەی کەبەزمانە جنس

گەراکانەوە دیارە، دەکرێ سەرچاوە لەهۆگەلی سروشتیەوە بێت، لەوانە سەمەردەهی فینری کەدیارترین تایبەت مەندی بەمێوکردنە. ئەدەبیاتو زمان، هەردوو لەدەرەوەی بەشی واتایی شیاوی پەرە پێدانو هەروەها، لەحەوزەی واتایی‌دا، خۆ پەروەردەکردن دەبێتە هۆی پەروەردەی دیترانیش. بەم واتایەی کەزمان کاتێ لەسنوورە دیاری کراوەکان دەترازێ، پێدەنێتە پەروەردە بونێکی خۆ بەخۆیو گەراخستنێکی دەرونیەوە، لەبەرئەوەی کەدەزانین، زمان کۆمەڵێك بڕیار نا مەگەلە کەبەشەر بۆ گەیاندنی مانا وردە وردە پێکی هێناوە " بەڵام پاش ماوەیەك ئەم ڕەوتە تووشی کۆسپ گەلێك هاتوە کەڕەگ ئاژۆو گەراخستن تێیدا پەکی کەوتوە بەچەشنێك بەشێك لەلایەنگرانی سوننەت ئەڵێن: ئەبێ جێگۆڕکێ بەوشەکان بکەینو بیانگۆڕینو شتیتر. لەڕاستی‌دا لەزاتی زمانی زانایاندا دەبێ سنورەکان بشکێنو بڕیارە کۆنەکان هەڵوەشێنەوەو سنوور گەلێکی تر دەستەبەر بکرێ بۆ دەربڕینی مانا. بەم مەبەستە، دابەشکردنی زمان بەدوو بەشی زەینیو وتاری کەهێشتاش دەکرێ شوێن پێیەکانی لەڕیشە شناسی‌دا بدۆزینەوە، لەهێندێك لەزمانە جنیسەت گەراکاندا دیارە. زمانی مێو نێریش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێو سنورێك بۆ خۆی دەکێشێ کەهێندێك جار بەڕادەیەك کاڵ دەبێتەوە کەجیاکردنەوەی نامومکینە. زمانی مێ، زمانێکی زیندووەو زمانی هەڵچونو داهێنەرو گەشەیە. زمانی نێر، زمانی بوەکانو بڕیارو چوارچێوەکانە.

سەردەمانێك کەقسەکردن بوونی نەبوە، ڕەنگە بەشەر لەبزوتنەوەی بەکۆمەڵ دا بۆ پەیوەندی گرتنی، هێندێك دەنگی بەکاربردوە کەئەم دەنگانە هێدی هێدی مانای بەرین تری لەرێگای تێپەڕبونی مێژووەوە، تێکەڵاویو گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە کەئەمە هەمان بزوتنی لەخۆ زای‌یە لەزەینی بەشەرەوە سەرچاوەیان دەگرتو بەئاوێتە بوون لەگەڵ دەنگەکانی تر، یان ئاڵوگۆڕی مێژوویی خۆی، واتایەکی تریان بەدی دێناو بەم چەشنە بەرە بەرە پەرەیان گرتو گەیشتنە سنوری وشەو ڕستە، تا ئەو جێگایەی کەئێستا پەرەگرتنی ڕواڵەتی زمان جێگای خۆی بەدەروون زایی داوە " بەو واتایە کەئیتر کەس بۆ دەربڕین چەمکێکی نوێ، لەخۆیەوە ئاوایەك دروست ناکات، کەئەم سنورە بەر تەسك کەرەوانەی زمان کەدەبنە هۆی بەستێنی ڕەگاژۆ بگۆڕدرێنو واژەیەك بەگۆڕانی هۆویەتی کار بوردی خۆی، لەدەروونەوە دەگۆڕێو دەبێت بەواژەیەکی تر، یان واژگەلێکی کەلەزمانەکانی ترەوە وەردەگیرێنو بەواتاو کاربوردێکی بەتەواوی جیاوازەوە پانتایی زمانی خۆیان پەرەپێدەدەن. پێویست بەوتنە کەئەوەی وەك ڕەگ ئاژۆی ڕواڵەتی زمان ناو لێدە بردرێ، ئیدە ئالێکە کەلەزمانی مێدا دەدرێتە بەر سەرنج، بەڵام بەهۆی بەرتەسك بوونی بڕیارە زمانیەکان، ئەم بەمێ کردنە تایبەتمەندی خۆی لەدەرونی زمان دا دەردەخات.

لەهاونیشینی واتایی‌دا کەپەیوەندی لەگەڵ حەوزەی مانایی زمان دا هەیە، هەر وشەیەك جیا لەماناکەی خۆی بەقەرار گرتن لەپاڵ وشەیەکی تردا، دەبێتە خاوەنی مانایەکی دیکەشو لەڕاستی‌دا ڕەگ ئاژۆی واتایی پێك دێت.

لەبەشی ئەدەبیات دا، بزوتنی لەخۆ ڕەگ ئاژۆ وە بۆ هیتر ڕەگ ئاژۆ (هەڵکشانی واتایی) بەشێوەیەکی دنیا گرتر رووی داوە. بەچەشنێك کە، بزوتنی لەدیسان دەرخستنەوەی ڕاستەقینەوە بەرەو واقعییەتی ئەدەبیە. بەرە بەرە ئیمکاناتی ڕەگ ئاژۆیی ئەدەبیات لەتوێژە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەیی‌دا بەکار براوە. هەروەك لەگۆشە نیگاکان، دروستکردنی فەزاکان، هەمەجۆر شەخسیەت پەردازیو چەشنێك "کەسایەتی دروستکردنی زمانی لەئەدەبیات دا وەك ئەوەی لەهەر دەورەیەك دا ، پڕ سەمەر بوونی یەکێك لەڕەگەزەکانی ئەدەب جێی سەرنج بوەو لەهەر چەشنە توانابیەکی پەرەگرتنی لایەنە ئەدەبیەکان نمودار بەدەستەوە دراوە، وەك، ئاڕایشو وەسفی لەڕادە بەدەری کەسایەتیەکانو پڕسەمەریو هەڵکشانی واتایی گۆشە نیگا، یان فەزاسازیو گێڕانەوە. واژەی زەین لەزمانی فەرانسەدا spirt نێرەو لەئەڵمانی‌دا

subject خەسیوەو لەعەرەبیش دا نێرە. کەدەکرێ بڵێین لەئاوێتە بوونی زمانی وتاری (مێ)و زمانی زەینی (نێر)دا ئەدەبیات پێك دێت. ئەدەبیات منالّی زەینو زمانە. زەین نیشان دەرەوەی زانیارییەکانی خەیاڵو، یان توانایی وەرگرتنی مرۆڤ لنیای دەرەوە لەرێگای زمانەوەیە.

ئێستا، دەکرێ سێ جۆر ئەدەبیات لەبەرچاو بگرین:

ئا. ئەدەبیاتی زمانی: بابەت زمانە.

بێ. ئەدەبیاتی گێڕانەوە: زمانی کەرەسەی دەربڕینە.

جێ. ئەدەبیاتی زمانی–ڕیوایی: بابەت زمان نییە، زمان وەك ژن بەجنسی دووهەم دەژمێردرێ.



ئەدەبیاتی زمانی، خۆی ژنانە بوونی ئەدەبیاتە کەلەودا کەڵك لەئیمکاناتە زاتیەکانی زمانی گەراخەر وەردەگیرێ، ڕەنگە نووسەر پیاوێك بێت کەلەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە لەچینی ئەدەبیاتی پیاوسالارانەدا قەرار بگرێ، بەڵام لەڕوانگەی هۆویەتی ژنانەی ئەدەبیاتو ژنانە بوونی ئەدەبیاتەوە، لەرێگای زەینی رۆشنی خۆیەوە بگاتە رۆحێکی ژنانەو ئیمکاناتی سەمەرگرتوی ئەدەبیو هیتزایی لەدەق دا و دەرون زایی لەزمان دا پێك بێنێت. بەسەرەنجدان بەوەی کەرەگ ئاژۆ بەشێکی جیا نەکراوەی زمانەو، زمانیش توخمی سەرەکی پێکهێنەری ئەدەبیات، ڕەوتی بەپێچەوانەی لەزمانەوە بۆ داستان، ڕەوتی ڕوو لەگەشەی ئەدەبیاتە.

لەڕابردوودا داستانەکان لەدڵی سروشتەوە ڕەخنەی کردۆتە زەینی بەشەرەوەو زمان، بۆتە چوارچێوەی ئەو داستانانە. دواتریش ئەم ڕەوتە سروشتیەی بزوتن لەسروشتی داستانیەوە بەرەو زمان تا ماوەیەکی زۆر هەر لەسروشتو فەزا کۆمەڵایەتیەکان نمونە بەرداری کراوە. ئێستا، ئەم بزوتنە بەپێچەوانەیە، کەلەزمانەوە بەرەو داستان دە ئاژوێ. زمان لەئیختیار بەشەردایەو داستان لەدەروونی دا قەراری گرتوە، بەشەر لەرێگای زمانەوە، داستانەکان ئاشکرا دەکات. بەهەر ڕادەیەك داستان لەزمان نزیکتر بێت، ژنانە ترە. بۆ نمونە، لەجەریانی دەقێکی ئەدەبیدا، وشەیەکی بێ کەڵکی وەك درگا، یان پەنجێرە دێتە ئاراوەو لەلایەنی زمانییەوە گشت ئەو ئاوایانەی کەدرگا، یان پەنجێرە وە بیر دێنێتەوە یان گشت وشەکانی هاونشینی وشەی درگا، یان پەنجێرە لەداستان دا دێنێتە ئاراوەو دواتر لەسەر ئەساسی هەر ئەم چەند خاڵە سەرەکیە، بابەتی داستانی دروست دەبێ کەلەدەربڕینی پۆشراودا مەسایلی کۆمەڵایەتیو تاکەکەسیش دێتە ئاراوە، بەڵام ئەوە وشەکانن کەداستان ڕێبەرایەتی دەکەنو دەیگەیەننە ئاکامو کۆتایی، هەروەکە ماناو بابەتەکەش لەگێڕانەوەدا، داستانەکە کۆتایی پێدێنێ.

**



# هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕەکانی شیعری ژن لەئێران دوای پەروین

نوسینی: پگا ئەحمەدی
وەرگێڕانی: سەعید ئەمانی

دوای پەروین، بەشوین گرتنی پرۆسەی شیعری ژن لەئێران، دەگەینە فروغی فروخ زاد. هەڵبەت لەمەودای نێوان پەروین تا فروغ، ناوگەلێکی زۆری ژنانی شاعیرمان وەبەچاودێت کەبەرهەمێکی شیاوی سەرنجیان لەدوای خۆیان بەجێ هێشتوە. شێعری ئەم شاعیرانە، بەناوەڕۆکی ئەویندارانەو لەچوارچێوەی غەزەل دا، لەتەزکەرەکانی تایبەت بەو سەردەمەدا یادداشت کراون.

بەڵام شیعری فروغ هەر لەهەمان سەرەتاوە، واتە.. تەنانەت لەفۆرمی ئاڵو گۆڕخوازانەش دا لەگەڵ چەشنێکی بێ وێنەی جسارەت گەلی بەیانیدا ئیرایە درا. دەرکەوتنی جسارەت، لەگەڵ شێوەیەك بێ خەوشی لەدەربڕینی هەستێکی ژنانەی شاراوەدا، ڕابردووی شێعری ژنی لەئێران شێواند. قاعیدە شکێنی لەڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ خووخدەی باوو هێندێك لەدەمار گرژییە کۆمەڵایەتیەکان کەلەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی سەردەم دا ناتەبابوون، لەشێعری فرو غدا دەربڕینێکی ڕەها، ئازادکراوو واقعگەرایانەی لێکەوتەوە. بەڵام لەهەمان حاڵدا، دەکرێ ئەم لایەنە بدرێتە سەرنج کەکامیەك لەپارامیترەکانی "ژن"و "شاعیر" لە"ژنی-شاعیری" فروغ فەڕوخزاد داو تایبەتمەندیە بەردەوامەکان بەسەر شێعری ئەودا زاڵە؟

ئێمە بەبەردەوامی عیبارەتی "گەورەترین شاعیری ژن"مان سەبارەت بەفروغ بیستوە. ئەم پێداگرییە لەسەر ژنانەگی فروغ بەردەوام.. بونی بووەو ئێمە هەمیشە ئەم خەت کشیێو سنوردانانەمان لەئەدەبیات دا بەچاو دیوە. هەرچەند لەمرۆدا ئیتر کەمتر لەلایەنی بەجنسی کردن سەبارەت بەشاعیرانی ژن کەڵك وەردەگیرێ. بەڵام

ڕاستیەکەی ئەوەیە کەزەمینەی زەینی ئەو مەسەلەیە، هەروا بەقوەتی خۆی ماوەتەوە.. هەر لەم ڕاستا یەدایە کەبەشێك لەدیاردەی بوونی فروغ بەلای ژنانەگی ئەودا دەشکێتەوەو ئەمەش گوایە ڕۆڵی ئیمتیازێکی دووبەرابەر بۆ ئەوو شێعرەکەی دەگێرێ. هەر بەو هۆیەوەیە کەدادوەری سەبارەت بەشێعری دەیەی سیو چلیش قەزاوەتێکی هێڵکاری کراوە. مەعمولەن لەلایەکەوە، لەسیما گەلێکی شاملو، ئەخوان، سپهریو لەلایەکی ترەوە ناوی فروغ دەهێندرێ. بەم چەشنە، ژنبوونی ئەم شاعیرە وەك پلەو دەرجەیەکی بانتر لەشاعیری ئەودا بەحسیاب دێت. ئەم جنسییەت مەحوەرییە، شاعیرو بەرهەمەکانی خەوشدار دەکاتو ئاکامەکەش زیادەڕەویەکی لەچەشنی پەروین ئیحتسامیو فروغ فەروخزادە. لەبڕگەیەکی زەمانیدا، دەمامکی پیاوانەی پەروین، دەبێتە زامنو پاڵپشتی چەسپاندنو جێکەوتویی شێعری ئەوو لەسەردەمێکی تردا، ژن-ئەبرازی شێعری فروغ، ئەو ڕۆڵە دەبینێ. هەردوو ئەم گرایشە، لەگەڵ سەربەخۆیی ئەندێشەی ژنی شاعیردا ناتەبان.



بەم هۆیەشە، مێژوی ئەدەبیاتی ئێران لەسەرەتاوە تا بەئەمڕۆ زیاتر عەرسەی سەر هەڵدانی شاعیرانی ژنی خاوەن تواناو دهێنان بوە، نەک ژنانێکی شاعیر بەتەفە کوڕێکی سەربەخۆوە!

ئەگەری بەئینساف بین، بەڕاستی ناتوانین ئەو شوێنەوارە زەینیەی کەلەفروغەوە سەرچاوەی گرتوە، لەبەرچاو نەگرین، ڕاستیەکەی ئەوەیەکە چەشنێك ئولگوسازی لەپاڵ شێعری فرو غدا شکڵی گرت کەزۆر پەیوەندی بەشێعری فروغەوە نییە. لەم ئولگوسازییەدا، ژمارەیەك لەتایبەتمەندیەکانی ژیانی ئەم شاعیرە بەرجەستەکراو نەتەوەو هێندێك جاریش بەشێوەیەکی لاسایی کردنەوەو چاولێکرانە لەلایەن ژنانەوە خۆی دەردەخاتو لەئاکامدا لەبەر زۆر پاتەبونەوەیو شێواندراوی، لەبەرچاو کەوتوە.



شك لەوە دانییە کەفروغ جەوهەرەن شاعێرێکی ڕەسەنە، کەوایە جێی خۆیەتی بپرسین بۆچی ڕوانین بەشێعرەکانیدا بەردەوام بەفێلتێری کومەلێك بەناوی فروغ فەروخزاد دا تێدەپەرێو لەبەرچیە هەمیشە دەیانەوێ ئەم شێعرە ناچارەن بەیەك بونێکی ئۆرگانێك لەگەڵ چلۆنایەتی ژیانی ڕاستەقینەی ئەو بگەیەنن؟ بەڕاستی ئەم پشکنینو موشکافیەیە تا چەند سەبارەت بەدەورانی ژیانی پیاوێکی شاعیری وەك شاملو ئەنجام دراوە؟

لەڕوانگەیەکی ترەوە، بەشی زۆری شێعری فروغ، بۆخۆی قوربانیو ناقیسی دەستی ئەم سنور بەندیە جنسێتیەیە. بەواتایەکی تر دەکرێ بڵێن کەفروغ بەڕێوەبەری ئەدەبیاتی ژنانە لەڕوانگەی پیاوانەوەیە! و شوجاعەتی ئەم ڕوانینە پیاوانەیە بەردەوام ئاژین دەکاتە شێعری خۆیەوە. فروغ بەم شێوەیە، بەشێك لەجوانی ناسی شێعری خۆی دەکاتە پیاو مەحوەر. ئەو بۆ بەرەبەرەکانێ لەگەڵ دنیای زمانی پیاو مەحوەری فارسیدا، بەناچار تەسلیمی ئەم دنیایە دەبێو هەست، ئەندێشەو دنیای ژنانەی خۆی لەبازنەی ئەو پیاومەحوەریەدا بەکاردێنێ. لەم لایەنەوە فروغ توانیویەتی دەنگی دیاریکراوی ژن لەزمانی فارسیدا وەقسە بێنێ:

"وە ئەوە منم، ژنێکی تەنیا لەدەرگانەی وەرزێکی سارد دا.."

لەپێکهاتەی واتایی هەر ئەم دەربڕینەدا، چەشنێك کاردانەوە وەرگرتنو دانپیانان دەبینرێ. ئەم پیداگریە بەرجنسیەتە لەبەرهەمی شاعیرانی پیاودا، بەدەگمەن بەرچاو دێو یان لایەنێکی بەتەواوی سوڵتە گەرانەو توانامەندانەی هەیە. هەر بەم هۆیەیە کەشاملو بەڕوانینێکی ئازادەوە کەپیاومەحوەری بەفەڕزی حەتمی زمانی شێعری خۆی دەزانێ، وەها هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ زماندا هەیە کەئەڵێی شەش دانگ ملکی خۆیەتی: "من ئەو غولە چەلەنگەم کە.." ئەو هەرگیز نالێ : "من ئەو پیاوە چەلەنگەم..." نە لەم شێعرەداو نە لەهیچ شێعرێکی تر خۆ لەم شێوە دەربڕینە نادات یان ئەساسەن هەست بەوەها زەرورەتێك ناکات. کەوابێ ڕاستی لێرەدا نەبوونی بەرابەریەکی بنەڕەتیەیە. وەك ئەوەی پیاو بەواتای ئەبەر ئینسان، تاریفو ناسێندراوەو ئەوە ژنەکە ناچارەن پێویستی بەوەیە ببیندرێ، حیسابی بۆ بکرێو خۆی شەرح بکات.

فەروغ هەرچەند تورەو ڕاساوە، بەڵام ئەم هەلو مەرجە بۆ بەربەرەکانێ بانگهێشت ناکات. دەربڕینی فروغیش جەخت لەسەر ئاڵوگۆرسازی نییە. تەنیایی فروغ لەزۆر شوێن دا تەنیایی ژنە، نەتەنیایی ئینسانی سەردەم. هەر لەم پەیوەندیەدا باشە ئاماژەیەك بەشێعری "گومانی سەوز" کەیەکێك لەشێعرە سەرکەوتوەکانیەتی بکەین:

"بەدرێژایی رۆژ لەئاوێنەدا دەگریام

بەهار پەنجێرەکەمی بەوەهمی سەوزی دارەکان سپاردبوو..

...

کام لوتکە کام نهایەت (اوج)؟

دالدەم بدەن ئەی ژنانی ساکاری کامڵ

کەلەولا پێستەوە، نووکی قامکە باریکەکانتان

مەسیری بزووتنی کەیف ئاوەری کۆرپەڵەیەك

هەڵدەگرێ‌و

لەدرزی بەرۆکتان بەدایم هەوا

ئاوێتەی شیری تازە دەبێ

کامە نیهایەت کام لووتکە؟

دالدەم دەن ئەی کوانوە پڕ ئاگرەکان.. ئەی ناڵ گەلی خۆشبەختی‌و

ئەی سروودی قاپە مسیەکان لەڕەشکاری متبەقەکان‌و

ئەی ویرەی دڵنەوازی چەرخی خەیاتی‌و

ئەی کێشەی شەو و رۆژی گسك‌و فەرش.. "

ئەم شێعرە لەگەڵ دەربڕینی غەم، ناکامی‌و حەسرەت دا دەست پێدەکات "گریانی شاعیر لەئاوێنەدا"و لەدرێژەدا، ئەزموونی شکست‌و بەئاکام نەگەیشتنی شاعیر بەردەوام لەخۆیدا دووپات دەکاتەوەو لەکۆتاییدا لەسەر گەڕانەوە بەرەو بنیادە ژینە سوننەتیەکانی ژنی ئێرانی پێدا دەگرێ‌و شاعیر بەدوای ناکامی لەئەزموونی مۆدێرنیسم‌و ئاوانگاردیسمی فکری‌و رەفتاری خۆیدا وادار‌دەکات دەست بداتە لۆمەو سەرزەنشی خۆی. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کەفروغ، یەکەمین ژنێکی شاعیرە کەبەجسارەتێکی تایبەتەوە بیرو بۆچونە ماڵیەکانی خۆی دەرباز کردو دنیایەکی بەرینی تری لەئەندێشەی خۆیدا بەدی هێناوو دەقیقەن ئاسیب پەرزیری مەعسوومانەی هەر سەبارەت بەم دنیابە خوازراوەی خۆیەتی کەئەو تووشی ترس، بێ هیوایی‌و گەڕانەوە دەکات. ئایا فروغ لەشەڕ لەگەڵ کۆمەڵ دا دەستە وەستانە؟ بەهەر شێوە شێعری "وەهمی سەوز" کاردانەوەی زەینیەتێکە کەمایل بەفەزایەکی ماڵی‌و نیازمەندی حیسی ئارامش‌و ئاسایشی‌یەتی. سنورداری ئەم فەزا زەینیە هەڵبەت خۆی خزاندۆتە شێعریشەوە هەرچەند کەچۆتە قاڵبێکی کینابیەوە.

بەم پێیە لەڕوانگەی ئاسیب شناسی ئەندێشەی شاعیرەوە، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کەئایا گشت ئەو "لووتکە"انە سەرئەنجام خۆیان پەشیمان‌و غەمگین، نیازمەندی پەنا بردنە بەر سوونەتی رابردوویان ئەبینن. ئایا حیسی "بەرەو پێش نەچوون" و "تێچەقین" ئاکامی کامیابی‌و گەشەی ئەندێشەی شاعیرە؟

فروغ لەشێعری "فەتحی باغ" دا لەگەڵ ئیدانەی "لەباوەشی‌یەك خزان لەتوێی لاپەڕە کۆنەکانی دەفتەرێك"دا ڕواڵەتەن دەچێتە شەڕی بایەخە نیهادینە کراوو ڕەسمیەکان. بەڵام بەڕاستی تاکۆی توانیویەتی لەدەربڕین‌و دەرخستن‌و ئاشکراکردنی واقعیەتە ئەرزشیەکانی خۆی‌و هەوڵ بۆ حەقانیەت پێدانی‌دا سەر بکەوێ؟ ئایا "درەوشانەوەی ئەم پەتی بوونە" کەلەژینی راستەقینەی ژنی رۆژهەڵاتی‌دا، بەهیچ شێوەیەك تاوانێکی یەکسانی بۆ ژن‌و پیاو بەشوێنەوە نییەو لەراستی‌دا لەگەڵ ویستی دەروونی نێرانەی ئەدەبیاتی ئێمەش دا دژایەتی نییە، ڕواڵەتی ژن–ئەبزارانەی بەخۆیەوە نەگرتوە؟ ئەگەر قسە لەسەر جسارەتی دەربڕینی ژنانەیە، بۆچی ئەم دەربڕینە لەزۆر بواردا ئاوێتەی خەم‌و کەسەر دەبێت؟ و بۆچی بۆ خۆی جەخت لەوە دەکات کە"لەو زارە سارده قوتدەرەدا بەخاڵی تێکبەزین‌و کۆتایی دەگات"؟ ئایا ئەم دیدارو بەیەك گەیشتنە دەتوانێ "ئەگریجەی" مێژوی مێینە بە"خۆشبەختی" بگەیەنێ؟ یان هەروا "ئەو لەگەڵ شکستی (ژن)دا یاسای سادقانەی قودرەت تەئید دەکات"؟ (شایانی ئاماژەیەکە تایبەتمەندیەکانی ئەرزشمەندی شێعری فروغ فەڕوخزاد لەڕوانگەیەکی ترو لەمەجالێکی تردا شیاوی هەڵسەنگاندنە).

سەرچاوە: ئینترنێت، کانوونی پەژوهش نیگا.

**

# ئەم نیشتمانە هی ئێمەیە

ن: خوسرەو سادقی برووجنی
وەرگێڕان لەفارسیەوە: مەجید مارابی



کاتێك کە دێوزمەی بێ دەنگی سێبەر دەخاتە سەر پانتایی ولاَتێكو هیچ کەس لەبەر خوێنمژان ناوێرێ بدوێ. کاتێك کە هەموو وشەکانی دونیات لەبەردەستدایەو ئەوەی کەدەبێ بگوترێ ناتوانێ بیلێ, تەنها لەبەر ئەوەی کە یەك وشەت لەبەر دەستدانیە(ئازادی) ئەوکاتەیە کەپیاوێك هاواری نەتەوەکەی لەنێو گورانی خۆیداجێ دەکاتەوەو سەرەتایترین پرسیار ئاوا دێنێتە ئاراوە کە خەڵکانێك تووشی بیرکردنەوە دەکات. (قەد بیرتان لەوە کردوەتەوە کە ئەم نیشتمانە هی ئێمەیە) پرسیارێك کە بیرکردنەوەی نەتەوەیێك لەو بوارەدایە کە خوێن مژان والێ دەکات تا تەور بکاتە چەکێك بۆ بڕینی ئەودەستانەی کە تاڵی گیتار دەبزوێنێ تاباس لە ئازارەکانی خەڵکەکەی بکات.بەلاَم هەرئەوەکە دەستەبڕاوەکانی خۆی, کە کەبەڵگەی ئازادی خۆیو ریسوایی دوژمنە. دەباتە سەرێو لەژێر بارانی خوێندا, خوێنی هاورێیانو هاوسەنگەرانی لە رۆژ ئاواوە تاڕۆژ هەلاَتی دونیا جارێکی تر لەسەر لووتکەی جیهاندا هەڵبڕێ تاخەڵکی دونیاش مۆری تەییدی لێ بدەنو زیندوویەتی خۆیان بسەلمێنن. ئەو هاواری کرد(نەتەوەیێکی یەکدڵو یەك دەنگ قەد نابەزێت) ڤیکتۆر خارا) شاعیر, گۆرانی بێژو ژەنیاری شۆڕشی شیلی لە(لکوئن) شارێکی بچووك لە دەورو بەری سانتیاگۆ, پایتەختی شیلی لەدایك بووە, دایكو باوکی ڤیکتۆر جوتیارگەلێکی سادەوساکار بوون. باوکی( نانۆئێل) وەکو کرێکارێك لە کێڵگە کاری دەکرد. دایکیشی (ئاماتدا)بۆ یارمەتی بنەماڵە کاری مالاَنی دەکرد. باوکی مەشروب خۆر بوو, هەر ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی. بەتایبەت کاتێك کە باوکی لە دایکی دەدا. تا پاش چەند ساڵ باوکی ڤیکتۆر بۆکارکردن لەکێڵگەکان شاری بەجێ هێشت, بەر پرسیارێتی پەروەردەکردنی ڤیکتۆرو خوشكو براکانی کەوتە ئەستۆی دایکی. ئاماندە ژنیاری گیتاربوو، وە گۆرانی دەگوت, هەرئەویش بوو کە ژەنینی گیتارو ئاوازی فۆلکلۆری شیلی فێری ڤیکتۆر کردوبوو بەناسنامەی گەورە لەژیانی ڤیکتۆر. بەڕاستی شێوازی مۆسیقای ڤیکتۆرخارا لەژێر کاری گەری ئەو کاتانەدا بوو کەلەگەڵ دایکی بەسەری دەبرد. ئاماندا باوەڕی زۆری بەتواناو دەوری بارهێنان بوو. هەر بۆیە پاش تێپەرکردنی قۆناخی سەرەتاییو ئامادەیی ئەوی نارد بۆ فێربوونی ژمێریاری, کاتێك کە پازدە ساڵی بوو. دایکی لە دەست دا ئەم روداوە بوە هۆی ئەوەی کە وانەی ژمێریاری وەلانیو بچێتە نێو خوێندنێکی واینییەوە, ئەم لەو باوەڕەدابوو کەکاری قەشەیێك گرنگترین ئەرکی دونیایە. بەلاَم پاش دووساڵ هۆگری سەبارەت بەئایین لەدەستداو بۆماوەیەکی کورت چووە نێو ئەرتەشەوە. دواتر گەرایەوە بۆ لکوئن شوێنی لەدایك بوونی خۆیولەگەڵ هاورێیانی دا خەریکی فێر بوونی مۆسیقای فۆلکلۆری شیلی بوو. لەوسەردەمەدا بووە هۆگری شانۆو خوێندنی

لەبەشی ئەکتەریی کۆلیجی شانۆی زانکۆی شیلی دەست پێ کردو پاش وەرگرتنی بڕوانامەی ئەکتەری رووی کردە دەربهێنان. ڤیکتۆر لەم کاتەدا زۆرتر لە جاران هۆگری گۆرانی ووتن بوو. ورده ورده پێی نایە نێو هەڵسورانی سیاسیەوە. ساڵی 1966ی زاینی یەکەم ئەلبوومی خۆی بەناو خۆیەوە خستە بازارەوە. لەساڵەکانی دواتردا. وەکوو دەرهێنەری شانۆ دەستی کرد بەکارکردن. بەڵام کاتێکی زۆرتری لەگەڵ ئاوازەکانی خۆیو هەڵسوڕانی سیاسی چڕ دەکردەوە. لەئاکام دا لەساڵی 1970ی زاینیدا, دەستی لەشانۆ کێشا تاوەکوو کاتێکی زۆرترو بەئاوازەکانی خۆیەوە خریك بێتەوە لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی بەرهەمەکانی ڤیکتۆر خارا پڕن لەبۆ چوونەکانی بۆ ژیانی سادەی خەڵکی شیلی ئەو عشقێکی زۆری بەرامبەر بەزەحمەتکێشانی شارو لادیەکان هەبوو. زۆربەی ئاوازەکانی رێز گرتنە لەو خەڵکە زەحمەتکێشە. هەروەها بەهۆی عەشقی لەڕادەبەدەری بەرامبەر بەوڵاتەکەی, ئاوازەکانی زۆر جار لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانەو, بێ بایەخ دەبوو و دەکەوتەبەر هێرشی رەخنەگرانەوە. ڤیکتۆر خارا رێنوێنی کردنی بەشێکی گرنگی لەبزوتنەوە مۆسیقاییەکانی ئەمریکای لاتینی بە نێوی (نووکڤا کاشێن)و ئاوازە نوێکانەوە لە ئەستۆ گرتبوو. ئەم بزوتنەوەیە سەرقاڵی هەڵسوڕانی شۆڕشگێرانە بوو لەئەمریکای لاتین داو زۆربەی هونەرمەندانی ئەم بزوتنەوەیە لەئامانجو بۆچوونە گشتیەکاندا هاوبەش بوون.لەئاکامدا بۆ چوونە سیاسیەکانی ڤیکتۆر خارا بوونە بەشێکی گرنگ لەئاوازەکانی ئەو. ئەو بڕوای بەفەلسەفەی هاوبەش پەیداکردو وەکوو هونەرمەندانی تری ئەمریکای لاتین باش بوونی ژیانی خەڵکی هەژاری کردبووە بنەمای چالاکیەکانی خۆی. دەتوانین سەرنجی ڤیکتۆر خارا بەئامانجە سیاسیەکانی لەپشتیوانی ئەو لە خۆپاڵاوتنی (ساڵوادۆر) ئالندە لەساڵی 1973 دا بەرونی ببینین. ئالندە ئەندامی حیزبی (یەکێتی گشتی) بەشێك لەحیزبی کومونیستی شیلی بووە ڤیکتۆرو هونەرمەندانی تری وڵاتەکەی چەندین کۆنسێرتیان بۆ پشتیوانی لە ئالندەو ئامانجە سیاسیەکانی بەرێوەبرد. ئالندە پاڵێوراوێك بوو کە عەشقێکی زۆری بەخەڵكو شارۆچکەکانی شیلی هەبوو. حیزبی یەکێتی گشتی بەرنامە گەلێکی هەبوو بۆ بردنە سەروەی ئاستی پەروەردە, پشتیوانی لەدابین کردنی شوێنی نیشتە جێ بوونو پشتیوانی ئالندە بەرێوە چوو و تیایدا هونەرمەندانو گۆرانی بێژ گەلێکی زۆر بەشدارییان کرد. لەئاکامدا ئالندە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناو وەکوو سەرۆك کۆماری شیلی هەڵبژێردرا,بەڵام ئەرتەش کوودتاییێکی ریکخستوو لە ئاکامی ئەو کودەتایەدا ئالندە کوژراو ئەرتەش دەسەڵاتی گرتە دەست. ڤیکتۆر خارا کە لەو کاتەدا لەزانکۆی تەکنیکی دەوڵەتیدا خەریکی کارکردن بوو, دەست گیرکراو راپێچی زیندان کرا. پێنج رۆژ لەخواردنی گونجاو بێ بەش بوو, بەڵام زیندانیەکانی تر لەبەشی خواردنی خۆیانیان پێ دەدا. لەم نیوەدا تەنها نیگەرانی ڤیکتۆر ئەوە بوو کە ئەم یارمەتی کردنە دۆستانەیە بۆ ئەوان گرفت دروست بکات.

**مەرگ لەگۆرەپاندا**

لەکۆتاییدا, ئەرتەش, ڤیکتۆر خاراو 5 هەزار لاوی شیلیای برد بۆ یاریگا(واتا ئەوشوێنە کەتیایدا کۆنسێرتەکانی پشتیوانی لەئالندە بەرێوە چوو). لەوێدا ئەرتەشیەکان دەستیان کرد بەکوشتنو ئەشکەنجە دانی زۆربەی خەباتکاران. سەرۆکی زیندان کە سرودە ورووژێنەرەکانی ڤیکتۆر خارای بیستبوو. چووە لای هونەرمەندی گیرۆدەو. لێی پرسی ئائا مادەیە گیتار بۆ دۆستان لێ بداتو سروود بخوێنیت؟ وەڵامی ڤیکتۆر ئەرێ بوو!(بەڵێ کە ئامادەم ) سەرۆکی زیندان بەیەکێك لەئەفسەرانی وت , گیتارەکەی بۆ بێنە:

ئەفسەرەکە رۆیشتوو تەورێکی لەگەڵ خۆی هێناو هەردوو دەستی ڤیکتۆر خارای شکاند: ئەوکات سەرۆکی زیندان بەتەشرەوە وتی:باشە, بخوێنە!بۆ وەستاوی؟...

ڤیکتۆر خارا, لە حاڵێکدا کە دەستە خوێناویەکانی دەجولاند داوای لە هاوزنجیرەکانی خۆی کرد کەلەگەڵی

هاودەنگی بکەن‌و ئەوکات زایەڵەی گۆرانی 5 هەزار دەم بەخوێندنی(سرودی یەکگرتن)کە گیڤارا داینابوو لەنێو یاری گاکەدا پۆنگی خوارد: نەتەوەیەکی یەکدڵ‌و یەکدەنگ: قەد نابەزێت! دوای ئەوە بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتەبەر دەسڕێژو تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان. ئەم کارەساتە لە سیپتەمبەری 1963ی زاینی روویدا, کەلەمێژووی شیلی‌دا بە(سێپتەمبەری رەش) ناوبانگی دەرکردوە. پاش گیان بەخت کردنی ئەو( جڤان خارای) هاوسەری بەشێوەییێکی نهێنی تەرمەکەی وەرگرت‌و ئەسپەردەی کردو لەبەر ترسی گرفتەکانی دواتر کە رژێمی کودەتا بۆی پێك دەهێنا. ناچار بوو شیلی بەجێ بێڵێ,و کاسێتەکانی ڤیکتۆریشی بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ خۆی برد, ئەمرۆ ئاوازە ئینسانی‌و سیاسیەکانی ڤیکتۆر خارا لەهەموو دونیادا رێزی لێ دەگیرێ‌و بزوتنەوەی (ئاوازە نوێیەکان)و مۆسیقای سیاسی بەشێوەی گشتی بەردەوام بەهێزە ماوەتەوە. ژیانی ڤیکتۆر خارا نموونەییێکی جوان لەهونەرمەندێکە کە لەرێگای ئاوازە کانیەوە لەگەڵ خەڵك دەدوێت, ئاوازەکانی, شایەتی هێزی لەڕادە بەدەری روانینی باش ئەون بەرامبەر بەژیان. پرسیاری من ئەوەیە؟ ئایا قەد بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەو نیشتمانە هی ئێمەیە؟ هی کەسێك کە بەشێکی گەورەی لەئەستۆدایە /پرسیاری من ئەوەیە/ قەد بیرتان لەوە کردۆتەوە ئەو دەستانەی لەم نیشتمانەدا کاردەکەن هی ئێمەیە. بەپێدرۆو ماریا, بەجڤان‌و خۆزەو ئەگەر گۆرانی من کەسێك ئازار دەدات. ئەگەر کەسێك هەیە کە تەحەمولی بیستنی گۆرانیەکانی منی نییە. دڵنیابن کەئەو سەرمایە دارە یان لەگەڵ ملّك‌و فیئۆدا لێکی گەورەی ولأتدایە, دیوارەکان تێك بشکێنە.

سەرچاوە:وێب سایتی ڤیکتۆر خارا

**

دۆستانی ئازیز!

کتێب و گۆڤار و بلاوکراوەکانی خۆتان بۆ کتێب خانەی پێشەنگ بنێرن.

لەگەڵ رێزمان

پێشەنگ





# وتوێژ



وتوێژ لەگەڵ شاعیر سەلاحە ڕەش

وتوێژ لەگەڵ شاعیرو هونەرمەند شاخەوان سدیق

# وتوویژ لەگەڵ
# شاعیر سەلاحە ڕەش

ئا/پێشەنگ

پ. کاك سەلاح سەرەتا زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم مەجالەی لەئیختیارت ناین تا ئەم وتو وێژەت لەگەڵ پێك بێنین.. پێمان خۆشە لەزمان جەنابتەوە پێناسەیەکی شاعیرمان بۆ بکرێ..

و. بەرلەوەی بابڵێین تەقلیدیانە بێمە ناو بابەتەکەوەو باسی ژیانی خۆم بکەم، ئەمەوێ بەڕاستی زۆر سوپاسی ڕادیۆکەتان دەنگی ئازادیو یەکسانی بەتایبەتی ستافی بەرنامەی ساباتی ئەدەبو هونەر بکەم کەمنتان بەسەر کردەوەو منتان لەبیر بوو بەڕاستی زۆرتان سپاس دەکەم. من وەك شتێکی عادەتی کەدەبێ پێشتر بوترێ ناوم سەلاح حەمە ڕەشید ناسراو بەسەلاحە ڕەش، ساڵی 1963 لەهەڵەبجە لەدایك بووم لەهەڵەبجەی شەهید، هەر لەساڵی 1985 سەرەتای هەشتاکانەوە دەستم کردوە بەشێعر نوسین هەروەها هاوکات لەبواری شانۆدا وەك کارەکتەر، ڕۆڵی سەرەکیم بینیوەو کەسێکی بەر چاوبووم بەتایبەت لەشاری هەڵەبجەو لەسلێمانیدا. ئێستاش حاڵی حازر ئەندامی دەستەی باڵای بنکەی ئەدەبی روناکبیری گەلاوێژم، کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی بەشی ڕاگەیاندنم تەواو کردوە.. بەشی تەلەویزیۆن، وەك پیشە فەرمانبەرم لەوەزارەتی رۆشنبیریدا.

پ. چەند ساڵە لەبواری شیعردا یا لەبواری شێعر نوسین دا کار دەکەیو چەند بەرهەمت بەچاپ گەیاندوە؟

و. راستیەکەی ئەو پرسیارە ئەگەر بمەوێ وەڵامی بدەمەوە ماوەی دەست پێکردن لەشێعر لەگەڵ ماوەی دەست پێکردن بەنوسین بەشعێر جیاوازی هەیە. کاتێك مرۆڤێك دێت لەحاڵێکدا یان لەحاڵەتێکی عەشقدا یان لەحاڵەتێکی مەرگەساتدا دێت توشی کۆمەڵێك بیرکردنەوەو کۆمەڵێك خەیاڵی فرواندەبێت. وای لێ دێت ئەم ئینسانە هەمیشە بەدوای وێنەیەکدا دەگەرێ کەبتوانێ تەعبیر لەو مەعناتو لەو ئازارو حەسرەتەی خۆی بکا ئەمە لای من بەڕاستی ئەمەیە حاڵەتی شێعریەکە کەلەمن پرسیار دەکرێ تۆ لەکەیەوە تێکەڵ بەشێعر بووی من دەڵێم لەو کاتەوە کەتێکەڵ بەشێعربووم بەر لەساڵی هەشتا تەقریبەن سەرەتای هەشتاکان کۆتایی هەفتاونۆ لەو کاتەوە من تێکەڵ بەدنیای شێعر بووم. بەڵام شێعرم نەنوسی ئەوەی کەنوسیبێتم دەستم کردبێ بەشێعر نوسین لەساڵی 1981 بووە. واتە زەمەن کەمن تێکەڵ بووم لەگەڵ دنیای شێعر کەلەوکاتەشدا عەقڵم پێی نەشکابێ کەئەمە حاڵەتێکە کەپێی دەڵێن حاڵەتی شێعری یان شێعریەت.. بۆیە ئەو دوو ساڵە وەك چۆن لەیاباندا کاتێك کەمنداڵێك لەدایك دەبێ لەلای خۆمان عادەتی ئەو رۆژەی کەمنداڵ لەسکی دایکی دێتە دەرێ ئەو رۆژە بەرۆژی لەدایك بونی ئەژمار دەکرێ بەڵام لەیاباندا لەو رۆژەوە کەمنداڵەکە لەناو سکی دایکیدا دروست دەبێ یا بڵێین لەو رۆژەوە کەپیتەی هارمۆناتەکە روو ئەدا لەو رۆژەوە موالدەکەی بۆ حسێبە واتە ئەو 9 مانگو 9 رۆژەی کەلە سکی دایکیایەتی بۆی قبوڵە لەتەمەندا. منیش لێرەدا ئەگەر حاڵەتی نوسینی شێعریم لێ قبوڵ بکەن لەکۆتایی 79 و سەرەتای هەشتاوە من دەستم کردوە بەشێعر نوسین بەڵام وەك جیدی لەساڵی هەشتاویەکەوە. بڵاوکردنەوە لەساڵی هەشتاو دووەوە من بەرهەم بڵاو دەکەمەوە لەساڵی 1985 دیوانە شێعرێکم بەناوی "عەشقی سەوز" کەئەوکاتە بابڵێین لە بەغدا رێگایان پێ نەدام بەشێوەی ڕەسمی بڵاوی بکەمەوە ناچار بەشێوەی دەست نوس لەناو رێکخستنەکانی ئەو ساتە بەتایبەت رێکخستنەکانی

کۆمەڵە، ئەو کاتە من دیوانەکەم بلاوکردەوە بەتیراژی 300 دانەیەك ئەوەیش بەدەست نوس. بەدەست نوسی ئەو کاتە بەشێوەی وەرەقی زیراکس بۆ رێکخستن، ئەو وەختە بەکار ئەهێنرا. ساڵی 1993ش دواجار دیوانی زایەڵەی هەڵەبجەم بەچاپ گەیاند. ساڵی 2000 عەشقنامەی عاشقێکی ڕەش ئێستاش دیوانە شێعرێکی دیکەم بەدەستەوەیە رەنگە لەم ماوەدا تەواوی بکەم بەناوی "دیوانە ڕەشەکە".

پ. ڕەش لەنەستی شاعیردا، لەلای کاک سەلاح چ واتایەکی هەیە؟

و. ئەم پرسیارە من ئەتوانم بەکۆمەڵێك خاڵی جیاواز جیاواز وەڵامت بەمەوە یەکێك لەوانە ڕەش عادەتیە ئێستا سەیری روخسارم بکە ڕەشم. ناوەکەشم سەلاحە ڕەشە. ئەمە لەسادەترین وەڵامە ئەگەر وەڵامت بەمەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێموابێ دەبێ واش بێت ئەو کەسەی کەدێت هەر بەرهەمێك هەر چالاکیەکی مرۆڤایەتی کەئەنجام بدا ئەبێ لەچالاکیەکەی پێش خۆی نەچێ. یانی هەمیشە خەڵکانی داهێنەر لەدنیاداەتاییەت لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا ئەو کەسانە بوون کەڕچەشکێنی شتێکی تازەتریان کردوە یەعنی لاسایی پێش ئەوانەی خۆیانیان نەکردۆتەوە. یانی بۆ نمونە هەر زۆر بەئاسانی سەیری کەین مەسەلەن کەسێکی وەك ئەدیسۆن کارەبای دروستکرد، ئەدیسۆن بەکەسێکی موبدیع ئەژمێردرێ لەدنیادا بۆ ئەوەی لەپێش خۆی کارەبا نەبوو. ئەم هات کارەبای دروست کرد، کەواتە کەسی موبدیع، کەسی داهێنەر، کەسی خاوەن بەهرە، ئەو کەسەیە کەبێت کارێك بکات کەپێشتر نەکرابێ یان هەر هیچ نەبێ کارێك کرابێ کەبێ ئەم گەشەی پێ بدات. ئەگەر وامان نەکرد بەحاڵەتەکەی تر سەیری ئەکەین، تەماشا بکەین گۆرانی بیژێك دێت گۆرانی ماملێ دەڵێتەوە یانی جگەلەوەی کەمن وەك وتنەوەیەك سەیری دەکەم، هیچی تر نییە، یەعنی ئەوە وتنەوەی مامڵێیە ئێ باشە من خۆم گوێ لەماملێ دەگرم ئیتر بۆ گوێ لەو بگرم، ماملێ خۆی وجودی هەیەو دەنگی هەیەو نەواری هەیە سیدی هەیەو ئەوانەی هەیە من دەچم گوێ لەماملێ دەگرم ناچم گوێ لەو کەسە بگرم کەتازە دێت گۆرانیەکی ماملێم بۆ دەڵێتەوە. لەگەڵ رێزمدا بۆی. بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی زاراوەو چەمکی ڕەش لەشێعردا من بەو شێوەیە بەکاری دەهێنم بەڕاستی لەکەسی تر نەچم هەموو کەسێك کەسەرەتا دەست دەکا بەئیشێك بەکۆمەڵێك لاسایی کردنەوە ئەبێت، بەڵام دواجار کەتۆ خۆت بینیەوە ئەبێ ئەو لاسایی کردنەوە فرێی دەی بۆیە من ڕەش بەکار دێنم نامەوێ لەکەسی تر بچم. من دەمەوێ شێعرێك بنوسم بەڕاستی خۆم بنوسمەوە. وە ئەگەر سەیری زۆربەی شێعرەکانیشم بکەی بیخوێنیتەوە ئەبینی حاڵەتێکی نەفسی، حاڵەتێکی سایکۆلۆژی، حاڵەتێکی واقعی، حاڵەتێکی خەیاڵی تیادایە کەکەم کەسی تر ئەو خەیاڵەیان کردوە، کەم کەسی تر، ناڵێم رەنگە ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژیەیان نەبووە، هەیانبووە، بەڵام لەشێعردا دەریان نەبڕیوە. بۆیە من دەرم بڕیوە. بەکارهێنانی چەمکی ڕەش لەبەرانبەر سپیدایە دوو سەنگەری جیاوازە تۆ تەماشابکە ئەم هەموو دونیایە کەتۆ ئەیبینی بونەتە دو سەنگەری جیاواز با بچینەوە لای خەڵکانی مەزهەبو ئاین پەرەستەکان دونیایان دابەش کردوە بەدو بەردا، کافرو ئیسلام، بابچینەوە بۆ لای مارکسو ئینگلسو کۆمۆنیزم کەدنیایان دابەش کردوە بەسەر دو چیندا پرولیتاریاو سەرمایەدار. بابچین بۆ لای شێوێنکی تر چاکەو خراپە بەهەر حاڵ سەیر دەکەین لای منیش ئەم دو چەمکە بەکارهێنانی ڕەشو سپی واتە دوو سەنگەری جیاوازە، واتە دوو چینی جیاوازە، واتە دوو کەسی جیاوازن، دوو تەبەقەی جیاوازن، دوو ئەفکاری جیاوازن. بۆیە لەروویەکەوە من چەمکی ڕەش بەکار ئەهێنم کەواقعێکە لەوەی ئەمە کوڕێکی ڕەشەو حەزی لەکچێکی سپی کردوەو دواتر بووە بەعوقدەیەك لەدڵیداو دواجار کچەکەی بۆ نەبوەو بوەتە عەشقێكو عەشقەکە گەورە بوە لەلایو ئەمانە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەکارهێنانی ڕەشو سپی بۆ نزیك کردنەوەیە لەیەکتر. تۆ ئەگەر دنیایەکمان ڕەشو سپی

تێکەڵ کرد یانی جیاوازیەکانمان نەهێشتوە ئەگەر جیاوازیش نەما ئەوە ئەو کۆمۆنیزمەیە کەمارکس ئەیەوێ. جا بۆیە بەلای منەوە بەکارهێنانی چەمکی ڕەش شتێکی واقعییە. شتێکی دروستکراو نییە کەوتبێتم وە شێعریش هەرگیز بۆم نانوسرێ ئەگەر تەواو لەناخمەوە هەڵ نەقوڵێ ئەی پێشتر ئەو شێعرە بابڵێن چۆن لەناخمدا ئیتر بۆەتە کەرەستەیەکی زۆر گەورە لەپڕ خۆی دەتەقێو دێتە دەرەوە، یانی هیچ خەیاڵی تێدا نییە باڵی خەیاڵی درۆو یۆتۆپیا، ئەو یۆتۆپیایەی باسی دەکەین یۆتۆپیا نییە، درۆیشی تێدا نییە موبالەغەشی تێدا نییە و هێشتا زۆر شتی تریشم ماوە بینوسم هەر لەسەر ئەو ڕەشە پێم خۆشە وەك چۆن زۆربەی شاعیرانی تر مەسەلەن تۆ ئەگەر سەیری سوهراب بکەی هیچ شاعێرێکی تر لەسوهراب ناچێ. تۆ سوهرابو شاملو بەراورد بکە کاتێك شێعرێکی شاملو دەخوێنیتەوە هەست دەکەی تۆ لەناو سەنگەرێکی شۆڕشگێڕیدا دەژی. هەست دەکەی تۆ پێویستە کەسێکی ڕوو لەشۆڕشگێڕی، ڕوو لەخەبات، ڕوو لەدنیای واقعیو ئەوانەی. کاتێکیش تۆ شێعرێکی سوهراب دەخوێنیتەوە بەرەو دونیایەکی ناسکی، بەرەو دنیایەکی ڕۆمانتیك، و بەرەو دنیایەك دەچیت پڕ لەجوانی بەرەو دنیایەك دەچێت کەبەڕاستی شێعر هەموو شتێك بێت یانی من مەبەستم ئەوەیە سوهراب بەرێچکەیەك ئیش دەکاو شاملوش بەرێچکەیەکی ترداو هەردوو حاڵەتەش پێیان دەوترێ شاعیر ئەگەر زۆرتر برۆین باسی هێمن بکەین. سەیری شعێرەکانی هێمن بکە جیاوازی هەیە لەگەڵ شێعرەکانی وەفاییدا. باشە خۆ هێمن دەی توانی بێ بەهەمان شێوە دابنیشێ شێعرێکی لەسەر شێوەی وەفایی بنوسێتەوە بەڵام نا هێمن هات لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد شۆڕشی زمان، وتی نا نابێ شێعر وا بنوسرێ شێعر دەبێ زمانی تێدا بەکاربهێنرێ زمانێکی جوان، زمانێکی سادە، زمانێکی کوردی ڕەسەن بۆیە سەلیقەی زمانی هێمن لەهەموو شاعیرانی تر جیاوازە. من لێرە مەبەستم لەرێچکەکە ئەوەیە هیوادارم توانی بێتم ڕونم کردبێتەوە، کەتۆ دەڵێی سەلاحە ڕەش یەکسەر دەقاو دەق خەڵك ئەمەی بیرکەوێتەوە کەئەمە شێعرێك هەیە، دیوانێك هەیە، کۆمەڵێك مەوازعێك هەیە لەشێعرەکەدا باسی چەمکی ڕەشو سپی دەکات لەو دنیایەدا لەو بەینەدا دێتو دەڕوات..



پ. ئیجازەم بدەی ئاوا باسی هێمای ڕەش لەشێعرەکانی تۆدا بکەم یان بڵێین لەپێناسەیەکی کەجەنابت باسی دەکەی، دەڵێم سنور بەزاندنێکە وەکو ئەوەی، تا ئێستا هەمیشە لەلایەن زۆر کەسەوە ئیدانەی ڕەش کراوە، تەعریفی سپی کراوە یان بەهەرحاڵ کاك سەلاح ویستویەتی ئەم سنورە ببەزێنێ، یانی دەتوانم بیخەمە قاڵبی یاخی بونێکەوە؟

و. بەتەئکید، بەتەئکید یاخی بوون نەبێ شێعر نانوسرێ، شێعر بۆ خۆی دونیایەکی یاخی بووە. ئەوانەی کەشێعر دەنوسن سەیریان بکە لەکاتێکدا دەی نوسن کەس لەچوار دەوریاندا نەبێ لەکاتێکدا دەی نوسن دنیا دنیایەکی خامۆشو بێ دەنگو هێمن بێ. لەکاتێکدا دەی نوسن دەیانەوێ بچنە دنیای خۆیانەوە.. ئەو ساتەی شاعیر شێعری جوان دەنوسێ تۆزێك لەدونیای لاوەتی نزیك بێتەوە لاوەتیش، بۆ خۆی، دونیایەکە لەیاخی بوون. من زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو رایەت. یانی بەڕاستی من ئەوەم دەوێ. من دەمەوێ ڕەش جوان بکەم، من رەنگە کردبێتیشم. رەنگە ئەوەتا بەرێزتان گەیشتونەتە سەر ئەو قەناعەتەی کەجۆرە تەجاوزێك

هەیە لەرەنگو جوان کردنی.. باشە من پرسیارێکم هەیە تۆ بەیانی تا ئێوارە ئەو هەموو خەڵکە ئەبینی ئیش ئەکات، ئەڕوا، ئەجوڵێ. ئەم لەم لاوە کرێکارێکە، کاتێك کەشەو دنیا تاریك دەبێ سەیر ئەکەی هەموومان لەناو بێدەنگیو شەودا دەتوێینەوەو ئەخەوین. شەویش رەنگێکی ڕەشی هەیە، شەو بەو عەزەمەتەی خۆی کەتاریکیە، دێت هەموو ئینسانەکان هەموو گیانلەبەرەکان، لەناو خۆیدا، دەخەوێنێ.

پ. لەشێعری ڕەشستان دا رووبە سوهراب دەدوێن بۆچی سوهرابی سپێهری؟

و. بەڕاستی من شێعرەکانی سوهراب زۆر دەخوێنمەوە ئەو شێعرەی سوهرابم خوێندەوە "دەنگی پێی ئاو" "صدای پای اب" ئەو شێعرە هەستم کرد سوهراب دەیەوێ وڵاتی خۆی بناسێنێ کلتوری وڵاتی خۆی بەو شێوە جوانەی کەهەیە بیناسێنێ بەدنیا، کاتێك کەدەڵێ خەڵکی کاشانمو تا دوایی شێعرەکە دەڕوا تو کاشانت لا جوان دەبێ، تو حەز دەکەی ئەگەر لەدورترین وڵات بی، حەز ئەکەی بچیتە ئەو شوێنەی کەسوهرابی تێدا ژیاوە حەز ئەکەی بچی بەبازاڕو بەکۆڵانەکانی کاشاندا بگەڕێی بۆ ماڵێك بگەڕێی لەدرگای ماڵەکەی سوهراب بدەی کەواتە تۆ سەیر بکە لەم شێعرەوە سوهراب چەندە تەئسیری هەیە بۆ بواری روناکبیری، فەرهەنگی، بواری اقتسادی، بواری سیاسی کاشان. سیاسیەك ئەگەر ئەو شێعرە بخوێنێتەوە حەز دەکات بچێت، کەسێکی ئیقتسادی بابڵێین بازەرگان بیخوێنێتەوە حەز دەکات بچێ سەردانێکی کاشان بکات. کەسێکی فەرهەنگیو کەسێکی هۆشمەندو هۆشیارو شاعێرو ئەدیب، روناکبیر، نوسەر بیخوێنێتەوە حەز دەکات بچێت سەردانێکی ئەو وڵاتە بکات. لەرێی شێعرەکەی سوهرابەوە من کەئەوەم خوێندەوە هەستم بەوە کرد باشە ئەو خەڵکی کاشانو من خەڵکی هەڵەبجەم. ئەگەر کاشانێك سوهراب دەیەوێ بەزۆر بی ناسێنێ بەدنیا. هەڵەبجە خۆی خۆی ناساند. هەڵەبجە شارێك بوو لەدوای ئەو مەرگەساتەوە خۆی چوە ناو تاریخەوە، بەبێ ئەوە نەمن نەتۆ نەحیزبێك نەشۆڕشێك نەهیچ شتێك بێت بەزۆر بیناسێنێ بەخەڵك خۆی لەرێگەی ئەو قوربانیە گەورەوە، لەرێگەی با بڵێین زەمان حاڵێك نەك هەر خۆشی بەڵکو بووبەزمان حاڵی میلەتێکی زوڵم لێکراو میلەتێکی دابەش کراو، میلەتێکی داگیر کراو، لێرەوە ئەو بەراوەردەم کرد لەبەینی خۆمو سوهرابدا سوهراب کەخەڵکی کاشانەو منیش خەڵکی هەڵەبجەم تەبعەن، خۆ من ناڵێم وەك شەخسێ، ئەکرێ من لەوێدا رەمزی میلەتێك بم. ڕەمزی هەر گەنجێکی کورد بم کەبیەوێ قسەیەك لەگەڵ سوهراب بکات. کەلەگەڵ سوهرابدا ئەو قەسەیە بکەم مەبەستم لەوەیە بلێم سوهراب! تۆ بەو خۆشیو بەو جوانی کاشانەوە، تۆ دێی شانازی پێ وە دەکەی، منیش ئەوەتا شارێکم هەیە وێرانە، ئاوایەو ئاوایە. منیش حەقی خۆمە باسێکی بکەم ئەو وێنانەی لەبەینی شێعرەکەی سوهرابو شێعرەکەی مندا هەیە، رێك ئەوەیە بابڵێین لەیەك چواندنێك بێت. ئەبێ منیش بەخەڵك بڵێم کاشان شاری سوهراب، هەڵەبجەیش شاری منە.

پ. کاك سەلاح وەك شاعیرێکی هەڵەبجەیی چۆنت مامەڵە لەگەڵ کارەساتی ئەم شارە کردوە، یان بەواتایەکی تر، چ کاردانەوەیەکی لەسەر ئاراستەی بۆچونی تۆدا ناوە؟

و. بەر لەهەڵەبجە مێژوویەکە، دوای هەڵەبجەیش مێژویەکی تر ئەوە نەك هەر بەنیسبەت منەوە وەك شاعیرێك وەك مناڵێکی ئەو شارە کەلەمناڵیمەوە تیا ژیاومو شارەزای کوڵانو پڕ لەیادگاری منداڵیم ئەمە بۆ هەموو کوردێك. نامەوێ زۆرتر لەسەر ئەوە بڕۆم کەهەڵەبجە بوە هۆی ئەو خاڵە وەرچەرخانەی کەکۆتایی بەجەنگی سارد هێنا. لەکۆتایی جەنگی سارد دا کارەساتی هەڵەبجە ڕویدا. لەدوای کارەساتی هەڵەبجە جەنگی سارد نەبوو. ئەو جەنگەی کەساڵانێك درێژەی خایاند، لەبەینی ئامریکاو شورەوی دا. هەڵەبجە نەك هەر نوقتەی تەحولە لەمندا بەڵکو خاڵێکی وەرچەرخانە بەنیسبەت هەموو کوردێکەوە بابڵێین بەنیسبەت ناوچەی ئەقلیمی شەوە وەك بڵێین رۆژهەڵاتی کوردستان، دراوسێ

کانی کوردستان ولاتە دراوسێ کانی کوردستان. وەك پێشتریش باسم کرد رەنگە خاڵێکی وەرچەرخانیش بێ لەشێوەی فیکری دنیا. لەدوای هەڵەبجەوە ئیتر مەزرای شێعری من گۆڕا پێشتر زۆر بەسادەیی ئەم ڕوانیە ژیان، ئەم ڕوانیە عەشق، زۆر بەسادەیەوە ئەم ڕوانیە چوار دەور، دێم، کانی، ئاو، باخ، هەموو شتێك. بەلام کەویستیان هەڵەبجە بکوژن ئیتر هەموو شتێك لای من گۆڕا گەڕامەوە بۆ لای یادگاریەکانی مندالیم. کاتێك کەبەکۆلانێك دا دەڕۆیشتم رەنگە پێشتر ئەو نرخەم نەدەزانی بەلام کەهەڵەبجەم بەچاوی خۆم بینی ڕوخاو ئەو هەموو لاشەیەی تێدا کەوت، ئینجا زانیم تەنانەت بەردێك رەنگە ئەرز شتێکی زۆر کەمی هەبێت. بەردێکی بچوك بەلام دواجار بۆم دەرکەوت ئەو بەردە بۆ خۆی شتە. کاتێك کەدێن دەیانەوێ دەست بخەنە شارێکتو بی خنکێنن ئیتر تۆ هەموو شتەکانت لا جوان دەبێ. لەبەردیکەوە بیگرە تا ئەگاتە مرۆڤێك. تا ئەگاتە گیان دارێك، ئەو گیان دارەی کەلەهەڵەبجەدا بوو لەئاسمانی هەڵەبجەدا دەفڕی‌و هەڵەبجەی جوان دەکرد، رەنگە جاران لای من ئەو دیمەنە جوانەی نەبوایە بەلام کەدواجار ئەو باڵندانە کەوتنە خوارەوەو مردن ئیتر زانیم کەئەو باڵندانەیش بۆ خۆیان عەشقێکیان هەبوو بەسەر ئەو شارەوە. ئیتر ئەو کاتە لەبەینی عەشقی ئینسان‌و مرۆڤ و باڵندەو خاك‌و شارو ئەوانەدا تێگەیشتم کەئیتر عەشق ئەو شتە سادەو ساکارە نییە کەزۆرجار زۆر بەسادەیی دەخوێندرێتەوە نا عەشق ئەو کائێنە گەورەیە کەدەبێ هەمومان رێزی لێ بگرین هەموومان لەوێوە قیمەتی شتەکان دەزانین. تۆ هەتا کارەساتێك لێت ڕوو نەدا، مەسەلەن بۆ نمونە هەتا پەنجەیەکت لێ نەقرتێ نازانی عەشقی تۆ بۆ ئەو پەنجەیە چەند خۆشەویست بووە بۆیە من دەڵێم با ئێمە بەر لەروداوەکان بەر لەوەی شتەکان لەدەستمان بچن، با خۆمان بەرەو پیری بچین‌و رێزی لێ بگرین. وە ناشکرێ من لەزۆربەی شاعیرانی تردا ئەوەم بینیوە بەتایبەت شێرکۆ بێکەس. شێرکۆ بێکەس لەدوای هەڵەبجەوە من تەسەرو ناکەم شتێکی نوسی بێ نەچوبێ بەلای بۆن‌و بەرامی مەسەلەن ئەو کارەساتەدا. زۆربەی شاعیرانی تر یەك شەپۆل شاعیری گەورەی ئێران لەدوای کارەساتی هەڵەبجەدا، کەلەئێران بوم ئەو کاتە بەحوکمی دەربەدەری‌و ئاوارەییمان هەر چەند کەلەخاکی کوردستاندا، بووین خۆمان بەئاوارە نەدەزانی چوون هەموو لەناو خزم‌و کەس‌و کارو برادەرو هاوڕێدا بووین. لەوێوە هەستت کرد شاعێرێ زۆر زۆر ئەوە چاك‌و خراپ دوایی دێینەوە سەری، رەنگە ئەوە مەوزوعێکی تر بێت، بەچەندین کتێبی شێعر لەئێراندا لەکوردستاندا دەرچوو، هەر تایبەت بەکارەساتی هەڵەبجە. یەکێك لەو کتێبانە شیوەنی ئینسانیە، ئەوەی کەمن لەبیرم مابێ، دیوانە شێعرێکی زۆر گەورەیە زیاتر لە65 شێعری لەخۆ گرتوە.

شاعیرانی گشت پارچەکان: کوردستانی رۆژهەلاتی تێدایە، کوردستانی باکوری تێدایە، کوردستانی باشوری تێدایە. مەبەستم ئەوەیە لێرە بلێم نەك بۆ ئەوەی تەئکیدم بۆ قسەکەی پێشوم کەهەڵەبجە ئەو تەئسیراتەی هەبوو کەشاعیری تری دروستکرد. بەتایبەتی لەکوردستانی ئێراندا هونەرمەندی تری دورست کرد، بەتایبەتی هونەرمەند لەبواری شێوەکاری، سینەمای تری دروستکرد تو سەیری فەنی سینەما بکە، فەنی سینەما ئەگەر تەئریخەکەشی بێلینەوە ئێستا ئەگەر سەیری بکەین لەکوردستانی رۆژهەلاتدا دەورو تەئسیراتێکی زۆر باشیان هەیەو ئەتوانین بلێین بەڕاستی فێعلەن لێرەدا سینەما هەیە، تەماشا کە زۆربەی ئەفلامەکان کەلەوێ دەردەچن بەکورتە فیلم و بەفیلمەوە زۆربەی باسیان لە کارەساتی هەڵەبجەو باسیان لەمەعاناتی هەڵەبجە، باس لەهەڵەبجە دەکەن. یەعنی هەڵەبجە بووە بەکەرەستەیەکی زۆر زۆر گەورەی دەوڵەمەند بۆ روناکبیری کورد، بۆ شاعیری کورد، بۆ هونەرمەندی کورد، بۆ سیاسی کورد.

پ. کاك سەلاح دێینە سەر تەوەرێکی دیکەی وتو ویژەکەمان ئەدەبی کوردی بەگشتی‌و شێعر بەتایبەتی لەچ وەزعێك دایە؟

و. با لەسەر ئەدەبیات بەگشتی قسە نەکەین تەنیا لەسەر شێعر قسە بکەین ئێمە چەمکێك بگرین باشترە تا خۆمان زۆر قەرەباڵغ بکەین پێم باشە لەسەر شێعر قسە بکەین. من لەهەر دوجیلەکەدا با بڵێن تێکەڵیەکەی زۆر باشم هەیە چ ئەو جیلەی کەپێی ئەڵێن هەفتاکانو هەشتاکان چ ئەو جیلەی بابڵێن نەوە دەکانو لەدوای 2000وە شێعر دەنوسن. تێکەڵیەکی زۆر باشم هەیە بابڵێن لەبەینی تازە دەنگی پێ گەیشتو، لەبەینی شاعیرە کامڵەکاندا. ئەو گۆڕانکاریەی لەسەر شێعری کوردیدا، لەدوای هێمنو گۆران ویستگەیەکی گەورەترمان هەیە کەوێستگەی شێرکۆ بێکەسو دواجار بەختیار عەلیو ئەوانە، دێتە پێش.. لەدوای ئەو وێستگەیەوە چونکە کارەساتەکانو روداوەکان، وەك پێشتر، باسم کرد، ڕووداوی زۆر گەورە لەکوردستاندا ڕوویان داوە کەڕووداویش ڕویدا عادەتیە ئەبێ کۆمەڵێك خەڵکی خۆی، نوسەری خۆی، هی ئەو قۆناغە بێ لەپێشدا. لەدوای ڕاپەڕینی 1991ی کوردستان ئیتر خەڵك چاوەڕێی ئەوە ناکات ئەدەبیاتی پێش ڕاپەڕینی بێت. چاوەڕێی شتی تازە دەکات، تۆ جیلی ئێستا سەیر بکە. لەبەر ئەوەی مەسەلەن ئێمە لەسەردەمێکدا ژیاین کەهیچ کەرەستەیەکی تەکنولۆژیامان لەبەردەستدا نەبوو. بۆیە شێعرکاری خۆی ئەکرد.. بەڵام ئێستا تەکنولۆژیا پێشکەوتوە ئینترنت هەیە، شاشەی سەتەلایت هەیە، تۆ ئەتوانی لەتەنیا ڕۆژێکدا پەیوەندی بەهەزاران کەسەوە بکەی لەرێگەی ئینتەرنێتەوە.

ئەتوانی گەورەترین بانکی زانیاری لای خۆت کۆ کەیتەوە لەسەر ئەنترنێتەوە. ڕۆژنامە ئێستا ئیجار زۆر بووە، گۆڤار زۆربووە، کەناڵی تەلەفزیۆنی زۆر بوە بۆیە سەیر ئەکەی گۆڕانکاریەکە گۆڕانکارییەکە پێویستی بەعەقڵێك هەیە کەخۆی بۆ ئامادە بکات. بەڕای من تا ئێستا عەقڵێکی وا گەورە نەبوە کەبتوانێ ئامادەیی هەبێ لەبەرابەر ئەم روداوە[1] لەبەرابەر ئەم گۆڕانکاریانەدا. بەنمونە دێنمەوە کارەساتی ئەنفال دەکرێ بەهەزاران فیلمی سینەمایی لێ دەرکەی، بەڵام کوا؟ فیلمێکی سینەمایی کەپڕ بەپێستی ئەو کارەساتە بێت، نییە وەك نمونەی تای تانیك بێنەوە. تایتانیك کەلەسەد ساڵ لەمەوبەر رووی داوە، ئەوانە هاتن تای تانیکیان کرد بەفیلم زۆر زۆر لەکارەساتەکەی پێشوی خۆی بەقوەت تر بێ، رەنگە ئەمە ئامادەیی عەقڵە، ئەمە ئامادەیی تەکنولۆژیایە. لەوڵاتی ئێمە ئەم ئامادەیە نییە بۆیە زۆرجار ئەبینین فیلمێك یان شیعرێك یان چیرۆکێك یان تابلۆیەکی تەشکیلی شێوەکاری لەسەر شەهیدێك دەکرێ، لەسەر کارەساتێك دەکرێ، بەداخەوە کارەساتەکە سووك دەکا. شەهیدەکە سوك دەکا. یانی ناتوانێ لەموقابلی ئەوەدا بوەستێ. بۆ؟ بۆ ئەوەی ئامادەیی عەقڵی نییە. یانی خۆی بۆ ئامادە نەکردوە. پێویستە ئەو کەسە لەبواری رۆشنبیریو فەرهەنگیو لەبواری هەموو شتەکانەوە خۆی بۆ ئامادە بکا. تۆسەیری مۆسیقای ئێمە بکە چەندە داماوە. ئێمە مۆسیقەیەکمان نییە تەعبیری حاڵەتەکانمان بکات چەند هەولێکی ئیقباڵی حاجبیو هونەرمەند عەبدوڵا عەلی سگرمەو ئەوانە نەبێ مۆسیقا هەر لەچوار دەوری گۆرانیو هەڵپەرکێو ئەوانەدا دەروا. ئەی مۆسیقای ئەسپانی ئەی مۆسیقای ئەڵمانی بۆ وا نییە. ئەی مۆسیقای ئەمریکی بۆ وا نییە، ئەی مۆسیقای روسی بۆ وانییە؟ تەنانەت با بچینە وڵاتە دراوسێکانیش ئەی مۆسیقای عەرەبی بۆ وانییە؟ ئەمە چییە ئێمە ئامادەیمان نییە مۆسیقای ئێمە ئامادەیی ئەوەی تیا نییە دنیایەکی تازە دروست بکا وەك چۆن شاعیرەکەت ئامادەیی نییە. هونەرمەندی سینەماکەت ئامادەیی نییە. فۆتۆگرافەکە ئامادەیی نییە، ئەوە نییە من لێرەشەوە بێ ئومێدم بڵێم ئیتر تەواو نەو هەمیشە. بەڵام ئەو ئامادەییە وەکو پێویست لەبەرانبەر ڕووداوو گۆڕانکارییەکاندا نییە. یەعنی جیلی تازە لەوە زیاتری دەوێ، کەئێمە زۆرجار دەڵێن جیلی تازە خەم ساردن، گەنج خەم ساردە.. شێعرە ناخوێننەوە ئەوەی ناوێ کەتۆ ئەی دەیتێ ئەو شتی تری ئەوێ، هەروەك چۆن باوکیچك کەشتێك دەکا بۆ منداڵەکەی، منداڵەکەی پێی رازی نییە چونکە باوکە کەشتێك دەکا بۆ منداڵەکەی

بەعەقڵی خۆی دەی کا، دەی عەقڵی منداڵەکە عەقڵی ئەو نییە.. عەقڵی منداڵەکە عەقڵێکی تازەترە هیچ نەبێ کەئەو شتانەی لەچوار دەوری باوکی دایە ئەو زیاتری لەوە دەوێ.. بۆیە هەمیشە شەڕی بەینی گەنجو بابڵێن پێشوتردا ئەمەیە. گەنج شتێکی ئەوێ بەتەمەنەکە قبوڵی ناکا، ئیستجابی ناکا، وەری ناگرێ بۆیە دەبێتە.. بۆیە ئەو گەنجانە حەقی خۆیانە داوای شتی زیاتر بکەن..

پ. جەنابت ئاماژەت بەوە کرد کەئێمە ئێستا خۆمان ناناسین یا بڵێین خوێندنەوەمان بەنیسبەت خۆمانەوە سەتحیە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە جیلێك لەهونەرمەندان، ئەگەر بڵێین هەر لەبواری شێعریشدا بێت، بەهەر حاڵ لەژێر ناوی پۆست مۆدێرنەدا بەشێوەیەك دەڕۆنە پێشێ کەرەنگە لەگەڵ ئەم پێناسەی ئێمەدا نەیەنەوە کەئێمە بڵێین خۆشمان نەناسیوە بەڵکە، ئێستا دەیانهەوێ شان بەشانی گەورە شاعیران، یان بڵێین گەورە فیلسوفانی ئوروپایی برونە پێشێ بەبڕوای تۆ ئەمە یەعنی ئەم مەرحەلەیەمان تێپەر کردوە، ئەم مەرحەلەی خۆ ناسینە، تاوەکو بتوانین لەریکابی ئەواناد برۆینە پێشێ؟

و. من سەرەتا دەڵێم بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان بناسین پێویستمان بەخوێندنەوەی خۆمان هەیە خوێندنەوەی خۆیشمان بەچی دەکرێ بەئیش کردن لەسەر کلتورێك، ئەتو ئەو کلتورە چۆن بتوانی جوانی بکەی چۆن شوناسی دەکەی، ئەوەی کەدەوترێ لەئوروپاوە بێت کەواتە تو دەی گوازیتەوە. گواستنەوەش نییە مەسەلەن نەقڵی ئەکەیت نەقڵێکە بەخراپی دێت وەك چۆن بینیمان مارکس بەسەقەتی هاتە وڵاتی ئێمە بەوێرانی هاتە وڵاتی ئێمە بەشکڵو کارە جوانەکەی نەهات. بەهەمان شێوە ئیسلام، مەزهەب بەشێوە ناشرینەکەی هاتە وڵاتی ئێمە بەقەتڵو کوشتنو ئەوانە هاتوەتە وڵاتەکەی ئێمە.. ئەی ئەوانە بابڵێن بەتایبەتی دین زۆربەی کلتوری تۆی داگیرکردووە دێیت لەئوروپاوە دەتەوێ کلتورێك بێنی.. گۆڕانکاریەك لەو کلتورەدا بکرێ تۆ لە وڵاتێکدای کوردستانە، چوار دەوری کوردستانەکەی تۆ وڵاتی عەرەبی هەیە کەکلتورێکی تا سەر ئیسقان دۆگمە، سەرتاپای داگیر کردوە. لەم لاوە دێی کلتورێکە فارسو نازانمو کوێو بەرەو هێندوستانو ئەوە ئەوانیش بەهەمان شێوە کلتورێکی تا سەر ئێسقان دۆگمە. تورکیا ئەو حاڵەتەیە کەدەی بینی لەم بەینەدا تۆ دەتەوێ چی بکەی ئەی ئەو گۆڕانکاریە کەئێمە دەمانەوێ بۆ خوێندنەوەی خۆمان خۆمان بناسین یا بمانەوێ لەگەڵ رەوتی ئەو کەڵە نوسەرانەی ئوروپا بڕۆین لەگەڵ ئەواندا بچین ئەوە دەبێ گۆڕانکاریەکان جارێ با وڵاتانی دراوسێ گۆڕانکاریان بەسەردا بێت. ئێمە ناتوانین تۆ لەبازنەیەکی تەسك دای، لەبازنەیەك دانین بتوانین سەد دەر سەد ئەوەی کەخۆت دەتەوێ بیکەی وە راستە ئێستا فکرێکی ئوروپی زۆر هەیە لێرە، بەڵام ئێمە نەگەیشتوینەتە ئەوەی ئێمە موتەئەسیر بین بەفیکرەکان. ئێمە موتەئەسیر نین بۆ پۆست مۆدێرن لەبەر ئەوەی ئیفرازاتی پۆست مۆدێرن لای ئێمە نییە، یانی ئێمە هەستی پێ ناکەین. تەماشا بکە سەردەمانێك بووە کلتورو ئەدەبی کوردی لەژێر تەئیسراتی تورکدا بووە زۆربەی شتەکانی ئێمە تورکی بوون تەنانەت شێعرەکانیشمان ئەگەر شاعێرێك لەشێعرەکانیدا زمانی تورکی بەکار بهێنایە ئەوە ئیتر پێیان نەدەوت شاعیری باش ماوەیەکی تر فارس بوو ئەدەبیاتی فارس هاتوە بەسەر ئێمەدا زاڵ بووە. ماوەیەکی تر ئەدەبیاتی عەرەب هاتوە بەسەر ئێمەدا زاڵ بووە. چەند تەغیراتێك هەبوە لەکاتی گۆراندا. گۆڕان هەندێك تەحەولاتی کردوە. سەیر ئەکەی ئەوانە بەدرێژایی ئەو مێژوە ئێشیان لەکلتوری ئێمەدا کردوە، بۆ ناشرین کردنیو بۆ قێزەون کردنی. ئێستا ئەو هەوڵەی کەهەیە بمانەوێ کلتورێکی ئوروپایی جوان بهێنێتە ئێرە، جۆرێك لەتەئخیر بوونی پێوە دیارە. زۆر زۆر دواکەوتوین لەحاڵەتەکەدا ئەوە بەدەستی خۆمان نەبوە پێشتر وتم ئێمە میلەتێکین کلتورمان داگیر کراوە یانی کلتوری ئێمە شێوێندراوە. با جارێك کلتوری خۆمان بخوێننەوە بزانین ئێمە چین. یەکێك بێت دەڵێ تو زەردەشتیت. یەکێك بێت دەڵێ تۆ ئیسلامی. یەکێك بێت دەڵێ تۆ ئەوەی. ئەگەر راستە زەردەشتین با لەسەر

کلتوری زەردەشتی بی ژینێنەوە. جارێ ئەگەر زەردەشت شتە جوانەکانی چین‌و ئەوەن. یانی مەبەستم ئەوەیە ئێمە تا کلتوری ئەسڵی خۆمان نەدۆزینەوە، هەرکەسێك لەئێمە، ناتوانین بەو شێوەیە ئیستعابی کلتورێکی رۆژئاوایی بکەین. سەیری ئەو گرفتانە بکە کەلەبەینی خێزانی کوردی‌دا روو دەدا. لەئوروپا ئێستا ئەوانەی کەلەئوروپادان لەبەینی دووڕێیان دان. بەنیسبەت کوردستانی باشورەوە قسە دەکەم زیاتر. نە ئەوەیە بگەڕێتەوە نێو ماڵو منداڵی‌و بێتەوە گەڵی. نە ئەوەشە بمێنێتەوەو نەیتەوە بۆ ئێرە. بۆ؟ بۆیە لەبەینی دو کلتوری جیاوازدا گیری خواردوە.. کلتوری رۆژئاوا کەئەو پێی ئیستجاب ناکرێ‌و پێی هەزم ناکرێ چونکە تەئخریی ئەو وابوە. کلتورێکی رۆژهەڵاتیە لێرەدایە کەلەگەڵ کلتوری ئوروپا نایەتەوەو هەست دەکا هەمووی ئوروپا بەهەشتێکی ترەو بەڵام کلتوری رۆژهەڵات دۆزەخێکە. بۆیە لەبەینی ئەم دورێیانەدا سەیر دەکەی گیری خواردوە.

پ. شتێکی کە لەو تەوزیحاتەی جەنابت هەڵم ئینجا، یانی کورت کراوەکەی دەبێتە ئەوەی کەئێمە بەرهەمەکانمان، بەرهەمە هونەریەکانمان، چ لەبواری شێعردا بێ، ئەدەبیات بێ، سینەما بێ، یان پەیکەرسازی بێ، بەهەرحاڵ لەهەر بوارێك دا بێ، پڕ بەپێستی رووداوەکان نین. هەر ئەوەشە کەناتەوایەکی پێوە دیارە، لەبەرچاو خستنێکی پێوە دیارەو شێواندنێکی پێوە دیارە. ئەگەر وایە؟

و. بێ زەبت وایە منیش ئەو قسانەی کەپێشتر کردم هەموو مەبەستم ئەوەبوو یەك دوو نمونەی زۆر سادەت بۆ بێنمەوە، با بچینە باخی گشتی سلێمانی کەئەوە گەورەترین پارکەو یەکێکە لەپارکە هەرە کۆنەکانی شاری سلێمانی. کۆمەڵێك پەیکەریان داناوە حەز ناکەی تاوێك سەیری بکەی.



نەجوانی تیایە نە هونەری تیایە، من رێزم هەیە بۆ ئەو هونەرمەندەی کەدروستی کردوە، لەسەر دەمێکدا بووەو دروستی کردوەو خزمەتی خۆی کردوە بەڵام کاتێك کەهەر لەشاشەیەکی تەلەفزیۆنەوە، شاشەی سەتەلایتەوە سەیری پەیکەرێك دەکەی یا لەوێنەیەکی فوتوگرافدا پەیکەرێکی ئوروپا دەبینی حەز ناکەی چاوی لێ بکەی. نمونەی زۆر زیندو" مەسەلەن با بڵێین شەهیدێك لەشەڕێکدا شەهید بووە شەهیدێکی زۆر قارەمان بوە. دێن لەفولکەیەکدا هەڵیدەواسن ناوەکەی جارێك دەگۆڕن. لەجادەیەك هەڵیدەواسن دەبێتە جادەی ئەو رەسمێکی هەڵدەواسرێ رەسمەکەی زۆر ناشرینە. یانی من لەساڵی 87 دا بوو چومە ئێران کۆمەڵێك رەسمم لەسەر دەروازەی شارەکاندا دەبینی رەسمی شوهەدای ئینقلاب‌و ئەوانە. کۆمەڵێك رەسمی ناشرین یەعنی برواتان هەبێت ئەوەندە دیمەنی ئەو شارەی ناشرین کردبوو یەعنی حەزم نەکردوە سەیری بکەم ئەگەر دەچووم چاوم دەنوقاند نازانم ئێستا ئەو رەسمانە ماوە یان نا. یانی بەگەورەیش هەڵیاندەواسی.. شتێکی زۆر ناشازو ئیزعاج بوو. تۆ خۆ هەر هەڵی دەواسی با شتێکی خاوێن بێت شتێکی رێك‌و پێك بێت. جاری واهەیە کەسێك خزمێکی شەهید دەبێ برادەرێکی دێت شێعرێکی بۆ دەنوسێ شێعرەکە ئەوەندە لاوازە دەی خوێنێتەوە هەست دەکەی شەهیدەکەش لاواز دەکا. نەبوونی ئەو شێعرە، نەبوونی ئەو تابلۆیە، نەبوونی ئەو پەیکەرە لەو حاڵەتدا باشترە یەعنی نەبێ باشترە. من ئەگەر باسی شەهید فوئاد دەکەن یان دوکتور جەعفەر، بامن دوکتور جەعفەر لەخەیاڵی خۆم دا بێ، یانی ئەو شەهید فوئادە بێ کەلەلای من ئەفسانەیەکی گەورە بێ نەك لەشوێنێکدا رەسمێکی ببینم بچوکی بکاتەوە لەبەر چاومدا. یان شێعرێك بخوێنەوە شێعرێکی زۆر لاواز بێ نا، با ئەو کاك فوئادە با هەر وابێ کاك ئارام

با ئەو ئارامە بێ کەلەخەیاڵی من دایە، مەسەلەن هەموو کەس ناتوانێ شێرکۆ بێکەس بێت "بەیان"ت بۆ بخوڵقێنێ ناتوانێ هەموو کەس شێرکۆ بێکەس نییە. مەسەلەن تۆ سەیری شێعری بەیان بکە کەبۆ بەیانی نوسیوە، تۆ بەیان دەناسی لێرەوە خۆت ڕەمزی بۆ ئەکێشی، خۆت دەمو چاوەکەی بۆ دروست دەکەی، خۆت لەشو لارەکەی دروست دەکەی، خۆت دێی هەنگاوەکانی خۆت دێی تێکەلیەکانی، خۆت دێی قسە خۆشەکانی، هەر لەرێگەی شێعرەکانی شێرکۆ بێکەسەوە دەچێتە ناو لادێکان. دەمی دانیشتنی بەیان دەبینی لەناو خەڵکدا ڕەفتارەکانی بەیان دەبینی سەیر دەکەی وات لێ دەکات فیعلەن بەیان بابڵێین شۆڕشگێڕێکی ژنی جوان بوبێ، شێرکۆ بێکەس دە ئەوەندەی تر، جوانی دەکات، ئەمەیە کاری ئیبداعی، ئەمەیە لەئاست روداوەکەدا.

ئەوەش کەلەئاست روداوەکاندا نین ئەو هەزاران نمونەیە کەخۆشت لەم لاو لا موتالحە بکەی دەی بینی ئەو هەزاران نمونەیە کەلەکوردستانی ئێمەدا کراوەو هەموو شتەکانیان لەئێمە ناشرین کردوە. دێ لەسەر شۆڕشێکی گەورە ڕێپۆرتاژێك بۆ ئەکا، رۆژنامەوان ئەوەندە ڕێپۆرتاژەکەی لاوازە شۆڕشەکە دەمرێنێ. یان لەسەر سەرکردەیەك یان لەسەر هەر روداوێك لەروداوەکان، ڕاپەڕینێك بێ، سەیر ئەکەی بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی، رۆمانەکەی، یا بەهەر چییەك بێت، ئەوەندە لەمستەوای شتەکەدا نیە زەعیفی دەکات. ئەی تۆ فیلم دەکەی بۆ ئەنفال چونکە خەڵکی منالی ئەنفال ماون، کاکە ئەی بینن! کەئەی بینێ گاڵتەی پێ دەکات. من بیرم دێت 88 لەئوردوگا دانیشتبووین. جەماعەتی هونەرمەندانی سینەمای تاران هاتن بۆیە بۆ نمونە دەی گێڕمەوە نمونەیەکی زۆر زیندوە، ڕەنگە هەموو کەسێك لەئێراندا دەی بینێو لەکوردستانی باشوریش خەڵك زۆر دەی بینێ. هاتن هەواڵی هونەرمەندانی هەڵەبجەیان پرسی هاتن بوو لای ئێمە من یەکێك بوم لەو کەسانەی کەلەمەجلیسەکەدا دانیشتبوم. تەعارفیان بەمن کردو قسەمان کردو وتیان سیناریۆیەکمان هەیە لەسەر هەڵەبجە پێمان خۆشە. شاهیدمان بەئێمەش ئەوە خەونی گەورەمان بوو لەکوردستانی ئێرە باشوردا ئێمە توانیمان تەنیا دوو ئۆپێرا بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار بکەین، خوا خوامان بوو رۆژێك لەرۆژان کامێرایەکمان هەبێ سینەمایەك فیلمێك دەرکەین، بەتایبەتی ئەو کارەساتەش روی دابوو، کارەساتی خۆمان بوو. ئەی وتم زۆر باشە تەبعەن فەننی ئەو کاتە وەکو فەننی ئێستا نەبوو هەر کەلێك بێ تەفسیرێکی هەبێ دەڵێ بەڵێ باشە. بەیانی دەچێ نایشزانێ دەقەکە چییە؟ ئێ گوتم جارێ دەقەکەمان نیشان بدەن، چونکە بەڕاستی ئێمە ئەو کاتە ئایدولۆژیایەك پەروەردەی کردبووین کەبەهەموو شتێك ڕازی نەبووین بابڵێین ئایدولۆژیایەکی چەپ ڕەو بوین، ئەو کاتە سەردەمانی کۆمەڵەو دواتر دروست بوونی ئاڵای شۆڕشو ئەوانە وای کردبوو ئێمە بەهیچ شتێك ڕازی نەبین یانی یاخی بین لەهەموو شتێك. کەسیناریۆکە لەبەینی خۆیاندا موتابەعەکرا وتیان ئەمە سیناریۆکەیە. کەخوێندمەوە وتم بابە ئەمە ماڵە کارەسات لێدوانەکانی



هەڵەبجە وا نییە. وتیان چۆن! کارەساتی هەڵەبجە ئاوایەو ئاوایە. جارێ مێژوویەکی بەسەردا نەرۆیشتوە، هەمووی دوو مانگە کارەساتەکە رووی داوە. جا 500 ساڵی تر ئەو کارەساتە چۆن دروست دەکەن. لەم سیناریۆیەدا پێشمەرگەی تیا ناشرین کرابوو، خەڵکی تیا ناشرین کرابوو. کۆمەڵێك جاشی دوروست کراوی خۆیان هێنابوو کردبوویان بەمونازیلو تێکۆشەر، بەپێچەوانەوە ئەوانەی ئێمەیان هێنابوو کردبویان بەخائینو شتی وا.

سەیر دەکەی کارەساتەکە هیچی لەهەڵەبجە نەدەچوو تەنها ناوەکان نەبێ ئەویش هەندێ ناویان وەرگرتبوو لەئوردوگاکاندا فلان ناوی چییە. ئیتر هیچی لەو نەدەچوو. کاکە ئەوە فیلم نییە. ئەم فیلمەی ئێوە بۆ هەڵەبجە زۆر خراپە. فیلمەکەشی بەناوی "عەروسی هەڵەبجە" شتێکی وا بوو. یانی تۆ ئەگەر بیری لێ دەکەیتەوە قێز لەفیلمو لەئەدەبو لەسینەماو لەشۆڕشو قێز لەهەموو شتێك دەکەیتەوە. ئەوە یەکێك لەنمونە زیندووەکانە. پێم وابێ زۆربەمان بینیومانە. کەچەند فیلمێکی ناشیرینە کەچەند فیلمێکە خەیانەت بەرانبەر بەکارەساتێکدا کراوە کەکارەساتەکە 3 مانگی بەسەردا نەرۆیشتوە.

لەمانگی 3 دابوو کارەساتەکە ڕویدا ئەوان لەمانگی 5دا هاتبوون بۆ دەکردنی فیلم.. ئیتر ئەوە بەڕاستی زۆر بێ ئومێدی کردم. ئەی وایان کرد. ئەو کارەساتەیان ناشرین کرد.

پ. بێینەوە سەر شێعر ئەگەر گەشەو هەڵدانێك هەبێ، یان جۆرێك تێکرار کردنەوەو چەق بەستن، بەبڕوای جەنابت، ئەمە لەم دیو بەرچاو ترە یان لەکوردستانی ئێران؟

و. من خۆم حەزم لەو پۆلێن کردنە نییە بەڕاستی ئەم پۆلێن کردنە، پۆلێن کردنی شاعیرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، شاعیرانی باکور ئەوە شتێکی خراپە ئێمە ئەگەر بمانەوێ خۆمان بناسین ئەگەر بمانەوێ کلتورەکەمان کلتورێکی جوانتر بێ، دەبێ ئەو پۆلێن کردنە لابەین. ئێمە دەبێ بەشێوەیەکی گشتگیری کار بکەین. ئێمە ئەکرا لەهەفتاکانداو لەهەشتاکاندا ئەم قسانەمان بکردایە لەبەر ئەوەی من هەرگیز بیرم لەوە نەکرد بۆ وەلەهەشتاکاندا ڕۆژێك لەڕۆژان ئەدیبێکی ئێران بناسم ئەدیبێکی کوردستانی ئەودیو بناسم، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کەڕۆژێك لەڕۆژان بچمە شاری سنەو سەقز یان بانەو ئەوانە ببینمو تێکەڵ بەئەنجومەنو ئەدەبیاتی ئەوێ ببم. بەڵام ئێستا دنیا گۆڕاوە یانی گۆڕانکاری گەورە پێك هاتووە بەتایبەتی کەئێستا

سەردەم، سەردەمی جیهانگیری لەئاراداییە کەفەرقی وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر نییە کەسێك لەئەفغانستان کەسێك لەئامریکا لەیەك لەحزەدا پەیوەندی دەکەن بەیەکەوە لەیەك لەحزەدا بیروڕایان دەگۆڕنەوە. سود لەیەك وەردەگرن. وەکو باسمان کرد دروست بوونی هێڵی ئینترنێت بۆ خۆی یەکێکە لەوانەی کەئیتر فەرقی ئەوەی نەهێشت کەئەم کەسە چونکە لەفلان شوێن دەژی دەبێ چۆن بێو ئەو دەبێ چۆن بێ. بۆیە من لەگەڵ ئەو پۆلێن کردنە نیم. کوردستان هەر کوردستانە. شاعیر هەر شاعیرە. چ لەسنە بێ چ لەهەر کوێیەك بێ. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت من یەك شتم هەیە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت زمانە کوردیەکەی کەڵبەی زمانی فارسی تێ ئالاوە زۆر بەزەحمەت ئەو کەلبەیە لەبەین دەچێ. جارێ یانی ئەبێ ئیش بۆ ئەوە بکرێ، یانی دەبێ زمانی کوردی روت کرێتەوە لەفارسی بەحوکمی ئەوەی لەمنداڵیەوە کەدەچێتە مەدرەسە خوێندن بەفارسیەو ئەچێتە دانشگا بەفارسییە، ناونیشانی دوکانو هەموو شتێك هەر بەفارسیە، پاسو ماشێنو مرور کەلەوێ پێی دەوترێ پۆلیس هەمووی بەفارسییە. یانی تۆ لەناو ئەم جەنگەڵستانە فارسیەدا چۆن دەتوانی زمانێکی کوردی ئەسڵ دورست بکەی. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر سەیری بکەین، لەو ئەدەبیاتەی ئێستا لەکوردستان هەیە خۆشبەختانە ئێستا زۆر باشە بەتایبەتی ئەم ساڵانەی دوایی کەپێم وابێ یەکێك لەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ بنکەی ئەدەبی روناکبیری گەلاوێژە. بەڕاستی بنکەی ئەدەبی روناکبیری گەلاوێژ ئیشی لەوەدا کرد ئەو تێکەڵ بوونە، ئەو هاتوچۆیە، ئەو فیستڤاڵانە، ئەو بەدرەوامی لەناردنی بابەتو چاپ کردنی کتێبو دەزگای سەردەمیش بەهەمان شێوە. ئەوە وای کرد ئێستا فەرق دەکات بەڵام جاران زمان ئەگەر ئێوەش دڵنیام هەستان پێ کردوە هەست دەکەی زمانی کوردی لەدوای هێمن زمانێکی زۆر لاوازە. زمانی کوردی لێرەدا بەڕاستی زۆر قۆرخ کراوە بەزمانی فارسی، کابرا دیوانێکی شێعری دەردەکات سەیر دەکەی بەزمانی فارسی ناو نیشانەکەی

نوسروە دەچیتە لاپەڕەی یەکەمەوە کۆمەڵێك شتی بەزمانی فارسیە، تەنانەت ڕێگەیش بەوە نادەن کەبسم الله.. بنوسرێ، ئازادم لەسەر ئەوە من بسم الله.. نانوسم ئازادم بەناوی خوای گەورەو میهرەبان یان هەر ناوێکی ترم پێ خۆش بێ بیکەم تەنانەت ئەو ئازادیەشیان نییە، یانی ئەو فاکتەرانە وایان کردوە لەڕوی ئەدەبیاتەوە، تا ڕادەیەك لەئاستێکی نزم ترن.

پ. ئەمە وەك زمان، سەبارەت بەناوەڕۆکی دەقەکان رات چییە؟

و. مەبەستم زمانە مەسەلەی ناوەڕۆك شتێکی دیکەیە. مەلەسەی ناوەڕۆك لەوێ دەقی زۆر باشمان هەیە، بەتایبەتی لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا بەرێزتان زیاتر بەوتار ناو زەدی دەکەن، لەوێ دەقی زۆر باشی تیایەو هەولی زۆرباشی تیایە من لێرەدا مەبەست زبانی ئەدەبی بەتایبەتی زمانی شێعرە.

پ. ئێستا کەئاماژەت بەرەخنە کرد یەکێك لەتەوەرەکانی وتوێژەکەمانە بەگشتی بەهەر حاڵ، ئێمە ئێستا ئەو پۆلێن بەندیە ناکەین، باسی ئەم دیو یان ئەو دیو ناکەین. بەگشتی لەئەدەبیاتی کوردیدا ئێستە رەخنە لە چ ئاستێکدایە؟

و. رەخنە لەسەر شێعر زۆر کەمە، هەر نەبوونی رەخنەشە وا دەکات بەرهەمی تازە نەبێت ئەگەر رەخنە هەبوو هەمیشە بەردەوامیو پێشکەوتنو گەشە سەندن هەیە ئێمە لەبەر ئەوەی بەڕاستی رەخنەمان زۆر زۆر کەمە دەقی رەخنەییمان یەگجار کەمە لەبەر ئەوە سەیر ئەکەی نوسینەکانیشمان، ئەدەبیاتەکانیشمان، زۆر گەشە ناکات هەر وڵاتێك رەخنەگری جیدیو باشی تیا بوو ئەو وڵاتە بێ گومان نوسەری هەڵکەوتوو، نوسەری موبدیع، نوسەری داهێنەری تیا دەبێ.

پ. دەکرێ ئاماژە بەچەند کەسێك لەرەخنەگران، لەم دیو یان لەو دیو بکەی کەتوانیبێتیان بەناخی دەقەکاندا بچنە خوارێ، هەلی کۆڵن،گەیشتبێتە نەستی شاعیر. یان لەسەر شێعرێکی جەنابت ئەگەر رەخنەیەك یان لێکۆڵینەوەیەك نوسرابێ، تۆی بەقەناعەت گەیاندوە بێ؟

و. بەڵێ خۆی مەسەلەی رەخنە هەر چۆنێك بێ هەر هەبێ باشترە. چ ئەگەر نگاتیڤ بێت یان پۆزەتیف. بۆ نمونە ئەگەر بمەوێ شێعرێك لەسەر برادەرێك بنوسم کەلەسنەدا دادەنیشێ. چونکە بتەوایێو نەتەوێ زەنگێکە بۆ ئەو. ئەگەر بەباشەش باسی بکەمو بەخراپەش باسی کەم ئەوە دەبێتە زەنگێك. بۆیە هەمیشە نوسین بۆ خۆی پرۆسەیەکە هەمیشە هەبێ باشترە. هەوڵێکی ئیجگار زۆر هەیە بەتایبەت ئەم ساڵانەی دوایی لەفیستواڵی گەلاوێژدا هەستم بەوە کرد کەدەقی ڕەخنەیی لەهەموو ساڵانی پێشتر باشتر بوو بەتایبەتی لەکوردستانی ڕۆژهەڵات من گەیشتمە سەر ئەو قەناعەتەی کەئەم ساڵ دەقی لێکۆڵینەوە جیدیەکان لەکوردستانی ڕۆژهەڵات باشتر بووە هەتا ئێرە.

لەوێ شتی باشترمان بۆ هاتبوو. بەڵام لەڕوی شێعرەوە وەك پێشتر باسم کرد، هەندێك شوێن هەیە، ئیتر رەنگە خۆی سروشتی شوێنەکە وابێت، بەڵام لێکۆڵینەوە ئێستا جموجۆڵێکی زۆرباشی تێ هەیە ئەویش بەحوکمی وەرگرتنی ئەو بیروباوەڕە خورئاواییەی کەوەردەگیرێو سودی لێ ئەبینین ئێستا گۆڕانکاریەکی زۆر باش لەئارا دایە ئەگەر وا بڕوا بەڕاستی من بەدوا ڕۆژێکی روناکی دەبینم.

**

# وتوویژ لەگەڵ
# شاعیرو هونەرمەند شاخەوان سدیق

ئا/پێشەنگ

پ. سەرەتا پێمان خۆشە باسی ئەوەمان بۆ بکەی چۆنە جەنابت لەدوو بواری شیعرو شێوەکاریدا خەریکی کاری؟ تکایە سەرەتا سەبارەت بەتایبەتمەندیەکانی ئەم دوو هونەرە کەمێك بۆمان بدوێ..

و. بەڕاستی کارکردن لەهەر بوارێك لەبوارەکانی ژیاندا، بەتایبەت بواری ئەدەبو فەن پێموابێ تێك هەڵکێشێك لەنێوان ئەو دوو بوارەدا هەیە بەتایبەتی تایبەتریشیەوە کەلەنێوان کاری هونەریو بواری هونەری شێعر، چونکە پێموایە خوێندنەوەی هەموو تابلۆیەك بەزمانی ئەدەبی شیعرێکەو کارکردن لەسەر هەر شێعرێك دەبێتە نایابترین تابلۆ، ئەم پەیوەندیە نەك لای من بەڵکو لای زۆربەی شاعیرو نوسەرو، بابڵێین، لەشێوە کارەکانی پێش مندا هەبووەو نزیکترینیان وەك ئەوەی کەلای سوهرابی سپهری هەبوو وەك ئەوەی کەلای فروغی فەروخ زاد هەبوو وەك ئەوەی لای گۆرانی بێژو شاعیرو نوسەر عەباسی کەمەندی هەیە کەبۆ خۆی دونیاو تابلۆیەکی جوانە. ئەم پەیوەندیە وا دەکات هەم تێڕوانینێکی خێراو گشتگیر بۆ بواری وێنەکێشانو چەند مەسەلەی ئیقاعو ریتمو خوێندنەوە ئەدەبیەکان کار دەکات بۆ شیعرو هەم تابلۆو وێنەو واتاکانی ناو شێعریش چۆن بتوانی ئەمەو بتوانێ ئەمە بگوزاینەوە بۆ ناو شێعرێك. پێموابێ ئیشکردن لەناو دەقێکی شێعریدا بەو واتایەی کەتۆ لەناو دەقێکی شێعریدا بتوانێ چەندین وێنە دورست بکەی هەر ئەوە دەتگەیەنێتە ئەوەی کەلەناو تابلۆیەکیشدا بتوانێ بگەیە ئەو ئیقاعە شێعریە بۆیە من وەك گەنجێك کەئێستا لەو بوارانەدا کار دەکەم هەر کاتێك کەدەس دەکەم بەکێشانی تابلۆیەك تا ئەو حەدەی، تا ئەو جێگایەی دەتوانم ئیشی تیا بکەم بەرەنگ ئیشی تیا ئەکەم کەلەوێدا نەم توانی ئیتر پەنا ئەبەمە بەر ئەوەی کەئەم نوسینە، ئەم تابلۆیە بەشعێر تەواو بکەم. چونکە ئیتر لەوێدا ناتوانم لەوە زیاد بکەم پەنا دەبەمە بەر فڵچەکەمو هەوڵ دەدەم بەڕەنگ ئەوە دەربڕم هەر وەك نوسەرێك دەڵێ ئەو کاتەی کەزمان ناتوانێ لەوە زیاتر گوزارش بکات ئیتر وینەیەکە گوزارشتەکانی زمان دەردەبڕێ.

پ. لەبواری شێعردا فەزایەکی دڵتەنگو ئێوارە ئاسا بەسەر بەرهەمەکاندا زاڵە ئەم لێڵاوییە خەماویە لەچییەوە سەرچاوەی گرتوە؟

و. ئەوە نەك لای من بەڵکو لای زۆربەی زۆری ئەو نەوەیەی کەبەنەوەی دوای ڕاپەڕین دەناسرێ ئەم حاڵەتە بەرچاو دەکەوێ بۆ خۆی سەیر ئەکەی لەدوای ڕاپەڕین کەس ئیتر ئەوە دەروازەیەك بوو بۆ ئەوەی کەئەو نەوەیە چاو بکاتەوە، ئەو نەوەیە تێ بفکرێ، ئەو نەوەیە ژین بکا، ئەبینی هیچ خۆشیەکمان نەدی ئێمە هەر لەمەسەلەی بواری شەڕی ناوخۆوە بگرە هەتا مەسەلەی ڕاکردنو کۆچو گرانیو نەهامەتیو بەدەر لەمە ئەو کەپتە زۆرەی کەلەلای تاكو لای لاوو لای گەنجی ئێمە هەیە بەتایبەتی ئەو گەنجەی دوای ڕاپەڕین، مەسەلە شکستیە عەشقیەکانو تێ نەگەیشتنو تا حەدێك نەبوونی ئاستێکی باشی رۆشنبیری لای تاکی ئێمە هەیە. ئەمانە هەموو ئەتگەیەنێتە ئەوەی کەتۆ نەك بەواتای ئەوەی کەڕەش بین بی بەڵکو بەواتایە پرسیارت دەبێ، بەو

واتایەی کەتۆ وەستانت لەسەر شتەکان دەبێ، بەو واتایەی تۆ زیاتر لەمەوزوعە جیدیەکانەوە تێ بفکری نەك ئەو مەوزوعە بابڵێین تا ڕادەیەکی زۆر فشقیاتو زۆر گاڵتە ئامێزو ئەوانە من بۆ خۆم گەنجێکی زۆر گۆشەگیرم، گەنجێکم هەمیشە حەزم لەتەنهاییە، هەمیشە پێم خۆشە هیوادارم لەگەڵ خۆمدا هەبێ هەمیشە پێم خۆشە ئەو شتانەی کەهەمە زیاتر لەسەر ئەو حاڵەتانە بێ کەزۆر تەئسیری لەمن کردوە بەتایبەتی ئێواران چونکە هەست دەکەم هەموو ئەو موفاجئانەی کەلەحەیاتدا هەیە، حەیاتی تایبەتی خۆمدا هەیە، لەئێواراندا ڕوو دەدا لەبەر ئەوەی ئێوارانم خۆش دەوێتو زۆریش لێی دەترسم..

پ. بەبڕوای من کەوتویەتە بەر کاردانەوەی شێعرەکانی سۆهرابی سپێهریەوە. ئایا چۆن لەگەڵ ئەم پرسیارەدا ڕوبەڕوو دەبیەوە؟

و. هەڵبەت سوهراب دیارە یەکێکە لەو وێنە کێشو هونەرمەندو شاعێرە بەرزانەی کەبەنەزەری من حەقە مرۆڤایەتی، نەك ئەوەی بڵێن میلەتێکی دیاری کراوی وەکو فارس، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی شانازی پێوە بکات. ئەوەندەش من سوهراب بناسم لەڕێگەی هەموو ئەو نوسینە کور یانەوە، ئەو نوسینانەی کەوەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، لەوێوە توانیومە ئەو شاعیرە گەورەیە بناسم بەتەئکید من زۆر زۆر موعجیبو تەئسیرم بەنوسینەکانی ئەو شاعیرە گەورەیەو شتەکانیم زۆر خوێندوەتەوەو زۆریشم پێ خۆشە، بەڵام وەك ئەوەی کەمن وەکو سوهراب بنوسم، نەخێر وەك هیچ کەسێك نانوسم بەڵکو تامو چێژ لەنوسینەکانی ئەو دەکەم.. بەڵام منیش بۆ خۆم دنیا بینیەکی جیاوازم هەیە هەم بۆ مەسەلەی شێعر هەم بۆ مەسەلەی ژیان.

پ. سوهرابیش لەهەردوو بواری شێعرو شێوەکاریدا کاری دەکرد، ئەمە دەتوانێ وەکو بڵێین سەرەتایەك بێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی تۆ بۆ لای ئەم هونەرمەندە، یا هەر بەرێکەوت، یان بڵێین لەڕوی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیەوە سوهرابت لا گەورە بوەتەوە بەهەرحاڵ



ئێمە فروغمان هەیە، شاملومان هەیە، ئەوانیش شتەکانیان کراوەتە کوردی؟

و. بەڕاستی من پێش ئەوەی کەسوهراب تەواو بناسم لەدورەوە ناوی سوهرابم بیستبوو کەمێکیش چاوم بەشتەکانی کەوتبوو بۆ خۆم لەهەردوو بۆارەکەدا کارم دەکرد زیاتریان کەئیختساسی خۆمە مەسەلەی شێوەکاریو هونەرە بەڵام ئەمە بۆ خۆی ڕەتبێك لەنێوان منو ئەودا دروست دەکات مەسەلەن تێگەیشتنێك لەنێوان زمانی منو زمانی ئەودا کار ئاسانی بۆ من دەکات باشتر لەو تێبگەم نەك وەك ئەوەی کەمن لەژێر تەئسیراتی سوهراب دام دوبوارم هەڵبژاردبێ نا. چونکە بەنەزەری من ئەگەر مرۆڤ خۆی ئەو بەهرەیەی نەبێ ناتوانێ بوارێك لەبوارەکان هەڵبژێرێ لەژێر تەئسیراتی کەسێکی دیکەدا، نا. بەڵام من ئەوەندەی ئەو پەیوەندیە دەدۆزمەوە لەنێوان ئەو، دوو بەهرەیەی کەسوهراب خەریکی بووە ئەو دوو بەهرەیەی کەمن خەریکیم ئەمە بۆ خۆی تەئسیراتێکی ڕاستەوخۆی من نییە بۆ ئەو، بەڵکو تەنیا ئەوەندەیە من لەڕێگەی کارەکانی خۆمەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ کارەکانی سوهراب هەبووە پێشم وایە سوهراب ئەو شاعیرەیە کەزۆر زۆر پیرۆزە لای من زۆر زۆر گەورەیە هەر ئەوەی کەخۆی دەڵێ با چاومان بشوینو جیهان بەشێوەیەکی کە ببینین. منیش هەموو بەیانیەك کەهەڵدەستم دەمو چاوم دەشۆم دەقیق ئەو قسەیەم بیر

دەکەوێتەوە ئەمەوێ نەك سوهراب بەڵكو فروغو شاموو هەموو ئەو نوسەرانەی کەبەشێوازێکی کە لەبەرهەمەکانیان تێ بگەمو بەشێوازێکی کە دنیاش ببینم.

پ. کاك شاخەوان جەنابت وەك هونەرمەندێکی هەڵەبجەیی چۆنت مامەڵە لەگەڵ غەمی کارەساتی ئەو شارەدا کردوە؟

و. هەڵەبجە ئەو شارەیە کەرەمزێکە بۆ مەزڵومیەتی هەموو مرۆڤایەتی بەتایبەت کورد.. هەڵەبجە من وەك ئەوەی کەمندالێکی (5) سالان بووم لەو کارەساتەدا هەموو کارەساتەکەم دیوە بگرە، برینداریش بووم تیاداو تەئسیراتیشی هەتا ئێستا لەسەرم ماوەتەوە. هەڵەبجە هێندەی شتێکی لای من دروست کردوە کەمن بۆ خۆم پێی ئەڵێم ترس.. ترسێك کەلەهەموو ئەو شتانەی کەئێستا لەژیاندا لەگەڵم ڕوبەڕو دەبێتەوە. هەڵەبجە وا چووەتە ناو ناخی منەوە ئەشێ نەك لەنوسیندا نەك لەمەسەلەی وێنەکێشاندا ئەشێ لەرۆیشتنیشمدا پێمەوە دیار بێ. ئەشێ لەنان خواردنیشما پێمەوە دیار بێ ئەشێ لەقسەکردنیشمدا پێمەوە دیار بێ. بەناو هێنانی وشەی هەڵەبجە ئەگەڕێمەوە بۆ چەندین بیرەوەری تاڵ.. هەرچەندە من زۆر زۆریش مندالّ بووم لەو کارەساتەدا بەلام هێندەی لەدەمی کەسو کارمەوە ئەی بیستم، هێندەش خەیالاتەکانم دەگەڕێتەوە بۆ منالّی. هەڵەبجە ام لێ دەکات بجولێم، بگەڕێم، پرسیار بکەم، کار بکەم بۆ ئەوەی هەرگیز ئەو مێژوە ڕەشە لەبەرچاوی ئەو نەوانەی لەدوای ئێمە دروست ئەبێ ون نەبێ بەڕاستی وشەی هەڵەبجە ئەوە نەبێ بەس تەنیا لەرۆژێکدا بەلێدانی کۆمەکێك مۆسیقا ئیتر کافی بێ بۆ تەعبیرکردن لەو شارە. بەڵکو هەڵەبجە هەتا هەتایە وەك هەڵەبجە بمێنێتەوە وەك ئەوەی کەئەو زولمە زۆرەی بەرانبەری کراوە، منیش وەکو نەوەیەك، وەکو منالێك، وەکو لەدایك بویەکی ئەو شارە ئەوەندەی پێم بکرێ لەرێی ئەو دوو بوارەوە ئەمەوێت خزمەت بەو شارە بکەم.

پ. ڕات سەبارە بەهەلومەرجی ئێستای شێعری کوردی چییەو داهاتوەکەی چۆن دەبینی؟

و. بەڕاستی ئەم پرسیارە تۆزێك وەلامدانەوەی بۆ من قورسە چونکە من سەرەتای چوونە ناو شیعرمە، نەك وەك ئەوەی شاعێرێك بناسرێم بەڵکو یەکەم هەنگاومە بچمە ناو شعرەوە.. شێعری ئێستای کوردیش ئەوەندەی من لەرێگای خوێندنەوەوە ئاگاداری بم شێعرێکە، سەردەمێکی شیعریە، سەدەرمێکی تازەگەری، سەردەمێکی نوێگەری لەدوای گۆرانەوە کەدەست پێ دەکات تا ئەگاتە هەشتاکان لەهەشتاکانەوە حەمە عومەر عوسمانو شێرکۆ بێکەسو لەتیف هەڵمەت ئەگاتە سەر نەوەی دوای ڕاپەڕین کەلەبەختیارو لەجەمال غەمبارو ئەمانەدا خۆی ئەبینێتەوە. شێعری تازە، بەراستی لەئێستادا شێعر گەلێکی زۆر دەنوسرێ، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان کۆمەلێکی زۆر شێعر دەبینین، بەلام ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە ئەمە ناکرێ بەهەمویان بوترێ شێعرو ناشکرێ بەهەمووشیان نەوترێ شێعر. هەولّدانێکی باش هەیە کۆمەلێك محاولەی زۆر هەیە لەگەنجەوە بگرە هەتا نەوەکانی پێش ئێمەش شێعرگەلێکی زۆر دەنوسرێ بەلام ئەوە ئیتر مێژوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کامە شێعرەو کێیە دەمێنێتەوەو کێ لەسەر شێعر بەردەوام ئەبێو ووشە شێعریەکان کێن. خوێنەریش خۆی ئەو بریارە دەدا. لەداهاتویشدا بەهۆی ئەو هەلو مەرجە سیاسیانەی کەلەم ولاتەدا ڕوو دەدا ڕەوتی ئەدەبیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا دەڕوا، تەسەور دەکەم لەئایندەدا ئەگەر باروذۆخێکی باش لەم ولاتەدا ببێو خەلك زیاتر بواری بۆ برەخسێ بخوێنێتەوەو بنوسێتو خەلکی زەینی بەلای مەسەلەی ئەدەبیو رۆشنبیریدا بگەڕێ تەمەنا دەکەم داهاتویەکی باش دەبێت.

پ. کاك شاخەوان تا ئێستا چەند بەرهەمت بەچاپ گەیاندووە؟

و.لەسالّی 2003 پاش ئەزمونم لەچوار کۆڕی شێعریدا توانیم یەکەم نامیلکەی شێعریم بەناوی خەمە تەماویەکانی دوای مەست بوون لەقەبارەی 85 لاپەڕەدا

چاپ بکەم بەتیراژی (350) دانە پاش ئەوە لەئەزمونی (5) کۆڕی دیکەم دا توانیم لەساڵی 2004دا دوهەمین نامیلکەی خۆم چاپ بکەم بەناوی (ئێوارەیەك بەر لەوەی بمرم) لەتیراژی 500 دانەداو بەبەردەوامیش لەرۆژنامەکاندا بەرهەمە تازەکانم بڵاو دەکەمەوە.

پ. لەبواری شێوەکاریدا تکایە چالاکیەکانت باس بکەی؟

و. بواری شێوەکاری لەساڵی 1998 وە جگە لەوەی کەلەمناڵیمەوە ئارەزوم بوو دەستم بەکارکردن کرد، هەر لەو ساڵەشدا لەیەکەمین پێشانگادا بەشداریم کرد بۆ کارەساتی هەڵەبجەی شەهید پاش ئەوە بەردەوام تا ساڵی 2000 کارم دەکرد لەسەرجەم فیستڤاڵەکانی هەڵەبجەی شەهیدو بەبەشداری پێشانگاکانی ناو قوتابخانەو چالاکیەکانی دەرەوە لەدوای ئەوە بۆ زیاتر ئاشنا بوونم بەهونەرو وردبونەوەم لەبواری ئاکادێمی ئەو هونەرەدا تەقدیمی پەیمانگای هونەر جوانەکانی سولەیمانیم کردو لەو ساڵەشەوە خوێندکارم لەو پەیمانگایەدا لەبەشی شێوەکاری وە بەردەوامیش کار دەکەم تا ئێستاش بەدەر لەو پێشانگایانەی کەلەناو پەیمانگادا بەشداریم کردوە لەدەرەوە بۆ خۆم چوار پێشانگای تایبەتو لە (9) پێشانگای کەشدا هاوبەشیم کردوە لەسەرجەم شارەکانی وەکو هەڵەبجەی شەهید کەپێشانگام تێدا کراوەتەوە، سلێمانی، چەمچەماڵ، شۆڕش، دەربەندیخان، تەمەنا دەکەم لەئایندەشدا بتوانم کارێك بەرمە شاری هەولێری خۆشەویست..

پ. تا ئێستا ئەهمیەتی زیاترت بەکام بوار داوە؟ شێعر یان شێوەکاری؟

و. بەڕاستی وەکو لایەنێکی تایبەت هیچ کامیان، هەردوکیان وەك یەك بۆمن خۆشەویستن وەکو ئەوەی کەوتم ئەو پەیوەندیە بەتینە لەنێوانیاندا هەیە هەردوکیشیان تەواوکەری منن ئەو شتانەن کەمن دەمهەوێ بیان لێم لەژیاندا. بەڵام وەکو ئەوەی کەئیختساسی خۆمو بواری سەرەکی خۆم بواری هونەری شێوەکاریە زیاتر بەحوکمی ئەوەی کەتەلەبەی پەیمانگام بەرۆژانە زیاتر لەو بوارەدا کار دەکەم بۆ من شێوەکاری زیاتر لەپێشترەو پێشتریش ئیشم لەو بوارەدا کردوە بەڵام وەك ئەوەی کەشێوەکاریەکەم زیاتر گرتبێت نا، چونکە شێعریش بۆ من خۆشەویستەو هیچ جیاوازییەکیان لەبەین دا نابینم..

**

# سینەما





- بیرەوەریەکانی ماتۆڕ سیکلەت ...
- مەبەست لەدروستکردنی فیلمی "مارمێلکە" چی بوو؟!
- وتوێژ لەگەڵ موسلمی مەنسوری سەبارەت بە ..

# بیرەوەریەکانی ماتۆڕ سیکلەت

## بیرەوەریەکانی گیڤارا (CHE GUEVARA)

نوسینی: چەگوارا
وەرگێڕان لە فارسیەوە: کەیوان ئەفروز

بێ گومان "بیرەوەریەکانی ماتۆڕ سیکلەت" یەکەم فیلمێك نییە سەبارەت بەژیانو بەسەرهاتی ئەرنەستۆ چەگوارا, چریكو شۆرشگێری بەناوبانگی ئەمریکای لاتین کەسەردەمانێك بزوێنەری زۆربەی جولانەوە شۆرشگێرانەومارکسیستیەکانی جیهانی سێیەم بووەو ئەمرۆکە ئیتر سیمایەکی ئوستورەییوسەروو مێژوویيو سەمبولیكو بەناوبانگە, دروست کرابێت.

پێشتریش چەندفیلمێکی هۆلیڤود سەبارەت بەگیڤاراو دەوری ئەوکەسایەتییە لە شۆرشی (کوبا)دا دروست کراوە کەزۆربەیان جەختیان کردۆتەسەر لایەنە قارەمانانەو نەسرەوانەکانی کەسایەتیو ژیانی ئەو شۆرشگێرە, بەلام ڤاتەرسالڵ)ی دەرهێنەری لاوی برازیلی (دەرهێنەری فیلمەکانی وێستگەی ناوەندیو پشتی هەتاو) لەنوێترین فیلمی خۆیدا تیشك دەخاتە سەر سەردەمی لاوێتیی گیڤارا پێش ئەوەی تێکەڵ بێت بەبزوتنەوە چریکەکەی کوبا کە بەم کارەی وێنەو دیمەنێکی تر لەگیڤارا دەخاتە بەرچاوی بینەر کەجیاوازیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ دیمەنەئاشناو سنورداروکلیشەییەکانی گیڤاراکە لەفیلمەکانی تردا دەکەونەبەرچاو. ئەوگیڤارایەی (سالڵ) دروستی کردووە, هەمان گیڤارای چریکی مارکسیستی دژی ئەمپریالیست نییە کە بۆ رزگارکردنی خەڵکی بێبەشوچەوساوەی ئەمریکای لاتین چەکی هەڵگرتو لەکوبا و شان بەشانی (فیدێل کاسترۆ) خەبات دەکات بەڵکو خوێندکارێکی پزیشکی و عاشقەکە زیاتر لەشۆڕشگێڕی و خەباتو سەرقاڵی هەوەسبازیو پرسیاییو ئەم چڵو ئەوچڵ کردنە.

لەلایەکی ترەوە ئەم گیڤارایە بەپێچەوانەی گیڤارای بەهێزو نەبەز, لەبارەی جەستەییەوە کەسێکی بێ هێزو لاوازو ناتوانایە کە گیرۆدەی نەخۆشی تەنگی هەناسە، واتا "ئاسم"ە وتوانای خۆ راگری لەبەرابنەر کەمترین سەختی گەرماو سەرمایدا نییە.

بەم جۆرە "سالز" دەستی داوەتە جۆرێك سرینەوەی ئاشنایی لەسیمای ئەفسانەییو ئوستوورەییو سەروی بەشەری گیڤارا.

(ڤالتەر سالڵ) ئەو فیلمەی بەپێی بیرەوەریەکانی سەردەمی لاوێتی گیڤارا (کەلەژێر ناوی- بیرەوەریەکانی ماتۆڕ سیکلەت- دا بلاوکراوەتەوە) وبیرەوەریەکانی نزیکترین هاورێی گیڤاراوا واتا "ئالبێرتۆگرانادۆ" دروستکردووە کەتیایدا ئەرنەستۆی 23سالانو ئالبێرتۆ



بەماتۆرێکی کۆن وبێ رەنگ ورووی "نۆرتۆن500"ەوە سەفەرێکی درێژ دەست پێدەکەن لەناوەوەی ئەمریکای لاتیندا واتە لەئەرژەنتینەوە بەرەو ڤەنێزۆیلا بەرێدەکەون.

(بیرەوەریەکانی ماتۆرسیکلەت) فلیمێکی جادەیی (ROABMIVIE) جوانو شاعیرانەیە کەلەسەر شێوازی فیلمەکانی دەیەی شەستی ئەمریکا وەکوو (ئیزی رایدەر) کەدەرهێنەرەکەی "دێنیس هاپێر"ە دروستکراوە.

لەدرێژایی ئەم سەفەرەدرێژەدا, کەسایەتی فیلمەکەی (سالێ) لەلاوێکی هەوەسبازوهەستیاری ئەرژەنتینی لەدایکبوی خێزانێکی دەوڵەمەندەوە دەگۆرێت و دەبێتەکەسێکی بەرپرسو ئاگا بەئێش و ئازارەکانی خەڵکی ئەمریکای لاتین و دەگاتە روانگەو بۆچونێکی نوێ سەبارەت بەخۆیو دنیای دەوروبەری .

لەرێگادا لەگەڵ کرێکارانو کانگاچییانەی مارکسیستی خەڵکی شیلی رووبەروودەبنەوە کە خەبات دەکەن بۆمافە خوراو وپێشێلکراوەکانیان. لەبەرزاییەکانی (ماچۆپیچۆ)ی (پێرۆ)دا دەگەنە سورپێستەکانی ئەمریکای لاتین پاشماوەکانی خێڵی (ئینکا) کەفەرهەنگو کلتوری کۆنیان لەلایەن ئیستعمارەوە دزراوە. پاش رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم دیمەنو روداوانەدا گیڤارا لەنامەیەکدا بۆدایکی دەنوسێت (نازانم دونیای دەوروبەری ئێمەیەکە خەریکە دەگۆرێت یان شتێکە لەناخی ئێمەدا.)

(ڤالتەر سالز) لە کۆنفرانسێکی رۆژ نامە نووسی سەبارەت بە فیلمەکەی لەسەر هۆکاری ئەوەی لەبەر چی کەڵکی وەرگرتووە لە بیرەوەریەکانی گیڤارا وتوویە: لەئەمریکای لاتیندا بیرەوەریەکانی سەفەری گیڤارا بۆ فەرهەنگێکی کاڵت(CUIT) ئەم پرۆژەیە بۆمن زۆر وەسوەسە هێنەربوو, چونکەمن قسە لەسەر سەردەمێکی ژیانی گیڤارا دەکەم کەبۆ زۆر کەس ناسراونییە, ئەگەر چی نزیك بوونەوە لە گیڤارا بەهۆی ئەو بازنە پیرۆزەوە کەدەوری کەسایەتی ئەوی گرتووە زۆر دژوار بوو و دەبوا لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم ئەنجام بدایەت و هاوکات زۆریش ئاگادارو هەستیار بوو بایەم, هەربۆیە دروستکردنی ئەو فیلمە ماوەی پێنج ساڵی خایاند."

"گائێل کارسیا بێرنال" ئەو ئەکتەرەلاوەی کەلەو فیلمەدا دەوری گیڤارا دەبینێ یەکێکە لە وزە بەرچاوەکانی سینەمای ئەمریکای لاتین کەپێشتریش لەفیلمەکانی "AMORES PERROS" ی بەرهەمی "ئەلخاندرۆ گۆنزالس"و بارهێنانی خراپ یان پەروەردەی خراپ ی بەرهەمی (پێدرۆئا لمادۆڤار)دا دەرکەوتبوو.

هەڵبژاردنی ئەو ئەکتەرە بەلەشێکی لاواز و بچووکەوە و هاوشێوەیەکی کەم لەگەڵ گیڤارادا یارمەتی (سالز)ی کردووە بۆ سرینەوەی ئاشنایی جێگای سرنجی. سەرەرای ئەوەی کە سالز هەوڵی داوە لەرەوایەتی سینماییدا لە ژیانی گیڤارا دوور بکەوێتەوە لە رەوایەتی باو و نەریتیانە، بەلام پرۆسەی ئاڵوگۆر و خۆناسینی گیڤارای لاو لە رەوایەتە شاعیرانەکەی سالزدا نیشانە گەلێکی بەرچاو لەگەشەی ئەندێشەی رادیکاڵو جیاوازو قاڵبگرتنی کەسایەتی شۆرشگێری ئەو ئاشکرادەکات .

شێوەی رەوایەتکردنی ئەو فیلمە خەتیە و لەسەر بنەمای کاتو شوێنی سەفەرەکەی گیڤارا و نووسراوەو بیرەوەریەکانی ئەو هاورێیەکەی بنیا تنراوە, بەلام بەکار هێنانی دەنگی گیڤارا بەشێوەیvoice overودانانی وێنەی رەشو سپی ماسیگرو کرێکارانی کانگا لەناو دیمەنەکانی فیلمەکەداهەرچی زیاتر دەوڵەمەندیی دیمەنی ئەوفیلمەی بەرجەستەکردۆتەوە, (سێکانسی گوندیجوزامییەکان) یەکێکە لەباشترین سێکانسەکانی ئەوفیلمە و هەندێك جار و بەتایبەتی لەکاتی سەمای جوزامییەکاندا, هاوشێوەیەکی زۆری هەیە لەگەڵ فیلمی "ماڵ رەش"ی "فروخی فەرووخزاد" دا هەیە .

پەیوەندیی گیڤارا لەگەڵ نەخۆشە جوزامییەکاندا ز ۆر خۆماڵیانەو نزیك خراوە تەپێش چاو . ئەو لەگەڵ نەخۆشەکاندا خواردن دەخوات, فوتبۆڵ دەکات سەما دەکاتو بەبێ ترس لەوەی کە تووشی ئەونەخۆشییە



بێت, دەست دەدات لەبرینەکانیان جوزامخانەو نەخۆشە جوزامییـەکان. کۆمەڵگایـەکی فـەرزەیی بچوکە لـەقارەی گـەورەی ئـەمریکای لاتـین کـەگیڤارا تیـۆری‌و وەرگرتنـی تـازەی سیاســیی لەوێــدا تــاقی دەکاتــەوە . ئــەو بیردەکاتەوە لەولاّت — قارِەیەك بـەناوی ئـەمریکای لاتـین بەخەڵکێکی یەکگرتووەوە و لەنێو جوزامیەکاندا دروشمی یەکگرتنی نەتەوەکانی ئەمریکای لاتین دەڵێتەوە.

ڕەنگە رەوایەتی سینەمایی شاعیرانەو نائاشنای ڤاڵتـەر سالَزلە ژیانی گیڤارا لە گەڵ زەوق‌و روانینی ئەو کەسانەدا نەگونجێت کـەروانینێکی ئایـدیۆلۆجیك و ویـشکیان هەیـە سەبارەت  بە کەسایەتی‌و ژیانی گیڤـارا بـەلاّم  سـالَز لـەم فیلمەدا دیمەنێکی تەواو ئینسانی‌و ریئالیستی لـەم سـیما سیاسی‌و شۆڕشـگێڕە بەرجەسـتەیەی مێـژووی هاوچـەرخ دەخاتە بەرچاو.

فیلمـی "بیرەوەریـەکانی مـاتۆڕ سـیکلەت" یەکێکـە لەبەرچـــاوترین‌و لەبیرنـــە چـــووترین جـــۆری فیلمـــە جادەیەکان‌و بەرهەمێکی باش‌و سەرنجڕاکێشی سینەمایی ئەمریکای لاتینە.

**

# مەبەست لەدروستکردنی فیلمی "مارمێلکە" چی بوو؟!

لەنوسینی بارام ڕەحمانی
وەرگێڕانی: پێشەنگ

تاوانبارێك لەكاتی هەوڵ دان بۆ هەڵاتن‌و لەكاتی چونە سەرەوەی بۆ سەر دیوارێك، لەلایەن مەئمورانی ئاگاهییەوە واتە ئیستخبارات تەقەی لێ دەكرێ‌و رادەگیرێ. رەزا مسقاڵی، دەسگیر دەكرێ‌و مەحكوم دەبێ بەزیندانی ئەبەد.

فیلمی مارمێلکە، کەپێکهێنەرەکەی منوچهێری محەمەدییەو کەماڵی تەبریزیش دەرهێنەرەکەیەتی، لە22 هەمین، فیستڤاڵی فیلمی فەجردا "خەڵاتی سیمۆرغی بلورینی" وەرگرتو لەرۆژی چوارشەممە 2ی گولانی 1383دا، لە24 سینەمای تاران خرایە سەر شاشە. بەڵام دوای تێپەربوونی 3 حەوتو، بەهۆی ناڕەزایەتی هێندێك لەحیزبوالاهی‌و ئاخوندەکان، پێشگیری کرا لەو فیلمەدا. پەرویزی پەرەستویی، بەهرامی ئیبراهیمی‌و مائیدەی تەهماسبی، رۆڵ دەنوێنن‌و باقی ئەکتەرەکان ئاماتۆرن.

بەمجۆرە، لەحاڵێك دا کەفیلمی مارمێلکە، زیاتر لە3 حەوتو نەخرایە سەر شاشە، بەڵام یەکێك لەپڕ داهاتترین فیلمەکانی دەورانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامەیە کەزۆرترین فرۆشی بووە بەڵام لەو ماوەیەدا مافیای رژێمی کۆماری ئیسلامی دەکەونە گەڕو کۆپی "سی دی"و ویدیۆیی ئەو فیلمە لەئاستێکی بەربڵاودا لەبازاڕ بڵاو دەکەنەوە. ئەو فیلمە لەبازاڕی رەش دا بەنرخی 1هەزار تا 5 هەزار تمەن دەفرۆشرێ. دەوترێ تا ئێستا 80 لەسەدی ئەو کەسانەی هۆگری سینەماو فیلمن، چاویان پێ کەوتووە. هەروەها فیلمی مارمێلکە دوای چەندین مانگ پڕوپاگەندە، ئێستا لەئامریکایش لەسەر کاسێتی ویدیۆو DVD بەکەیفیەتی باش‌و ژێرنوی ئینگلیزی کۆپی کراوەو خراوەتە ناو بازاڕەوە.

بەپێی راپۆرتی راگەینەرەکانی ئێران، ئەو فیلمە لە2 رۆژی سەرەتایی خستە سەر شاشەی‌دا، نزیك بە60 ملیۆن تمەنی فرۆش بوو، ئەو فیلمە، داستانی دزێکی بەپێشینەیە کەمەحکوم دەکرێ بەزیندانی ئەبەد واتە هەمیشەیی‌و دەتوانێ بەجلوبەرگی ئاخوندی‌یەوە لەزیندان رابکات فیلمی مارمێلکە، هەڵ خرێنەر، خافڵێنەرو فریودەرە، قسەی فیلم، مۆسیقای ئارام‌و هێدی‌و هەڵس‌و کەوتی سەبورانە واتە بەسەبری ئەکتەرەکان، بینەر هان دەدەن بۆ دیتنی وێنە نوێیەکانی تر. رۆڵ نواندن بەهێزی پەرویزی پەرەستویی، تایبەتمەندیەکی ئەوتۆ دەدا بەفیلمەکە.

هەڵبژاردنی ناوی مارمێلکەش دەتوانێ جێگای پرسیار بێت. خاڵێکی گەورەش کەوێنەی مارمێلکەیەکە، لەسەر باسکی رەزا مسقاڵی کوتراوە. لەوانەیە وێ چوینی رەزا مارمێلکە لەگەڵ مارمێلکە ئەوەیە کەهەردوکیان بەئاسانی لەدیواری راست دەچنە سەرێ. رەزا مسقاڵی لەو فیلمەدا، 3 جار بەدیوار دادە چێتە سەرێ. یەکەمجار لەدەست مەئموران هەڵدێت کەبەتەقەی ئەوان دێتە خوارەوەو دەنێردرێ بۆ زیندان. دوهەم جار، لەزیندان داو دوای مەرج بەستن لەگەل سەرۆکی زیندان، لەدیواری زیندان دەچێتە سەرێ بۆ ئەوەی کۆترێك کەلەنێوان تێل دروی سەر دیواری زیندان دا گیری خواردوە، رزگار بکات. سیهەم جار، بەدیواری خاڵی خانمی فائیزەدا دەچێتە سەرێ، تا یارمەتی ئەو بدات چونکو لەلایەن هاوسەرەکەیەوە هەڕەشەی لێکرابوو، یا ئەوەی

کەبەئینسان گەلێك دەوترێ مارمێلکە کەدوو ڕوو، درۆزن‌و لەکۆتایی دا بەو کەسانە دەوترێ کەپشت‌و رویان نییەو تەنانەت باوەڕیان بەقسەی خۆشیان نییە هەروەك مەلاکان کەخەڵك حەواڵەی خوداو بەهەشت‌و جەهەنندم دەکەن، لەحاڵێك دا بۆ خۆیان هەر لەو گۆی زەوییە بەدوای ماڵ‌و سەروەت‌و سامان‌و هێزو دروستکردنی بەهەشتن. لەبەرئەوەی کەبۆخۆیان دەزانن. ئەو جۆرە شتانە، جگە لەچیرۆك‌و داستان‌و خورافە شتێکی تر نین.

بەڵام ئەگەر ئەو مانایەی کەلەوشەی مارمێلکە وەردەگیرێ، لەگەڵ مەلاکانی ئێران‌و وڵاتانی تر هەڵبسەنگێنین، مەلاکان ئەو کردەوانەیان بەرونی تێدا دیارە. وێنەکانی ئەو فیلمە زو زو دەگۆردرێن‌و جۆراو جۆرن کەبینەر ماندو ناکەن. قسەکانی ناو ئەو فیلمەش نەرم‌و دڵ نشین‌و کەلەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە پەسەند دەکرێت.

رەزا مسقاڵی، بەهۆی بریندار‌بونی دەست لەزیندان، رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت. وە لەوێ لەپەنا دەستی ئەودا، نەخۆشێکی تر بەستەری کراوە. لەباسێك دا کەلەنێوان ئەو دوانەدا دەکرێ، رەزا، بەهەشت‌و جەهەننەم بەسازکراوی مێشکی مەلاکان دەزانێ، بەڵام کەسی بەرامبەری بەپێکەنین‌و بەئارامی‌و باوەڕ بەخۆ، وەڵامی دەداتەوە. لەوێنەی دواتردا، ئەو بەجلوبەرگی مەلایەتییەوە دێتە کایەوە، مەلایەك کەڕەوشتەکانی باشن‌و قسە خۆش‌و هەروەها کەسیش زو بەرەو لای خۆی رادەکێشی. ئەو کتێبی شازادەی چکۆڵە دەخوێنێتەوە. نوێژ دەکات، ئەز قەزا ناویشی رەزایە.

قسەو باسێك کەلەنێوان ئەوان دا دەکرێ، رەنگە رستە سەرەکییەکان بن: "رێگاکانی گەیشتن بەخودا دیاری ناکرێ‌و بۆیە تایبەت بەکەسێکیش نییە"، ئەو ئاشنایەتییە کاریگەرییەکی زۆر دادەنێ لەسەر رەزا مسقاڵی، کەچارەنوسی دواتری ئەوی دیاری کرد. لەبەر ئەوەی کەئەو مەلایە، رێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی رەزا مارمێلکە بۆ "گەیشتن بەخودا" جلوبەرگی مەلایەتی ئەو لەبەر بکات‌و لەزیندان دەرچێت. ئەو سەحنەیە، مرۆڤ وەبیر کاری مەزنی ویکتۆر هۆگۆ لەرۆمانی بێ نەوایان‌و هەڵسوکەوتی کەشیش لەگەڵ ژان‌و واڵژانی دز دەخاتەوە.

لەفیلمی مارمێلکە دا، روکردنە خوداو هیوا بەستن بەئەو، شەپۆل دەدات:"هەموو رێگاکان دەگەن بەخودا، بەژومارەی مرۆڤەکان رێگا هەیە بۆ گەیشتن بەخودا. مەلای باش‌و خراپ هەیە". یانی بەپێی ئەو فیلمە، ئیرادێك لەیاسا ئیسلامیەکان‌و قورئان‌و کۆماری ئیسلامیدا نییە، بەڵکو ئیراد لەهێندێك لەمەلاکان دایە.

کاتی گەڕاندنەوەی رەزا مارمێلکە بۆ زیندان دەگاتێ. بەڵام ئەو مەلا "خۆش رویە؟" بەبیانوی حەمام کردن، جلوبەرگەکەی جێ دەهێڵێ‌و دەچێتە ناو حەمامەوە. بەڵام ئەو حەمام ناکات‌و خەریکی دوعاکردن دەبێت‌و ئەو



هەلە بۆ زیندانی دەرەخسێنێ کەلەزیندان رابکات. رەزا مسقالی عەباو کڵاوی ئەو مەلایە لەبەر دەکات‌و لەکاتی چونە دەرەوەی لەنەخۆشخانە، دەکەوێتە بەر رێزو ئیحترامی، پاسەوان‌و پەرەستارو دوکتۆرەکان. بەڵام کاتێك کەچاوەڕوانی تاکسی دەکات لەقەراخ رێگا، کەس سواری ناکات. تا ئەوەی کەشۆفێرێکی لاو سواری دەکات‌و لەشەقامێکی یەکسایدی قەدەغەدا درێژەی بەرێگای خۆیدا. لەو سەحنەیەدا لێ هاتویی مەلا نیشان دەدرێ، تەنانەت کاتێك کەپۆلیسی هاتوچۆ، پێش بەئەو

دەگرێ، بەهۆی بونی مەلایەك لەو ئۆتۆمبیلەدا، شۆفێرەکەی جەریمە ناکات. "ئازیزی برا چونە ژورەوە قەدەغەیە.. شەقامی فریشتە لەم لایە نییە. حاج ئاغا ببورن، من گوێم لەفردوسی بوو، ئەلانیش تەئخیر بووم دەبێ برۆم"

دوای ئەوەی، رەزا مسقالی سەحنەی جۆراو جۆر بۆ گەیشتن بەسنور دەپێوێ، کەبەردەوام دەکەوێتە بەر رێزو ئیحترام. لەوتەیەکدا مەلایەتی بۆچونەکانی ئەوی گۆری بوو سیمایەکی "جەماوەری"و "دروستکاری" لێ دروست کرد بوو، کەجێگای رێزو ئیحترامی ئاوایی نشینەکان بوو. بۆیە، لەو فیلمەدا، تا ئەو جێیەی کەپەیوەندی بەمەلاو خوداوە هەیە، جێگاو شوێنو حورمەتێکی زۆری پێ دراوەو بەری لەهەر جۆرە خورەوشتێکی ناشیرینە؟؟!

کاتێك کەرەزا مسقالی. لەشەمەندەفەر دێتە خوارەوە، چەند کەس لەخەڵکی ئاوایی، لەوان (2) لاو بەناوەکانی غولام عەلیو ئاغا موجتەبا کەدێن بۆ پێشوازی، رۆڵێك کەدەی نوێنن، لەراستیدا رواڵەتێکی تر لەمەلا نیشان دەدات. غولام عەلی دەیهەوێ وەك بابە گەورەی ببێتە مەلا. ئەو بەشداری کێبەرکێی خوێندنەوەی قورئان دەکات. ئاغا موجتەباش لاوێکی ترە کەبەقەڵەمو دەفتەرەکەی، لەهەر هەلێك کەڵك وەدەگرێ تا پرسیار لەحوجەتو الاسلام ئەحمەدی، پێش نوێژی مزگەوتی ئەمیر، سەبارەت بەیاساکانی ئیسلامی. ئەو دو لاوە، بەبیروباوەڕی پەستی فەپێکان بەفزولیو شایعە بڵاوکردنەوە نیشان دەدەن. قسەکردنی ئەو (2) لاوە لەگەڵ رەزا مسقالی، زیاتر لەسەحنەکانی تری فیلم، بینەر وە پێکەنین دەخات. لەیەکێك لەسەحنەکان دا، یەکێك لەو (2) فەقێیە لەگەڵ کچێك دانیشتوە لەگۆشەیەکو پێکەوە قسە دەکەن، ئەوەی تریشان ئاگای لێیانە، کەئەگەر کەسێك لێیان نزیك بیتەوە، ئاگاداریان کات. لەو کاتەدا حوجەتو الاسم ئەحمەدی (رەزا مسقالی واتە رەزا مارمێلکە)، بەویدا تێپەر دەبێت کەبەرەو رووی پرسیاری فەقێی نیگابان دەبێتەوە حاج ئاغاش ئەو کچو کوڕە دەبینێ. فەقێی دوهەم بەنیگەرانییەوە بەحاج ئاغا دەڵێ: ئێمە دەمانهەوێ زەماوەند بکەین، بەڵام بنەماڵەکانمان نازانن. حاج ئاغا دەڵێ: "برۆ حاڵەکەت بکە، بەڵام زێدەرۆیی مەکە" بەڵام ئەو فەقێ لاوە ئێستاش دڵە راوکێی هەیەو دەڵێ: حاج ئاغا، من بەکاری هیچ شتێك نایەم، دەستم بەسیگار سوتاندوە کەسیگار نەکێشم، بەڵام ئێستاش هەر سیگار ئەکێشم (واتە جگەرە ئەخۆم). لەتەعاروفو لەژێر گوشاری باوکم دا قورئانم لەبەر کردوە، لەحاڵێك دا پێم خۆش نییە. بەڵام حاج ئاغا پێی دەڵێ "کەرێتێکەی بەحیسابی خودا دادەنێ".

فەقێ گەنجەکەی تر پرسیاری سەر سورهێنەرو جۆراو جۆر دەکا لەحاج ئاغا: ئەگەر ئێمە موسولمانان بچین بۆ جەمسەری باکور، بەهۆی ئەوە کە(6) مانگ شەوەو 6 مانگیش رۆژ، لەئەوێ نوێژی شەو و رۆژ چۆن لێکدەکەینەوە. یا ئەوەی کەئەگەر لەشی ژنو پیاوێکی فەزانەوەرد لەئاسمان لێك بکەوێ. چ روو دەدات؟ پرسیار گەلێکی لەم جۆرەکە خورافی بونی فێکردنو بارهێنانی فەقێکان لەناوەندەکانی ئیسلامی نیشان دەدات. رەنگە ئەو بەشە لەفیلمەکەیە کەهەستی "حیزبو اللا و مەلاو فەقێکانی" بریندار کردوە. ئەوەش جیاوازییەکە، کەلەفیلمەکەدا هەیە.

سەحنەیەك لەفیلمەکەش پەیوەندی هەیە بەهەڵبژاردنی پاڵێوراونی نوێنەرایەتی مەجلیسی شورای ئیسلامی، کەئەو نوێنەرە بۆ بەدەس هێنانی دەنگی خەڵك، لەهەموو شتێك کەڵك وەردەگرێ. لەسەحنەیەکی تردا، قسە لەسەر بێ رەونەق بونی بازاڕی مزگەوتە. بۆیە بۆ ئەوەی کەسەرەنجی مشتری رابکێشن، چاکتر وایە کەلەوێ جگە لەتاسەو قورئان خوێندن، جێژنو گۆرانیشی تێدا بەرێوە بچێت. گۆڕانکاری یەك کەدوای تێپەڕ بوونی کات لەکەنیسەکان دا پێك هات. لەکەنیسەکان دا بۆ سەرەنج راکێشانی مشتری، جێژنیش بەرێوە دەبەن. بۆچی وەها گۆرانکاری یەك لەمزگەوتەکانی ئێرانیش دا پێك نەیەت؟ بەم بۆنەوە، یەکێك لەفەقێ کان لەسەر سفرەی شام، پێشنیارێك دەدا بەحاج ئاغا، کەئەگەر ئیزن بدەن یەکێك

لەبەشداربوان کەدەنگی خۆشە، گۆرانیەکمان بۆ بلێت. رەزا مسقالی، لەرۆڵی پێش نوێژو مەلای ئاواییدا دەلێت: بۆچی لەمزگەوت، وەك بنکەی شادی هێنەرو جێژنو خۆشی کەم کەلك وەردەگرین؟" بەپەسەندی حاج ئاغا، یەکێك لەئاوایی نشینەکان بەدەنگێکی گەرم، گۆرانیەکی عاشقانەو کۆنی ئازەری دەخوێنێ" :کۆلانەکە دەشۆمەوە تا دلدارەکەم لەکاتی تێپەڕ بوونی دا نارەحەت نەبێتو بەو هیوایەی کەهاتو چۆی ئەو بەکوچەی ئێمەدا زیاتر بێت.."

رەزا مارمێلکە، کەبۆ هەلاتن لەو لات، لەو ئاواییەی سەر سنوردا سەقام گیر دەبێت تا لەسنورێك کەلە (5) کیلومتری ئەو ئاواییەیە، بەدەستە بەرکردنی پاسپۆرتی تەقەللوبی لەولات بچێتە دەرێ. فیلمی مارمێلکە، چەند رۆژ دواتر لەشارەکانی تری ئێران دا دەخرێتە سەر شاشەی سینەماکان. بەلام لەشارەکانی وەك مەشهەدو قوم بەهۆی نارەزایەتی هێندێ لەمەلاو ئەندامانی حیزب اللا، بلاوکردنەوەی رادەگیرێ. بلاوکردنەوەی ئەو فیلمە، لەکۆتایی دا بەرێککەوتنی پێك هێنەرانو وەزارەتی ئێرشاد رادەگیرێ.

منوچێهری محەمەدی، پێکهێنەری فیلمی مارمێلکە، رۆژی 26 گولانی 1383ی هەتاوی، لەمالی سینەما بەهەوالنێرانی وت: "بەرێوەبەرایەتی خاوەنی فیلمی مارمێلکە، لەمەو بەدوا، وەزارەتی فەرهەنگو ئێرشادی ئیسلامییەو هەر بریارێکی کەئەو وەزارەتخانەیە بیدا، پەسەند دەکرێت" محەمەدی جەختی لەسەر ئەوە کرد کەداخی یەك "ئاە" بۆ دژی شۆرش کەپێیان وایە سانسۆری "مومەیزی" لەئێران دەبێ بکرێ، لەسەر دلیان دادەنێن" ، لەدرێژە داوتی:"زۆر ناخۆشە کەبەئێمەیان وت چاکتر وایە فیلمی دینی ساز نەکەین". محەمەدی هەروەها وتی"ئەو کارە سینەماییە ئەگەر ئێرادێکی هەیە، بۆچی کاتێك توێژەکانی جۆراوجۆری وەك کۆمەلایەتی، سیاسی، ئەمنیەتی، قەزاییو فەرهەنگی ئەویان لەقالبی بلاوکردنەوە تایبەتیو گشتی دادی، رەخنەیەکیان لێ نەکردو لەو رۆژانەدا ئەو فیلمە تاوانی جۆراو جۆری لێدەدرێ.. فیلمی مارمێلکە لەپێشو دوای بلاوکردنەوەی گشتی. هەمیشە بۆ بەرپرسانی جۆراوجۆرو مەلاو غەیری مەلا کەکاریگەریان هەیە لەسەر خەلك بلاوکرایەوەو هەمویان ئەو فیلمەیان پەسەند کرد بۆ بلاوبونەوە..



بەرنامەی سەرەتایی فیلمی مارمێلکە، چەند سال لەمەوبەرو کاتی بەرهەم هێنانی فیلمی "لەژێر تیشکی مانگ دا" درا بەوەزیری فەرهەنگو ئێرشادی ئیسلامیو ئەوان جەختیار لەسەر سازکردنی ئەو فیلمە کرد.

پێك هێنەری فیلمی مارمێلکە، لەلێدوانێك دا بەهەوالنێرانی راگەیاند کە: "ئێمە منالی موسولمانینو جۆری ئەو فیلمانەی کەتا ئێستا سازمان کردوە، نیشاندەری ئەو مەسەلەیەیەو بەهۆی دلە راوکێو نیگەرانیەکی فەرهەنگیو کۆمەلایەتی چوینە ناو باسەکانی دینی لەسینەمادا. رەنگە بۆمان ئاسان تر بوایە کەوەدوای چیرۆکە عاشقانەکان داروێشتباین.. گومان لەوەدا نییە کەبەدەورانی دەسەلاتی ئیسلامی دا دەبێ لەم جۆرە فیلمانە ساز بکرێ. ئێمە نامەنهەوێ بەو تەکلیفەی "سەعی" کەوەزارەتی ئێرشاد 20ی داوەتی، نومرەی پێ بدەین، لانی کەم مەی درێنن.. بابەتی فیلمی مارمێلکە بەو دلە راوکێو هۆگرییەو لەروانگەی

ئەمنیەتی و بنەمای مەزهەبیو نەتەوەیی‌یەوە گەڵاڵە کرا.."

هەلبەت لەبیرمان نەچیت کەململانێی نێوان 2 بەرەی رژیم، کاریگەری هەبووە لەسەر هەڵگرتنی ئەو فیلمەو بلاوکردنەوەی لەسەر شاشەکانی سینەما. بۆ وینە، بەپێی راپۆرتی رۆژنامەی "شەرق"ی 21 گولانی 1281، "ئەندامانی لێژنەی دەولەتیش رۆژی پێنج شەممەی حەوتوی رابردوو چون بۆ دیتنی فیلمی مارمێلکە کەفیلمێکی ئالوزی هێنەرەکە دەرهێنەرەکەی کەمالی تەبریزیە". بەپیی راپۆرتی هەواڵنێری مێهر، رۆژێك پێشترو دوای کۆبونەوەکەی ئەم دواییانەی لیژنەی دەولەت، وەزیرەکانی کابینە، لەلایەن ئەحمەدی مەسجید جامعی وەزیری فەرهەنگو ئیر شادی ئیسلامیەوە، بانگهێشت دەکرین بۆ دیتنی فیلمی مارمێلکە. ئەو گروپەی وەزیران، کاتژمێر 5ی پاش نیوەرۆ لەگەڵ بنەماڵەکانیان لەسالۆنی سینەمای وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی چاو لەو فیلمە دەکەن. بەپێی نوسراوەی ماڵپەی بازتاب جگە لەرادەربرینی ئەبتەحی (راوێژکاری سەرۆك کۆمار) کەتاریفی کردوە لەو فیلمە، تا ئێستا ئەندامانی لێژنەی دەولەت هیچ جۆرە کاردنەوەیەکیان نەبوە بەرامبەر بەو فیلمە. لەحالێك دا ئەو فیلمە بەپێی نوسینی رۆژنامەی "حەیات" لەلایەن ئەیەتوالا جەنەتی. دەبیری شورای نیگەهبان، هەرچەند کەچاوی بەفیلمەکە نەکەوت، بەلام بەپێی باسێك کەلەو فیلمەدا بۆیان کردبوو، ئەو فیلمەی، بەفیلمێکی زۆر ناعەزو خراپ زانی: "لەو فیلمەدا، مەلایان بەشێوەی گالتەجارانە دروست کردوە کەهەلبەت نیەتیان ئەوە نەبوە یا بەپێچەوانە دەبێ سزا بدرێن. لەبەر ئەوەی کەئەم جۆرە فیلمانە، فەسادی کۆمەلایەتی لەکۆمەلگادا پەرە پێ دەدەن"

بیرورای مەنوچێهری محەمەدیو تەنانەت پێشوازی لیژنەی دەولەت لەفیلمی مارمێلکە پروپاگەندەیەکی بەربلاوو کەئەو فیلمە لەراگەیەنەرەکانی کۆماری ئیسلامی دا هەی بوو، نیشان دەدا کەئەو، پەیوەندیەکی زۆر نزیکی هەیە لەگەڵ دامو دەزگاکانی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت لەگەل وەزارەتی ئیرشادو بەپێشنیاری ئەو وەزارەتەو رەنگە وەزارەتی ئیسخبارات (ئیتلاعات) فیلمی مەزهەبی ساز دەکات. لەراستی دا 80 دەرسەدی ئەو فیلمە، لەبەرژەوەندی مەلاکانو بیرو باوەری دینیو کۆماری ئیسلامی دایە. بەلام هەڵسەنگاندنی بینەرانی ئەو فیلمەو کردەوەی ئەوان زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئامانجی پێکهێنەرانی. بۆیە کاریگەریو ئاکامێك کەفیلمی مارمێلکە لەکۆمەلگادا هەی بوو، بەپێچەوانەی ئامانجی پێك هێنەرانی ئەو فیلمە بووە، بۆ جارێکی تر مەلاکانیان کردەوەتە گالتە جاری خۆیان. دەوترێ ئەو سەحنانەی کەرەزا مسقالی نەدامەتی کۆمەلگا دەخاتە سەر مەلاکانو ئەوان بەتاوانبار دەزانێو بەهەشتو جەهەننەم بەسازکراوی دەستی قورئان خوێنەکان دەزانێ، کەوتۆتە بەر چەپلە رێزانی بینەران. رەنگە هەر ئەو هەستەی بینەرانی بوو بەهۆی ئەوەی کەپێك هێنەرانی ئەو فیلمەو دەمو دەزگای سانسۆر رێك بکەونو پێشگیری بکەن لەبلاوبونەوەی ئەو فیلمە. دەوترێ ئەمرۆکە، لاوەکان لەوشانەی ناو فیلمی مارمێلکە کەلك وەردەگرن بۆ گالتە کردن بەمەلاکان. بەم جۆرە فیلمی مارمێلکە. بەئامانجی پروپاگەندە بۆ مەزهەب، پاك کردنەوەی جەماعەتێکی مفتە خور (مەلاکان)، راکێشانی خەلك بەرەو مزگەوتەکانو.. سازکراوە، بەلام بینەرانی ئەو فیلمە ئامانجی پێکهنەرانیان بەئاوداداو بەرێککەوتنی نێوان وەزارەتی ئیرشادو پێکهێنەران ئەم فیلمە ئیتر بلاونەکرایەوە. گومان لەوەدا نییە کەکۆمەلگای ئێرانو بەتایبەت هێزی لاو، خوازیاری جیایی دین لەدەولەتو وەزارەتی فێرکردنو بارهێنانن. بۆیە، کۆماری ئیسلامیو سینەماو باقی ناوەندەکانی پروپاگەندەی رژیمی ئیسلامی زۆر درەنگ بیری لێ کردۆتەوە. لەبەر ئەوەی کەئێستا کەم کەس باوەری بەمەلاو بەقسەکانیان ماوە. زۆرینەی خەلك کردەوەی دەسەلاتدارانو دەوروبەرییەکانیان دیوەکە چۆن بەتەماعێکی زورەوە بەدوای سەروەتو سامانە بۆ ئەو مەبەستە هەموو جۆرە جینایەتێکیش دەکەن: لەحالێك دا خەلك حەوالەی

پێغەمبرو بەهەشتو جەهەننەم دەکەن. زۆرینەی خەڵك کەلەهەژاریو نەدامەتی ئابوریو لەژێر گوشارەکانی سیاسیو یاسا دواکەوتوو خورافیە ئیسلامیەکان پشتیان چەماوە، ئیتر زیاتر لەوە تاقەتی ئەو خورافاتو درۆو دەلەسانەیان نەماوە. ئەوان تینوی ئازادیو ئاسایشو یەکسانی کۆمەڵایەتین. لەو هەموو سەرکوتو ئیحرامو هەژارییە وەرەز بوون، بەڵام ئەوان لەچکۆلەترین شت کەڵك وەردەگرن بۆ پروپاگەندەیەکی بەربڵاو لەدژی رژێمو کار بەدەستانی.

هەروەك ئەوەی کە، فیلمی مارمێلکە دەیهەویست جەماعتەتی مەلاکان خۆشەویست بکا لەلای خەڵك، بەپێچەوانەوە، ئێستا سەحنەو قسەو باسەکانی ناو ئەو فیلمە کەڵکی لێ وەدەگیرێ بۆ گەمەکردن بەمەلاکان. ئێستا زۆرینەی خەڵکی ئێران، لەهەر هەلێك کەڵك وەدەگرن بۆ گۆڕینی سیستمی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی کۆمەڵگا. بەڵام تا رۆژێك بزوتنەوەیەکی بەهێزی چینایەتی سەرانسەریو بەئامانجو شێلگیر پێك نەیێت، کۆماری ئیسلامی هەروا بەنەخۆشی درێژە بەدەسەڵاتی خوێنای خۆی دەدات. یەکێك لەگەورەترین کێشەکانی سینەمای ئێران. سانسۆر راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ سەر بەرژێمو هەموو ناوەندەکان، بەتایبەت سەر بەمافیای دەسەڵات بوون، وە لەوانە وەزارەتی ئیتلاعاتو وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی هێندێك لەبەڕێوەبەرانی کۆنو نوێ سینەمایە.

**

# وتویژ لەگەڵ موسلمی مەنسوری
## سەبارەت بە
## سینەمای ژێر زەمینی ئێران (سینەمای شاراوە)

ئەم وتوێژە لەلایەن عەلی ئەسغەری بێهروزیانەوە سازدراوە

ئەم هەلە رەخسا کەلەگەڵ موسلمی مەنسوری سینەماگەری سەرکەوتوی ئێرانی کەپێویست بەناساندن ناکاو بەرهەمەکانی خۆیان دەرخری تەئەهودی ئەون، وتوێژێك سازدەم. تا ئێستا موسلمی مەنسوری توانیوێتی هەشت فیلم بەرهەم بێنێو وەك دەرهێنەرو دامەزرێنەری فیلمە ژێر زەوێنێکان لەئێران دا ناسراوە.. ئەو دەڵێ: سینەمای ژێر زەوینی کێشانەوەی سیمای راستەقینەی ژیانو روتینی سەر زەوی خەڵکی ئێرانە، بەپێچەوانەی سینەمای رەسمی دەسەلاٌت کەهەوڵ دەدا بیشارێتەوە.

***چاوگێرانێك بەسەر بەرهەمەکانی دەرهێنەری فیلمدا***

موسلمی مەنوسری لەساڵی 1993 تا 1996 لەچاپەمەنیە سینەماییەکانی ئێران دا دەینوسی، ئەو لەژێر ناوی سینەماو ئەدەبیات کتێبێك دەردەکا، لەژێر سەرپۆشی کاری چاپەمەنیدا روو دەکاتە دروستکردنی فیلمی نهێنی.

لەساڵی 1996دا یەکەم فیلمی خۆی لەژێر ناوی "کلو زاپ لانگ شات" دروست دەکات کەلەزۆرێك لەفیستیوالە سینەماییەکاندا ئەو فیلەمە نیشان دراو خەلاٌتی رەخنەگرانی سینەمایی بۆ خۆی دەستەبەرکرد لەتورینی ئیتاڵیاو لەلیسبۆنی (پرتەقال)یش خەلاٌتی باشترین فیلمی وەرگرت. لەفستیواڵەکانی برلین، ژیاڵی فرانسە، رتردامی هولەند رێزی لێگیراو فیلم سازانێکی وەك (برناردو برتولوەچی) سەبارەت بەو قسەیان کرد.

دوهەمین فیلمی ناوبراو "شاملو شاعیری ئازادی"یە، کەئەو فیلمەلە کۆمەڵە ئەدەبیو زانکۆکانی ئەمریکا، کاناداو ئوروپا بەنمایش دەرهات. ساڵی 1997 فیلمی کورتی "دیزالو"ی دروستکرد. هەر ئەو ساڵە لەئێران سەبارەت بەرەشە لەشکری سینمایی ئێران، فیلمێکی لەژێر ناوی "سیاهی لەشکر" دروستکرد. ساڵی 1998 فیلمەکانی "گورنبشته"، "ئۆتوپیا"، "محاکمە"ی دروستکرد، لەساڵی 1999 دا دەچێ بۆ ئامریکای ئەوسێ فیلمە لەکاناداو سوئێد ئدیت دەکا. ئەو فیلمانە لەفیستواڵەکانی سینەمایی ئوروپا، ئامریکا لاتین، ئاسیا، کاناداو ئامریکاو کۆمەڵە هونەریو زانکۆکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان، لەماوەی ساڵەکان 2003 و 2002 بەنمایش دەردێن. هەروەها لەویلایەتەکانی ئامریکا، شارەکانی کاناداو ئوروپا لەلایەن ناوەندەکانی کلتوریو ئەنجومەنەکانی ژنان، بۆ ئێرانێکان بەنمایش دەدرێن.

لەفیستواڵی "Tribica" لەنیۆیۆرك فیلمی (محاکمە) لەبەشی فیلمە موستەنەدەکاندا لەفیستواڵی " Movie Eye Kinogloz" لەروسیە لەبەشی فیلمە نێو نەتەوەییەکان، خەلاٌتی باشترین فیلم وەردەگرێو دەکەوێتە بەر پیدا هەڵگوتنی مایکل موور.

نیشاندانی ئەو فیلمانە لەفیستواڵەکان و کۆمەڵە هونەرێکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە سینەمای نهێنی ئێران لەبەرامبەر سینەمای رەسمی دەسەلاٌتدا بکەوێتە بەر سەرنجو باسی راگەێنەرەکانو کۆمەڵە سینەمایێکان.

موسلم بەم زوانە فیلم نامەیەکی لەژێر ناوی "دەورانی تێپەر نەبوو" بەچاپ گەیاندوە، بەهاوکاری ئەحمەدی مەحمود نوسراوە، کەباس لەچۆنێتی ژیانی ئەحمەدی مەحمود نوسەری هاوچەرخی ئێران دەکات بەلاٌم ئەو لەجوابی ئەو پرسیارەدا، کەبۆچی سینەمای ژێر زەوینی؟



دەڵێ: کاتێ کەوەزارەتی "ارشاد" سەر زەوی لەنێوان هونەرمەندان دا دابەش کرد، بەئێمە نەبرا، لەرووی ناچاری چوینە ژێر زەوی!

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** بەرواڵەت دەمێکە کەرژێم دەستی فیلمسازانی ناو وڵاتی ئاواڵە کردوە، گەلێك فیلمی لەجۆری مارمێلکەو.. دروست دەکرێن، ئەو تەرفەندە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**موسلمی مەنسوری:** رژێم نەك هەر دەستی فیلمسازانی ئاواڵە کردوە، بەڵکو سنوری سینەمای ژێر زەوینیشی بەزاندوە، خەریکە بۆ سینەمای ژێر زەوینی بەدەڵ دروست دەکا. بەڵام "مەسعودی دەنمەکی" (سەردەستەی گۆپاڵ بەدەستەکان) فیلمی "هەژاریو فەحشا" دروست دەکا. ئەو هەژاریو فەحشا دەداتە پاڵ بێ سەرنجی چەند بەرپرسو بێ مشوری کۆمەڵگا، بۆ ئەوەیکە تەواوی ئەو سیستمە داپلۆسێنەرە نەچێتە ژێر گوشار. لەو فیلمەدا کەسانێکی هەژارو زەلیل دەبینرێ کەپێویستیان بەبەزەیی کەسانی تر هەیە. هیچ ئیشارەیەکی بەنارەزایەتی خەڵك دژ بەدەسەڵاتو سەرچاوەی هەژاریو برسێتی تێدا نییە. ئەگەر رژێم دێو دەستی فیلم سازان ئاواڵە دەکاتا لەنارەزایەتی خەڵکی تاڵان کراو، لەمانگرتنو برسێتی کرێکاران، لەو باندانەی سەربەخۆی کەکچانی کەم تەمەنی رەوانەی بازارەکانی سێکسی وڵاتانی ئوروپاییو عەرەبی دەکەنو رویان کردۆتە تەجارەتی سێکسو خەریکی تاڵانو برۆی کۆمەڵگانو.. سەدان بابەتی تری لەم چەشنە فیلمە دروستکەن، لەئێران دەستی فیلمسازان بەسراوە. ئەو جۆرەی کەرژێم دەستی فیلم سازانی ئاواڵە کردوە تەنیا بەکاری خۆیو فیلمسازە جیرە خۆرەکانی دێ کەهەم نانی تێکەڵاو بەجەنایەت وەردەگرنو هەم ئیدعای مرۆڤ دۆستی دەکەن.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** هیندێك کەس دەڵێن زۆرێك لەو کارانەی کەرژێم دەیکا دەبێتە دژی خۆی، وەك فیلمی مارمێلکە..؟

**موسلمی مەنسوری:** ئەوە تێروانینێکی سادەیە کەدەڵێ راستە ئەو فیلمانە رژێم دروستی کردون، بەڵام لەئاکام دا خەڵك گەمەیان بەمەلاکان دێ. رژێم بەو کارانە هەوڵ دەدا، خەباتی کۆمەڵگا تارادەی نەزیلەو پێکەنینو سەرقاڵ بوون داشکێنێو تورەیی خەڵك لەبەرامبەر مەلادا لەوس کا. لەکۆتایی فیلمەکەش دا دەبینین کەکابرای تاوان کەر بەجل و بەرگی مەلایی نەجاتی دەبێو لەفیستواڵی مونتراڵی کانادا خەڵات وەردەگرێ!!

تێگەیشتن لەو مەسەلەیە ئەوەندە دژوار نییە کەهەر شتێك نەبێتە هۆی یەکگرتویی خەبات، لەگەڵیدا گرفتێکی نییە، تەنانەت ئەگەر شتێکی لەچوار چێوەی "چەپ"و داواکاری "سوسیالیزم"یش بێ. دەمێك ساڵە کەرژێم ئیزنی وەرگێرانی کتێبەکانی مارکسی داوەو وەزارەتی (ئێرشاد) مۆڵەتی لەچاپدانو بڵاوکردنەوەیان دەردەکا تا بتوانێ مارکس تا ئاستی کێشمە کێشە فەلسەفیو روناکبیریو باسە بۆچونێکان داشکێنێو پێشگیری لەشکڵ گرتنی "سیاهکەل"ێکی تر لەناو چەپی ئێران دا بکات.

رژێم لەهەر بزوتنەوەیەك کەبیەوێ نارەزایەتی کۆمەڵایەتێکان لەزەرفێکی دیاریکراوی خەبات دا بخاتەرێو یارمەتی یەکگرتویی ژێر زەوینی کردنی خەباتی خەڵك بدا، ترسی هەیەو بەتەواوی هێز هەوڵی سەرکوت کردنی دەدا.

سینەمای ژێر زەمینی لێرەدایە کەمانا دەدا، ئەو نایە تەنیا دیاردە خرپەکانی کۆمەڵایەتی بخاتە روو و خەڵك بەبێچارەو بەدبەخت نیشان داو بۆ ئەوان دڵسۆزیو بەزەیی پێك بێنێ تا داخڵەی حاجیاغا بازاری پەرە بگرێ.

سینەمای ژێر زەوینی سەرچاوەی هەژاری نیشانە دەگرێ، باس لەخەباتی کۆمەڵایەتی دەکا. هەر کۆمەڵگایەك بەورادەیەی بۆ ئازادیو مافی مرۆڤایەتی خۆی بکا، هەر بەو رادەیەش ژیانو دابەشکردنی سامان بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. وە دەست هێنانو ئازادی تەنیا بەیەکگرتویی خەباتی تورەی جەماوەری دەست دەدا.

لەو رەوتەی خەبات دایە کەسینەمایی ژێر زەوینی مانا دەدا، لێرەدا دوو شێوەی هونەری یا دوو جۆر سینەمای سەر زەویو ژێر زەوینی لەگۆرێ دا نییە. بەڵکو سینەما وەك ئامرازێکی کاریگەر لەخەباتی کۆمەڵایەتی دا دژ بە دەسەڵات بەکار دێنرێ، هەر وەك چۆن دەسەڵات سینەما وەك ئامرازێك بۆ بەلاڕێ دابردنی خەباتی جەماوەریو مانەوەی خۆی بەکار دەبا.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** بەدڵنیایی سینەمای ژێر زەوینی لەئێران لەگەڵ گرفتی ئەمنیەتیو ماڵی روبەروە، چۆن دەکرێ ئەو گرفتانە نەمینێ؟

**موسلمی مەنسوری:** هەر وەك پێشوتر باسمان کرد، رژیم لەهەر بزوتنەوەیەکی رێکخراو مەبەست دار ترسی هەیەو بۆ لەناو بردنی، تەواوی هێزی خۆی دەخاتە گەڕ. لەم روەوە سینەمای ژێر زەوینی لەگەڵ گرفتی ئەمنیەتی زۆر بەرەو روە، بەوحاڵە شەوە بۆ تێپەربون لەدەزگا ئەمنیەتێکانی دەسەڵات مەترسێکان بەشێك لەکارەو رێگایەك بۆ دەرباز بوون نییە.

گرفتی ماڵیش کەگرفتی هەمیشەیی هەموو لایەنە سەربەخۆو پێشکەوتوخوازەکانە. بەپێی رەواڵ هەریەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە شێوەیەك هەڵدەبژێرن. من هیوادارم پشتگرىو هێزی بەشێك لەکۆمەڵگای ئێرانو مرۆڤەکانی تر لەنەتەوەکانی تر بێتە پشت ئەو مەسەلەیە.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** سینەمای ژێر زەوینی دەست لەسەر کام یەك لەم بابەتەکان دادەنێ؟ مەبەست ئەوەیە کەهۆگرانی بەرهەمەکانی ژێر زەوینی بەدوای چ جۆرە سۆژەگە لێکەوەن؟

**موسلمی مەنسوری:** سوژەی سەرەکی خۆی رژیمەو ئەو زیانانەی کەلەو سەرچاوە دەگرن، نەلە روانگەی سوژە بۆ فیلم بەڵکو وەك روداوێك کەبەسەر ژیانی خەڵکدا سەپاوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

**عەلیی ئەسغەری بێهروزیان:** فیلمە ژێر زەوینێ کان لەئێران نیشان نادرێنو بەپێی رەواڵ بەشێکی زۆریان ناگرێتەوە، چۆن دەکرێ ئەو گرفتە نەمێنێ؟

**موسلمی مەنسوری:** لەئێران ئیمکانی بڵاوبونەوەی بەرهەمە ژێر زەوینێکان لەبڵاوبونەوەی بەرهەمە یاساییەکان زۆر زیاترە، هەر ئەوەندە بەسەکە کوپیەك لەو فیلمە بگاتە دەستی چەند کەسێك، لەماوەیەکی کورت دا هەموو بۆ یەکتری کۆپی دەکەن، ئەوە رواڵتێکی بڵاوبونەوەی زیندوو جەماوەریە لەبەرامبەر بڵاوبونەوەی رەسمی رژیم.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** هێندێك کەس ئەو تێگەشتنەیان لەقسەکانی ئێوەو کەسانێکی وەك بەسیرنسیبی، باربۆد تاهیری، پەرویز سەیاد، جەواد دارستانو.. هەریەکە پێتان وایە هەر کەس لەئێران دا هەڵسورانی هەیە، هاوکاری رژیم بەحیساب دێ، رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

**موسلمی مەنسوری:** ئەو کەسانەی کەئاوای لێ تێ دەگەن مەبەستیان تێکەڵاو کردنی باسەکانە. ئاوا سنور دانانێك لەڕاستیدا زۆر بێ ناوە رۆكو مەسخەرەیە. هەموو ئەوانەی کەلەرێگای ئازادی خەڵك داخەباتیان کردوە، کوژراون یا زیندانی کراون، لەئێران دایە بوون. جا یا دانشجویا کرێکار یا هونەرمەند یا نوسەر بوون، خەباتی سەرەکی لەئێران دا نەك لێرە، لێرە تەنیا دەتوانێ پشتگیری لەخەباتی ناوەوە بکەی. زۆرێك لەفیلم

سازەکان، نوسەرانو هونەر مەندانێك کەنەچونە ژێر باری رژیمەوە لەگەڵ چەرمە سەرێکی زۆر بەرەو روبونو هەن. زۆرێك لەوان تەنانەت ناتوانن کرێ خانوی خۆیان دابین بکەن. زۆرێك لەلێهاتوێکان لەژێر تیخی سانسۆری رژیمدا ورد بوون، بەلام لەراگەێنەرە گشتیەکانی ناوەوە و دەرەوەی ولات هیچ کەس باسیان لێ ناکا. لەژێر هاتو هاواری خەلاتەکانی چەند فیلم ساز، سانسۆرو خرفەفەقانی زاڵ بەسەر هونەری ئێران دا لەربەرچاو ناگیرێ. مەسەلە ئەوەیە کەرژێم بەرکونو سانسۆر ئامانجەکانی خۆی لەبواری کۆمەلایەتیو هونەریدا زاڵ دەکاو کەسانێکیش هەن خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانی رژیم رێك دەخەن.

ساڵی رابردوو لەفیستواڵی تسالوینکی یونان، فیلم سازێکی تاجیکستانی سینەمای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سینەمای زەمانی ئیستالین هەڵدەسەنگێنێ، جەعفەری وەك نارەزایەتی دەربڕین کۆبونەوەی وەفدی حەکەمەکان جێ دێلێ. ئەو دەڵێ ئەوە بێ خورمەتییە بەسینەمای ئێرانو بێ حورمەتیە بەبەرپرسانی ولاتی من، بەرپرسانی ئا غای پەناهی هیندێك جەنایەتکار واوەتر نین. پەناهی نارەزایەتییەکی لەو جەنایەتکارانە نییە، بەڵکو بەبێ حورمەتی بەوان نارازیە. هەرکاتێ لەبابەت سانسۆرەوە پرسیار لەکیا رۆستەمی کراوە، بەئاسانی سەرکوتو سانسۆری لەسینەمای ئێران دا زۆر ئاقلانە پاساو کردوە. سەفیری کۆماری ئیسلامی لەفرانسە لەنامەیەکی رەسمی بەهۆی خزمەتەکانی سپاسی لێ دەکا، بۆ کیارۆستەمی سانسۆر نەك هەر شتێکی خراپ نییە بەڵکو کۆڵێکیشی خێرو بەرەکەت لەگەڵە. بەهمەنی قوبادی لەوتوێژەکانی لەگەڵ رۆژنامەی کەیهانی شەریعەتمەداریو رۆژنامەکانی تری رژیم هیچ هەلێك بۆ پێهەڵکوتن بەرژیم لەدەست نادا، بەیارمەتی ئوستانداریو هێزی ئینتزامی جێگر لەکوردستانی ئێران واتە سەرکوت گەرانی خەڵکی کوردستان، فیلمی "ون بوو لەعێراق" سەبارەت بەسەرکوتی خەڵکی کوردستانی عێراق لەلایەن سەدامەوە دروست دەکا، ئەویش دوای تێکروخاندنی بەدەستی ئەمریکا. لەکۆتایشدا سپاسی سەرکوتگەرانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەکا بۆیارمەتی کردنیان لەدروست کردنی ئەو فیلمەدا. هەر وا بەئاسانیو زۆر بەخێرو خۆشی دەلالی جێگای هونەر دەگرێتەوە.

هەر چەند مانگ لەمەوبەر مەجیدی مەجیدی نارەزایەتی دەردەبرێ لەرژیم کەبۆچی نەیتوانیوە پێش بەبێ حیجابی لەکۆمەڵگادا بگرێو بێ بێ حجابی بەدیاردەیەکی شووم نێو لێ دەبا، ئەو، ئەو هەمووە سەرکوتەی ژنان بەکەم دەزانێ. لەوتوێژە لەگەڵ راگەێنەرەکانی دەرەوەی ولات تەهمینە میلانی دەڵێ بەپەیڕەوی لەقسەکانی سەر کۆمار خاتەمی، بۆ هێنانە گۆرێی دیالۆگ فیلم لەقسەکانی سەرکۆمار خاتەمی، بۆ هێنانە گۆرێی دیالۆگ فیلم دروست دەکا. بۆ دەورەی دوهەمی سەرکۆمارێتی خاتمی ناوەندی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن هونەرمەندانەوە دەخاتە رێ. (مەخمەڵباف)یش دوای تێك روخانی تاڵیبان سەرۆکی بەرناداو لەگەڵ کەرزای دا دەگاتە هاو نەزەریو نیزیکایەتیو.. لەو نێوانە دا فیلمسازانی حیزب اللهیی وەك کەماڵی تەبریزی، ئیبراهیمی حاتەمی کیا، مەسعودی دهێنمەکیو.. بۆ ئەوەیکە لەکاروانی رەخنەگرانی ناو دەسەلات بەجێ نەمێننو لەخێرو بەرەکەتی رەخنەگری بێبەش نەبن بەهاوکاری وەزارەتی ئیستلاعات فیلمی رەخنەگرانە دروست دەکەن. ماوەیەك لەمەوبەریش وزیری ئیستلاعاتی رژیم (یونسی) رایگەیاند کەئیتلاعات دەیەوێ سینەمای دژ بەئیتلاعات دروست کا، وا دیارە هەر چێك بەپێچەوانەوە لەلایەن سینەما دەرخواردی کۆمەڵگایان داوە بەس نییە کەدەیانهەوێ سینەمایەکیش لەژێر ناوی دژ بەئیتلاعات دروست کەن. ئیبراهیمی حاتەمی کیا لەبابەت نمایشی فیلمی "بەرەنگی ئەرخەوان" لەنامەیەك دا بۆ یونسی وەزیری ئیتلاعات دەنوسێ: "ئیجازە بدەن ئێوە بەبرا ناودێرکەم، جەنابی ئاغای بونسی وەزیری بەرێزی دەوڵەتی خاتەمی. براکەم بۆ خەمی ئێوەو هاورێکانتان رێزم هەیە، بەهەمان شێوەی کەئێوە، بۆ مەبەستی من رێزتان هەبوو. رەنگە فیملی "بەرەنگی

ئەرخەوان" گوڵێکی سوری دڕکاوی بێ کەدڵی یارانی بریندار کردوە، بەڵام خۆتن دەزانن بێجگە لەپێشکەش کردنی گوڵ مەبەستێکم نەبووە. برا ئەوە بزانە منو تۆ هەردوکمان لەیەك قبیلەین، ئەگەرچی لەدوو مەیدانی جیاواز دا هەڵسوڕانمان هەیە. ئێمە ئاشکراو عەیانین ئێوە بەهەوڵی من لەسێبەردانو بەدیارەوە نین".

لەجوابی حاتەمیکیا دا یونسی وەزیری ئیتلاعات دەنوسێ "لەوە دڵنیام کەدەرهێنەری "بەرەنگی ئەرخەوان" هەوڵی گەشەکردنی پایەکانی هێزی دەزگای



ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بوە.

ماوەیەکی تر خۆتان دەبینن کەدەهێنرێتە دەرەوەی وڵات و لەلایەن ناوەندی نمایشی فیلمە ئێرانێکان لەئامریکا، کاناداو ئوروپا نمایش دەدرێو هیندێك سیایی لەشکری زەلکاوی دەزگای کلتوری ڕژیم لەدەرەوەی وڵات لەژێر ناوی ڕەخنەگر، ڕۆژنامەوان، بەرنامە داڕێژەری رادیۆو تەلەفزیۆن دەست دەکەن بەپروپاگەندە بۆ ئەو فیلمەو خەڵك هاندە دەن کەهۆڵەکانی نیشاندانی ئەو فیلمە پڕ بکەن.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** دەڵێن بەلایەنی هۆنەرێوە فیلمە ئێرانێکان گەشەیان سەندوە بۆچونی تۆ چییە؟

**موسلمی مەسنوری:** وای دانێن هەموو ئەو فیلمانە لەشاکارە هونەرێکانن! بەڵام ئایا لەخزمەت ژیانی مرۆڤ دان بەهێندێك جەنایەتکار؟ بەقەولی زیندە یاد ئەحمەدی شاملو، "ئەو هونەرمەندەی کەزەرافەتێکی زیاتری لەکارەکانیدا هەیە، کاتێك هەست بەبەرپرسیارێتی ناکات مەترسی دارترە".

ئەوانەی کەلەخەمی "تەکنیکە هونەرێکان" دان، با سەرەتا لەهەوڵی ئەوە دابن تەرمی بۆگەنیوی ئەو ڕژیمە لەسەر ڕێگای کۆمەڵگا لاچێو دزگاکانی سانسۆر تێکدرێن تا بزانن لەو کۆمەڵگایە چ لێهاتویی گەلێکی جۆراو جۆری هونەریو کۆمەڵایەتی دەخەملێن.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بەدیاردەی فیستواڵە سینەماییەکانو ئەو خەڵاتانەی کەبەر فیلمە ئێرانێکان دەدرێن، چییە؟

**موسلمی مەنسوری:** لەراستیدا ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوایی بۆ وەلاتانی سینەمای پێشرەو، بەتایبەتی دوای دەیەی هەفتاو زاڵبوونی هەمە لایەنەی سینەمای داسەپێنەری هالیوود لەبازاڕی گشتیو بۆ لەناوبردنو شاردنەوەی ڕەوتمایەکی وەك سینەمای نیۆرالیسمو شەپۆی نوێی ئوروپا و لەهەناسە کەوتنی سینەمای ئوروپای ڕۆژهەڵاتو ئامریکای لاتین، ئێستا چاویان بریوەتە، بەشی ئاسیای ڕۆژهەڵات کەجۆری سینەماکەیان بەهۆی هەلو مەرجی جوگرافیای تەجاری بەرهەم هێنانی ساکارو سەرەتایی، لەبەرانبەر سینەمای تەجاری ئامریکا دایە. لەئاوا هەلو مەرجێك دا فیلمە سینەماییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشێك لەرەخنەگرانو تەماشا وانانی ڕۆژئاوایی سەرنج ڕاکێش بەنەزەر دەگا. سروشتیە ئەگەر ئیمکانی بەرهەم هێنانو بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمانە هەبێ کەراستیەکانی ئێستای ئێران بەنمایش دەرهێنن، تەماشاوانانو ڕەخنە گرانی ڕۆژئاوایی پێشوازێکی زیاتر لەو فیلمانە دەکەن.

بەڵام مەسەلەو ڕوانگەی ئەو بەشە لەرەخنەگرانو تەماشاوانانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ دەستو پێوەندو کار بەرێوەبەرانی ڕژیم و بەرپرسانی بەشیك لەفیستواڵە سینەماییەکان بەتەواوی جیاوازە. ئەو فیستواڵانە لەگەڵ بونیادی سینەمایی فارابی و بەشی کلتوری سەفارە تخانەکانی ڕژیم لەپەیوەندی دانو لەچوارچێوەی هاوکاری کلتورییو پەیوەندی دەسەڵاتەکانی خۆیان دا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مامەڵە دەکەن.

زۆرێك لەبەرپرسانی ئەو فیستواڵانە چ لەو سەفەرەدا كەوەك میوانی جێژنەكانی فیلمی فەجر دەچنە تارانو چ كاتی پێشكەشكردنی خەلاًت بەدەرهێنەرەكانی سینەمای كۆماری ئیسلامی بەسیاسەتی سینەمایی رژێمدا هەڵدەڵێن. فیلم ساز، نوسەر، هەڵسوراوی سیاسی یان هەر كەسایەتییەك و لایەنێكی كەلەو راستایە دابنو لەگەڵ تالاًنو برۆی خەڵك لەلایەن رژێمو وڵاتە رژئاواییەكانو كۆمپانیا نێو نەتەوەییەكان گرفتێكی نەبێ، لەراگەێنەرە تەبلیغیەكان دا سەرنجی پێدەدرێ. ئەو خەلاًتانەش تەنیا لەبوارەكانی سینەماو بەفیلم سازان نادرێ، بەڵكو لەبواری جۆراوجۆرو بەكارگێرانی رژێم لەژێر ناوی رژنامەوان، هەڵسوراوی مافی ژن، هەڵسوراوی مافی مرۆڤ، هەڵسوراوی كۆمەلاًیەتیو.. پێشكەش دەكرێ.

بەهەر حاڵ لەبابەت سینەما، مەسئولانی سینەمایی رژێم خۆیان گەلێك جار دانیان بەهاوكاری لەگەڵ فیستواڵەكانی سینەمایی و سەرمایەگوزاری لەسەر سینەماو رۆڵی پۆزۆتیڤی ئەو فیلمانە لەراستای ئامانجەكانی رژێم دا داناوە.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** ئەو فیلمانە كەدروستت كردون لەزۆرێك لەفیستواڵەكان دا نمایش دراونو باسیان لەسەر كراوە، ئێرانێكانی دەرەوەی وڵاتیش پێشوازی باشیان لەو فیلمانە كردوە، لەو بارەیەوە نەزەری ئێوە چییە؟

**موسلمی مەنسوری:** ئەو فیلمانە لەفیستواڵهایەك نمایش دراون كەتا رادەیەك سەربەخۆنو بەتەواوی لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتەكانیان دا مامەڵە لەگەڵ بەرهەمە هونەرێكان ناكەن. ئەو فیستوالاًنە فیلمەكانی منیان وەك فیلمە ژێر زەوینیەكان نمایش داوە. ساڵی رابردو فیستواڵی سینەمایی "كان"ی فەرانسە ئیمەیلی بۆ ناردم كەبۆ بەشداری لەبەشی موستەندو ماركێتی ئەو فیستواڵەدا فیلمەكانیان بۆ بنێرم، من بەنیشانەی نارەزایەتی بەنمایشی فیلمی بێهروزی ئەفخەمی نوێنەری مەجلیسی رژێم لەو فیستواڵەدا، فیلمەكانم بۆیان نەنارد. فیستواڵی ئامستێردام دەیویست فیلمی من لەبەشی فیلمەكانی ئێرانی لەگەڵ فیلمەكانی كۆماری ئیسلامی نمایش دا من قبوڵم نەكرد. ئەو فیلمانە بەبێ ئەوەیكە ئیمكاناتی پروپاگەندەی دەوڵەتی وەك بونیادی سینەمایی فارابیو وەزارەتی ئێرشادو كەناڵەكانی رژێم لەدەرەوەی وڵات و دەلاًلانی كلتوری لەپشت ئەوان بن، تا ئێرە رۆیشتون. هەر وەك ئاماژەمان پێدا ئەوە دەرخەری ئەوەیە كە ئەگەر ئیمكانی فیلمی نارەزایەتیو ژێر زەوینی هەبێ، تەماشاوانانی رۆژئاوایی و كۆمەڵەكانی سەربەخۆی هونەری زیاتر بەپێشوازی ئەو جۆرە فیلمانەوە دەچن.

**عەلی ئەسغەری بێهروزیان:** لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا لەدەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبەی چ كارێكت كردوە؟

**موسلمی مەنسوری:** دوای راكردنێكی زۆر توانیم فیلمەكانی "گورنبشتە"، "اتوپیا"و "محاكمە" ئیدیتو بڵاو كەمەوە هەروەها لەسەر گۆرانی رەشپۆشەكان كەگۆرانی ئێرەجی جەنەتی عەتاییەوە بەدەنگی ئێبی، فیلمێكی كورتی شەشی خولەكیم دروست كرد.

لەحاڵی حازردا سەرقاڵی دروست كردنی فیلمێكم سەبارەت بەهونەرمەندان لەتاراوگەو فیلمێكیش سەبارەت بەژیانی تاهیرە قەرەالعەین شاعیری خەباتكارو ئازادی خوازی ئێران وە هەروەها لەسەر فیلم نامەیەك لەژیانی (مزدك) كاردەكەم. بەتازەیی فیلم نامەیەكم بەچاپ گەیاندوە كەبەهاوكاری زیندە یاد ئەحمەدی مەحمود نوسیم، لەژێر ناوی "دەورانی تێپەرنەبوو" كەسەبارەتە بەژیانی ئەحمەدی مەحمود. كتێبێكی ترم لەژێر چاپ دایە كەكۆمەڵە بابەتێكە سەبارەت بەزیندە یاد ئەحمەدی شاملو، غولاًم حوسەین ساعدی، سادقی هیدایەتو تاوتوێ كردنی چۆنێتی كردەوەی دەزگای كلتوری رژێم و هەروەها بەدواداچونی كارەكانی پەیوەندی دارە بەسینەمای ژێر زەوینی لەئێران.

**

# شیعر

ئێوارەکانی گشت تەمەنم

فرمێسکی بەرد

لە یادی کۆمۆنی پاریس دا

چۆلەکە

ئێوارە ....

# لەیادی کۆمۆنەی پاریسدا
## ن: بژار



بەیانی بوو شار خرۆش
هەرچی بازی نەسرەوت هەبوو
لە سنگیانا.... وەك ئاگری کووره جۆشا
دیسانەوە لە مێژوودا (پاریس) زەنگی لێدایەوە
وەك بارانی بەهار, مەرگی بەسەر زوڵما بەردایەوە
هاوار ئەکرا:
ئێمەی جۆگە بێینە سەر یەك
دەریایەکین, گەورەو بەرین
ئێمەی درەخت بێینە لای یەك
گەورەترین دارستانی چرو زەبەنگی سەر زەوین
ئازادیمان لەمەچەك‌و
بازوومانا زیندانییە,بەری ئەدەین
کرێکارین بەئاواتی لەمێژینەی خۆمان ئەگەین
وەرنە دەرێ
ریزەکانمان بەخوێن‌و دڵ یەکخستووە
دەرگای ماڵ‌و دەرگای دڵتان ئاوەڵاکەن
هەم خۆتان‌و هەم ئاگرتان لە تینو یتی بەرەڵاکەن
وەرنە دەرێ
بەراوەستان, ئێمە سیس‌وئەوان گەشن
ئێمە کۆیلەی بەرهەم هێن‌و ئەوان گەورەی خاوەن بەشن
وەرنە دەرێ
با برینمان گڕ بسێنێ‌و کڵپە بکات
وەرنە دەرێ
با دڵ لەناو خۆری دەستا خۆی نوقوم کات
کەزریانی ئێمە هەڵکات

کەشتی ئەوان سەرنەگوومە
چاوی ئێمە بروسکە بات
رۆژی بەختیان شەوی شوومە
هاوار ئەکرا:
هەوری خوێنن ... بگرمێنن
18ی مارسە"
دەستی تۆڵە لەکالانی خەو دەربێنن
هەتاوێکی خامۆش نەبوون,
لافاوێکی بێ نیشتنەوەن
ئەوەی کە(تیر) لێی تۆقیوە
وەرنە دەرێ, ئێوە ئەون
چەمی هاوار بەگو یانا شۆڕ کەنەوە
وەك کرێوە و تۆفی زستان, بەڕوو یانا هەڵکەنەوە
ئێوە بەرزن, بەو قەدەرەی گوڵ لە ڕەنگی خۆی بێزارە
ئەم(پاریس)ە دەرگایەکە
بەروی ئاسۆی کرێکارا داخراوە... بیکەنەوە
ئەم(پاریس)ە باستیلێکە
بەڕووی چینی کرێکارا ڕاستبۆتەوە... بیخەنەوە
نابێ ئیتر ئازادیمان
وەك ئەستێرەی‌گەلاوێژی دوای هاوینان پێنەکەنێ
نابێ ئیتر خرۆشانی
ئێمە چینی بۆر جوازی لەڕەگەوە هەڵنەکەنێ
مەشخەڵانین کەوتوینەڕێ, برسیتیمان ئەسوتێنین
هەڵپێچانی چەوساندنەوە
نێرگزێکە لەسەر لاشەی سەرمایەدار ئەیڕوێنن

هاوار ئەکرا:
ئەوەی بلێ, ژن لەڕیزی پیاوا نیە
دوو گلێنەی ئەکەین بەکالانی خەنجەر
ئەوەی بلێ , کاری منالْ هەڵۆیەکی بەرزە فڕە
ئەچینەناو چگەریەوە کەڵە پشکۆی ئەخەینە سەر
ئەوەی بلێ کرێی چوون یەك
ئەسپەشێ یەو دابیین نابێ
گڕی چنگمان بەدەشتایی هەموو سینەی ڕێی بردووە
ئەوەی بلێ دینودەوڵەت ئەبێ یەك بن
کوا نووی ڕقمان فێری ئەکات
چۆن داڵیتی مێشکی هێشتا هێشووی عقڵی نەگرتووە
18ی‌مارسە
ئیلحاد ئەبێ دەمامکی هەڵباتەوە
لە ڕووی هەموو ئاینێکا, مانگی ڕوخسار شەوق باتەوە
سوپا دەبێ
وەك دەوڵەتی ڕۆما لە بەریەك هەڵوەشێ پـۆلیس گۆشـتی برینێکە
لە هەنگاوی یەکم مانا ئەبێ برزێتو داوەشێ
***
بەیانی بوو شار خرۆشا
چاو... پرشنگو
دڵ... ئاگرو
دەست... ئاسنی رووتی پۆشا
ووتیان: خەوی سەدان ساڵە
ئەمرۆ پێڵووی دەکاتەوە
مێژووی چەوساندنەوە(پاریس)
وەڵامی پێئەداتەوە
ئەبینە مەرگ بۆ وەستانمام
کلاّوەی خۆر دەکەینە سەر
بەرەو گۆڕی هەڵکەنراوی
ئەم نیزامە ئەدەینە بەر
خوێن مژینمان تاپۆ نیە
بەگۆڕیانا ئەیبەینە خوار
بەڕوویانا ڕقمان ئەکەین
بەلافاوی بروسکەدار
کوورەی دەستمان بخەینە گەڕ
سەد بەستە لەك دەکاتەوە
لە قورگیانا پەردە بەسەر
هەناسە, دا ئەداتەوە
ووتیان بەسە !
هەموو ڕۆژێ دارستانێك داریان لە لەشمانائەشکان
هەربەئێمە زیندانەکان پڕ ئەکرانو
دواییش بەبارانی خوێنی
بەر(مەقسەلە) چرای بەختیان دادەگیرسان
ئێمە دوێنێو بەسەرهاتی, لەمەیدانا ئاگر ئەدەین
دەستو قاچی خەوی ماوە, لەچاومانا زنجیر ئەکەی
18ی مارس
چۆن ڕێگە بەین
ئازادیمان لە دڵمانا هەتاوی دا نەگرساوبێت؟
چۆن ڕێگەبەین دەسەڵاتمان
لەدەستیانا, شمشێرێکی ڕاوەستاوبێت ؟
ئەمرۆ ئیتر زەردەخەنە
دەبێ ئاڵای حکمڕانی بەسەر لێوا بەرز کاتەوە
چاوی ئێمە ئەستێرەیە
دەبێ جوابی هەموو شەوێك بەجریوە بداتەوە
ئەمرۆ ئیتر لەشی ئێمە
چەقۆیەکە ڕووەوبڕین, دەمی تیژی ڕاگرتووە
گیانی ئێمە هەوری گڕە
زەوی هەموو خەمەکانی بەبروسکە داگرتووە
بۆ... پێشەوە
لەم کاتەوە دڵ لێدانو سەرو ڕەنگمان
هاژەو لوتکەوخۆرەتاوە
پەلامارو دەنگو ڕوانین
وەکو بازوو وبیرو ئاوات سۆشیالیزمی تێ ئاڵاوە
هەرپەنجەیەك لە ڕوومانا
ئاڵاوەتە دار وتفنگ, بیشکێنن
هەرچی دڵێك
شادی ئێمە دەخاتە ناو دۆزەخیەوە, بیوەستێنن

بۆ... پێشەوە

گەڕانەوە لەهەڵمەتی کرێکارا نەبیستراوە

گەرانەوە, بایەوانی کەشتیەکە

لەزریانی بازومانا لوول دراوە

کوشتنی ئێمە شتڵ نییە

خێراخێرا لە کوشتارگەی شەڕەکانا بیڕوێنن

پشتی ئێمە ئابڕووی خۆیان نیە لەژێر

باری قورسا, چۆنیان بوێ بینەوێنن

بۆ... پێشەوە

باکێشەمان لەگەڵیانا یەکالا کەین

بادەروازە

لەسەر خوێنی هەڵچوونمانو

ڕووخانی (تیپر)ئاوەلاگەین

شاخی ڕۆشتوو

لەهەر کویێ بێ, بوومەلەرزە ئەتاسێنێ

ئازاری گڕ لەخۆ بەستوو,

بورکان بەزام ئەناسێنێ

بۆ... پێشەوە,

ئەم هەڵسانە,

گەر لافاوی تووڕەش بێتە گێژە نیەوە, تیاخنکاوە.

بۆ... پێشەوە,

کومونیزم گلۆپی ناو دڵو چاو دەسەیری کەن ئەوەتانێ

لە ناومانە داگیر ساوە.



# فرمێسکی بەرد

## "پێشکەشە بەدڵە بەردینەکان"

یونس.م

پاییز
عاشقێکی کفن زەردە
خۆ لەکەنارەکانی تراویلکەی
بەهار خەڵدەسۆی..
با پاییز
سەمای مەرگ
بەگەڵاکانی سروشت بکات
بەڵام پاییز
ناتوانێ غەمو سروشت
بەجوتە لەسێدارە بدات..
پاییز ئوستورەی مانەوەی گەلایە
بەدرەختی سورشتیە..
منو پایز
بەشەوێ لەزیکەمان دا.
لەپایزی باڵا کوردت
سەفەر ئەکات
سەفەر..
سروشت بەتەنیا، بینی ژین ئەخواتەوە
پایزی ئەوەڵدوانەکە
کۆچ ئەکاتو
من ژانی تورەیی پاییزان ئەم گوێ،
سروشت لێوی بڤە لەپاییز
ئەکرۆژێو
مەستی، مەستی تورەییە
پاییز، پاییز، پاییز..
بەرد بۆ ئەگری



بۆ؟
خاك بۆ ئەگری
بۆ؟
سروشت بۆ قەقنەس
ئەرشێتەوە بۆ ؟
هەورە سەر شێتەکانمان لەگریان ئەگرن
مان!
ئیتر پر بەباڵایان
هاور ناکەنو چەخماخەی
ئەوینی باران لێ نادەن..
هەورەکان ئەبنە سەنگەری
کۆمەڵێ پێشمەرگەی باران
سەنگەر بەجێ ناهێڵن
خوازیاری روون بوونەوەی بەسەرهاتی ژیانی
گەڵان..
درەخت سوجدە
بۆ پاییز ئەباتو
لەبەر خۆیەوە ئەڵێ
دوبارە زگ سوتاوم مەکە..
ئەمەیە
پێناسەی دڵدارێکی رۆژهەڵات..
پاییز سەفەر ئەکات
سەفەر..
چەند پەندێکی پاییزان
زەوی ئاوس بەئەوین
ئاوە ڵدوانەی پاییزو ژینتیمی بوو

ئەمە قسەی دایکمە
کاتێك پڕ بەکۆشی خەزانی کو دەکردەوەو
چەپکێ فرمێسکی گەڵای هەڵدەدا..
پاییز
وەرزی کۆڕەوی مەرگی گەڵایە
عاشقێکی ڕۆمان مەرگی گەڵایە
عاشقێکی ڕۆمان فرۆش
ئەوەی پێ وتم
پاییز
ترواپلکەی مەرگی درەختە
ئەمە دوا گەڵای سروشت ناسێکە..
پاییز
وەرزی زیرەوشانی زەوی شەق بردویە بەتارای خەزان
شاعیرێکی تاڵان فرۆشی شیعر
کاتێك شەمی شێعرم لی کڕی
ئەوەی بەچرپە پێ وتم
برینی پاییزان
ناسۆرێکی قوڵە
خوش بونەوەی بەهیچ بەهارێ ناکرێو
دایم دەمی هاواری واڵایە
ئەمەش قسەی باغەوانێکی پیرە
کەبەدرەختی هاوڕێ دەڵێ
پاییز
تامی تفتی مەرگی پێی چێشتم
ئەمە دوا کەلامی فرمێسکی
گەڵایەکی هێشتا لاوە..
من سوجدەی خەزان
بۆ هیچ پاییزی نابەم
ئەمە قسەی پیرەژنێکی کچە
کاتێك بەبەر مزگەوتی عاشقانا
گوزەری دەکرد..
من پاییزی خەزان
میوانی جلکی نوێم دەکەمو
تارای گەزیزەو تاجی وەنەوشەی
لەسەر دەدەم
ئەمە قسەی بەهارێکی لەبار چویە..
من
ئاوی بەرد دەجومو
تفی دەکەمەوە ناو وەرزی مێژووی ئەوین
ئەمەش قسە نوسراوەی
سەر بەرگی ڕۆمانێکی شێتی پاییز لەدایك بویە..
پاییز.. پاییز.. پاییز..
من ئاڵای پاییز لەناو لاپەڕەکانی
دەفتەری بیرەوەریەکانما هەڵدەدەم..
چونکە ژنراڵی غەمو فرمێسك و کۆچو لێك دابڕان
فەرمانی پێ دام..
بەباڵای منو من بەباڵای دایکمو
دایکم بەباڵای ژنیەتی بڕاوە..
دوێ شەو بەردی هاوسێمان
کڵپەی گریانی شەپۆلی دەدا
بەعاشقە بەردینەکەی دەوت
ئاخر
دەلیکی لەمن
پاییزی زەردی 24 ساڵەی لەدایك بوو
بەرد بۆ دەگری؟
بۆ، بۆ بۆ؟
من لەبەهارا پاییزم
ناسی..
لەبەهارا منو پایز
لەزەمەنی جوت بونا
یەکترمان دەگەوزاند
من لەسەر شەقامەکانی جوت بونا
روت، روت، روت..
خۆم دەکرد بەماڵی
ڕەحەمێك داو
جوتێ کۆتر شەویان لەناو دەما
بەرەو کازیوە تاو دەدا
پاییزی بەباڵای بەهار بڕاوم

تەق، تەق، تەق
دەرگای ئەو خەوەی دەکوتا
من ئەو تاپۆیەم لەماڵ
زیندە بەچاڵ دەکرد..
من لێوە زەردەکانی پاییز
تێشوی بەهارم بوو..
من بۆ جوت بونی پاییزان
سوجدەم بۆ بەهاری سەر شێت
ئەبردو
یەکە یەکە چاوی گەڵاکانم ماچ کردو
ژوانم لەگەڵ یەکە یەکەی درەختەکان ئەبەست..
من کۆچەرێکی وڵاتی پاییزانم..
دایکم بەزگێك منو مەرگی باوکمی بوو..
من مرۆیەکی دەم بای خەزانم
پاییزی باڵا کورت
چەپڵەی خەزانم بۆ لێ دەدا..
پاییز
سەفەر ئەکات
سەفەر، سەفەر..
هەورێ سەنگەر
ئازاری لێك دابڕانی
لەجانتای دیاریەکانی دایە..
پاییزی من بەرد بەر ئەگرێو
خەوێکی موتەکە ئاسا ئەیباتەوە
ئاوەس بەپەشیمانی ئەبێ،
پاییزی من
سەفەر ئەکاتو
من تاجی فرمێسکم ئەم بۆ کینەی لەسەر دەدەم..
پایزی من
شو بەبەهارێکی سەر شێتی باکور دەکات
بەڵام خۆ پایزی من
نابێتە چر نانی هیچ شەقامێکی
تاریکی ئەویندای
چراخانی پاییز

کۆڵ ئەگرێو ئاوس بەبەهارێکی قاقر دەبی
پاییزی من
ئاوازی سەرکەش دەچڕێو هۆنراوەی ئازادی خۆی
دەهۆنیتەوەو
ئەیدا لەبەرۆکی رۆژهەڵاتم
خەنی لەخۆم..
ئەی پاییز
دیاری پاییزانت
با چیتر گۆری ئاواتەکانم پێ هەڵنەکەنێ..
ئەی پاییز
ئەمە قەدەر نییە
غەدری ئەوینەو جەستەم
توند لەئامێز دەگرێ
ئێسکو پروسکی جەستەم
ورد، ورد، ورد ئەکاتو
بەهیلنج ئەهێنیتەوەو
بەسەر تۆدا ئەیبارێنم..
بێشکەی چاوەڕوانیم
بەپەنجە شومەکانی باوکی پیاوم
رانەژەنی
هۆ هۆ دایە
دایە، دایە
پاییزە،پاییزە، پاییزە
وەرزی کونادیو کردنی سنورە
وەرزی لەدایك بوونی دیدارمانە
وەرزی خەنەبەندانی پاییزمانە
وەرزی بارینی کلو بەفرەکانی بیروەرییە
وەرزی مەرگی مامە پیرەی غەمە
من لەسەر شەقامە بەقیر کراوەکانی
چاوەڕوانی ئالقەی ژیان
لەگەڵ هەموو هەر هەموو جگەرەکان
دەگۆڕمەوە
سنور، سەفەر، سەفەرو سنور..
عاشقێك

بەبڕبڕەی پشتی ژیانا سەرەو خوارو
بەرەو ژوور دایم پیاسە دەکات..
عاشقی پاییزە میوان
دوکەڵی جگەرەی جەخار
بەفرمێسکی بەردێك دائەگیرسێنێ‌و
تەنیا میوانداری غەمم
بەر رۆژوی رازەکان‌و پێکەوە بوونی رابردووییە..
پاییز، پاییز
ماڵ پاییز
شیعر پاییز
میوان پاییز
خۆم پاییز
دایك پاییز
ئاخ چەندە پاییز رێژم
پاییز و گریان
پاییز و غەم
پاییز و پەتی سێدارەی ئاواتەکان
پاییز و چاوەڕوانی
پاییز و دالدەی بەهاری سەر شێت
لەخۆم خەزانەو
هەر لەخۆم پاییز..
من بەدەست پاییزەوە
پێشمەرگەیەکی بێ چەکم
جاشی خەم ئێعدامم دەکات،
سرودێکی غەماویم کەس تاوی ناو گەرویم نادات..
سترانێکی غەمیم هیچ عاشقێك بەفرمێسکەکانی
موزیکم بۆ ناژەنێ،
ئاگرێکم هەر کلێپەم دێ
بەڵام لەوڵاتی سەرما بردوان کەس خۆم پێ گەرم
ناکاتەوە،
هەوێنی شێعرێکی تراژیدیم
کەس نام کڕێ
چیرۆکێکی دڵ شکاوم
جوانی هیچ خوێنەرێك حەزم لێ ناکات

ڕۆمانێکی تۆز لێ نیشتووم
هیچ پڤێك هەناسەکم پێ نابەخشێ،
سەنگەرێکم
هەزار تەوارم تێدا شەهید دەبێ،
شەهیدێکی کفن زەردم
فریدراوی سەر شۆستەکانی شاری عەشقم
کەس لام لێ ناکاتەوەو
ئەبمە خۆراکی سەگە گەلورەکانی باکور
غەمێکی سوك‌و گرانیشم
کەس لەکۆڵم نانێ
من بەدەست پاییزەوە
مردویەکی بێ وڵاتم
کەس بێ دەنگیم بۆ ناشکێنێ
بیابانێکی قاقرم
بەرەهۆتێکی کاکی بەکاکیم
تینویەکی ئەژنۆ شکاوم
کانییەك بەسانایی
لێوی نەفرەتم لێ هەڵدەقرچێنن
قوّمی ئاوم پێ نابەخشن‌و
ئیتر بۆم ناگرین..
پاییز خەزان بارانی کردم
نەمامێکی 24 ساڵە
پتشی لەژێر باریدا دەچەمێتەوە
پاییز بە
سەرکردەیی خۆ دەنازێ..
تۆبە، تۆبە، تۆبە
من‌و دایکم‌و
بێوەژنەکانی رەحم بەرۆژو
لەگەڵ پاییز
نابێتەوە بەجوتێ چاو
جوتێ دەست
جوتێ دارەدەست
بۆ ئەوەی عشقی پاییزانمان
لەنگەری پێ بگرێ..

پاییز، پاییز، پاییز..
کات ژمێرەکەم
دروست لەسەر سەعات
1102 وەستا
زەنگی سەفەری پاییزی لێدا
1102
ئاخ ئەی 1102
من 1102 یادگار
غەم، ئاواتو تاڵە مو
دەخەمە ژێر پێ
1102 ماچ دەکەمە
قۆچی قوربانی بەهاری سەر شێت..
1102 ئاخ
کەمنت رام نەکرد، 1102 کەدڵت پۆشی بەخەزان
11/23 لەدایك بونا
جرجاڵی قیامەتی من هەڵی کردو
من ڕوخام و
بوم بەویرانەیەکی کەس نەدیو
بەیانی 11/23
دوا قەقنەسی ماچەکانی پاییز
لەسەر لێوەکانم
باڵایان هەڵبڕیو
دادگای لێك دابڕان
مەحکوم بەغەمێکی هەتا هەتائیان کردم
چاوەکانم
شوێن پەنجەکانت، لێوەکانتو جوت بونەکان لەسەر
جەستەی خەزان بارم هەڵدەگرنو
بەنائومێدی پرچی غەمێکی نوێ بەفرمێسکم شانە دەکەن
من خۆم دەدەمە بەر
بارانی خەزان
ئاخر
من فێرم فرمێسکی گەڵاکان
شەلالی خوێنی درەختم بکەن
ئاخ ئەی پاییز سەرکردە

ئاخر چۆن
سەربازانی زەرد پۆشت
تاودا بەرەو مەملەکەتی قاقای من
ئەی سەرکردەی خەزان
پیم ناڵیی ئەو بەهارە کوێرەوە بویەت
چۆن نیگاکانی دزیو
دەستەکانی راموسی
ئەی سەرکردە
پێم بڵێ کۆترەکانت لەسەر دەستی ئەم بەهارە نەزۆکەدا
چۆن باڵیان کرت؟
کەپاییزی ئەمساڵ هات
بۆ دیاری پەساپۆرتی چەنەناوو غەمی بۆ هێناوم.
بەڵام من تینو بوم،
تینوو
پاییز
ئەمە سەرابە، سەرابە
بەهار کوا لەمەملەکەتی ئێمە بار دەخات.
بەرد بۆ دەگرێ
بۆ، بۆ، بۆ
ئەری دیوتە
نا شەرمەزارم، بیستوتە
سروشت لەناو دوو کەڵی جگەرەکەیدا
سەمای گریانێکی لەناکاو بکات.
پاییز
بەقاقاوە هەواری بەهاری سەر شێتی
کۆچ ئەکات،
منیش قاقا
قاقا
قاقا
فرمێسکی پاییزانی خۆمو دایکم دەهۆنمەوە ئەیانکەمە
چرای شێعرم.
شێعری شاعیرێکی غەمۆك
چاوی خوێندنەوم لێ دادەگرێ.
رۆمانێکی باوەشم بۆ واڵا دەکەنو

بەیانییەك
بۆ سەرفی خوێندنەوە
دەعوەتی کۆشکە زەردەکانم دەکەن.
شاعیرێکی خۆیم بە دەرزیو
دەبمە تاوانبارو پاییز
سەری لەگەڵا گرتوو
چاوەکانیم بەنامەیەکدا بۆ دەنێری
وشەی
گۆرانی، گۆرانیبێژێکی بەخەزان گرتوو
هەموو شەوێ
دینە ژوانی گۆیەکانم.
پاییز
لەتاریکیدا
فرمێسکەکانم دەدزێ
دەیانبات لەباکورەوە
وەك قاقا دایاندەبارێنێ.
جگەرەیەکەی بەتاسە
خۆ دەخزینێنە ناو پەنجەکانمو
ئارام، ئارام، ئارام..
نەرم رام ئەژەنێ
گەواڵە دوکەڵێکی ئاوس بەحەسرەت
دەکاتە میوانی سینەکانم و
خرپ، خرپ
ئەخەوێ
پاییز، پاییز، پاییزی خەزان
من پاییز
لەلولەی چەکدا دەبینم
بەرەڵای ناو قەحبەخانەکانی پاییزانی دەکەم
بەڵام
ئەو هەر بەتەنیا دەگەڕێتەوە.
من نەفرەت ئەکەم
لەپاییزی خۆم
پاییز وەرزی ناپاکی سروشتە
من
چەکی ئاواتەکانی پاییز ناکەمە شانو
دڵی بەهارە سەرشێتەکەی باکور ناپێکم
بەهار وازی وازیو شێتە
هەزار رەنگ لەبەر ئەکا
سور، بەنەوش، قاوەییو کاڵو..
ئەی پاییز
باکورت ساردە
سارد، سارد، وەك جەستەی سروشتو
وەك دەستەکانی تۆ
وەك خۆری هەڵەیەك
وەك قاقاکانی بەهاری ئێستەی تۆو
زستانی سبەینێت
بەرد بۆ دەگریێ؟
بۆ!
فرمێسکی بەردە دڵی تۆ
بەرد بۆ دەگریێ؟
ئەی پاییز
تۆ منت کرد
بەدیجلەیەکی بێ فرمێسکو
فوراتێکی زگ سوتاو
پاییز، پاییز، پاییز
ماڵئاوا!
ماڵئاوا! پاییز..

**

# ئێوارە..

ناسری حەق پەرەست

2005/4/9



کاتێك ئاسمان دڵی بۆ خۆر پڕ دەبێ‌و
دەیهەوێ بداتە زریکەی گریان،
ئێوارە دادێ‌و تەزوویەکی سارد
سەرتاپای گوڵپەڕە ناسکەکان دادگرێ
بەڵام
خۆری کەنارنشینی ئەو ئاسمانە،
عاشقی نەشئەی بەهاری ئەم ئێوارەیەیەو
دڵی نایە جێی بهێڵێ
ئاسۆ باوەشی بۆ گرتۆتەوە و داوینگیری بووە.
گوڵێکی تەنیا !
سێبەری کێوێکی دوور
هەتاوی لێ دەشارێتەوە،
ڕەنگەکان لەناخی خۆیدا حەشار دەداو
بزەی بەهاری
ژینی لەگەرووداقەتیس رادەگرێ‌و
چاوەڕوانی بەرە بەیان دەکا..
کۆترێکی سپی
بەسەر بەرزایی ئاسمانی شارەوە
ئاخرین ماڵئاوایی لەخۆر دەکاو
بەڵێنی ژوانی
لەبەرەبەیانێکی تردا لێ دەستێنێ..
لەو بومەلێڵەدا
شەمشەمە کوێرەیەك باڵ دەگرێ‌و
دەبێتە خاوەنی ئاسمان،
بەپێکەنینەوە دەڵێ:
ئۆخەی ئاواتەکەم هاتە دی

مەرگی روناکیم بۆ جارێکی تر بینی.

کۆترە باریکەیەك پێی دەڵێ:

تاوانی ئێمە چییە کەتۆ کوێری‌و

ژیان لەتارماییدا دەبینی ؟!



# چۆلەکە

## شیعرێك بۆ منالاَن

نوسینی: حەمیدە سیجانی وەندی

لەنێو چیمەنی جوانو ڕازاوە
بێچوە چۆلەکە هاتە دنیاوە
پەلی ڕاوەشاند چاوی کەوت بەئاو
گراوەی خۆر بوو بۆی بوو تەنکەوتاو
ماوەیەك ماوە لەنێو هێلانە
دایە بۆی دێنا هەم ئاو هەم دانە
ماوەیەك ڕابورد پەڕەوازە بوو
فێر جیکەیەكو فێر ئاوازە بوو
ئەوجار چریکەی هەر بۆ هەتاو بوو.
بەلاَم ڕۆژێکی تالاَو پڕ لەخەم
تەنگەوە گرتی بەری ئاسمان
هەتاوی جوانی ونکرد لەچاوان
چۆلەکەی هەژار بۆ مەرگی هەتاو
ئەینالاَند بەگوڕ ئەینالاَند بەتاو
دایکی دلَسۆزی بەمێهرەبانی
وتی خەم مەخۆ، هێزی زرانی!
هەتاو نامرێ تیشکی زێڕینە
چۆتە پشتی هەور، ئەو نازەنینە.
سبەینێ تیشکی خۆرەتاو هەلاَت
زێڕ بارانی کرد سەراسەر ولاَت
بێچوە چۆلەکە زانی هەروایە
لەپاش تاریکی ئاسۆی هیوایە.



# ئێوارەكانی گشت تەمەنم

هەژیر نینا

ئێوارەیێكی تەمەن كورتو
نارنجی بوو
ئەوكاتەیٚ خۆر
ئاخرین تیشكی لە نیگاما
بەجێدەهێشت
دوو دەنگی تازە ئاشنا
لە پشت هێلّەكانی
خۆشەویستی
بەیەك گەیشتن
ئەو دوو دەنگەش
منو تۆ بووین
وشەی هیوامان
بۆ داهاتوو ئەهۆنییەوە
تۆ
لەپەرەیٚ لێوتەوە ئەدوایت
منیش لە ناخی شێوێكەوە
گوێم لەدەنگتو
چاوم لە خۆر نشینی
ئێوارە دەكرد
كەوەك تاڵە قژەكانی تۆ
بۆ
هەمیشە لە دیدەما
بەجیٚ ما
لەگەلٚ وتەكانت دەرۆمو
خۆم بەئەزموو نەكانت ئەسپێرم
تیٚ ئەگەم لێت هاورێم
باش دەزانم
لەگەلٚ سالانێكی رەنجا
ژیانت لە سەریەك نا
دەزانم
هەموو جارێك
ماندوویەتی گشت وەرزەكانت دەژمارد
من دلّنیام
ڕۆژێك دێتو
هەردوو مالّێك
بەهێمنی سالّێك لە شادمانیو
پێكەنینێك لە زەردەخەنەی
گشت ئێوارەكانی تەمەنمان دروست ئەكەین






سەربوردەکانی نێو کتێبی خوێندنەوە

پەڕەیەك لەیادەوەرییەکانی زەردەشت

سزای خۆشویستن.. سزای خۆش نەویستن

ئادەم و حەوا

# سەربوردەکانی نێو کتێبی خوێندنەوە

ن: ڤۆلڤگانگ بۆرخێرت

وەرگێرانی: سەباح ئیسماعیل – کەرکوکی

کورتەیەك لەژیانی نووسەر :

بۆرخێرت لەشاری هامبۆرگی ئەڵمانیا هاتۆتە دونیاوە. لەناوەندێکی میللی پەروەردە بووەو فێری پیشەی کتێب فرۆشی بووە. بەهۆی دژایەتی کردنو هەڵوێستی دژی نازیزم گیراوەو دووجار فەرمانی لەسێدارەدانی دراوە, بەڵام فەرمانەکە هەڵوەشێنراوەتەوەو بەزۆرە ملێ بەرەو بەرەکانی جەنگ ڕەوانە کراوە و دووجار بریندار بووە.

لەپاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی یەکێك لەپێشەنگاکانی ئەدیبە تێکشکاو و شکست خواردووەکان بووە. دنیای وێران کراو و گیانە تێك شکاوەکانی بە شێوازێکی دانستە وێنە کێشاوە, وەلێ دەستی مەرگی زوو گەیشتێو لەهەڕەتی لاوی دا بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە بۆ یەکجاری چاوی لێك نا. لەکارە گرنگەکانی شانۆگەری (لەدەرەوە لەبەر دەرگاکە) بێجگەلەوەی گەلێ کورتە چیرۆکی نووسیوە.

(سەربوردەکانی نێو کتێبی خوێندنەوە)

خاوەن کارگە دەپرسێ:

–چار چیە..! هەموو مەکینەی درومان, ڕادیۆ, یەخچاڵو تەلەفۆنیان هەیە.

–بۆمبا. داهێنەرەکە وەلأمی دایەوە.

–جەنگ. جەنەراڵەکە بەر پەرچی دایەوە.

–ئەی ئەگەر لەتوانادا نەبێ کاری دی بکرێت؟ خاوەن کارگەکە گوتی.

کابرای پاڵتۆ سپی لەبەر,هەندێ ژمارەی لەسەر کاغەز نووسی, پیتی زۆر بچووكو وردی لەسەر دانا. پاشان پاڵتۆکەی داکەندو سەعاتێکی تەواو خەریك گوڵەکانی لێوار پەنجەرەکە بوو. کاتێ کەبینی یەکێ لەگوڵەکانی سیس بۆتەوە غەم دایگرت و دەستی بە گریان کرد.

ژمارەکانی سەر کاغەزەکە ڕەمزی مادەیەك بوون, کە بەنیو گرام لەوە دەکرێ تەنها لەماوەی دوو سەعاتدا هەزار زەلام قەلاچۆ بکرێ. ڕۆژەکەش لەسەر گوڵەکان پرشنگی دەداوە.. لەسەر کاغەزەکەش.

***

دوو پیاو لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن:

–چەندی تێ دەچێ؟

–بەرد ڕێژ کردنەکەش هەر بە مەڕ مەڕ بێ؟

–بێ گومان, دەمەوێ لەبەردەمار بێ.

–چل هەزاری تێ دەچێ.

–چل هەزار؟ بەڕاستی کاکی برا گەر لەکاتی خۆیدا کارگەکەی خۆمم لەچوکلێتەوە نەکردبایا بەکارگەی باروود ئەوە هەرگیز ئەوەندەم پێ نەدەدرا.

–منیش هەروا, دەنا نەم دەتوانی بەردەمارت بۆ گەرماوو ژوورەکان بۆ سازو ئامادە بکەم.

–بەڵێ... بەردەوام .

هەردووکیان جیادەبنەوە. یەکیان لەخاوەن کارگەکان بوو ئەوی دیش بەڵێن دەری بیناسازی بوو. جەنگیش هەربەردەوام بوو .

***

دوو زەلام لەگەڵ یەك دەدوێن: –ها.. چۆن؟

بەهەر حاڵ باش نییە.

–چەندێ شك دەبەی؟

–گەر کار بەباشی بڕوا بەرێوە... ئەوا چوار هەزار.

–چەندت لەبارایە بمدەیتێ؟

–هەشت سەد بەلانی زۆرەوە.

–هەموویان دەمرن.

کەواتە هەزار.. سوپاس.. جیادەبنەوە.. لەسەرمرۆڤ دەدوان. هەردووکیان جەنەراڵ بوون.. جەنگیش بەردەوام بوو.

***

یەکیان لەوی دی دەپرسێت :

—خوازیاریت؟

—ئەی چۆن.

—تەمەنت چەندە؟

—هەژدە. ئەی تۆ؟

—منیش هەروا.

لەیەك جیادەبنەوە.. هەردووکیان سەرباز بوون.. جەنگیش بەردەوام بوو.

کەشەر کۆتایی هات سەربازەکە گەڕایەوە ماڵەوە, وەلێ پارچە نانێك چییە لەماڵی دای شك نەدەبرد, یەکێکی بینی هەرلەبەرئەوەی نانی شك دەبرد کوشتی.

—هەرگیز مافی ئەوەت نییە دارکاری یەکێك بکەیتو پاشان بیکوژیت. قازی گوتی.

جا بۆ نا؟ سەربازەکە پرسی.

***

کاتێ کۆنگرەی ئاشتی دوایی هات, وەزیرەکان بەناو شاردا دەسوڕانەوە ,گەیشتنە لای دوکانی یاری نیشان گرتن. ئەوکیژانەی لێویان لێ سوورکرد بوو گازیان دەکرد:

—جەناب دەتەوێ نیشان بگری؟

هەر وەزیرەو دەستی دایە چەکێك,نیشانەیان گرتە پیاوانی لەکارتۆن دروست کراو. لەکاتی سەرگەرمیو خەریك بوونیان بەنیشان گرتنەوە,پیرەژنێك هاتو چەکیانی کرد.

یەکێ لەوەزیرەکان ویستی تفەنگەکەی بستێنێتەوە, ئەم شەپازلەیەکی توندی بەبن گوێ یا سرەواند.

ئەوپیرەژنە بەتەمەنە دایك بوو.

***

دوو مرۆڤ... کەتەمەنیان دوو ساڵان بوو بەدەستە وردیلەکانیان لەیەکیان دەدا. لەدوانزە ساڵی دا بەتێلاّ لەیەکتریان دەکوتاو بەرد بارانی یەکدیان دەکرد. کەچی لەتەمەنی بیستو دوو ساڵیدا تفەنگیان دژی یەکتری بەکار دەبرد.کاتێکیش گەیشتنە چلو دوو ساڵی یەکتریان خومپارە باران دەکرد. لەشەستو دوو ساڵیش دا چەکی کۆمەڵ کوژیان دژی یەکدی بەکار دەهێنا...

لەهەشتاو دوو ساڵیدا هەردووکیان مردنو بەتەنیشت یەکەوە نێژران. لەپاش سەد ساڵ گڵ خۆرکەیەك پەیدابوو, بێ ئەوەی هیچ جیاوازیەك لەنێوان گۆرەکانیان دا بەدی بکات کەوتە هەڵکۆڵین. گڵەکە هەمان گڵ بەوو, ئەوانیش لەو گلەبوون. لەپاش پێنچ هەزار ساڵ گۆڕ هەڵکەنەیەك سەری دەرهێنا تا سەرەنجێ لەسەرزەوی بدات, بەتەواوی بۆی دەرکەوت کە: درەختەکان هێشتاکانێ هەردرەختن

قەلەڕەشەکانیش هێشتاکانێ هەر دەقیڕێنن

سەگەکانیش تا ئێستا لاقی لێ هەڵدەبڕن

ماسیو ئەستێرەکان

دڕكو زوریا

پێشوولەکانیش,

هوموو وەك خۆیان ماونەتەوە

ناوبەناویش

مرۆڤێك بەرچاوی دەکەوێ.

سەرچاوە:

—تیودورا الخالده و قصص قصیره اخرئ— ترجمها عن الالمانیە:

گارق حیدر العانی—بغداد—1996 ص 80—83.

بەردەمار: بەردێکە لەکاژی مار دەچێت.

**

# پەڕەیەك
# لەیادەوەرییەکانی زەردەشت

جەبار سابیر

ئەو بەیانییە لەهیچ بەیانییەکی تر نەدەچوو, تەموو مژو چڕەدووکەڵ باڵای شاری داپۆشیبوو, پێدەچوو دەستیان نابێتە بینی شار, شار وەك ئەوەی لەژێر زنارێکدا هەناسەی تەنگ بوو بێت خامۆش, خامۆش. تەواوی دارو دیواری کوچەو کۆڵانی شار سپی دەچوونەوەو جگە لەو خەڵکانەی رەش بوون, یاخود رەش هەڵگەڕابوون, یان بەجۆرێکی تر ئیتر چاوی ئاسایی ئێمە بەدی بەنەدەکردن. من تائێستاش نەمزانی بۆچی لەوێوە رۆیشتم و چی منی گەیاندبووە ئەو جێیە, هەمان رێگەی رۆژانم بوو کە بەرەو شوێنی کارەکەم دەچووم, بەڵام شێوەی ئەندازەیی ماڵ و باڵە خانەکان, کتومت ڤێنیسیای سەدەی شازدەی دەهێنایەوە پێش چاوو خەیاڵی ئەو کەسەی کەلەوێوە رەت دەبوو, کەجگە لە کەسی چیرۆك نووس کەسێکی تر نەبوو.

من هەناسە سوار هەر دەرۆیشتم , ترس سەراپا جەستەمی داگرتبوو, ئاخر هەمووبەیانییەك بەو رێگەیەداو بەوشوێنەدا دەرۆیشتمو ئەو جۆرە ماڵو کۆشکو تەلارانەم لەم شوێنەدا نەبینی بوو, خانووەکان بەجۆرێك زەخرەفە نەخشێنرابوون, دەبوو کڕنوش بۆ دەستو پەنجەی هونەرمەندەکەی بەری. لەفکران چووم تاچاو بڕکات نە گومبەزێك, نەمنارەی مزگەوتێك هیچ دیار نەبوو, وام زانی سەردەمی ئیسلام تەواو بووە, تۆبڵێی لەژیانی واقعی دابڕابێتمو ئەم ژیانە خەیاڵ بێت, ئەیبۆنا ئەی نالێین ئێمە نەوەی زەردەشتین .؟ کێ دەڵێ ئەم بەیانییەش یەکێك لەبەیانییەکانی پێش داهاتنی ئایینی ئیسلام نییە, لەسەر هەموو شوێنە بەرزەکان مەشخەڵی ئاگر دانرابوو. کەتۆزێ تەموو مژەکە رەوییەوەو مرۆڤ دەیتوانی جگەلە پیاوە باڵا ڕەشەکان خەڵکە رووسپیو باشەکانیش ببینێ.. لەبەردەم تەلارێکی بەرزی دێرینەدا بەدەست خۆم نەبوو نازانم بۆچی وەستام, دەرگایەك کرایەوە, کەبەرزییەکەی نەدەبینرا, ئەوەندەی چاوم بڕی کرد هەر دەرگاکەبوو چوو بوو بەئاسماندا.

حەپەسام سەرم داخستو لەوەدابوو بۆ بەدبەختیو چارە ڕەشی خۆم بدەمە پڕمەی گریان, بیرم دەکردەوە چی منی گەیاندە ئەم شوێنەو ناو ئەم دەرگایە.؟ بۆچی ئەم بەیانییەش نەگەیشتمە شوێنی کارەکەم, تۆبڵێی بەڕێوەبەرەکەم لێپرسینەوەم لەگەڵ نەکات, بەخۆشم دەوت ئیتر جارێکی تر من ناگەڕێمەوە ئەو ژیانەی جاران, خەیاڵم بەهەزار لادا پەرشو بڵاوکردوو هەرچۆنێك گەڕامو هاتمو چووم سەرەداوێك نەهات بەدەستمەوەو



تێنەگەیشتم ئەمە کوێیەو من چۆن گەیشتمە ئێرە.! تاکە شتێك کەسەرنجی راکێشام ئەوە بوو لەم شوێنەدا نە خانووی یەك نهۆمی هەبوو, نە سەرۆکی شارەوانیو ئەو خەڵکە بەپەردەی پەنجەرەکانیاندا دیاربوو کە چەندە مورتاح و شادن, ئاخر ئەو باڵەخانە چەند نهۆمیانە کێشەی ئاپۆرای دانیشتوانی ئەم هەرێمە گومناوەی تەواو چارەسەر کردبوو.

لەپڕ دەنگی زەنگێك هێنامییەوە سەر خۆو هێندەم زانی پیاوێکی بالأبەرزی کەتەی پۆشتەو پەرداخ, ریشێکی سپیو سیمایەکی نورانی هەبوو بێ ورتە پەلیگرتمو بردمی.. ئەو هیچی نەووتو منیش ترس ئەوکی گرتبووم. گەیشتینە پێش دەرگایەکی ترو بەراڕەوێکی دووروو درێژدا بردمی کەلانیکەم



دوو کاتژمێر ڕۆیشتین, هەر کە لەدەرگای دووەم بەرەو راڕەوەکە ئاودیوبووین, وێنەی یەکێك لەشەهیدەکان سەرنجی راکێشام کە هەر چەند کۆشام بیرم نەهاتەوە کێیەو نەشموێرا بپرسم. تاگەیشتینە کۆتایی راڕەوەکە بەدرێژایی ئەو دوو کاژێرە تەواوی دیوارەکان وێنەی شەهیدو سەرکردە کۆچکردووەکانمان بوون لەئێستاوە بۆ هەزارساڵ پێش ئێستاو ئەو دەمەی کە پەیامبەرمان زەردەشت ئاڤێستای دەنوسییەوە. لەهەمووشی سەرنج راکێشتر هەردوو وێنەی رێبەران (قازی محەمەدو شیخ سەعیدی پیران) بەتەنیشت یەکەوە و لەچوارچێوەیەکی ئالتونیدا هەڵواسرابوون, قازی زەردەخەنەیەکی بەلێوەوەبوو هەمان زەردەخەنەی کاتی لەسێدارەدانی کەبەجەلادەکانی پێدەکەنی, شێخ سەعیدیش فرمێسك لەچاوانی قەتیس مابوو, لەوە دەچوو بلێ بم بوورن کەنەمتوانی لەدەست گورگە بۆرەکان رزگارتان کەم..

هەر رۆیشتین تاگەیشتینە هۆلێکی چوارگۆشەیی , رایەخێکی دەست چنی تیاراخرابوو, دیوارەکەشی هەر هەمووی زەخرەفەی پێش داهاتنی تەلار سازی رۆژهەلاتیو ئیسلامی بوو, پیرێکی سەرو ردێن چەرمۆی نورانی لەسەر کورسییەکی تەختەی بەنەخشو نیگار رازاوە دانیشتبوو, بێ پاسەوانو پارێزەر, لەپشتی پیرەوە وێنەیەك هەڵواسرابوو کتومت پیرەی سەر کورسییەکە, هات بەبیرمدا تۆ بلێی ئەمەیش یەکێك نەبێت لە سەرکردە یا سکرتێری حزبێك چەشنی ئەو حزبانەی خۆمان.. لەپشت سەری پیرەی ناو وێنەکەدا خەرمانەیەك هەبوو کەئاماژەبوو بۆ موقەدەسیو مەزنی ئەو, دواتر لەکاتی قسەکردنی پیرە پیاوی سەر کورسییەکەدا بۆم دەرکەوت کەپیرەی ناو وێنەکە زەردەشت پەیامبەرە.! پیرەی سەر کورسییەکە کەوتە قسە, گەشبینی تەواوی قسەکانیو سیماشی گرتبۆوە, باسی هەموو شۆڕشو خیانەتەکانی کردوو بەکوڵو دڵ بۆ قازیو شیخ سەعیدی پیران گریا, ووتی: دوای حاجیو خانی کەونو مەهێڵن وەجاخەکەی بەدرخان کوێربێتەوەو دوای رۆژنامەو شارستانی بوون کەون.

بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە ئەو قسەی کردوو منیش بەپێوە وەستابوومو چاوەڕێی ئەوە بووم بلێ دانیشە.. بەلأم هەر نەیوتو لەقسەی خۆیشی بەردەوام بوو, تاگەیشتە سەردەمی ئەمرۆمانو هەستم کرد تەنیا وێنەکەی زەردەشت دیارەو دیوارو زەخرەفەکان نەماونو تەموو مژەکە هاتۆتە ژوورەوە. دوا قسەی پیرە پیاوی زەردەشتی یان دروست تر بلێین پیری موغان ئەمە بوو گوێگرە رۆڵە برۆرەوە بەوانی تریش بلێ: ( هەرگیز لەدەرگاکانەوەی لەپێدەشتەکان مەروانن, بەڵکوو لەپەنجەرەکانەوە ئاسمانو چیا ببینن ) ئەمە ئامۆژگاری زەردەشتی پەیامبەرمانە.! ئیتر پیرە پیاو دیار نەماو تەمو مژەکە تەواو رەوییەوە.



# سزای خۆشویستن..
# سزای خۆش نەویستن

ن: سمكۆ محەمەدی

دەنگی گۆرانی گوتنو ساز لێدان خەریکە گوێی کەڕ کات لەژێر تارا سپی یەکەیەوە بێ دەنگ فرمێسك دەرێژێ. دایکی زاوا لێی دێتە پێشو تاراکەی لەسەر لادەداتو بەنارەزاییەوە دەپرسێ: ئەوچیە کچێ بۆ دەگری یەکێك لەخزمەکانی ماڵی بوکێ بەچەپڵە لێدانەوە دەڵێ: ((هیچ نییە گریانی شادییە)) بەوقسەیە پیرێژن کەیفی سازبوو وە پڕ بەدەستەکانی نوقڵی بەسەردا هەڵهاویشتن.

شەوداهات(پەروین) یان لەگەڵ زاوا بەرەو یەکێك لە ژورەکان ڕەوانەکرد. پەروین سور سور داگیر سابوو . لەلایەکەوە شەرمو لەلایەکی ترەوە قین. قین لەو پیاوەی کەتاساتێکی تر وەك چۆن شێرێك هە ڕادەکاتە سەر ئاسکە کێویەکی بێ دیفاع. چنگەکانی لەولاو لەولای گیردەکاو بێ ڕەحمانە برینداری دەکات, ڕق لە دایكو باوکی کەبەزۆرەملێ بەشویان دا. ڕق لەبراکەی کەنەیهێشت پەروین شوو بەو کوڕەبکات کەماوەیەك بوو یەکتریان خۆشدەویست. ڕق لەو کوڕانەی کەنەیان دەهێشت لەمنداڵیدا کایەیان لەگەڵ بکا. شەرمیشی لەو پیرێژنە دەکرد کەلەلایان ڕاوەستابوو,پەروین لەمنداڵی یەوە وا بارهاتبوو کە((نەکەی لە کوڕ نزیك ببیەوە)),

(چارشێوەکەت بەخۆت دادە با خەڵك ئەندامت نەبینن)

(لەچکەکەت بەسەرت دادە نەکا کورێك موی سەرت ببینێ ) پیرێژن دەستەکانی بەرەولای هێناو لیباسەکانی لەبەر داکەنت, پەروین دەیهەویست نەیهێڵێ پیرێژنەکە لیباسەکانی لەبار داکەنێ, بەلاَم توانای جولاَنەوەی لێسەندرابۆوە. خۆی وەك بوو کەشوشەکەی دەبینی هیچ توانایەکی لەخۆی نیە, فرمێسك چاوەکانی داگرتبوو

بوغزێك لەگەروی دا گیری خواردبوو, دەیهەویست هاوار بکاتو ئەم بوغزە بەقیژەیەکی دورو درێژ لەگەروی دەرهاوێ. بەلاَم بێفایدە بوو دوودەستی گەورە توند توند شانەکانی پەروینی گرتبوو, کوڕەکە خێراخێرا دەستی دەگواستەوە بەولاو بەولای دا دێنا دەدگووت خەریکی کڕینی مەڕو ماڵاَتەودەستی پێدا دێنێ بزانی عەیبدارە یان نا تەنیا شۆرتێکی لەپێدا مابوو. تازە زاوا بەهێواشیو لەحاڵێکدا کە بەدوو چاوە زیتەکەی حەریسانە لێی دەڕوانی ئەویشی لێداناو دەستەکانی خۆی لەجێی شۆرتەکە دانا, هەستێك کەنەیدەزانی خۆشەیا ناخۆش پەروینی داگرتبوو وای هەست دەکرد کەهیچ وزەی تێدا نەماوەو خەریکە بکەوێ بێ ئیختیار خۆی لەبەر چەنگی



زاوادا وێڵ کرد .چاوی پیرێژنەکە لە دیتنی ئەو دیمەنە سور سور هەڵگەرابوو. بەپەلە کوڕەی کشاندەوەو گوتی ڕاوەستە پەرۆیەکی سپی ڕاخستو پەروینیشی لەسەر پەرۆکە راخست. لەچاو تروکانێکدا دووقاچی باریکی لەسەر شانی کورەکە بوو, کوڕەکە زیاترو زیاتر خۆی لێنزیك دەکردەوە هەتا نێو گەڵەکانیان بەیەکەوە نوسا. پەروین سەری سوری دەخوارد, کوڕەکە خۆی بەسەر دادە داو دەهاتوو دەچوو. پەروین زریکەی ماڵەکەی

پڕکرد, لەنێوان دووقاچەکەیەوە دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەتکاو پەڕۆ سپیەکەی سور دەکرد. پیرێژنەکە پەڕۆ سورو سپیەکەی هەڵگرتو بەخۆشیەوە چوەدەرێ‌و نیشانی دایکی زاوای داوو ئەویش بەپەلە جامێکی پڕ لەنقوڵی هێناو بەسەر منداڵاندا هەڵیخستەوە, هەموو ئەوانەی کەلەوێ بوون پیرۆز باییان بەدایکی زاوا دەگوتو چاویان لە دەسرەکە دەکردو دەیان گوت ڕەبی مەبارەکیان بێ. پەروین حەپەسابوو نەیدەزانی کە بۆچی خوێن ڕژانی ئەو ئەوەندە بۆخەڵك شادی هێنەرە.

***

پەروین بیری لەو شتانە دەکردەوە کە دەنگی مەلایەك بێدەنگیەکەی شکاند: (بسم الله الرحمن الرحیم) پەروینی



حاجی زادە کچی ئیبراهیم بەتاوانی کوشتنی مێردەکەی ڕەحمانی مەولودی بەسزای ئێعدام مەحکوم کراوە بەپێی شەرع و یاسا ئەمڕۆ لەبەر چاوی جەماوەر حوکمەکەی ئێجرا دەکرێ.

چاوەکانیان بەپەڕۆیەکی ڕەش بەست (2) ژنی موحەجەبی سەر تاپا پۆش پەلیان گرتو بەرەو ئەو سەکۆیەیان برد کەسزایی ئێعدامیان تێدا بەڕێوە دەبرد, 1..2..3.. پلیکان چووە سەرەوە 1..2.. لاقەکەیان گرتو لەسەر شتێکیان دانا (زانی کەئەو کورسییە کە لەژێر پێی لادەبەن‌و... ئەلفاتیحا. تا پەتەکەیان لەملی نەکرد هیچ نەدەترسا, بەلام دوای ئەو هەناسەی زۆر بەسەختی دەدا, دڵی زۆر زوو,زوو لێدەدا لەچاو خوشانێك دا ڕەحمان.. دایکی.. باوکی.. ئەو مەلایەی لە ڕەحمانی مارەکرد.. ئەومەلایەی لەدادگا حەکمەکەی پێدا.. ئەو مەلایەی ئەورۆ حکمەکەی خوێندەوە... هەمویان بەبەرچاو دا تێپەڕی. ڕازی مارەت کەین !!!؟؟؟ ڕازی بۆ هەمیشە ببی بەژنی ڕەحمان؟ !!.. دوایین دیفاعیەت لەخۆت چیە ؟؟؟- بەلام خۆ ئەو وەلامی هیچکام لەوپرسیارانەی نەدابۆ وە.. هەر حەپەسابوو, ئێشێکی زۆر ملی داگرت, ویستی هاوار بکات بەلام دەنگی دەرنەدەهات. بڕێکی لینگە فرکێکرد بەلام بێ فایدەبوو. دوای چەند خولەکێك دایان گرتە خوارێ هەستێکی سەیری هەبوو, وای هەست دەکرد سوك سوك بووە بەشێوەیەك دەتوانێ بفڕێ. بەلام نەیدەوێرا چاوی بکاتەوە, ئاخر ئەو مردبوو, بەترسەوە یەکێك لەچاوەکانی کردەوە. هەموو شتێك روناك روناك بوو, چاوەکەی تریشی کردەوە (ئۆخەی ئەو کوڕە هیچ کام لەمەلاکان لێرەنین, نەئەوەی مارەی کردم, نە ئەوەی حوکم.., مەلایەك دەستی گرتو ڕاست بردی بۆبەردەم خودا. (پاە) دووبارە لێرەش مەلای زۆر بە گلێیەوە ئەوەی بەخوداوت. خودا چاوێکی لێکردو بێ ئەوەی پەروەندەکەی بخوێنێتەوە بەدانەیەکی تری وت "بیبەن" لەوکاتەدا پیاوێکی تر کەلەلای ڕاستی خودا راوەستابوو بۆی هاتەتکا. نانا مەیبەن ڕاوەستن . هەر ئەوپیاوە چووە بن گوێی خوداو سرتەیەکی لەگەڵ کرد. خوداش دوای سەرتەکە وتی ((ئەرێ ڕاست دەکەی ئەرێ بۆ جەهەنم حەیفە, بیبەن بۆ بەهەشت)) پەروین پێی وابوو کە ئەوپیاوەی لە شوێنێك دیوە, یان لانی کەم تاریفی بیستووە, بەلام زۆر بیری کردەوە نەیزانی کێیەو لەکوێ دیو یەتی‌و یان لەکوێ ناوی بیستووە. هەرئەو پیاوە ئیشارەی دەستی پێ وت برۆ. ئەویش بەرەو ئەولایەی پیاوەکە فەرمانی دابوو, وەڕێکەوت. گەیشتە دارستانێکی خۆش, لەڕێوە زانی گەیشتوەتە بەهەشت, دارستانەکە زۆر چڕ بوو, بەنێودارەکان دا تێدەپەڕی, لەنێو دارەکان توشی3 ژنی جل سپی هات, سەرتاپایان بەسپی پۆشرابوو, هیچیان پێنەوت, هەردوو پیلیان گرتو دەستیان بەفڕین کرد. لەوکاتەدا وەبیر چیرۆکی کیسەڵ‌و مراویەکان کەوتەوە, هەربۆیە نەیوێرا هیچیان لێ بپرسێ,

چون پێی وابوو, هەردەمی لێك هەڵپچڕێ بەردەبێتەوە. کۆشکی جوان جوان لەژێریانەوە چاوی ئابڵەق کردبوو ئەوەندە تیژ دەفڕین کەتەنانەت نەیدەتوانی هاوار بکات, نەیتوانی, دڵی توند توند لێی دەدا,سور سور هەڵگەڕا بوو, ڕێك لەبەر دەرکی کۆشکەکە بەر بۆوە. پێی وابوو قاچی شکاوە هەربۆیە زۆر بەئەسپایی هەستا سەرپێ, بەڵام هیچی لێ نەهاتبوو.. بێئەوەی لەدرگا بدا چووە ژورەوە ناوکۆشکەکە زۆر تاریك بوو.. هیچی نەدەدیت. ورده ورده بەرچاوی ڕوناك دەبوو. یەکەم شت کەبینی کەچەند ژنێکی ڕووت ڕووت بوون کە وەك سێبەرێك دەیان نواند. ئەم ژنانە بەبێ سەرنج دان بەپەروین هاتو چۆیان دەکرد. سێ سێو چوار چواریش چەند ژنێکی تر لەگۆشەی دیوارەکان, ڕویان لەدیوارەکان کرد بوو. هیچ کام لەوانیش تەنانەت بەوەیان نەزانی کەکەسێ هاتۆتە ناو ماڵەکەیان. ئیتر برچاوی پەروین بەتەواوەتی ڕوناك ببوەوەو دەیتوانێ هەمووشتێك ببینێ. ئەو دیوە زۆر گەورە بوو.نزیکەی 40 تا 50 ژنی تێدا بوو کەهیچ کامیان جلو بەرگیان لەبەردا نەبوو. پەروین چوو بەرەولای یەکێك لەو کۆبونەوانەی گۆشەی دیوارەکە, (ئاە.. وەی.. ئاخ.. ئاە..)چەند ژنەکە دەستیان, خستبووە ناوگەڵی یەکتریەوە, خێرا ڕوی وەرگێرا, دەستی دەوری ڕان تراژێدیاکەی یەکەم شەوی بوکێنی وەبیردێناوە. ژوورەکە چەند درگایەکی هەبوو یەکێك لەدرگاکانی کردەوە, سێ, چوار پیرێژنی ڕووت, خەریکی چێشت لێ نان بوون. پێش ئەوەی هەست بەهاتنە ژورەوەی کەن دەرگاکەی پێوەداو هاتە دەرەوە. دەرگایەکی تری کردەوە, ژورێك بوو پڕ لەهەڵم (پڕبوو لەژنی ڕوت کەخەریکی شۆردنی یەك بوون) لەوێش دەنگە دەنگێکی وەك ژورەکەی هەوەڵ دەهات. زوو دەرگاکەی داخستو هاتە دەرێ. دەرگایەکی تری کردەوەو چووە ژورەوە, لە بەردەرگاکە لە جۆگەیەك کەوت کەئاوێکی خەستو خۆڵی پێدا دەڕۆیی. قیژاندی.. لەگەڵ قیژەکەی سێ کەس بەهاتنی پەروینیان زانی.. یەکێکیان دوانەکەی تری بەجێهێشتو بەرەولای هات.. دەستی خستە سەر شانیو بێ هیچ قسەیەك دەمی لەدەمی پەروین نا. پیاوێکی ڕەشتاڵەی سیس هەڵگەڕاو بوو. پەروین پاڵێکی بەپیاوەکەوە ناو کشاندێ دواوە. دوژمنەکەی تر وەك ئەو ژنانەی لەمیوانی بەگەزینی قامکیان منداڵەکانیان وە ئاگا دێننەوە کە عەیبەو نابێ شلوغی بکەن, قامکی خۆیانیان گەزی. پەروین بەوەی زانی کەکارەکەی تاوانێکی گەورە بوو, کەمێك ترسا, بەڵام خێرا بەسەر ترسەکەی دا زاڵ بوو, بەرەولای درگاکەڕای کرد, پیاوەکە کەرپیشێکی ماش برنجی درێژی هەبوو بەشەلەشەل وەشوێنی کەوت, پەروین لەکاتی ڕاکردنەکەی دا چاوی بەپیاوەکەوە بوو کەلە جۆگە خەستەکە کەوت, بەدیتنی ئەو دیمەنە دەستی کرد بەپێکەنین- ئەوەیەکەم جار بوو کە دوای مردنەکەی پێدەکەنی-بەڵام پێکەنینەکەی نەبوو بەهۆی ئەوەی کەلەڕاکردن بووەستێ. پیاوەکە هاواری کرد: (بیگرن!.. بیگرن!.. مەهێڵن هەڵێ!!.. بەڵام چیچ کام لەژنەکانی تر دەستیان لەئیشەکەی خۆیان هەڵنەگرت.

ئاگرێك لەولای دارستانەکەوە دیاربوو, بەرەولای ئاگرەکە کەوتەرێ هەرهەنگاوێکی زیاتر لە 100 متر بوو, بۆ خۆشی نەیدەزانی چۆن وای لێهاتووە. دوای 3شەو و ڕۆژ ڕاکردن جاگەیشت بەئاگرەکە, سەیر بوو چونکە پێرێ ئاگرەکە زۆر نزیك بوو بەڵام ئەو هەرچی ڕای دەکرد نەدەگەیشتێ. دەوروبەری ئاگرەکە بیابانێکی وشكو بێئاو بوو. زۆر تونی بوو بەڵام هیچ ئاوێکی لێ نەبوو تینی ئاگرەکە نەیدەهێشت لەوەزیاتر بڕواتە پێشێ, کوڕێك لەچەند مەتری ئاگرەکە کەوتبوو. یەکەمجار کەدینی پێی وابوو مردووە, بەڵام هێشتا هەناسەی دەکێشا. چوو کورەکەی لەسەر شانی دانا. کوڕێکی ڕەش پێست بوو. ئەوەندە لەو بەرگەرمایە بوو, لەهۆش خۆی چوو بوو.. بەرەولای دارستانەکە وڕەی کەوتەوە, بەڵام ئەوجارەیان لەهیچ نەدەترسا, بەچەند خولەکێك گەیشتەوە دارستانەکە, زۆری بەلاوە سەیر بوو, خۆجارەکەی پێشوو 3 شەوو ڕۆژی پێچوو هەتا گەیشتە بیابانەکە. کورەکەی لەژێر دارێك خەواند, شنەیەکی فێنك گەڵای دارەکانی ڕادەژاند. هەرچەند چاوی گێرا ئاوی



نەدیت. سێوێکی لەیەکێك لە دارەکان لێکردەوە. بەدەستی سێوەکەی قاش کردو بەکوڵمەی کوڕەکەی داهێنا. کوڕەکە چاوی لیك پشکووت:

(سسسس–

پەروین بەدەنگێکی نزم وتی! : بۆ؟

کافر من ڕام کردووە

پەروین کەئەوەی بیست بێ ئیختیار دەستی کرد بەپێکەنین, بەلاّم بۆ ئەوەی دەنگی زۆر نەچێ, توند دەستی بەدەمی خۆیەوە گرت.

–بۆ پێدەکەنی"

+سەیرە, ئاخرمنیش ڕام کردووە. ڕاستی, تۆ بۆچی ڕات کرد؟

من نزیك 300 ساڵ لە وەپێش کۆیلەی کابرایەکی سپی پێست بووم, ڕۆژێکیان لەدەستی ڕام کرد. بەلاّم گرتیانمو وتیان خەلافی شەرعت کردووەو سەریان بڕیم, هەتا ڕەشەکانی تر نەوێرن ڕابکەن. ئێستا دەیان هەویست ببمە کارەکەری کابرایەکی سپی پێست, ئەوەبوو کە.. ئەی.. تۆ.

پەروینش هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە.

وردە وردە شەو داهات, کوڕەکە ڕووتو قووت بوو, شنەباکە ساردتر ببوو. پەروین جلەکانی داکەندو کوڕەکەی لەباوش گرتو بەخۆیانی دادا. لەوەتا مردبوو نەخەوتبوو, لەباوەشی کوڕە ڕەشەدا هەستی بەئارامیەکی بێ وێنەدەکرد. خەوێکی قوڵ دایگرتبوو,کوڵمەی بەکوڵمەی کوڕە ڕەشەوە ناو چاوی لێك نان.

بەیانی کە لەخەوهەستان هەردوو چاویان بەسترابوو.3ژنی ڕەش پۆشو 3 پیاوی سپی پێست ژێر باڵیان گرتنو لەسەکۆیەك بردیاننە سەرێ. پلی کانەکان یەك.. دوو.. سێ.. لاقەکان چوونە سەر کورسیەکە یەك.. دوو..

**

# ئادەم و حەوا "شانۆنامە"

نوسینی: یەڵماز ئۆردوغان
وەرگێڕنی بۆ فارسی: بارام رەحمانی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: کەریم ئەمانی

**بەڕێوەبەری بەرنامە:**

شەوتان باش، هاوجنسەکانو هەروەها جنسە جیاوازەکان بەخێربێن..

وەك دەڵێن هونەری ژنان زاڵبون بەسەر پیاوەکان دایە، بەڵام بۆچونی زاڵ هی پیاوانی ستەم کارە لەحاڵێك دا بونی مرۆڤەکان بەیەك گرتنێك پێك دێو بونەوەر گەلێکی جوان، لەلایەن ژنانو پیاوانەوە دوبارە بەرهەم دێنەوە! لەبنەڕەتەوە مەعلوم نییە چ شت گەلێك دەستیان داوەتە دەستی یەکتر بۆ ئەوەی کەستەم کارو ستەم لێکراو هەبێ. ڕیشەی ئەو کێ بەرکێ ناحەقە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئەمانە بەشێك لەو مەسەلانەن کەلەپرۆگرامی ئەم شەوماندا دەبنە پرسیار. ئادەمو حەوا بەیەکەوە توشی خەتایەك بون. تاوانەکەشیان بەیەکەوە وەرگرتو بەرواڵەت ئێمەیان دروست کرد!.. بابزانین کارەساتەکە چۆن رویدا:

ئەو رۆژە ئادەم (باوك) غەم بارو بێ حەوسەلە لەدەوری بەهەشت دەخولاوە. لەناو بەهەشت دا غەیری ئەو ئادەمێکیکەی تێدا نەبو. وە لەوەی کەهەموو رۆژەکانی وەك یەك تێپەڕ دەبوو حیسابی وەڕز بو! لەو حاڵەدا لەدارسێوە قەدەغە کراوە کەنزیك بۆوە. (بەڕێوەبەر لەسەحنەکە دەچێتە دەرێ) ئادەم (باوك) دێتە ناو سەحنەکە لەناو سەحنەکەدا دارە سێوێکی لێیە، تابلۆیەك کەلەسەری نوسراوە "خواردنی سێو قەدەغەیە" بەدارەکەوە هەڵواسراوە. بەڵام سەرەڕای ئەوە ئادەم (باوك) سێوێك لێ دەکاتەوە هەرکەدەی هەوێ گازی لێ بگرێ (حەوا دێتە ژورەوە).

**حەوا:**

سەیرکە ! بەهیچ شێوەیەك نابێ بیخۆی! مەگەر نازانی سێو خواردن قەدەغەیە؟ ئەو تابلۆیەت نەدیوە؟

**ئادەم:**

ئەی خودای من، بسم اللەم کوتو، قەدەغە بون دەستی پێ کرد، ئاخرمان خێر بێت! تۆ کێی؟

**حەوا:**

من حەوام!

**ئادەم:**

بەختەوەرم منیش ئادەم.. بەڵام هێندێك ئادێم بانگم دەکەن. زۆر باشە تۆ لەکوێوە هاتی؟

**حەوا:**

من لەئیسقانی پەراسوی تۆ دروست کراوم!

**ئادەم:**

وا نەڵێی؟ سەیرە چ پەراسویەك لەمن دا بوو؟

**حەوا:**

لەڕاستیدا منیش لەوە تێ نەگەیشتم. بۆچی من لەئێسقانی تۆ دروست بوم؟ بۆچی تۆ پێش من دروست کرای؟

**ئادەم:**

بەڵێ وایە!

**حەوا:**

بۆچی وایە؟ بڕیارە منو تۆ پێکەوە بنەماڵەی مرۆڤایەتی بەرهەم بێنین! بەرپرسایەتێکەشمان یەکێکە!

**ئادەم:**

باشە من پیاوم!

**حەوا:**

ئەهە، ئەهە، ئەهە؟ چی بو؟




**ئادەم:**

بەهەرحاڵ وایە! من باسکم هەیەو لەتۆش بەتوانا ترم!

**حەوا:**

دایناسۆرەکان لەئێمە بەتواناترن!

**ئادەم:**

من لەتۆ کۆڵکن ترم!

**حەوا:**

مەیمونەکان لەئێمە کۆڵکن ترن!

**ئادەم:**

من بۆ میزکردن مەجبور نیم دانیشم!

**حەوا:**

وەڵامی ئەو مەسەلەیە نادەمەوە؟

**ئادەم:**

حەق بەتۆیە، قەسەیەکی بێ جێم کرد.. بەڵام هەرچییەك دەبێ بابێ، خوداوەند منی بەر لەتۆ دروست کردوە!

**حەوا:**

لەراستیدا پێم وایە ئەمە شتێکی سروشتییە.

**ئادەم:**

لەبەرچی؟

**حەوا:**

لەبەر ئەوەی کەپێشی لەدروستکردنی شاکارە هونەریەکان، ماکێتەکانیان دوروست دەکرێ! بەهەرحاڵ لەوانەگەرێ، ئێمە دو مرۆڤی یەکسان بین‌و ژمارەیەك خوشك‌و برا بۆ مرۆڤایەتی دروست بکەین! دەڵێی چی؟

**ئادەم:**

زۆرباشە. بەڵام پێش لەهەموو شتێك سێوەکە بخۆین! حەتمەن دەبێ بیخۆین!

**حەوا:**

قەدەغەیە!

**ئادەم:**

ئەگەر قەدەغەیە نەبوایە لەبنەڕەتەوە هێندەم پێداگری لەخواردنی نەدەکرد! خۆشییەکەی هەر لەوە دایە!

**حەوا:**

بەڵام تاوانەکەی گەورەیە!

**ئادەم:**

ئەوەش خۆشییەکەی زیاتر دەکات!

**حەوا:**

ئەه، چی بکەین، ژیانی هاوبەشە، نیوەی بدە بەمن! دروست کاتێك کەدەیان ویست گاز لەسێوە کەبگرن، گرمەیەك لەئاسمان هەستا، بروسکەی لێداو..

**حەوا:**

ئەی وای! دییت سێوت دەرخوارد داین وەزعی ئاوو هەوا گۆڕدرا! لەباڵکانەوە شەپۆلی هەوای سارد هات! (ڕوبەتماشاچێکان) بەڵام فەرق ناکا هەوا هەر جۆرێك بێت، هەر ئەوەندە بەس کەهەوای ئێوە باش بێت!

چراکان دەکوژێنەوە ئادەم‌و حەوا لەسەحنەکە دەچنە دەرێ‌و بەڕێوەبەر دێتە سەحنەوە.

**بەڕێوەبەری سەحنەکە:**

ئادەم‌و حەوا بەهۆی خەتایەکەوە کەلێیانی ڕودا ڕەوانەی سەرکورەی زەوی کران‌و بەم جۆرە دەستی پێکرد پێوەندی ژن‌و پیاو سەردەمی مرۆڤایەتی. لەراستیدا سەرەتایەکی باشی بوو بەڵام مەسایلی سەیرو سەمەرە لەدونیادا ڕویدا. شەڕەکان لەمێژودا تۆمارکران، بەتواناکان لاوازەکانیان خوارد، ماسی گەورە ماسی چکۆلەتری قوت دا! زۆر دارەکان ئەوەندەی لەتواناییان دابوو شەڕیان کردو ئێستاش شەڕ دەکەن.. ژنان لەو هەلومەرجەدا داماوو سەرلێ شێواو ماونەوە. ئەوان هێندێك کات پەری‌و هێندی کاتیش شەیتانیان پێ دەوترێ! لەهەرحاڵ ژنان لاوازن! بەهەرحاڵ بەسەرهاتەکە درێژ نەکەینەوەو بگەڕێنەوە باسی ڕێویەکان‌و مەسەلەی ئەمرۆکەمان!

دوردانە، ژنە دێهاتیەکە دێتە ناو سەحنەکەوە.. دەست دەکا بەدرونەوەی جۆ..

**بەڕێوەبەری سەحنەکە:**

هەر لێرەدا ئاماژە بەنمونەیەك دەکەین (رو لەژنە دێهاتێکە) ماندونەبی!

**دوڕدانە:**

.. .. .. ..

**بەڕێوەبەری سەحنەکە:**

خوشکم ماندونەبی!

**دوڕدانە:**

ئەگەر شووەکەم لەگەڵمدا نەبێت قسەناکەم! هۆیەکەشیت لێم نەوێ!

لەو کاتەدا دەنگی بابۆر، مێردی دوڕدانە دەگاتە گوێ.

**بابۆر:**

دوڕدانە! کچێ دوڕدانە!

**دوڕدانە:**

(ڕو لەبەڕێوەبەر) بڕۆ لێرە! ئەگەر شوەکەم لێرە بدبینێت دڵو ریخۆڵەت دێنێتە دەرێ.

**بەڕێوەبەر:**

ئەگەر وابێت شەوباش (خێرا لەسەحنەکە دەچێتە دەرێ)

بابۆر دێتە ناوەوە..

**بابۆر:**

ئەه دوڕدانە تۆ لێرەی؟ چاولێکە چۆن فکرێکم بەنەزەر گەیشتووە؟ دەڵێم ئەم خانوەمان خراپ بکەینەوەو لەجیاتی ئەو ئاپارتمانێکی دو نهۆم دروست بکەین، چون دایکم گلەیی لەچکۆلە بونی خانووەکەیە.

تۆ دەڵێی چی؟

**دوڕدانە:**

ئای دروست کەین!

**بابۆر:**

پێویستیەکمان بەکرێکار نییە، خەرج‌و موخارجەکەشی تۆ دابینی دەکەی‌و ئاسن‌و کەرەسەی ژێر بیناکەشی هەرتۆ جێبەجێی دەکەی، دیوارەکان‌و پەنجێرەکانیش دروست دەکەی تەنیا تێ گرتنی شوشە پەنجێرەکان دەمێنێتەوە کەئەویش بۆ خۆت بەڕێوەی دەبەی!

**دوڕدانە:**

ئەه ، بڵێ کەمن بێکارم، منیش دەبێ کارێك بەڕێوەبەرم.

**بابۆر:**

دروستی دەکەین، دروستی دەکەین! دەڵێی چی دەتوانین بیکەین؟

**دوڕدانە:**

دەی کەین، پیاوەکە، دەی کەین! (دوڕدانە، هەروا سەرقاڵی گیا کۆکردنەوەیە)

**بابۆر:**

کچێ دوڕدانە، تۆ زۆر ماندوبوی، تەواوی کە ئەو کارە.

**دوڕدانە:**

کەمی ماوە پیاوەکە، ئەوا تەواو دەبێت!

**بابۆر:**

من دەڵێم ماندوبوی، کارەکەت تەواوکە، منداڵەکان بخەوێنە زووکە!

**دوڕدانە:**

دەیان خەوێنم پیاوەکە، زگیان تێرکەم‌و دوایە بیان خەوێنم.

**بابۆر:**

کچێ عاقڵ دەڵێم ماندوبوی، دەڵێم بڕۆین، بکەوەڕێ! تماشا، لێت دەدەم ها!

(دەستی دوڕدانە دەگرێ)

**دوڕدانە:**

چی؟ بەم گەرمای نیوەڕۆیە لەکەللەتی داوە؟ دەستم بەردە! هێندەم جۆ درۆتەوە ماندوبوم!

**بابۆر:**

بەتۆ دەڵێم بکەوەڕێ! لەبنەوە لەقاوەخانە سرت‌و خورتیان بوو دەیان گوت چۆن بابۆر، ژنی زگ پڕی بەتەنیا جێ دەهێڵێت، بەعەلاوەی ئەوە وەختێ کەتۆ کار دەکەی ئەندامی لەشت جۆرێك دەلەرێتەوە کەمرۆڤ لەشی هاوار دەکات! رێ کەوە!

**دوڕدانە:**

ئاها، من دەڵێم بەرمدە!

**بابۆر:**

کچێ شێتە خۆشم دەوێی!

(عشق بازی) دەست پێ دەکات..



**بابۆر:**

کچێ خۆشم دەوێی! یەکەم جار کەلەسەر کانی چاوم پێت کەوت، بەخۆمم گوت بابۆر، چاو لەو ئەندامەکە! کوتەك لێدانی ئەو ژنە چ کەیفێکی هەیە!

**دوڕدانە:**

سویندت دەدەم راست بلێ، دەرفەتی دوو کەلیمە قسەی حیسابی بەیەکەوە نادۆزینەوە، من دایم زگم پڕە. یانی ئەوە بەمانای خۆش ویستنە؟.

**بابۆر:**

کچێ تۆم خۆش دەوێ. بەهەیکەلی تۆ. 9 مندالّ بەهەیکەلی تۆ دێ. شانەکانت بەدەردی دار لێدان دەخواتو زگت بابەتی مندالّ. لەئاوا حالێکدا منیش کەردەبم! کچێ تۆم دەوێ!

**دوڕدانە:**

ئەمنت خۆش دەوێ؟ وەك دەلێن دەی هەوێ ژیانم پێ بدا! هەروەکو ژنە شارییەکان من ناچار نیم شۆرتی باوکت پشۆم؟ مەگەر بڕیار نەبو مالّی سەربەخۆمان بێت؟ مەگەر بڕیار نەبو بمنێریە فێرگەکانی خوێندن؟ مەگەر بڕیار نەبو ئەستانبولّم پێ بدەی؟ مەگەر بڕیار نەبو بنێشتو ئاوێنەم بۆ بکڕی؟

تۆ منت خۆش دەوێ ئەرێ ؟ !

**



ئەم بەشە فایلێکی ئازادە و هەر جارە و تایبەت بە بابەتێکە

# ئایین !

- جیاوازی نیوان جیایی دین لەدەولەت وجیایی دین لەسیاسەت
- دین
- چاوخشاندنێك بە سەر مێژوی ئیسلامدا

# جیاوازی نیوان جیایی دین لەدەولەت وجیایی دین لەسیاسەت

ئامادە کردنی: مەحەمەد وەلەدی

جیایی دین لەدەولّەت خواستێکی دیموکراتیکە لەحالێکدا کە جیایی دین لەسیاسەت داخوازێکی لیبرالانە و فریوکارانەیە.

ئاین وەك هەر ئیدئۆلۆژیەکی دیکە مۆرکی چینایەتی دیاری کریاوی هەیە و لەخزمەت بەرژەوەندی مادی و زەوینی چینێکی دیاری کراودایە. تەواوی ئاینەکان بە ئینکاری سەرچاوە واقعیەکانی ئازارەکانی مرۆڤایەتی و ستەمێك کە لەتەوای رەنجبەران ئەچێت، بە مژدەی ژیانێکی ئاسودەی دوای مردن ولەجیاتی خەبات بۆ گۆرینی ژیانی واقعی زەوینی، بە پێك هێنانی درزو دوبەرەکایەتی لەنێوان تەوای رەنجبەران بەپێی بۆ چوونە ئاینیەکەیان، بە دژایەتی هەتاهەتاییان لەبەرانبەر هەر چەشنە گەشەکردن و پیشکەوتنی زانستیو فەرهەنگی بەشەری لەدرێژەی مێژودا لەخزمەت چینە چەوسێنەرەکانو لەم قۆناغەیشدا لەخزمەت چینی سەرمایەدار دایە. ئەمە رۆڵێکە کە ئەمرۆ کە ئایینە جیاجیاکان لەولاّتە جۆراو جۆرەکاندا, جیا لەهەر شێوەیەکی دەسەلاّتداریەتی،لەئەستۆیانە.

ئاینی شیتو لەژاپۆن, بودائیسم لەهێند, ئیسلام لەئێرانو عەرەبستان, مەسیحیەت لەلهستانو ئەمریکا لەبنەرەتدا هەر ئەو رۆلەتاكو تایبەتەی هەیە کە ئاینی کلیمی لەئیسرائیل هەیەتی. ئەو رۆلەتاكو تایبەتیە هەمان بلاّو بوونەوە نەزانیو دواکەوتوییە, پێك هێنانی دوبەرەکایەتی لەنێوان کرێکاران, بانگهێشت کردنی کرێکاران بەهێوریو تاقەت هێنانی لەبەرامبەر ستەمو چەوساندنەوەی چینە دەسەلاّتدارەکانو لەیەك وتەدا قایم کردنو پیرۆز کردنی پەیوەندی چەوسێنەری ئێستایە.

بەم پێیە تێبینی دەکرێ کە ئایین بەدیاری کردنی جێگاو شوێنی لەپەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکانی ئینسانەکان, دیاردەییکی چینایەتیو بەم پێیەش سیاسیە. بەم شێوەیە ڕون ئەبێتەوە کە خواستی جیایی ئایین لەسیاسەت پوچو بێ مانایە. جیایی دین لەسیاسەت, یانی ئەوە کە ئایین رۆلّو مەودای سیاسی نییە. لەپراکتیك دا بەم مانەیە کەئایین چیتر ئایین نەبێت. بەلاّم کەسانێك بۆ جیایی دین لەسیاسەت پروپاگەندە ئەکەن ئینسانهاییکی تێنەگەیشتوو ونەزانن.

بەلّکو وشیارانە بەئامانجی بەلاریدابردنو فریوی کەسەکان باسی لێوە دەکەن. بوروژوازی بەنەخشەو دروشمی جیایی ئایین لەسیاسەت بەدوای چ مەبەستێکەوەیەو مانای بەکردەوەی دروشمەکانیان چیە؟

مەبەستی دارو دەستەکانی سەرمایەداران لەجیایی دین لەسیاسەت, دەستێوەرنەدانی ئایینو دامو دەزگای ئایینەکان لەکاروباری دەولّەتیدایە, هەر ئەمە دەستی ئایین لەهێزودەسەلاّتی دەولّەتی کورت بێت, هەرئەمە کە پەسەندی یاساکانی دەولّەتی پێویستو گونجاندنی لەگەلّ ئایەتو رەوایەتی ئایینی نەبێت, بەسە, کە لەگەلّ بور ژواکان رایگەیەنین کەئاین لەسیاسەت جودایە. لەحالێکدا ئەمە درۆیەکی ئاشکرایە. ئایین تەنانەت ئەگەر لەکاروباری دەولّەتی دەستێوەرنەدات, هەروەها خاوەنی رۆلّو بەکارهێنانی سیاسیەوە. هەر ئاینێك بەهەر

رادەیەکیش کەببێتە ئەمریکی تاکەکەسی یان ببێت بە پەیوەندیەك لەنێوان تاكو ئەودیوی سروشت(ماوراو تەبیعت) هەم دیسان لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە دیاردە یێکی سیاسیە.

ئەمە دیاردێیکە کە ئەگەر سەرکوت وستەمی ئیسلامی سەرمایەداران کەسێکی گێژ نەکردبێ بەتەواوەتی رونو شیاوی پێزانینە. ئەمرۆکە سەرەڕای ئەوەی کەئایین لەزۆربەی وڵاتە ئوروپایەکان ئەمریکی تاکە کەسی ڕاگەیەندراوە بەڵام ئایینو بەتەواوەتی سیستمی کلیسایی لەخزمەت دەوڵەتەکانو دەسەڵاتدارانی سەرمایە دایە. ئەم خاڵێکە کە کرێکاران دەبێ بەتەواوەتی بەزەینیانی بێ بسپێرن. ئەم سەرمایەدارانەی کەجیایی دین لەسیاسەت پروپاگەندە دەکەن لەلایێکەوە تێ دەکۆشن کەبەبڵاو کردنەوە ئەم ئیدەیەکە گوایە ئایین دەتوانێ لەسیاسەت جیابێت, کرێکارانو زەحمەتکێشان فریوبداتو لەلایێکی ترەوە بەلابردنی سلسە مەراتبی ئاینی لەهێزی دەوڵەتیو دانانی کەسانی غەیری مەزهەبی لەدەستەڵاتی دەوڵەتیدا بواری دەستێوەردانو بەکاربردنی مەزهەب لەلایەن دەوڵەتی غەیرە دینییە وەبرەخسێنێ.

تەواوی بوژواکان بەرۆڵو کارگێری چینایەتی مەزهەب وشیارنو لایەنگرانی جیایی دین لەسیاسەت پەرۆشی ئەوەن کەدین بەدەستیوەردانی خوی لەسیاسەتو فەرمانی زەوینی، تایبەتمەندی سەیرو سەمەر ئاینی سیحرەکەی خۆی لەدەست بداتو بەدەرکەوتنی سروشتە واقعیەکەی، لەرخنەو کاریگەریەکانی لەنێوان کرێکارانو زەحمەتکێشان کەم بیتەوە. ئەمە خاڵێکە گرینگە کەوتەبێژانی سەرمایەداران زۆر جار ئاماژەیان پێکردوەو لەدژی دەستیوەردانی مەزهەب لەسیاسەت تەنانەت (حەزرەتەکانی ئاییینیشیان) لەم مەسەلەیە وریاکردوەتەوە. بەڵام خواستی جیایی دین لەدەولەت بەچ مانایە؟ پیشتر ئەم خاڵەئیشارەمان کرد کەدین لەهەموو جێگاییك لەبنەڕەتدا لەخزمەت چینە داراکانو سیاسەتەکانی ئەوانایە. چ لەئێران بەدەسەڵاتی کۆماریی ئیسلامیەکەیەوەو چ بۆ نمونە لەوڵاتێکی لیبرال. بەڵام ئەمە هیچکات بەو مانایە نییە کەدین لەهەموو جێگاییك خاوەنی هاوسەنگییكو بەکارهێنانێکی یەکسانەو بەیەك شێوە لەخزمەت چەوسێنەراندایە. ئەمرۆکە ئیسلام لەئێران نەتەنیا وەك مەزهەبێکی دیکە وەکو تریاك، ئامرازی تێك روخانو خۆ بەدەستەودانی کرێکارانە، بەڵکو بنەڕەتی یاساییو داپوشانی ئیدئولوژیکی هارترین دەسەڵاتی سەرمایەداریشە.

ئەگەر خورافاتی مەزهەبی لەخزمەت فریوو، هۆی خۆ بەدەستەودانی کرێکارانو زەحمەتکیشانەو ئەم تلیاکە بەردەوام هەر رۆژەو هەر سەعاتێك لەلایەن دامەزراوە دەوڵەتیەکان پەرەی پێ دەدرێت، دەبێ خوازیاری ئەمە بین کەهیچ دەوڵەتێك لەپروپاگەندەی مەزهەبی پشیتوانی مادی نەکاتو دامەزراوە دەوڵەتیەکان لەخزمەت پەرەپیدانی ئەم خورافەو دواکەوتویەدا نەبێت. ئەگەر مەزهەبی رەسمی بەئاشکرا ستەمێکە لەسەر تەواوی کرێکارانو زەحمەتکیێشانەو هەر ئەو کەسەیش کەبیەوێ لەبەرانبەر ئەم نەزانیو دواکەوتوییە، زانستو زانستی بیرکرانەوە دابنێتو کرێکاران لەم خاڵەوشیارکاتەوە بەسزای مردنو کوشتو بڕ وڵام ئەدرێتەوە، دەبێ خوازیاری دەوڵەتێك بین کەمافی بەدواکەوتنو سزادانێك لەدژی هەرچەشنە باوەڕێکی مەهەزبی و یان نامەزهەبیو پروپاگەندەی دژی مەزهەبی نەبێت.

ئەگەر ئەمرۆکە مەزهەب رەسمەن لەسەرەتایی ترین تەمەنەوە لەقوتابخانە سەرەتاییەکان و خوێندنگاکاندا بەزۆر بەسەر منداڵاندا دەسەپێندرێو دەسکەوتەکانی زانستی مرۆڤایەتی بەهۆی دژایەتیان لەگەڵ مەزهەبەوە سانسور دەبن، بەم جورە دەبێ خوازیاری جیایی دین لەراهێنانو بارهێنان بین. ئەگەر مەزهەب هۆی پیکهاتنی دوبەرەکایەتی لەنێوان کرێکارانو زەحمەتکێشانە دەبێ خوازیاری دەوڵەتێك بین کەلەبەرانبەر هەر چەشنە مەزهەبو هەبوونو یانەبوونی هەر باوەر یا بێ باوەری بەمەزهەبی نەبێت، ئەگەر سیلسلەمەراتبی مەزهەبیو دامەزراوە مەزهەبییکان لەبەرینترین شێوە لەلایەن

دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکرێتو سیلسلەمەراتبی مەزهەبی هەروەك سیلیسە مەراتبی ئەرتەشو بوروکراسی، خاوەنی تایبەتمەندی مادیو قودرەتوو هێزی سیاسیە، دەبێ خوازیاری دەولەتیك بین کەهیچ چەشنە پشتیوانیکی مادی لەسیلسە مەراتبی مەزهەبیو دامەزراوە مەزهەبیکان نەکات، دەوڵەتێك بەم خەسڵەتانەوە، دەوڵەتێکە کەلەمەزهەب جیا بێتو ئەمە یەکەم هەنگاوەو دەبێت جەغتی لەسەر بکریتەوە کە، یەکەم هەنگاو لەم ریگەدا ریگەی رزگاری مرۆڤایەتی لەم جەهلو دواکەوتویەیە.

تەنانەت بەهەر رادەییکیش دەولەت لەدەستێوەردانی مەزهەب جیا کرابێتە وە مەزهەب هەر خاوەنی رۆلو کارگێری سیاسیە. هەر بۆیە دەبێ بەوشیاریەوە لەبەرانبەر ئەم دوو دەستەواژەیە واتە جیایی دین لەدەوڵەتو جیایی مەزهەب لەسیاسەت وردبینەوەو دەبێ لەشێوەی رێکخراوەو بەتاکو بەکۆمەڵ دروشمی رەوای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمە جیایی دین لەدەوڵەت بەرزکەینەوەو لەبەرانبەر فریوکاری بۆرژوا قازانج پەرستەکانو شەمشە کوێرانی دواکەوتوودا بێ دەنگ نەبین.

**


خۆشاڵیانی
دۆستانی پێشەنگ!
گۆڤارەکەمان بۆ بەردەوامی پێویستی
بە یارمەتی ماڵی ئێوە هەیە.
بەڕێوەبەران

# دیــن

سەرچاوە: سایتی گوڵشەن

وەرگێڕانی: عوسمان-م



خەڵكانێك ئەڵێن : (ئیمان مەنتق ودەلیلی ناویٚ) ئەمە تەنیا گوێڕایەڵیەكی بیٚ دەلیل, بەڵام پتەو وبیٚ دوودڵیە بەشتێك كە كەسێك بەبڕیاردان بەوەیكە ئەگەر مەنتقیش ئوسولی ئیمانی ڕەدبكاتەوە, دیسان ئیمانی بەو شتەببیٚ. ئەم كەسە تەواوی مێشكی خۆی بەبیٚ هێشتنەوەی هیچ كونو درزێك بۆشك وگومان, داوەتە دەست ئیمانی .

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم پێناسەیەی ئیمان, كاتێك كە عقڵو شعووری ئینسانی بۆ سەلماندنی هەرشتێك دەلیلو مەنتق و تاقیكردنەوەی زانستیئەویٚ. موسوڵمانەكان, ڕێگای هەڵهاتن لە باسەكان دەگرنەبەر .

بۆ نموونە لە باسە كۆن و تەماویەكانیان هەمیشە كاتێك ئەبن بەتەڵەوە وگیر ئەكەنو وڵامیان پیٚ نییە, ئەڵێن عەقڵی بەشەر لەئاستیخوا و قورئان دا نیە,و بەشەر بەشیاوی دەركو باسی دینی نازانن. بەڵام خۆیان بۆ دیندار كردنی بیٚ دینەكان, بەهەمان عەقڵی بەشەری كە حەقیاینەتی لە دەركی ڕاستیەكان دا رەد دەكاتەوە, لە بابەت چۆنیەتیو دەلیلی باشی دین, قسەمان بۆ ئەكەنو ئەیانەویٚ , عەقڵی بەشەری خەڵكانیتر بۆ قەبوڵكردنی خورافەتی دینی قانع بكەن . هەرچەندە لەئاستی كۆلكە خوێنەوارە بیٚ دینەكانیش دا هیچ دەلیلو مەنتقێكیان بۆ سەلماندنی ئیدیعاكانیان نیە, هەمیشە هەوڵ ئەدەن پەنا بۆ ترسناكترین خورافاتو گەورەترین ئیدیعای موعجزە ڕوو نەداوەو درۆینەكانیان بەرن. بەڵام دەلیلێكیان بۆ راست بوونی موعجزە كانیشیان نیە, بەپاڵپشتی ریوایاتی درۆینەی حەدیسەكان, حوكمی دروستو راست بوونی قسەكانیان ئەدەن, بەبیٚ ئەوە یكە بەر لەم حكوم دانە, قسەكانیان بەمەنتقو دەلیل بسەلمێنن. بەشێك لە موسوڵمانەكانیش كە ئەیانەویٚ ئیمانیان بەپێچەوانەی زانستو عەقڵ نیشان نەدەن ئەڵێن: ئەوەی ئێمە ئیمانمان پێیەتی, وەك زانستەكە دانشمەندان ئیمانیان پێیە.

بەڵام هەر منداڵێكی مەكتەبیش دەزانیٚ كە ئەگەر دانشمەندێك باوەری بەزانست تكنیكی ئەمرۆی جیهان هەبیٚ, یەقین باوەری بەئیمانێكی موقەدەسو گۆڕان هەڵنە گر نیەو بەخاتەمی ئەنبیایی نازانیٚ كە كۆتایی زانستو تەكنیكی جیهان بیٚو بەزانینی شتێكی باشتر لەو, نەكرێت دەست لەقودسیەتی بدریٚو بیگۆردریٚ. چونكە خودی دانشمەندو زانستویست هەمیشە بەدوای ناسینی زانستێكەوەیە كەزانستەكەی ئەمرۆی بگۆڕیٚو دیاردەی تەكنیكی باشترە, لەرێگای زانستی باشتری سبەی رۆژ خۆی, بۆ بەشەریەت ساز بكا,

لە راستیدا ئەگەر باشو خراپ بە پێوەری ئینسانیو یان نائینسانی هەڵسەنگێنین, ئەوەیكە بەشەر تێدا ئازادەو سەربەستو نیازی پێیەتیو دەژی, ڕەوتو ڕەواڵی گۆڕانكاریە, و ئەگەریش بەزەبری كوشتاریش بەرەو دووا ببرێتەوە , دیسان ژیانی ناوەستیٚ. خەڵكی

کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان, رێگا و رەوشتی زانستی یان گرتۆتە پێش و بۆ ئەم رەوتە بوارو زەمینەی گەشەی زانستو سەنعەتیان بۆخۆیان پێکهێناوە کەبە بەرەکەتی ئەم رێبازە ئامرازی تکنیکی پێشکەوتوو و ئابوری باشتریان هەیە. بەهۆی ئەوەیکە ئابوریو کەلتورو سیاسەتو لەش ساغیو پێوەندی کۆمەڵایەتیو تەواوی کاروبارەکانی سیستمێك لەسەر یەکتر کاریگەریان هەیەولێك جیانین, ئاوا کۆمەڵگایەك لەچاو کۆمەڵگا دواکەوتەوە کان ژیانی باشترو ئاسوودە تریان هەیە.

ناونانی وڵاتان بەپێشکەوتوو دواکەوتووش جیاوازی نێوان ئاسودە تر, یان لەژێر گوشاری زیاتری ژیانی کەسەکانیان دا هەیەو ووشەیەکی دەستکردی ئەمو ئەو نیە. هەربەم دەلیلە کەسانی ناوکۆمەڵگا دواکەوتوەکانی ژێر گوشار بۆژیانی باشتر لەوڵاتان یان کۆمەڵکا پێشکەوتوەکان , وڵاتی خۆیان بەجێ دێڵن .چونکە خورافەتی گیان سەخت کەبەدرێژایی سەردەمە رزیوەکانی حاکمیەتی , بۆنی مەرگی لێهاتووە, بەردەوام لەداوێنی دین دا هەر واهەناسە ئەدا. هەناسە ئەدا تاکو قاتڵانو شکەنجەگەران, خۆیان بەمەئموری مەعزوری ئەو دابنێن.

ئیمان بە حەقیقەتێکی زانستی, بەبێ بە پیرۆز زانو گۆڕان هەڵنەگڕ دانانی ئەو زانستە, ئەتوانێ نیازەکانی بەشەر تا کاتی کەشفی زانستێکیتر, بۆماوەیەکی کورت, دابین بکا. بەڵام چونکە لە زانست دا هیچ مەقوولەو شتێك بەپیرۆز دانانرێت, بەپەیدابونی زانستێکی باشتر, زانستەکانی پێشوو لەهەمان بواردا, بێ هیچ خوێنرشتنو کوشتارێك جێگای خۆی ئەدا بە کەشفیاتی گەشە کردوترو خۆی لا دی گرێ. یاسای بێ قودسیەت بەئاسانی گەشە ئەکاو ئەگوردرێت, بەڵام یاسا دینیەکان ئەگەریش ئیدیعای پێشکەوتوو بوونو گۆڕان هەڵگر بوونی ئوسوولی دین بکا, دیسان عەقڵی گشتی جەماوەر, خەڵکسالای, بۆگۆرانی دین قەبوڵ ناکاو گۆران لەویاسایانە دا تەنیا بەدەستی موجتەهێدی دین دەزانێ تاکو دیسانەکە یاسا دەستکاری کراوەکان لەلایەن موجتەهیدینەوە. لەچوارچێوەی دین دەرنەچێ. چونکە گۆڕانی یاسای شەرعی پیرۆز بەیاسای ئاساییو غەیری دینی بەبێ قودسیەت, ئیتر پەیوەندی بەدینەوە نیەو مشەخۆرانی دانیشتوو لەسەر سفرەی دین لەوەیکە بریار دەری هەموو کاروبارێك بنو بە بەلاش بخۆنو هەر جۆرە قەزاوە تێك بەحەقو مافی خۆیان بزانن، وەلا ئەنێت. پاشماوەکانی یاسای شەرع ئەگەریش لەلایەن موجتەهیدەوە بەراستی ئیسلاحو دەستکاری بکرێ,

هەمان رەوتی بێ دەسەلات بوونی خەڵك لە گۆڕینی ئەو یاسایەو لەقاڵبو چوارچێوەی دین نەچوونەدەرێ موجتەهیدو لەوەش خراپتر دووبارە لەقاڵبی دین دا یاسایەکتر روانین, ئەو زیانانەیە کە لەلایەك ئازادی بەکردەوە بۆ چونە دەر لە تەوقی دین نادا,تاکو بەراستی یاسایەکە بێلایەنو بەقازانجی خەڵك جێگاکەی بگرێتەوەو لەلایەکی ترەوە چونکە هێشتا لەمەحدوودە و چوارچێوەی دین نەچۆتە دەرو موجتەهیدی دینی گوریویەتی نەك خەڵك, دیسانە کە پیرۆزو هەرجارەو بۆ هەمیشە بۆ گۆڕینی, خەڵك دیسانەوە لەگەڵ شمشێرو کۆپاڵی کوفری موسوڵمانان بەرەو روو ئەبنو ئەم زنجیرەیە بەردەوام دەبێت.

خەڵکانێك یان میللەتانێك لەژێر ناوی ریفۆرمی دینیو یان پیاو سالاری دینیو یان هەر ووشەیەك بەپاشکۆی دینیەوە, ئەیانەوێ لە یاسا دینیەکان رزگاریان بێ و بگەرێنەوە بۆ یاسا ئینسانیەکانی ئەمرۆ,یانی بەیارمەتیو کەڵك وەرگرتن لەهەمان پاشماوەی یاسا کانی دین بۆ هەڵهاتن لە دینو بەکارهێنان, نەك هەر لە دەردو ئازاری پێشوو رزگاریان نابێ, بەڵکوو دەردی بێ دەرمانو جەرگ بڕی نوێشیان پێ زیاد دەکا .

هەروەك ئەبینین هەڵهاتن لە یاسا کانو خودی دین لەچوارچێوەی کولتوورو نەریتەکانی هەمان دین دا, نەك مومکین نیە, بەڵکوو دیاردەی ترسناکتری پێ زیاد دەبێ. هەر وەها دیاردەو لقو پۆ جۆراوجۆرەکانو مەزەبە بێ ئەژمارەکانی وەك شیعەو سوننی, شیعەی جەعفەری, حەمبەلی دوازدە ئیمامیو مەزهەبی سوننی وەك شافیعیو

حەنەفیو.. بەكورتی هەموو مەزهەبە مونشەعێبەكان لە دینی سەرەكی, بەسەر كۆمەڵگادا سەپاندووە كە هەركامیان بووەتە دەردێكی بێ دەرمانی نوێو بۆ دەرباز بون لێیان لەگەڵ گۆپاڵی شمشێرو شەڕو كوشتارو تروری ئیسلامیەكان بەرە ورووین. یانی دەردەكەمان دەرمان نەكردوەو ئاسەواری زیانباری زۆر و بەژانتریشی پێ زیاد بووە.

خورافاتی هەزاران ساڵەی دین, هەر لەسەر دەستمانەو پارێزەرانی دین ناوی نوێ لە مەیتەكەی ئەنێن تا بتوانن خۆ بەزل زانیو تالآنگەریو كوشتارو لەناوبردنی نەیرانی دین لە سایەی دینەكەیان دا پاساو و مسۆگەر بكەن.

دەبێ ڕوو لە موجتەهیدەكان بكەینو بڵێین: ناوی دین مەگۆرن, یاسای دین بەدەستی موجتەهید رەنگ مەكەن, یاسای پێویست بۆ ئازادی بەشەر بەئەندێشەی ئینسانی وگشتی دروست بكەن, نەك موجتەهیدەكانی دین. بۆ لەناوبردنی نەخۆشی داوای میكروبی هەمان نەخۆشین مەكەن, لە ترسی مشەخۆرانێك كە ولآتی ترسیان بۆمان دروست كردووە, دەممان نەبەستینو چونكە ئیسلام حاكمە, لە ژێر لێفەوە نەبێ نابێ قسە بكەین.

دینێك كە ژنان وەك كێڵگەو كەنیزو سیغە بەپیاوان هەدیە دەكاو بە بەڵێنی حوریەكانیبەهەشت, بۆ پاوەن خوازیو سوڵتەی خۆیان بەسەر دونیا دا ئەێنكەن بە سەرباز. بەدروشمەكانیان سەرپۆش یان سەر بڕینو باج گرتن لەنەیارانی دینو تەواوی ئەم ستەمو تاوانكاریانە كەم ئەژمارانە كەبەزەبری شمشێر سەپێندرا, ئێسا كەخۆشیان لەناو زوڵمو كوشتاری بێ سنووریا، توشی رسووا بوون كردووە و دینەكەیان دنیای گرتوە تەبەر, دەیانەوێ بەرەنگ كردنی دینەكەیان پاساوی بكەن.

قودسیەتو دین, ڕۆژ رەشیو دواكەوتوویو بەدبەختی بۆئینسانە ئاساییەكان دەخولقێنێ.تا دین بەپیرۆز بزانinو هەروا ڕایگرن, لەمە زیاتر نەخۆشی دێنیو مێشكە كانمان قوفڵەكەی ناكرێتەوەو لە چوارچێوەی دینو حاكمیەتی دین دا خۆمان بێكارو هەژارو داماو ئەبینینو لەژێر شمشێرو قەمچیو ترور و تەنانەت بومبای ئەتۆمیش دا, هەروا چۆك دادرو وزەلیل ئەبین.

باچیتر لەترسان, بەدەستی خۆمان سووكیو زەلیلیمان نەپارێزینو لەسەر جەنازەی هەزاران ساڵەی دینو ئێسكە پرتووكاوەكانی ئیمامزادەكانو مەرقەدەكانی بەزێر رازاوە نەگرینو تامی ژیانی بێ ئازارو بێ موشكیلەو بەنرخو ینسانی بچێژینو مێشكی سەلامەت و ئینسانی بەدوور لەفەرمانی خۆ پەرستانەی خاوەنان بكەینە چرای رزگاریمان.

**

# چاوخشاند نێك بەسەر مێژوی ئیسلامدا
## (ئیدولوژی دەورانی جەهالەتی مرۆڤ؟!)

ن: بارام رەحمانی
و: شۆڕش محەمەدی

هەر بیرو باوەڕێكی بەناوەرۆك پوچو خالی, ڕەنگدانەوەی خەیاڵی مرۆڤە كەبو هێزەكانی زەمینی, هێزی بان سروشت لەبەرچاو دەگرێ. لە بیروكە بەناوەرۆك پوچو بێ بایخەكان دا, مرۆڤ ناچارە هێزەشاراوەو لەسەرەوەی خەیالەكان وەك راستیەك بسەلمێنێ. خالی هاوبەشی نێوان دینەكانیش باوەر بەهێزە بان سروشتیەكانە.بۆچی مرۆڤ. باوەری هەیە بەهێزەبان سروشتیەكان, كەجگە لەبیرو مێشك دا لەهیچ كوێ نین؟ لەبنەڕەت دا باوەڕ بەهێزە بان سروشتیەكان نیشانەی داماوی مرۆڤەكانی سەرەتایی بوو, مرۆڤە سەرەتاییەكان دوكەوتوویی هێزە سروشتیەكان بوون. ئەوان نەیان دەتوانی پێكها تەكانی وەك هەوره تریشقە, باران, بومەلەرزە, ئاگر بار, مردنو.. بۆ خۆیان لێك بدەنەوەو هۆیەكەیان نەدەزانی, لەحالێكدا رۆژ بەرۆژ پێداویستی بە ناسینی ئەوپێكهاتانە زۆرتر دەبوو, بەلاّم مرۆڤە سەرەتاییەكان, زانیاریو ئیمكانی پێویستیان بۆ ناسینی ئەوان نەبوو. بەم بۆنەوە مرۆڤەكان پێیان وابوو هێزە سروشتیەكانو مرۆڤێكی وەك خوشیان هێزێكی بانو لەسەرەوەی سروشتیان هەیە. لەوەها هەلو مەرجێك دا مرۆڤ, روی دەكردە كارەكانی وەك, سیحرو تەلەسمو دوعاكردنو قوربانی كردنو.. بیروباوەرە مەزهەبیەكان كەلە دەورانەكانی زوو وە زۆركۆنەوە ساز بوون, تا ئەمرۆكەش لەنیزامی سەرمایەداری دا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەنو سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە.

شەرەكان, هەژاری, نەدامەتی لەو هۆكارانەن كەبونە هۆی بێ هیوایی‌و ترسی خەڵك‌و ئەوانی لەفەزایەكی بێ باوەری بەداهاتوویان راكێشاوە بەرەو خورافەو دین. باوەرو خورافە مەزهەبیەكان, بەهۆی ئەوەی كە دەورو نەقسشێكی گرینگیان هەبووە لەدواكەوتویی خەڵك داو لەلایەكی ترەوە وەك كەرەسەیەك لەخزمەت سەرمایەداری دا بوە بۆ رام كردنو چەوساندنەوەی مرۆڤ و هەرواش سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە.

لەونێوانە دا پێغەمبەرو ئیمامو مەلاكان بۆ گەیشتن بەجێگاو شوێنو مەقام, سەرەتا داوا لەخەڵك دەكەن كەباوەڕیان بەخوا هەبێت: پاشان خۆیان بەنوێنەری خوا دەناسێننو داوا لەخەڵك دەكەن كەدەسەلاّتی ئەوان رەچاو بكەنو دوای بكەونو هەركەسێكیش باوەرە خورافیەكەی ئەوانی قەبول نەبێت مەحكوم بەمەرگ دەكرێت, خواو قورئان دروستكراوی كەسێك بەناوی (مەحمەد بن عبدلله)ن, كەمرۆڤێكی ملهورو ئالۆزی خوازبوو. لەراستی دا محەمەد. باوەر بەئیسلامی, بەورێ خستنی شەری خوێناویەكانو هەرەشەو تیرۆر بەسەر خەڵك ئاسایی دا سەپاند. فەرهەنگی بەناو ئیسلام، لەهەموو مەزهبەكان دا نەزانی و جەنایەتە. ئەو فەرهەنگە بەتایبەت لەدینی ئیسلام دا دواكەوتووتر و پوچو خورافە ترەو دژ بەژنو منداڵو دژی ئازادی یە. لەناو گروپو عەشیرەتە ئیسلامیەكاندا, گروپی شیعە لەهەموڵكی گروپەكانی تری ئیسلام, وەحشی ترو گیانی ترە. ئامانجی ئەونوسراوە بەشێوەی گشتی باس كردن لەمەزهەب نیە, بەڵكو چاوخشاندنێكە بەسەر مێژوی خوێناوی ئیسلامدا. ئایدولوژیو جیهان بینی ئیسلامی, بەرێبەرایەتی محەمەد كوری عەبدولله پەرەی سەندو

گەشەی کرد. محەمەد، لەساڵی 570ی زاینی لەشاری مەککە، لەدایك بوو، مەککە لەو دەورەیەدا ناوەندێکی پڕ بایەخی بازرگانیو تیجارەت بوو. هەر بەو هۆیەش ئیمپراتۆری دەسەڵاتدارانی رۆماو ئێران، کەهەمیشە لەشەرو کێبەرکێ دابوون، بۆداگیر کردنو کۆنترۆڵی رێگا بازەرگانیەکانی لەدورگە ئاسای عەرەبستانەوە تێپەر دەبوون، ئەوان لە وناوچەیە، پروپاگەندەیان دەکرد دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە. بەڵام بەگشتی دورگە ئاسای عەرەبستان ناوچەیەکی وشك بوو، وە هەروەها کەژو هەوایەکی خراپی بو، وە عەشیرەتە جۆراوجۆرەکان بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی خۆیان وە دەستو پەیوەندی خۆیان دەکردە دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە. بەڵام بەگشتی دورگە ئاسای عەرەبستان ناوچەیەکی وشك بوو، وەهەروەها هەوایەکی خراپی بوو، وە عەشیرتە جۆراوجۆرەکان لەرێگای ئاژەڵ داریو لەئاستێکی کەم دا بەجوتیاری، ژیانێکی سەختو تاقەت پروکێنیان تێپەر دەکرد.

محەمەد، دەورانی منالی خۆی بەشوانی بەسەر بردبوو، کاتێك کە لە لای بێوەژنێك بەناوی خەدیجە کەئەویش وەك محەمەد لە عەشیرەتی قورەیش بوو دەست بەکار بوو، ژیانی گۆرانکاریەکی زۆری بەسەرداهات. لەبەرئەوەی کە خەدیجە ژنێکی تاجر بوو کە سەروەتێکی زۆری لەدوایین هاوسەرەکەی بۆ بەجێ مابوو. خەدیجە لە یەکێك لەسەفەرە تەجارەکانی کەهاورێ لەگەڵ کاروانەکەی لە سوریەوە دەگەرایەوە بۆ مەککە، پەیوەندیەکەی لەگەڵ محەمەد نزیك تر بۆ وەو زەواجی لەگەل کرد. محەمەد، لەوکاتەدا 25 ساڵی زیاتر نەبوو، لەحالێك دا خەدیجە تەمەنی بان 40ساڵ بوو، ئەوە یەکەمین زەواجی محەمەد بوو لە حالێکدا خەدیجە چەندین زەواجی کردبوو و 4 کورو کچی ببوکە کورەکانی لەمنداڵی دا گیانیان لەدەست دابوو. لەنیزامی کۆمەڵایەتیو ئابوری سەرەتایی ئەودەورەیەدا، ژن، دەورو نەقشێکی گەورەی لەبەرهەم هێنان دا هەبووو تارادەیەك مافی یەکسانی لەگەڵ پیاو هەبوو.

بۆ وێنە ژن مافی ئەوەی هەبوو کە ویستی خۆی لەهاوسەرەکەی جیابێتەوە ژنانی عەرەب، لەدەورانی پێش ئیسلام دا، تارادەیەك سەربەخۆ بوونو جێگاو شوێنو پلەو پایەو ئازادیان هەبوو. ئەوان بەشداریان هەبوو لە سیاسەت، تجارەت، پیشە، شیعرو ئەدەبیاتو تەنانەت شەریش. خەدیجەش یەکێك لەو ژنانە بوو کەخەریکی کەسبو کارو تجارەت بووە، بەلاَم لەدوای دەسەڵاتداری ئیسلامو ئایەتە سازکراوەکانی محەمەدو هاورێیانی کە لەقورئاندا، یانی بەرنامەو ئامانجی دەسەڵاتە ئیسلامیەکەی بڵاو کرانەوە. بارودۆخی ژنان ورده ورده بەرتەسكو بەرتەسك تر بۆوەو بنەماکانی پیاو مەزنیشی پتەوتر کرد.

محەمەد15 ساڵ دوای زەواج لەگەڵ خەدیجە، ئیدیعای پێغەمبەرو پەیوەندی لەگەڵ خواو باقی چیرۆکە ئیسلامیەکانی دەست پێ کرد. لەراستی دا ئەو لەهەنگاوی یەکەم دا لەرێگای سەرمایەو پەیوەندی لەگەڵ خەدیجە، پەیوەندیەکانی خۆی پەرەپێدا وپاشان لەهەنگاوەکانی دوایی‌دا، جورئەتی بەخۆی دا کەپروپاگەندەی دینێکی نوێ بکات. محەمەد کە رۆژەکانی منالیولاوی خۆی شوانی کرد بوو لە کێوو دەرو دەشتەکان، عادەتو عەلاقەیەکی زۆری بەوناوچانە هەبوو، بووێنە کەلکی لەهەرکاتێکی بێکاری خۆی وەر دەگرت تا بۆ رازونیاز لە خوا بچێت بۆ ئەشکەوتی (حرا) ئەوشوینە ئارامو بی دەنگو شوێنێکی باش بۆ بیرکردنەوەو گەلالە دارشتن بوو. محەمەد ئیدعادەکات لەرۆژێك داکە خەریکی رازونیاز بوو لەئەوئەشکەوتە، دەنگێك لەو ئەشکەوتە دا بڵاو دەبێتەوەو یەکەمین (ئیلاهامی خوا) یانی(ئایەتی1، سورەتی عەلەق) بەگوێی دەگات. ئەورووداوە لە ساڵی (610)ی زاینی داروودەدا. ئەوبەرواڵەت بەشێوەیەکی ئالوز لەئەشکەوتی حرا دەگەرێتەوەو روداوی ئەم ئیلهامە بۆ خەدیجە دەگێرێتەوە. خەدیجەش هانی دەدا کەئیدعای پێغەمبەری بکاتو پروپاگەندە بکات بۆ دینێکی نوێ. خەدیجە یەکەمین کەسە کەدینی نوێ پەسەند دەکاتو

دوهەمین کەسیش عەلی ئەبی تالب بوو. بەلام سەرەرای ئەوە، محەمەد 3سال بەشێوەی شاراوە پروپاگەندە بۆ بیروراکەی خۆی دەکاتو دوای ئەوە سەرکەوتو دەبێت کە ژمارەیەك کەس لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو دینەکەی خۆی عەلەنییان بەواتایەکی تر ئاشکرا بکات. بەم جۆرە یەکەمین بنەماکانی ئیدولوژیەکی دواکەوتوو دژی مرۆڤایەتی دا دەمەزرێ.

دو ئەسلی گرنگو سەرەکی رۆڵ دەنوێنن لەپەرەپێدانو گەشەبەبیرو راکەی محەمەدو خەدیجە: یەکەمیان ئەوەبوو کە ئەوان بەهۆی پوڵو سامانو کەرەسەو پەیوەندیەك کە لەتیجارەت دا هەیان بوو، توانیان بیروراکەی خۆیان بەسەر دەوروبەرەکانیان دا بسەپێنن. دوهەم، بەهۆی ئەوەی کە مەککە ناوەندێکی تجاریو زیارەتی بوو، هەموسالی ژمارەیەکی زۆر تجارو زائر لە سەرانسەری ناوچەکەوە دەهاتن بۆ ئەم ئەشارە، ئەوەش بارودۆخێکی تایبەتی بۆ محەمەد پێك هێنا کەلەنێوان ئەوان کەس هەڵبژێریو لەرێگای ئەوانەوە بیرو راکەی خۆی بنێرێ بۆ شوێنەکانی تر. لەوەها رەوتێك دایە کەمحەمەد، لەسالی 611ی زاینی دا، یانی تەمەنی 40 سالی دابە (سەروەتو سامانی خەدیجەو شمشێری عەلی) بیر لەدەسەلاتداری دەکاتەوە لەبەر ئەوەی کەلەو دەورەیەدا هەرکەس سامانێکی زۆرتری بوایە، دەیتوانی خەڵکی داماو بێنێتە ژێر کایگەری خۆیەوەو سوپایەك پێك بێنیو وەرێ بخات. محەمەد کەدەورانی منالیو لاوی خۆی بەمەینەتباری تێپەر کردبوو و بەرامبەر بەخزمو کەسانی خۆی گرییێ دەرونی زۆری هەبوو، کاتێك گەیشت بەسەروەتو سامانێکی زۆر، بارودۆخی کۆمەلایەتیو چینایەتیەکەی ئالوگۆری بەسەرداهات، خۆی وەها بەهێز دەزانی، کەبیری لەپێك هێنانی بەرنامەو ئامانجو سیاسەتی نوێ دەکردەوە بۆ گەیشتن بەدەسەلات. بەرژەوەندیە چینایەتیە نوێکەی بەهەموی کەموکوریەکان و گرێی بەستە دەرونیەکانی رابردوی بوو بەهۆی ئەوەی کە، شەرانێکی زۆر دور درێژو خوێناوی بۆ گەیشتن بەدەسەلاتو داسەپاندنی بیرو باوەرەکەی بەسەر خەلکدا دەست پێ بکات. محەمەد بەرشتنی خوێنی دەیان هەزار مرۆڤ، سەرەتا دەسەلاتی ئیسلامی خۆی لەمەدینە پێك هێناو پاشان بەلەشکر کێشیو هێرشو شەرو جەنایەت پەرەی بەقە لە مرەوەکەی دا. ئەم جمو جۆڵەی محەمەدو دەوروبەریەکانی بووبە رێگایەك بۆ گەیشتن بەدەسەلات کەتابە ئەمرۆش هەردرێژەی هەیە. رژیمە دیکتاتۆرو پیاوەکوژەکانو دوژمنی شادیو ئازادی وەك رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وێنەیەکی پێشکەوتوتری دەسەلاتی ئیسلامی محەمەدە. ئەو رژێمەو بەپێوانەو سونەتە دواکەوتوە ئیسلامیەکانی، زیاتر لە100هەزار کەسی لەسێ دارە داوەو. ئیستاش هەردرێژەی پێدەدات. بەپێی یاسا ئیسلامیەکان، بەشێوەیەکی وەحشیانە دەستو لاق دەبرێو بەردەباران دەکات تا ئەوجێیەی کەهێزو توانای بڕ بکات . هەمیشە بۆ لەناوبردنی هەرچی زیاتری شارستانیەتو توند کردنی سانسۆرو خەفەقانو بەورێ خستنی ترسو خوف بۆ مانەوەی بەسەختی هەوڵ دەدات، محەمەد کاتێك کەلەگەل نارەزایەتی توندو تیژی خەلکی مەککە بەرەو روو بوو، ناچاربوو، لەسالی 622ی زاینی دا بچێت بۆ ناوچەیەك بەناوی (یەسرب) کەئەو ناوچەیە لەپاشان ناوی لێنرا(مەدینە).

محەمەد بۆ ماوەی 22سال لەلایەن (خوا)وە (ئیلهامی) وەردەگرت. یابە مانایەکی دروست تر، بیروراو مەرامی عەشیرەی خۆی بەناوی (خوا) کە دەسکردی خۆی بوو و لەلایەن کەسانێکی وەك خودیجەو عەلیو... لایەنگریو پشتگیری لێ دەکرا، دەرخواردی خەلکی ئاسایی دەدا بەناوی (ئیلهام). بۆیە (خوا) و (قورئان) ئاسمانی نینو بەتەواوی زەمینی بوونو محەمەد بۆ بەرەوپێشبردنی بیرورا ئابوریو ساسیەکەی دەست بەداوێنی ئەوان دەبوو. لەراستی دا قورئان، لەمێشکی محەمەدو دەوروبەریەکانیەوە هەڵ چۆرابوو و چاکتر وایە کەناوی لێنێن بەرنامەی سیاسیو کۆمەلایەتی دەسەلاتی ئیسلامی محەمەد. زۆر سەر سورهێنەرە کە(خوا)و محەمەد هاوزمان بوونو بەباشی و بەزیرەکی یەکی زۆر

یەکتریان هەڵدە کێشا ڕەنگە ئەوکات، یەکێك لەباسەوادانی ئەم دەورەیە ڕۆڵی خودای لەپشتی پەردەوە دەنواندو مەسەلەکانی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی فێری محەمەد دەکرد. بۆچی، لەبەر ئەوەی کە محەمەد بێ سەواد بوو. سیناریۆکە ئاوابوو کە سەرەتا (ئیلهام) لەلایەن خوداو بەناو بژیوانی (جوبرائیل) هاتە خوارێ بۆیو پاشان ئەو بەیارمەتی هاورێیانو سوپاکەی ئەو دەستورانەی (خوا)ی لەسەر زەوی بەتەواوی هێزو بە قەتلو عامو تالانو زولمو زۆری بەسەر خەڵکدا دەسەپاند. پێش محەمەد شانازی ناسینی زمانی (ئاسمانی) توشی دامەزرێنەرانو ئەوکەسانەی پروپاگەندەیان بۆ دینی یەهودیو مەسیحیەت دەکرد ببوو. کە ئیستاش زمانی عەرەبی هاتبوە خزمەت محەمەد؟! ئەوەش لەو روداوە سەیرو سەمەرانەو مەتەڵە دەستکردە کانی محەمەدو دێنە ئەژمار. ڕەنگە زمان ناسانی ئیسلامی، وڵامی چونیەتی تێگەیشتنی (خوا) لەچەند زمانیان هەبوە؟! لەو بەینەدا مەعلوم نیە کەبۆچی دەبی نوێژ بەزمانی عەرەبی بخوێندرێ، لەحاڵێکدا کەزۆربەی ئەوکەسانەی کە نوێژ دەخوێنن لەئەوانە جگە لەوانە زمانیان عەرەبیە، بی سەوادنو هیچ لەماناکەی تێناگەن. تەنیا وەك توتی فێری دەبنو دەیلێنەوە؟! ئاگادارین کەمحەمەد، بێ سەواد بوو و ئیلها مەکا نیش شەفاهی یان بەدەنگ بۆی دەنێردرا، بەڵام سەرەرای بێ سەواد بوونی ئەوانی لەمێشکی دا رادەگرتو هەرکات پێویستی دەزانی، دەیگوتەوە. ئەو وتانەی محەمەد چەند ساڵ دوای مردنی ئەو، بەناوی قورئان کۆ دەکرێنەوەو لەچاپ دەدرێن. بۆیە ڕون نیە کەچ ژمارەیەك لەسورەتەکان و ئایەتەکان لەلایەن محەمەدو چ ژمارەیەکیان دوای ئەو پێکەوە نراون. گرنگتر لەهەموان،ئەو سورەتانەی کەبۆی دەهاتنە خوارەوە، بەنیسبەت جێگاو کات و بارودۆخی محەمەد بەگشتی ئەو محەمەدانە تەغیر بدەن جیاوازن. وەك ئەو سورەتانەی کە لەمەککە بۆی هاتنەخوارە ئەرك و بنەمای گشتی ئیسلام دیاری دەکەن. بەڵام ئەو سورەتانەی کەلەمەدینە بۆی هاتنە خوارەوە بەگشتی بارودۆخی نوێ محەمەدو عەشیرەتەکەی دیاری دەکەن. یانی ئەو سورەتانەی کە محەمەد لەرۆژدا ڕوبەڕویان بۆ تەوەو دەبوایەو لامێکی بۆ دۆزی بانەوە. لەمەدینە زۆرینەی ئیلهامەکان، لەوەڵامی پرسیاری کەسانێك دایە کەتازە هاتبونە سەردینی محەمەدو دەبوونە هاورێی. لەراستی دا دەتوانین بڵێن کە محەمەد لەمەدینە، یاساو بەرنامەی دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی دیاری کردودای رشت. بەم جۆرە، فەلسەفەی ئەو کەسانەی کە دەهاتنە ناوریزی گروپەکەی محەمەدەوە، بنەڕەتی زەمینی و مادی هەبوو، ئەوان لەگروپەکەی محەمەد دا، جگە لەفێربونی خورافە ئیسلامیەکان، لەرێگای لەشکر کێشیو شەڕ بەنانو سەروەتێك دەگەیشتن، هەروەهاو وعدەو وەعیدەکانی محەمەدیش کەبریتی بوو لە، گەیشتن بە (ئەسپو پول، شمشێرو ژن) وە هەروەها وعدەی بەهەشت کە بنەمای پروپاگەندەی محەمەدو عەشیرەتەکەی بوو، بۆ بەهۆی کۆبونەوەی خەڵك لەدەوری ئەو.

محەمەد هەمیشە، بریاری بەو کەسانە دەدا کەوە دوای بیرو باوەرەکەی دەکەوتن کەبەشکست دانی ئیمپراتۆری رۆماو ئێران، دەبنە خاوەنی پولو سەروەتێکی زۆرو وڵاتێکی باش بۆ ژیانو جوتیاریو ئاژەڵداری. ئەو بریارانەی محەمەد بەتەواوی زەمینیو مادی بوونو بۆ عەشیرەتەکانی دەشتی گەرمی دورگە ئاسای عەرەبستان، کە لەهەلو مەرجێکی نالەباردا ژیانیان بەسەردەبرد، زۆر سرنج راکێش بوو. بۆیە محەمەد، تەنانەت نامەی نارد بۆ هەراکلیوس ئیمپراتۆریەتی رۆماو خوسرەو پەروێز پاشای ئێرانو داوای لێکردن کە بێنە سەر دینی نوییێ ئەو..

پاشای ئێران کەبەتوندی دژ بەعەرەب بوو وە هەمیشە گاڵتەی بەخەڵکی عەرەب دەکرد. تورەبوو لەو کردەوەیەی محەمەد و لەنامەیەکدا کەناردی بۆ ئەمیری یەمەن کەلەلایەن خۆیەوە دەسەڵاتی پێ درابو ئاوای نوسی: ئەوعەرەبە کەلەکتو پرێك دا لەحەجاز هاتۆتە ئاراوە نامەیەکی بێ شەرمانەی بۆ من نوسیوە. 2 کەسی

جێگای متمانە بنێرە بۆ ئەوێ تائەو بەدەست بەستراوی بێنن بۆ لای من تابزانم سەبارەت بەئەو چ بریارێك دەتوانم بدەم، ئەگەر روی وەر سوراند لەودەستورەی من، سوپایەك بنێرەتا سەری بێنن بۆم! بەلام ئەو ئاواتەی شای ئێران نەهاتە دی‌و 15 سال دوای ئەو رواوە جێنشینەکانی ئیسلام ئێرانیان داگیرکردو بەقەتلو عام‌و تالان‌و کوشت‌و کوشتارو تۆڵەیەکی قورسیان لە ئێرانیەکان کردەوە. سوپای ئیسلام شارستانیەتیان لەناو بردو بیرو باوەری عەشیرەتی محەمەدیان بەزەبری شمشێر بەسەر ئەم ولاتەدا سەپاند.

لە کتێبی (مێژوی ئەدەبیات لە ئێران) سەبارەت بەهێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ئێران ئاوا هاتوە: (پێشرەوی مسوڵمانان لە مەملەکەتی رۆمی رۆژئاوا دا پێش ئەوەی کە بگەنە قوستەنتەنیە راگیرا، بەلام لەئێران بەشەرە گەورەکانی قادسیە (سالی 14کۆچی مانگی) بەسەرۆکایەتی سعد کوری ئەبی وەقاس‌و روستەمی فەرۆخزادو حلولا (لەسالی 31 کوچی مانگی) بەسەرۆکایەتی هاشمی کوری عەتبەو قەعقاعی کوری غومەرو هەروەها شەری نەهاوەند کەبەفتحو الفتوح ناسراوە (لەسالی 16 کۆچی مانگی) دا بەسەرۆکایەتی نەعمان‌و فیروزان‌و چەندین شەری چکۆلەی تر، بۆ داگیرکردنی بلا دو ناوچە جۆراو جۆرەکانی ئێران، کۆشکی گەورەی شاهەنشای ساسانی تێك روخاو میللەتی ئێران لەسەروەری‌و مەزنی‌یەوە بەرەو کۆیلەیەتی‌و دیلی چوو، سوپای ئیسلام، دەگەیشتنە هەرشوێنێك، خەلکیان قەتل‌و عام دەکردو ئەوانیان ناچار دەکرد کە وەدوای ئەوان کەون‌و بیروباوەرەکەیان پەسەند کەن هەرەشەیان دەکرد ئەگەر وانەکەن مردن چاوەرێیانە. سەربازانی ئیسلام مال‌و حالی خەلکیان تالان دەکرد، گوندو شارەکانیان وێران دەکرد، دیلەکان بەتایبەت ژن‌و منداڵەکان لەگەل خۆیان دەبرد. لەوەها بارودۆخێك دا خەلکیش لەروی ناچاری‌و ترسەوە، ئیدولوژی ئیسلامیان دەسەلماندو قەبولیان دەکرد. سوپای ئیسلام دژی شارستانیەت‌و زانیاری‌و عیلم بوو، بەو بۆنەوە هەموو کتێبەکانی دەسوتاندو بیناکانی وێران دەکرد. لەئاکام دا دینی ئیسلام، دینی زوڵم زۆرو دواکەوتویی، دینی کوشت‌و کوشتارو تۆڵە سەندنەوە، سەرەتا بەسەر عەرەبەکان دا سەپا! پاشان بەلەشکر کێشی‌و کوشت‌و کوشتار گەیشتە ناوچەکانی ترو وردە وردە بووبە یەکێك گەرایشەکانی نیزامی سەرمایەداری.

هەروەك باسمان کرد، مەککە، بەهۆی ئەوەی کەناوەندێکی تیجاری بوو و خەلکەکەی بەنیسبەت شوێنەکانی تری دورگەئاسای عەرەبستان، زانیاریان لەسەرەوەتر بوو، نەتەنیا گوێیان نەدایە درۆودەلەسەکانی محەمەد، بەلکو ناچاریشیان کرد شارەکە بەجێ بهێڵێ. مردنی ئەبو تالب‌و خەدیجە بوبە هۆی ئەوەی کەمحەمەد ئەو بنکە بچوکەی خۆیشی کە لەمەککە هەیبوو لەدەس بدات. ئەبو تالب باوکی عەلی وەك سەرۆکی عەشیرەتی بەنی هاشم لەناو عەشیرەتی قورەیشدا ئیعتبارو جێگاو شوێنێکی هەبوو. بەمردنی ئەبو تالب، لە سالی 619ی زاینی‌دا، لەراستی دا محەمەد، یەکێك لەلایەنگرانی گەورەی خۆی لەدەست دا. هەر ئەو ساڵە خەدیجەش گیانی لەدەس دا. ئەو رواوانە تا رادەیەك محەمەدی لەخەلك دورخستەوە . بۆیە محەمەد، ناچار بوو کۆچ بکا بەرەو مەدینە. ئەو لە مەدینە توانی خەلکانێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بنەماکانی دەسەلاتی ئیسلامی خۆی دابنێ. لەراستی دا شاری مەدینە یەکەمین شوێنێکە، کە محەمەد توانی، یەکەمین دەسەلاتی (خوداو قورئان) یانی دەسەلاتی ئیسلامی خۆی‌و عەشیرەتەکەی لە بواری ئابوری، سیاسی، نیزامی‌و یاسا دارشتنی ئیسلامی دا لەوێ دابمەزرێنێ. ئەمرۆ کە هەر لەو جۆرە دەسەلاتەو یاسا وەحشیانە ئیسلامیەکەی ئەو بەبێ رەحمیەوە لەلایەن رژێمی کۆماری ئیسلامیەوە لەدژی خەلکی ئێران بەرێوە دەچێت.

بەلام دوای مردنی محەمەد، لەسالی 22ی کۆچی دا، لەسەر دابەش کردن‌و بەدەستەوە گرتنی دەسەلات، ململانێی‌و کێشمەکێشێکی خوێناوی لەنێوان

دەوروبەریەکانی دەستی پێکرد. ئەو کوری نەبو کەببێتە جێگری. بۆچی کور، لەبەر ئەوەی کەلەیاسا دواکەوتوە ئیسلامیەکەی ئەودا ژن نەیدەتوانی بگاتە سەرۆکایەتیو ببێتە رابەر, دواییین کورەکەی ئەو بەناوی ئیبراهیم, لەیەکێك لەژنەکانی بەناوی ماریە بوو کە هەر لەتەمەنی مێر منداڵی دا گیان لەدەست دابوو. محەمەد لەکاتی مردنی دا 63 ساڵی تەمەن بوو.

چوارکەس لەناو هاورێیانی محەمەد دا دەورو نەقشێکی گرنگیان هەبوو یەکەمین کەس عەلی, زاواو کوری مامی بوو کە لەگەڵ ئەو لە هەموو مەسەلەکان دا هاوبەش بیری دەکردەوەو هەوڵی دەدا محەمەد, یارمەتی گەیاندبوە بەئەبوتالب بابی عەلی کە لەبواری ئابوری دا بارودۆخی باش نەبووە لە قەیراندابوو. هەر بەو بونەوە عەلی دوای خەدیجە دوهەمین کەس بوو کەدینی محەمەدی پەسەند کردبوو, لەوکاتەدا عەلی, تەمەنی لە10 ساڵ زیاتر نەبوو. عەلی دوای کۆچی محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە, زەواجی کرد لەگەڵ فاتمە گەورەترین کچی محەمەدو لەهەموو کاروبارە ئابوری, سیاسیو بەتایبەت کاروباری نیزامیدا راوێژکاری محەمەد بوو. دەبێ بوترێ کەعەلی کوری ئەبو تالیبە. ئەبوتالب سەرۆك عەشیرەتی بەنی هاشمو یەکێك لە دەوڵەمەندانی مەککە بوو. ئەو کاتێك کەتوشی قەیرانی ئابوری هات محەمەد. یارمەتی مالی پێ کرد..

کەسەکەی تر عوسمانی کوری عەفان بوو کەئەویش یەکێك لەوکەسانەبوو کەرابەرایەتی محەمەدی وەك یەکەمین کەسەکان پەسەند کردو هەروەك عەلی زەواجی کرد لەگەڵ یەکێك لەکچەکانی محەمەد بەناوی روقیا (روقیە). کەسانی سێهەمو چوارەمیش ئەبوبەکری سەدیقو عومەری کوری خەتاب بوون کە پەیوەندییەکی نزیکیان هەبوو لەگەڵ محەمەدو هەردوکیان خەزوری محەمەد بوون. ئەبوبەکر باوکی ئایشێ (عایشە)و عومەر باوکی حەفسە بوو: ئەو چوار کەسە, بۆ گەیشتن بەدەسەلاَت ململانیەکی سەختو دژواریان دەسپێکردو دەستیان دایە هەم وجۆرە فێڵو تەڵەکەو پیلانێك وەك تیرۆرو شەڕ لەدژی یەکتر.

دەوترێ کە لەناو ئەو چوار کەسەدا, ئەبوبەکر لە هەمویان زاناترو عاقڵتر بوو دوای مردنی محەمەد بەتەرتیب, ئەبوبەکر دوو ساڵو عومەر دەساڵیان دەسەلاَتداری کرد. دوای ئەوەی کە عومەر بەزەبری چەقۆی (ئەبو لۆلۆ فیروزی) ئیرانی کوژرا, کێشمە کێشەکان بۆ جێگیری ئەو پەرەی سەند. بەلاَم لەدەوری جێنیشینی عوسمان دا ململانێی لەسەر دەسەلاَت هەروا پەرەی دەگرتو دوای تیرۆری عوسمان یانی جێنیشینی سێهەم, شەری ناوخۆ دەستی پێکرد. لەشەری ناوخۆدا عەلی وەك چوارەمین جێنیشینی محەمەد دەسەلاَتی بەدەستەوە گرت. دوای دەسەلاَتداری عەلی بوو کە ئایشێ ژنی محەمەد, نارەزایەتی خۆی لەدژی زوڵمو زۆریەکانی عەلی دەربریو لەشکری (سوپای) خۆی نارد بۆ جەمەل. لە ئاکام دا عەلی بەدەس یەکێك لە نارەزیانی خۆی تیرۆر کرا. بەم جۆرە, شەری زۆر خوێناوی بۆ دابەش کردنی دەسەلاَتو میراتی محەمەد دەستی پێکردو یەکەمین جیابونەوەی گەورەی پێکهێنا. دوعەشیرەو گوروپی گەورە بەناوەکانی(شیعەکان)و (سونەکان) روبەروی یەك راوەستان. سوننەکان لەسەر ئەو باوەرە بوون کە معاویە ببێتەجێگری عەلی, بەلاَم شیعەکان, دەیان ویست جێنیشینی بنەماڵەیی بیّو بنەماڵەی عەلی ببنەجێگری. لەو رێکەوتەوە بەرەو ئەم لا, هەرکام لەو فرقەو گروپانە هەوڵیان دا بیرو بۆ چوونو بیرورای خۆیان کەتەنیا بۆ گەیشتن بەدەسەلاَتە بچەسپێنن. هەروەها لەناو جەرگەی ئەو گروپو فر قانەدا چەند گروپێکی چکۆ لەتریش جیا بونەوە. بەلاَم دەبێ جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کەلە دەورانی دەسەلاَتداری محەمەد یش دا ململانێو کێشمەکێشو نارەزایەتیەکی زۆر هەبوو. بۆ وێنە لەیەکێك لەشەرەکانی سوپای محەمەد دا, ناتەبایی لەسەردابەش کردنی پاشماوەکانی شەر لەلایەکەوەو جیاوازیە عەشیرە تیەکان لەلایەکی ترەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو

سوپایە دابەش بێ بەدوبەشی بەناوی(کۆچبەران)(موهاجرین)و(ئەنسار)(یاران‌و هەوریان)و بەرەنگاری یەك بینەوەو شمشێر لێك بكێشن. دوای مەرگی ئەو ئەو جیاوازیانە توند ترو خوێناوی تر بوون.

کاتێك کەعەلی لەساڵی 36ی کۆچی مانگی (656 زاینی)دا. لەشاری مەدینە بەدەسەلاَت گەیشت, زۆربەی خەڵك جێنیشینی ئەویان پەسەند نەكردو هەربەو هۆیەشەوە شۆرشیان كرد لەدژی ئەو. ئایشێ دوای ساڵێك لەشەری بەناوبانگی بەناوی (جەمەل) لەبەسرە, رێبەرایەتی هێزە نارازیەكانی لەدژی عەلی بەدەستەوە بوو. رەنگە یەكێك لەهۆیەكانی كێشەی ئاشتی لەگەڵ عەلی كەخۆی بەمیرات گرو درێژەپێدەری رێگای محەمەد دەزانی, دەگەرێتەوە بۆ دەورانی منداڵی ئایشێ. یانی ئەوكاتەی كە ئایشێ كمتر لە 9 ساڵ تەمەن بوو,وە محەمەد لە خۆی مارەكرد, رەنگە ئەو كێشەیەی ئایشێ لەگەڵ عەلی, دەگەرێتەوە بۆ كاتێك كە ئەو لەژیان بردنەسەر لەگەڵ محەمەد, گوشاری زۆری جسمی‌و دەرونی لەسەر بووە بە مردنی ئەو هەلێكی بۆ رەخسابوو كە نارەزایەتی خۆی دەربرێ سەبارەت بەدەسەلاَتی ئیسلامی لەلایەكی ترەوە كێشەی ئەو لەگەڵ عەلی دەبێ لەسەر ئەو یاسا ئیسلامیانە بێ كە بەرگری دەكات لە خوتێوەردانی ژنان لەكاروباری كۆمەلاَیەتی, سیاسی‌و نیزامی‌دا. دوای ئەو شەرە یاسای ئیسلامی لەدژی ژنان توند تربوو وە حەدیسی(ئەوكەسانەی كەریبەرایە تیە كانیان بدەنە دەست ژنان, بەختەوەر نابن) پەرەی سەند. بەم بۆ نەوە شیعەكان بە وتەی خۆیان هەمیشە عایشێ, (تفو نەعلەت) دەكەن.

بەلاَم عەلی دوای ئەوشەرە لاوازتر بوو. ئەوجار كەبەرێكی بەهێزی تریش هاتە ئاراوە. ئەوركە بەرە(معاویە) حاكمی سوریە بوو. ئەو بۆ ئەوەی كە عەلی بكوژی عوسمانی تەنبێ سزا نەدابو, نارەزایەتی خۆی دەربریوە لەگەل ئەو. عوسمان لە نزیكانی معاویە بوو. ژمارەی سەربازەكانی ئایشێ لەچەند هەزار كەس تێپەر نەدەبوو, لەحالێك داكە سەربازەكانی معاویە85000 هەزار كەس‌و عەلی بە 90 هەزار كەس هاتبونە مەیدانی شەرەوە[3]

لەسەفین شەرێكی قورس لەنێوان عەلی‌و معاویە دەستی پێكرد. ژمارەی كوژراوەكانی ئەو شەرە زیاتر لە 70 هەزار كەس بووو لەئاكام دا ئەو شەرە لەساڵی37 كۆچی دا كۆتایی پێهات‌و معاویە بەدەسەلاَت گەیشت.

لەم دەورە یە دا كێشەی نێوان شیعەو سوننەكان پەرەی گرت. گورێپێكی نوێش لەوان بەناوی(خوارێج) جیا بۆ وە كە جێنیشینی هیچ كامیانی قەبول نەبوو. ئەوگروپە بریاریان داكەهەر دوو عەشیرەتەكەی تر لەناوبرن. ئەوگروپە لەیەكەمین كردەوەی خۆی دا حاكم‌و دەسەلاَتداری ئەوكاتی مەككەیان كوشت. معاویە بریندارا كرا. عەلیش لەبەرەبیانی رۆژی 19 مانگی رەمەزان دا, كاتێك كەلە مزگەوتی كوفە داخەرێكی خوێندنی نوێژی بەیانی بوو بەزەبری شمشێر بریندار كراو دوای 2رۆژ گیانی‌لەدەس دا.

لەكتێبی(مێژویی ئەدەبیات لەئیران) لەپەیوەندی لەگەڵ درێژەی گەمارۆ دانی ئێران لەلایەن عەرەبەكانەوە ئاوا هاتوە كە(بەكوژرانی عوسمان, لەساڵی 35ی كۆچی داو جێنیشینی عەلی كوری ئەبی تالب (4)و رودانی كێشەی ناوخۆلە لەنێوان موسوڵمانان دا, پێشرەوی ئەوان لە ئێران راگیراو تەنانەت كێشەی ناوخۆی موسوڵمانان گەیشتە ناو ئێرانیش. هەروەك ئەوەی كەلەساڵی38ی كۆچی دا یەكێك لەسەردانی عەرەب بەناوی خریت كوری راشد ناجی لەباشوری ئێران دەستی دایە نارەزایەتی دەربرین بەحەزرە تی عەلی كوری ئەبی تالب‌و گروپێك لە ئێرانیەكانی لەگەڵ خۆی خست تائەوەی كە زیاد كوری ئەبیە لەلایەن عەلی(4) دەگاتە دەسەلاَتداری فارس‌و عەشیرەتی خەریتی لەناو برد. هەروەك دەزانین دوای شەهید بوونی عەلی كوری ئەبی تالب(4) (40كۆچی, 661 زاینی) كوری ئەو حەسەن[4] دوای ماوەیەكی كورت دەستی لەجێنیشینی كێشایەوەو دەسەلاَتی بۆ معاویە دوژمنی گەورەی باوكی بەجێ هێشت, لەوكاتەوە دەورە

یەکی نویٚ لەدەسەلاٚتی ئیسلامی دەستی پێکردو تاساڵی 132ی کۆچی(750زاینی) درێژەی هەبوو)[4] ئێرانیەکان لەمەوبەدوا رێگای جۆراوجۆریان بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەسەلاتداری عەرەبەکان گرتەبەر. لەوانە، بەوریٚ خستنو ریکخستنی شۆرشە سیاسیەکان، بەرگری یەکی مەنفیان لەبەرامبەر یاسا ئیسلامیەکانو هەولە ئەدەبیو کلتوریەکان دەست پیٚ کردو نارەزایەتیان نیشان دەدابە دەسەلاتداری عەرەبەکانو یاسا ئیسلامیەکان– بەلاٚم کەم نەبوون ئەوکەسانەش کە هاوکاری عەرەبەکانیان دەکرد. لەئاکام دا ئەبوموسلمی خۆراسانی دەستی دایە شۆرش لەدژی عەرەبەکان. پاشان یاقوبی لەیسی سەفەری لەسیستان، شۆرشێکی گەورەی لەدژی داگیر کەران ریبە رایەتی کرد. ئەو بەم جۆرە دەسەلاٚتێکی(سەربەخۆی ئێرانی) دامەزراندودوای چەند ساڵ کەزمانی رەسمیو سیاسی ئێرانیەکان عەرەبی بوو، زاراوەی(دری) جێنیشینی عەرەبی کرد... دوای ئەم مێژویە. سامانیەکانو زیاریانو بویهیانو غەزنەویەکانو باقی ئەمیرەکانی ئێران، هەمویان بەروالەت لەژێر کاری گەری جێنیشینو لەراستیدا سەربەخۆو تەشکیلاتی دەرباریو سەلتەنەتی تایبەت بەخۆیان هەبوو[5]

مەسەلەی تیرۆرو دەرکردنی حوکم لەهەمان دەورانی سەرەتایی دەسەلاٚتداری محەمەد دا، وەك ئامرازێك بۆ لەناوبردنی نارازیانی سیاسی کەلکی لیٚ وەرگیراوەو لەدەورانی جێنیشینی عوسمان دا گەیشتە ئەوپەری خۆی. لەوکاتەوە تا ئێستا دەرکردنی حوکمو تیرۆر بۆ تەشێوەیەك لەشێوەکانی زاڵ بە سەر بۆ چونە ئیسلامیەکان دا. لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بەدەرکردنی حوکمی سەلمان روشدی لەلایەن ئاخوندی کۆنە پەرست ئایە تولله خومەینیو هەروەها تیرۆری دەیان کەس لەنارازیانی رژێمی کۆماری ئیسلامی، لەنوسەر وەبگرە تا هەڵسوراوی سیاسی لە ناوەوەو دەرەوەی ئەم ولاٚتە، کەبنەرەتەکەی لەئایدۆلوژی وەحشیانەی ئیسلامەوە سەرچاوەدەگریٚ، وەك تۆڵە سەندنەوە، بەردباران، ئەشکەنجەو لەسیٚ دارەدانو دەستدرێژی کردنە سەرکچان((باکرە)) وەهەروەها زیندانی پێش لەسێدارە دان. ئەوانە هاوردەو مزگێنی دینی نویٚ محەمەد بوون بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، کەئێستاش گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکان لە ئوروپا تا ئافریقاو ئاسیا تا هندستان، بەپشتگیریو لایەنگری دەسەلاٚتە ئیسلامیەکانی عەرەبستانی سەعودیو ئێران، رۆژانە جەنایەت دەخولقێننو ترسو خوف لەناو خەڵك دا پێك دێنن، وئەوانە درێژە پێدەری راستەقینەی ئەو(محەمەد)و قورئانو ئیسلامە کەین.

عەشیرەو گروپی شیعە

وشەی (شیعە) لەزمانی عەرەبی دا بەمانای(پەیرەو)وە ئەوانەی کە لەگەڵ عەلی کوری ئەبی تالب پەیمانیان بەست، بەشیعەکانی عەلی ناویان لیٚ دەبەن. مەزهەبی شیعە دوای مردنی محەمەد، هاتە ئاراوە. کاتێك کە 13ساڵ لەئیدیعای پێغەمبەریو دەساڵیش لەدەسەلاٚتی ئیسلامی لەمەدینە تێپەر دەبو، مردو بەهۆی ئەوەی کەجیٚ نشینێکی بۆ خۆی دیاری نەکرد بو شەرێکی خوێناوی لەنێوان لایەنگرانی ئەو بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاٚت دەستی پێکردو عەشیرەتو گروپی جۆراوجۆر بەکوشتو کوشتارو خوێن رشتن لێك جیابونەوە، هەرکام لەو عەشیرەت وگروپانە خۆیان بە درێژە پێدەری راستەقینەی محەمەد ناولیٚ دەبردو رکە بەرەکانی تریان بەکافرو بەکەسانێك ناو دەبرد کە بەپێچەوانە لەدینی محەمەد حاڵی بوونو دەستیان دایە کوشتو کوشتارو جەنایەت لەدژی یەکتر.

دوای کوژرانی عەلی لایەنگرانی هەوڵیان دا کورەگەورەکەی، حەسەن کوری عەلی بنێنە سەر تاجو تەختی جێنیشینی. بەلاٚم سوپای موعاویە کوری ئەبوو سۆفیان بەرەنگاری یەك بونەوە تاجێنیشینی بەدەستەوە بگرن. موعاویە نوێنەرانێکی نارد بۆ لای حەسەنو ئاگاداری کردنەوە کە یا ئامادەی شەر بنو یابری5 میلون در م کەلە پاشکۆی دەوڵەتی ئیسلام(بیت المال) دابوو و3بەش لە ماڵەکانی بەسرە بۆ هەموو عومریان وەرگرنو بەرەو ئاشتیو سولح بچن.[6]

حەسەن پێشنیاری ئاشتی پەسەند کردو پەیمانی ئاشتی لەگەڵ حەسەن مۆرکردو جێنیشینی دا بەئەو. مێژونوسانی ئیسلامی دەنوسن:(حەسەن کوری علی لەگەڵ 70 قەرەواش زەواجی کردوە).[7]

دوای مردنی حەسەن, حوسێن کوری عەلی, برای حەسەن, لەبەرامبەر موعاویەدا هەستاو ئیدیعای جێنیشینی کرد. لەو کاتەدا موعاویە مردو کورەکەی یەزید بوو بە جێگری حوسێن هەروا درێژەی بەنارەزایەتی خۆی دا لەگەڵ یەزیدیش. بەڵام بەهۆی ئەوەی کەهێزی بەرەنگار بونەوەی لەگەڵ ئەوی نەبوو, چوو بۆ مەککە تاهێز کۆبکاتەوە بۆ ورگرتنی جێنیشینی کاتێك کە حوسێن بە خەیاڵیئەوەی کە لەکاتی دەسپێکردنی شەر خەڵکی کوفە پشتگیری لیٚ دەکەن لەگەڵ هاورێکانی پێشرەوی کرد بۆ ناوچەی(سوعلەبیە). بەڵام عومەر کوری سەعدی بابی وەقاس, بە 4هەزار سەربازی کوفەیی روبەروی ئەو راوەستاو پەیامی نارد بۆ حوسێن کەلەگەڵ یەزید کوری موعاویە بەیعەت واتە(یەکبگری)و یائەوەی کە دەکەویتە بەر هێرش. حوسین بەوخەیاڵەی کە بەدەست پێکردنی شەر خەڵکی کوفە بۆ یارمەتی ئەودێن, دەستی بەشەر کرد. بەڵام خەڵکی کوفە, هیچ کات لایەنگریو پشتیوانیان لیٚ نەکرد. لەئاکام دا حوسین لەگەڵ 73کەس لە هاورێکانی لەوشەرەدا کوژرانوباقی هاورێیانو بنەماڵەی حوسێن بەدیل گیرانو ناردران بۆ دەمێشق. موسوڵمانان ئەورۆژەیان ناونا(عاشورای حوسینی).لەرۆژی عاشورادا, موسوڵمانان دەستەکانی عەزاداری ساز دەدەن, کەفەن لەبەردەکەن, لەسەرو سینگی خۆیان دەدەنو بەشێوەیەکی وەحشیانە دەستەو گروپی قەمە لێدان وەریٚ دەخەن. مەلاکان هەزاران چیرۆكو داستانو فەلسەفەی درۆیان بۆ روداوی کەربەلاو کوشتنی حوسین ساز کردوەو هەستی خەڵکانێکی کە زانیاری یان نیەو دواکەوتن بەرەو لای خۆیان راکێشاوە.

عەلی کوری حوسین( زین العابرینی نەخۆش) بەهۆی نەخۆشی بەشداری لەوشەرەدا نەکرد, کاتێك کەلەگەڵ کردەوەی باشی یەزید بەرەو رو بوو, سوپاسی لێکرد.

دوای ئەوە یەزید کوری موعاویە فەرمانی دا, بنەماڵەی حوسێن لەدیمەشقەوە بگەرێننەوە بۆ مەدینە. یانی ئەوەی کە چیرۆكو داستانەکانی کەباس لە مۆعجیزەو پاڵەوانیەتیەکانی حوسینو...دەکەن ئەفسانەیەك زیاترنین.یەزیدوحوسێن هەردوکیان جەنایەتکار بوونو شەرەکەشیان تەنیاوتەنیا لەسەر بەرژەوەندی ئابوریو سیاسیو جێنیشینی بوو و خلاس! محەمەد کوری عەلی, ناسراو بەمحەمەد باقر ئیمامی پێنجەمی شیعەکان, دوری لە سیاسەت کردو ژیانی خۆی لەرێگای لەرێگای کوتنەوەی حوکمو یاساکانی قورئانو پێکهێنانی بنەرەتێکی پتەو بۆ مەزهەبی شیعە بەسەربردو بنەماکانی شیعەگەری پتەوکرد. جێگای ئاماژە یەکە مەحمەد باقر راوێژکاری ئابوری ( عەبدو المەلیك)

جێنیشینی عەباسی بەئەستۆوە بوو کە مەزهەبی شیعەی قەبەڵ نەبوو.

دوای مردنی محەمەد باقر, لەساڵی 117یکۆچی مانگی دا کورەکەی جەعفەری کوری محەمەد ناسراو بە جەعفەری سادق بوو بەجێگری ئەو. ئەو نازناوێکە کە مەنسور جێنیشینی موسوڵمانان لە سەری دانا. جەعفەری سادقیش هەروەك باوکی روی لەسیاسەت نەکردو خەریکی فێرکردنی بنەرەتەکانی مەزهەبی شیعە بوو.

ئەو, شیعەی ئیمامیەی لەژێر ناوی (شیعەی جەعفەری) رێکخست.(شیعەی ئیمامیە) لەسەر ئەوبنەمایەیەکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەمیشەو لەتەواوی کاتەکان دا پێویستیبە رێبەرێك هەیە کە لەلایەن خوداوە دانراوەو هەمو مرۆڤەکان لەتەواوی بوارەکانی مەزهەبی دا رێنمایی دەکات. دەورو نەقشێك کەلەرژێمی دواکەوتوو تیرۆریستی کوماری ئیسلامی دا, خامنەیی هەیەتی.

موسا کوری جەعفەر( موسا ال کازم) ئیمامی حەوتەمی شیعەکان منداڵی چوارەمی ئیمامی جەعفەری سادقە.

ئیمام موسا کوری جەعفەر, 33کچو 18 کوری لەژنانی جۆراو جۆر هەبوو. ئەویش نەچوە ناوسیاسەتەوەو لەدەولەمەندانو خاوەن زەویە گەورەکانی کاتی خۆی بوو.

دوای مردنی موسا کازم, عەلی کوری موسا ناسراو بە ئیمام رەزا بووبە ئیمامی هەشتەمی شیعەکان. دوای مردنی رەزا جێگرەکانی,یانی نۆهەمو دەهەمویازدەهەم عەشیرەت و گروپی شیعە توشی جیابوونەوەو ئالۆزی بوون, لەو جێیەوە کە ئیمام حەسەنی عەسکەری, ئیمامی یازدەهەمی شیعەکان کورێکی, بۆ جێگیری خۆی نەبوو, درێژە پێدەرانی مەزهەبی شیعە کەوتنە ئالۆزیو ناسەقامگیری . لەراستی دا دەتوانین بڵێن بەمردنی حەسەنی عەسکەری مێژوی شیعە بەسترا. بەڵام درێژە پێدەرانی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لەسەر ئەو بروایەن کە ئیمامی دوازدەهەم (مێهدی) کوری ئیمام حەسەنی عەسکەری غایبەو کاتێك دێ کە دەکەوێتە بەرچاو. لەناو گروپەکانی شیعەی ئیمامیەو شیعەی 12 ئیمامی داستان گەلێك یان بۆ ئیمامی دوازدەهەم سازکردوەو لەپەیوەندی لەگەڵ ( غەیبەتی چکۆلە)و (غەیبەتی گەورە), ئەو دوگروپە جیاوازیان هەیە.شیعەکانی دوازدە ئیمامی دەڵێن, ئیمامی دوازدەهەم لەکاتی (غەیبەتیچکۆلە)دا لەرێگای نەوابی چوار دانە یەوە یەك لەدوای یەك پەیوەندیان دەبێ لەگەڵ لایەنگرو درێژە پێدانی مەزهەبی ئیمامیە, یانی تا کۆتایی ساڵی 874ی زاینی, بەڵام لەکاتی (غەیبەتی گەورە) دا هیچ کەس ناتوانێ پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ئەو. لەساڵی 931ی زاینیدا کە دواین نایب لەنەوابی چواردانەی مێهدی قائم بەناوی (عەلی کوری محەمەدی سەیمری) لەکاتی مردنی دا رایگەیاند کەئیمام مێهدی غایب بووە, (غەیبەتی چکوڵە) کۆتایی پێدێتو (غەیبەتی گەورە) دەست پێدەکات. بەپێی چیرۆكو داستانەکانی شیعەکان, (غەیبەتیچکولە) لەساڵی 260ی کوچی مانگی(874 زاینی) وە دەستی پێکردو لەساڵی 329ی کۆچی مانگی (941زاینی)دا کۆتایی پێ دێت.وەهەروەها(غەیبەتیگەورە)لەساڵی 329یکۆچی مانگی(941زاینی)وە دەستی پێکردو تائێستاش درێژەی هەیە.

لەعەشیرەتی شیعەدا, بەنیسبەت هاتنی ئیمامی زەمان فەلسەفەو روانگەی جۆراوجۆر هەیە, هەموی ئەوانە لە پەیوەندی لەگەڵ (هاتنی ئیمامی زەمان) لەیەك روانگەدا هاوبەش بیر دەکەنەوە ئەویش ئەوەیەکە ئیمامی رەمان, ترسو خوفو کوشتو کوشتارو خوێنرێژیو لەناوبردنی مرۆڤایەتی لەکەڵ خۆی بەدی دێنێت تا(ناپاکیّ) کان لەسەر گۆی زەوی بسرێتەوە. بو وێنە نوسویانە؟ "...مێهدی تائەو رادەیە خوێنرێژی دەکات تا خوا لەخۆی رازی بکات..."[8] مێهدی زال دەبێت بەسەر جندۆکەو خەڵکدا و کەسێك لەو کەسانەی کە خراپو رزلن لەسەر زەوی ناهێڵێتەوە.."[9] (سوێند بەخودا دەخۆم کەلەهەر 100کەسیان بەڵکو لەهەر هەزارکەسیان, کەسێك ناهێڵێتەوە)[10]

دەوترێ (لەوکاتەدا, ئیمامی قائم ئیزنی هاتنە خوارەوە لە خودا وەردەگرێ کەبەشێوەیەکی رەسمی بێتە سەر زەوی. کاتێك کە ئیزنی رەسمی بەئیمامی زەمان دەدرێت, عیسی کوری مریەم لەئاسمان دێتە خوارێو لەپشت سەری ئیمام مێهدی نوێژ دەخوێنێ. ئەوکات جۆبرەییل لەشانی راستو میکائیل لەشانی چەپی ئەو رادەوەستن. پاشان 13 هەزار فریشتە لەئاسمان دێنە خوارێ کەلەخزمەت ئیمام دا دەبن. ئەوانە ئەوفریشتانەن کە لە پاپۆرەکەی نوح دا خزمەتیان دەکردو ئەوکاتەی کەئیبراهیمی خەلیلیان خستە ناو ئاگرەوە, هاتن بۆ یارمەتی ئەو وکاتێك کە عیسی کوری مریەم چوو بۆ ئاسمان, لەگەڵی بوون, جگە لەوانە, 14هەزار پەری یان فریشتە کەنیشانەیەکی تایبەتیان هەیە لەبەرامبەر ئیمامی قائم دا ریز دەبن. هەروەها 4هەزار فریشتە کەبۆ یارمەتی حوسێن هاتن بۆ دەشتی کەربەلا, لەخزمەت ئیمام دا دبن. دەبێ بزانین کە ئەوفریشتانە سەرەتا هاتن بۆ یارمەتی دانی حوسێن بەڵام ئەو ئیزنی خو تێوەر دانی ئەوانی لە شەردا نەدا.

پاشان ئەوان گەڕانەوە بۆ ئاسمان تا ئیزن لەخودا وەرگرن، بەڵام کاتێك کە گەڕانەوە بۆ سەر زەوی، حوسێن شەهید کرا بوو. بەم بۆنەوە ئەوان هەمیشەو تارۆژی قیامەت ژاکاو وپەشێوو غەم لێ نیشتو لەلای گۆڕەکەی حوسێن ژیان دەبنە سەر[11]

*بۆ چونی محەمەد، سەبارەت بە ژنانو بەتایبەت هاوسەرەکانی *

بۆچونی محەمەد، کەلەئایەتەکانی قورئان دا لەژێر ناوی(ئیلهامی ئاسمانی) بلاو بونەوە سەبارەت بەژنان بەگشتیوسەبارەت بە هاوسەرانی بەتایبەتی زۆر کۆنە پەرەستانەو نائینسانیە. بەبڕاوی ئەو، ژنان وەك سەروەتو سامانو مڵكوماڵو کەرەسە واتە ئامرازی دەستی پیاوانن، پیاوان لەسەروی ژنانەوەن. پیاوان مافی بێ ئەم لاو ئەم لایان هەیە کەهەر بەلایەکی پێیان خۆش بوو بەسەر هاوسەرو کچەکانیان دابێ هێنن. هەروەها کاتێك کە محەمەد، نەزری دەکرد لە ژنێك واتە دڵی دەچوو لە ژنێك دەست بەجێ ئایەتی دەهێناوەو ئەوی حەرامو نامەحرمی مێر دەکەی ڕادەگەیاندو لەوڕێگایەوە پیاوەکەی دەخستە ژێر گوشارەوە تا ژنەکەی تەلاق بدات، پاشان ئەو ژنەی لەخۆی مارە دەکرد. لەحاڵێکدا کە ژنانی محەمەد، بەپێی ئایەتەکانی قورئان حەرام کرابوون لەخەڵکانی تر. لەقورئان دا ئایەتی زۆرمان هەیە لەم بوارە وەکو:

(پیاوان بەسەر ژنان دا زاڵو مافی پاراستنیان هەیە، هەم بەپێی ئەوگەورەیی یەی کەخودا بۆ هەندێکی ڕەچاو گرتوەو هەم بەپێی ئەوەی کە پیاوان دەبی لەماڵو سامانی خۆیان نەفەقە بدەن بەژنان)[12]

(پیاوان لەژنان گەورەترو زیاترن )[13]

(ژنان کێڵگەی ئیوەن، بۆ کێلان لێیان نزیك بنەوە، هەرکاتێك کە هاونشینیو پێکەوە بون تان دەوێ)[14]

(لەوژنانەی کەلە نارەزایەتیو نافەرمانی ئەوان ئەترسید دەبێ سەرەتا مەوعیزەیان بوبکەن. ئەگەر نەهاتنە سەربارو ڕام نەبوون، ئەوان تەنبێ بکەن بە لێدان.

ئەگەر ڕەچاویان نەگرتو بەجێیان نەهێنا، ئیتر مافی هیچ جۆرە زوڵمو ستەمێکتان نیە..)[15]

(لەگەڵ ژنانی کافر زەواج بکەن، بۆ ئەوەی ئیمان بێنن‌و بۆ ئەوەی کە قەرەواشێکی بەئیمان باشترە لەژنی ئازادو هاوبەش..)[16]

محەمەد بەهێنانەوەی چەند ئایەتێك هەوڵی داوە کە ژنەکانی لەژێر ڕکێفی خۆی دابنو ئەوان بترسێنی کەمەبادا لەنەبونی ئەودا خەتایەکیان لێ ڕوبدا؟!

(ئەی ژنانی پێغەمبەر لەئێوە هەرکەمتان کارێکی ناعەزی زانراو بکات، ئەو دوبەرابەر زیاتر لەخەڵك سزا دەدەنو ئەوە بۆ خودا ئاساییو ئاسانە))[17]

(ئەی ژنەکانی پێغەمبەر ئێوە وەك ژنانی تر نین ئەگەر لەخودا بترسنو چاکە کارین، بەڵام ئەمان ئەگەر بەنەرمیو لەتیفی قسە لەگەڵ پیاوان نەکەن. مەبادا ئەوەی کەلە دڵی دا نەخۆش هەبێ، وەتەماع بکەویت بۆیە دروستو جوان قسەبکەن))[18]

((..وە لەماڵە کانتان دا دابنیشنو ئارام بگرنو وەك دەوری جەهالەتی پێشوو، ئارایشت مەکەنو بەدەوری خۆتان دا مەیەن))[19]

هەروەها ئەو، لەژێر ناوی (ئیلهام)ە ئاسمانیەکەی بەرژەوەندیەکی تایبەت بۆخۆی ڕەچاو دەگرێ، لەحاڵێکدا خەڵکی تر ئیزنی بەڕێوەبردنی ئەوانیان نیە. بۆ زیاتر ڕون بونەوە لە مەبەستی ئەو مەسەلانە، چەند وێنەی تر لەئایەتەکانی قورئان دەخوێنینەوە:

(ئەی پێغەمبەر ئێمە ئەو ژنانەی کە مارەییە کەیانت دا، حەڵاڵمان کرد بۆ تۆو ئەو قەرەواشانەی کەبە غەنیمەت، خودا بۆتۆی داناوەو بونە مڵکی تۆو هەروەها کچە مامو کچە پورو کچە خاڵو ئەوکەسانەی کە لەگەڵ تۆ لەنیشتمانەوە کۆچیان کردو هەروەها ژنێکی پاك داوێن کە خۆی بەبێ مەرجو بێ مارەیی ببخشی بەڕەسولو ڕەسولیش ڕازی بێت، کەئەوحوکمە تایبەت بەتۆیە... ئەوژنانە کەهەموبانمان بۆ تۆ حەڵاڵ کرد، بەوهۆیە بووکە بەسەر وجودتدا لە کاروباری نیکاح هیچ زەحمەتو خەرجێك نەبێ...))[30] لەزۆر شوێنی قورئان

جەخت کراوە لەسەر حیجاب: لەوانە(ئەی پێغەمبەر بەژنەکانو کچەکانتو ژنی مەسەڵمانان بڵێ کە خۆیان بەچار شێودا پۆشن, ئەو کارە بۆ ئەوەیە کە ئەوان(بەداوێن پاكو کەسی باش) بناسرێن تالە تەجاوزو دەستدرێژی هەوسبازان ئازار نەبینن...) (31)

لەمحەمەدیان گێراوە تەوە کە ئەو دەی وت : ژن, سەگو ولاخ, لە نزیك نوێژ کەر دەبنە هۆی موزاحم بوون بۆ ئەو. بونی ژن, وەك ولاخوسەگ, دەبێتە هۆی لەناوچونی پەیوەندی سەرەکی لەگەڵ خودا. بۆیە کەسی نوێژکەر دەبێ نوێژەکەی خۆی ببڕیێو سەرلەنوێ بیخوێنیتەوە.

محەمەد نەخۆشی (جنون) سێکیسی هەبوو. ئەو خۆشی لە هەموو ژنێك دەهاتو بەهەر نرخێك بوایە لەخۆی مارە دەکردو ئایەتی زۆریشی لەم بارەدا لە لایەن خودا دەهێناوە. لەونێوانەدا چەند ئایەتێکی هاتوە خوار سەبارەت بەتەلاٌقی(جیابونەوە) زێنەب هەیە. زێنەب کچی مامی محەمەد بوو کە زەواجی کردبوو لەگەڵ زەید کوری حارس, کە کۆیلەیەکی ئازاد کراو بوو. زەید لە هەمان کات دا زڕ کوری محەمەدو یەکێك لە فەرماندەکانی سپاکەی بوو. تەبەری ئاوا باس لەزێنەب دەکات(( زەینەب جوانترین ژنی دەورانی خۆی بوو..)) رۆژێك پێغەمبەر (ص) بۆ دیتنی زەید چوو بۆ ماڵەکەیو دەرگاکەی کردەوە, کاتێك کەزێنەبی بەپرچی پەرێشانەوە دی کەلەژورەکە دانیشتبوو, لەحاڵێکدا کە سەری وەر سوراند, پرسیاری لێکرد زەید لەکوێیە؟ زێنەب لەوەڵام دا وتی کە چۆتە دەرێ)) (23) ئەو پێشوو تر چەند جار زێنەبی دیبوو. بەلاٌم, بەوەتەی تەبەری, ئەو جار پێغەمبەر لە فەزایەکی نارەسمی دا چاوی بەئەوکەوتو زێنەب کاریگەری لەسەر ئەودانا:(پێغەمبەر وەها کەوتبوە ژێر کاریگەری ئەوەوە کە بۆ جاری دوهەم نەیدەویست چاوی لێبکاتو لێی بروانێو لەحاڵێك دا کەچاوەکانی بەستبو, وتی: خودا دەپەرستم, خودا گەورەیە. ئەوکەسێکە کە فەرمان بەدڵەکانو چاوەکان دەدات! وچوە دەرەوە)). (33) محەمەد, زەیدی ناچار کرد کە زێنەب یانی ژنەکەی خۆی تەلاٌق بدات. پاشان دوای ئەو محەمەد, زێنەبی لەخۆی مارەکرد. لەراستی دا ئەو ئایەتانەی کە هاتنە خوارێ سەبارەت بەتەلاٌقی زێنەب, وەلاٌمی محەمەد بەجەماوەرێك بووکە دەیان وت: چۆن دەکرێ ئەو, زڕکورەکەی ناچار بکا ژنەکەی تەلاٌق بدات تا لەخۆی مارە بکات؟! زەواجی تری محەمەد لەگەڵ سەفیەی کچی یەحیا بوو کە یەخسیرێکی جولەکە بوو. ئەوزەواجە لەساڵی حەوتەمی کۆچیداو دوای داگیر کردنی کێوی ((خەیبەر)) بەرێوە چوو. سەفیە, هاوسەری کەنانە یەکێك لەسەرۆکانی عەشیرەتەکانی جولەکە بوو. محەمەد بۆ ئازادی سەفیە ئەو مەرجەی داناکە, سەرەتا ئیمان بێنێو پاشان ببێتە ژنی ئەو. سەفیە لەروی ناچارییەوە ئەومەرجانەی محەمەدی قەبوڵ کردو بو بەهاوسەری.

*لەراستی دا محەمەد, ئینسانێکی بەلارێ دا چووو پدۆفیل بوو. بۆچی, لەبەر ئەوەی کە ئەو, ئایشێی لەتەمەنی 6 ساڵی دا یا بەگێرانەوەی یەکی تر لەتەمەنی 9 ساڵی دا لەخۆی مارە کردو بەوەحشیانە ترین شێوە دەستدرێژی کردە سەر ئەو منداڵە. لە مێژوی تەبەری دا سەبارەت بە زەواجی محەمەد لەگەڵ ئایشێ ئاوا نوسراوە:

((خولە پێغەمبەری بانگهێشت کرد تابێتو ئایشێ مارە بکاتو لەوکاتەدا ئەو تەمەنی6 ساڵ بوو)) (24) حەزرەتی رەسول وتی((ئەگەر فەرمانم دابوایە کەکە سێك جگە لەخودا , لەگەڵ کەسێکی تر رازو نیاز بکات, وەك ئەوەبوو کە ژنان رازونیازی پیاوان بکەنو فەرمووی: ژن نوێژەکەی خۆی درێژ نەکاتەوە بۆ ئەوەی پێش بگرێت بەوشتەی کەمێردەکەی داوای لێدەکاتو فەرموی هەر ژنێك کە مێردەکەی ئەوی بوێت بۆ نزیکی کردن لەگەڵ یەكو ئەو وە درنگی بخات تا مێردەکەی خەوی لێبکەوێت, بەردەوام پەرییەکان تفو نەعلەتی دەکەن تا ئەوکاتەی مێردەکەی لەخەو هەڵدەستێ))(25) حەزرەتی رەسول چونکو ورەی شەریان هەبوو راوێژکاریان دەکرد لەگەڵ ژنەکانیانو ئەوەی کە ئەوان

دەیان وت, پێچەوانەی ئەوەی دەکرد. حەزرەتی رەسول (ص) فەرمویی: هەرکەس سەر ژن دانەوێنێ, خودا ئەو بەسەراو نخونی دەخاتە جەهەنمەوە, وتیان یارەسول الله ئەو سەردانواندنە کامەیە؟ فەرمویی: ئیزن لەئەو وەر بگریت بۆ ئەوەی تێدر بچێ بۆ زەماوەند، جێژن، پرسەو حەمامو ئەو ئیزنی بداتو ژن داوای جلو بەرگی تەنکی لێ بکات کەلەدەرەوە بیانکاتە بەرێو ئەویش بۆی بکرێت. لەحەدیسێکی تردا فەرمویی, وەك ئیسقان لارە, ئەگەر ئەو لەحالّی خۆی دا بەجێهیلیو قازانج بەری، وە ئەگەر بتەوێ راستی بکەیتەوە, دەشکێ. بۆیە, خۆراگری بکە بەنەخۆشیەکانیو بزانەکە ئەوە لەو مافانەی ژنانە بەسەر پیاوان کە هەر چوار مانگ جارێك لێی نزیك بیتەوە.[36] هاشم کوری محەمەد دەلّێ((پێغەمبەر 15 ژنی بوو کەمرد)) [37]

مەنتقی ئینسانیو عیلم دەلّێن کە:

خوداو قورئان دەسکردی کەسێك بەناوی محەمەدو عەشیرەتەکەی بوو تا بەم جۆرە بەدەسەلاّت بگات. قورئان بەرنامەی سیاسی عەشیرەتی محەمەد لەئەژمارە دێتو لەدەورانی خۆی دا بەتەواوی مادیو زەمینی بوو. ئەمرۆکە دەبێ وەك کتێبێکی فوسیل کراوو خورافی (دواکەوتوو) دژ بەئینسان چاو لەقورئان بکرێ. ئەو کتێبەی چاخە بەردینەکان هیچ بایەخێکی عیلمیو کۆمەلاّیەتی نیە, نوسخە نوسی قورئان لەدەورانی ژیانی محەمەد دا دەستی پێکرد, بەلاّم ئەو قورئانەی کە ئێستا لەبەر دەست دایە, کتێبێکە کە لە دەورانی جێنیشینی عوسمان دا کۆ کراوەتەوە.

محەمەد, بەردەوام بەلّێنیو بەلّینێکی زۆری هەم لەو جیهانەو هەم لە جیهانی تردا دەدا بەسوپاکەی. بۆ وێنە دەی وت, ئەوکەسانەی کەلەرێگای ئاینەکەی ئەودا بکوژرێنو یا ئاینی ئەویان قەبولّ کردبێت, لەو جیهانەی تر دەچن بۆ بەهەشت. ئەو بۆ تاریف کردنی بە هەشت, ئایەتی ئاوای هێناوەتە ((کەسانی موسەلّمانو چاکەکار, جێگای هەرجۆرە رێز لێگرتنێکن. باغو سەوزاویە. کچانی (جوان) کەلە چاکیو جوانی دا هەروەك یەکەنو پیالّەکانی پر لەشەراب..))[38]

محەمەد تارادەیەك بەدوای مەقامو خوشگوزەرانیەوە بوو کەبەدەستەوەگرتنی دەسەلاّت چەندین شەڕی دورو درێژو خوێناوی ورێ خست کەلەمێژودا بێ وێنەیە. ئەو, بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاّتو داسەپاندنی بەرنامە ئابوریو سیاسەکەی خۆی واتە (قورئان) بەسەرخەلّك دا, فەرماندەیی 27 شەڕی, بۆ خۆی بەدەستەوە بوو. وە سوپاکەی بەبێ ئەو بەشداریان لە 35 شەری تردا کردوە[29] بۆ خۆی محەمەدو سوپاکەی, ژنانیان وەك بەشێك لەدەسکەوتەکانی شەر دەفرۆشت. ئەوان هەروەها بەڕەسمی ئیزنی ئەوەیان پێی درابوو کە بەوەگرخستنی (سیغە) ژنانی یەخسیر ناچار بەهاوسەری لەگەلّ خۆیان بکەنو یا ئەوەی کەلەهێزی کاری ژن, وەك کۆیلەیەك, کەلّکیان وەردەگرت. لەڕاستی دا بەلّێنی دەسکەوتو بەلّێنی بەهەشت, (2) هۆی سەرەکی بوون بۆ کۆ بونەوەی پیاوانی موسولّمان لەدەوری محەمەد: یاسای محەمەد لەشەڕدا ئەوە بوو کەتا (2) رۆژ وەدوای هەلاّتوەکان بکەونو هەرکەسەیان گرت بیکوژنو ژنانو منداڵەکانیش وەك دەسکەوت بگرن. بۆ وێنە, دوای ئەوەی کەمحەمەد مەککەی داگیر کرد, بیری لەداگیر کردنی (تائیف) کردەوە مالك کوری عوف, سەرۆکی عەشیرەی (سۆقەیب), عەشیرەتێك کە سەرۆکایەتی شاری (تائیف)ی بەدەستەوە بوو, خەلّکی شاری کۆکردەوە تا لەبەرامبەر هێرشی محەمەد دا بەرگری لەشار بکەن. مالك کوری عوف, لەسەرەوەی سوپایەك کە 30 هەزار کەس بوو, شاری (تائیف)ی بەجێی هێشتو لەدەشتی حەنین کە 3 رۆژ رێگا بوو تا مەکە سەقام گیر بوو. هەموو سەربازەکان ژنان, منداڵو ئاژەلّەکانیان لەگەلّ خۆیان هێنا بوو, لەبەر ئەوەی کە لەشەری عەشیرەیی دا, هەر عەشیرەیەك کە شکستی خواردبا ئیتر ئیمکانی گەرانەوەی بۆ شوێنی ژیانی خۆی بەتەواوی لەدەست دەدا هەربەم هۆیەوە شەرکەرەکان, هەموی سەروەتو سامانو منداڵو بنەماڵەکەیان لە

شەرەکان دا لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت. ئەو ئیحتمالەیان دەدا کە لە کاتی راکردن دا رزگاربن‌و لەجێیەکی تر سەقام گیر بن. لەلایەکی ترەوە, ئەگەر ژنان‌و منداڵان لەشار مانەوەو شار بکەوتبایە دەست عەشیرەتەکەی ترەوە، سەربازانی سوپای سەرکەوتوو هەموی ئەو شارەیان تالاّن دەکدرو ژنان‌و منداڵان‌و سامان‌و ئاژەڵەکانیان وەك دەسکەوتی شەر لەگەڵ خۆیان دەبرد محەمەدیش, سوپای 12 هەزار کەسی خۆی تەیار کرد. بەرێوەبردنی کاروباری مەککەی دابەیەکێك لەهاورێکانی‌و لەگەڵ سوپاکەی بەرەو دەشتی حەنین وەرێ کەوت, شەرێکی قورس‌و خوێناوی دەستی پێکرد. مالك بریاری دا بەرەو تائیف پاشەکشە بکات, لەبەر ئەوەی کەلەشار بەهەبوونی سەنگەرو قەلاّ چاکتر دەیان توانی بەرەنگاری سوپای محەمەد ببنەوە. لەکاتی پاشەکشەدا, عەشیرەتەکانی یەکگرتو لەگەڵ ئەو رایان کردو هاورێکان‌و منداڵەکانیان بەجێ هێشت. محەمەد, هەروەك جاران فەرمانی دا بەدوای ئەو کەسانە بکەون کەرایان کردوە بەماوەی 3 رۆژ رێپێوان‌و هەرکەسێکیان گرت بی کوژن‌و ژنان‌و منداڵان‌و ئاژەڵەکان بگەرێننەوە))[30]. دەسکەوتی چاك بەدەست هات ((سوپای ئیسلام, هەمووی ئاژەڵەکانی دوژمنی کۆکردەوە, وشترو مەرێکی زۆرو لەگەڵ 6هەزار ژن‌و منداڵ بەجێ مابوون))[31] محەمەد هەموو یەخسیرو دەسکەوتەکانی کۆکردەوە و لەگەڵ خۆی بردنی. لەساڵی پێنجەمی کۆچی مانگی (بەهاری ساڵی 637زاینی)دا, ئەبوسوفیان سەرۆکی نیزامی (سەربازی) قورەیش, بەسوپایەکی هەزار کەسی سوپای محەمەدی لەمەدینە گەمارۆدا. محەمەد توانی تا (3) هەزار کەس تەیار بکات‌و کۆیان بکاتەوە دەوترێ کە ئەوکاتی وت‌و ویژ لەگەڵ سەلمان کە کۆیلەیەکی ئازاد کراوی ئێرانی بوو, دەگاتە ئەو ئاکامەی کەبۆ بەرگری لەدەوروبەری شار خەندەك لێبدەن. ئەو شەرە بەشەرِی (خەندەك) ناوی دەرکرد. رِوداوێکی سروشتی یانی ئەو با هوزە بەهێزەی کە جاروبار لەشەودا لەدەشتی عەرەبستان دێت, . بوو بەهۆی کۆتایی هاتن بەگەمارۆی شار. لەبەر ئەوەی کە لە تاریکایی شەودا باهۆزی توندو بەهێز خێوەت‌و سەنگەری هێزەکانی ئەبوسۆفیانی لەناو برد. لە وەها بارودۆخێك دا, بۆ رۆژی دوایی ئەبو سۆفیان ناچار دەبێ پاشە کەشە بکات, محەمەد, دەست‌و بەجێ ئایەتەکانی 9و10ی سورەتی ئەحزاب دێنێتە ئاراوە((ئەی مەسوڵمانان یادی نیعمەتەکانی خودا بکەن ئەوکات کە سوپایەك بەرەو ئیوە هاتن, پاشان با هۆزێکمان بەرەو ئەوان ناردو ئەو سوپایەی کە ئەوانیان نەدەدی‌و خودا چاوی لەهەموو کردارێکی ئێوەیە, ئەوکات کە لەسەرو خوار تانەوە بەرەو ئێوە هاتن(هێرشیان کردو ئەوکات کەچاوەکان گەرانەوەو گیانەکان گەیشتنە سەر قورگەکان, و لە مافی خەدادا گومان تان (نابەجێ) کرد, [33] ئەوە وێنەیە کە لە هاوردنی ئایە لەلایەن محەمەدەوە لەهەل‌و مەرجێکی هەستیاردا کەبەم جۆرە سەرنجی خەڵکی, بۆلای خۆی رابکێشێ.

گومان لەوەدانی یە کە خەڵك لەیەکەمین رۆژەکانی ساز بونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌داو بەرێوەبەری بەرهەم هێنانی قازانج‌و بەهامادی یەکان بوون. کەرەسەکانی کاری مرۆڤ سەرەتایی ترین‌و ئاسایی ترینیان بوون.مرڤەکان لەیەکەمین قوناغەکانی ژیانی خۆیان دا لە دورگە ئاسای عەرەبستان بەشێوەی بنەماڵەیی‌و عەشیرەتی بەر بلاّو ژیانیان بەسەر دەبرد کە بەردەوام لەگەڵ یەکتر لەشەرِ دابوون. لەوکۆمەڵگایانەدا هەموو ئەندامانی بنەماڵەو خێڵ, بەیارمەتی یەکتر بەشداری پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانیان دەکردو لەشەرەکان‌و دژواری یەکانی ژیان دا یارمەتی دەری یەك بوون. تارادەیەك هەموکەس لەبەر هەم هێنانی کۆمەڵایەتی دا شوێن‌و جێگای یەکسانی هەبوو. لەو ناوەدا هەرکەس کەهێزو سەروەت‌و سامانێکی زیاتری بوو, جێگایەکی تایبەتی لەناو کۆمەڵگادا دەبوو, وەدەیتوانی عەشیرەتەکانی تر بێنێتە ژێر رکێفی خۆی. لەناو عەشیرەتەکانی مەککە دا, محەمەد کاتێك ئیدیعای پێغەمبەری‌و دینی نوێ کرد کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی

یەکەی ئاڵوو گۆری زۆری تێدا پێك هات وە بووبە خاوەنی سامانو هێزێکی زۆر. محەمەد خۆی دەست دادەگرێ لەسەر ئەو راستیە چینایەتی یە (ئەراستیە ئەوەبوو کە پێغەمبەر فەرموی:(ئیسلامو بنەماکانی ئیسلام بەشمشێر علیو سامانی خەدیجەوە راوەستاوە))[33] عەلی میر فتروس دەنوسێ:(لەروانگەی محەمەد(نێوان ناخۆشی)و( شمشێر– لەراگرتنو پتەوکردنی ئیسلام دا– ئەوەندە پر بایەخ بوو کە بەبروای ئەو(بەهەشت, لەژێر سێبەری شمشێرەکان دایە)و یا(شمشێرەکان کلیلی بەهەشتن)) (چاولە : نەهجو الفصاحە– وتەکانی محەمەد–ل 115–حەدیسی 576+ل38– حەدیسی 1688بکە). لەوەها بیرو رایەکەوە محەمەد جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ((من بەشمشێرەوە نار دراومو ئەباشەو پەسەندە لەشمشێردا لەگەڵ شمشێرە... من نێردراوم کە دروێنە بکەم نە ئەوەی کە بچێنم)) چاولە: ئەلبەیانو ئەلبێسین– چاخەت–ج1–ل159+تاویل– مختلف الحدیپ–لبن قتسیە–ج4–ل149+لسن العرب– ئەوباوەرە –ج11–ل 350+تەفسیری قبری –سورەی حەجەر–ئایەتی 14و سورەی–البرج– ئایەتی 32(بکە [34]

جیهان بینی ئیسلامی, بەتێپەربونی زەمەن(کات) گۆرانکاری بەسەردا هاتو هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی نیزامی دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری بووبە یەکێك لەبۆ چوون‌وگەرایشەکانی بورژوازیو توانی بەردەوام خۆی سەرلەنوێ بەرهەم بێنێتەوە. لەلایەکی ترەوە بارودۆخی ئەو گەرایشە لەوڵاتەکانی جۆراوجۆردا جیاوازی هەیەو لەهەر کوێ یەك بەرژەوەندیەکانی بور ژوازی تێدابێت, ئەو گەرایەش وەك گەرایشەکانی (بوچون) نەتەوەییو فاشیستی دێننە سەر شاشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی. بەگشتی لەمەزهەب وەك ئامرازێك کەلکی لێ وەرگیراوەبۆ چەوساندنەوە و کۆیلەتی هەرچی زیاتری مرۆڤ کە هەر بەو بۆنەوە لەبەرهەم هێنانو سەرلە نوێ بەرهەم هێنانی جیهان بینی ئیسلامیدا, کۆمەڵێك مەلای مفتە خۆرو سەرمایەدار قازانجێکی زۆر دێتە گیرفانیانەوە, لەحاڵێك داکە لەم وڵاتانەو لەدەسەڵات داریەتی حکومەتە کۆنە پەرستە ئیسلامیەکان دا, چەوساوەو هەژارەکانی ناوکۆمەڵگا لە هەژاریو نەدامەتیەکی یەکجار زۆر دا ژیان بەسەر دەبن, دەسەڵات دارانو مەلاکان, بەدرێژایی مێژوو دەستیان لە ناو دەستی یەك دایە تا نارەزایەتی خەڵکی هەژارو چەوساوە سەرنەکەوێ‌و لە ناوی بەرن‌و ئەوان رەوانەی ئەو دونیا, یانی(بەهەشتی بەڵێن پێدراو) بکەن, لەحاڵێك دا کە خۆیان لەو جیهانە خاکیەدا هەموجۆرە کۆشك‌و بەهەشتێك بۆخۆیان سازدەکەن‌و لەناو پارەو سامانو ئاسایش دا لول دەخۆن. لەم بارەوەیە شێخەکانی عەرەبستانو ئێران وێنەیەکی رون‌و ئاشکران, کەلە بڵاوکردنەوەی بەندو بەساتی خۆشیو سامانو هێزو سەرکوتی توندوتیژی خەڵکی نارازیو ئازادی خوازن کە لەجیهاندا دەکەونە بەرچاو؟!

قورئان, ئینجیل, تەوراتو توصیحو المەسایلی مەلاو ئاخوندە چکو لەو گەورەکان لە ناوەرۆکدا هیچ جیاوازیەکی وایان نییەو ئامانجیان جگە لەدوا راگرتنی خەڵك‌و پاراستنی سامانو بارودۆخو پلەو مەقامو دەسەڵاتداریەتیو دوژمنایەتی لەگەڵ ئازادی و خۆشحاڵیو بەرامبەری خەڵکی ئازادی خواز نییە. لەخۆوە نیەیە کەرژێمی کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی، تەنیا هەرلەم ساڵانەی دوایداملیاردهادۆلاریان خەرجی چاپی قورئان و نەهج و لبەلاغە کردوە تابینێرن بۆ وڵاتانی تر لەوانەئەو کۆمارانەی کەدوای روخانی کۆماری سۆڤێت سەربە خۆییان وەدەست هێناوە.

بۆیە دەبێ حیسابی ئەوخەڵکەی کە بیرو باوەری مەزهەبیان هەیە و لە دوایە گیراون،لەگەڵ کەمینەیەکی بورژاوا لەهەر بەرگێك دا،بەتایبەت لەجل و بەرگی مەلایەتیو دەسەڵاتی دژی ئینسان و دژی ئازادیو دژی ژن دا جیابکەنەوە. بەڵام لەهەمان حاڵدا نابێ بەکەڵك وەرگرتنی پێچەوانە لە(باوەریجەماوەر)شان خالی بکەن لە رەخنەو لەقاودانی خورافە مەزهەبیەکان،لەوانە قورئان و نەهج و لبلاغەو تەوزیح ولمە سایلیکۆنەپەرستەکان ئیسلامی و نوسەرە مەزهەبیەکان.ئینگلس،لەنامەیك داکە

لەژێرناوی شێوەی تۆڵی ئاسایی لە 6ژوئەنی1853 دابۆکارێل مارکسی ناردوە نوسیویەتی:(... ئێستا هەموناوچەکە یائەوەی کە وشك بووە یابە شێوەی بیابانی لێهاتوە،لەحاڵێك دا کە لەڕابردودا بەشێوەیەکی باش و پربە کێڵدراوە(وەك پامیر،عەرەبستانی پڕلەبەردی ورد،ویرانیەکانی یەمەن،هەندێك لە ناوچەکانی میسر،ئێران‌و هیندوستان).ئەوە ئەوەمان پیٚ نیشان دەدات کە ڕەنگە شەڕێکی ماڵوێرانکەر توانیویەتی ئەو ناوچەیە بۆچەند سەدە ،خاڵی بکا لەدانیشتو,وە عیلمانیەت لەناو بەرێت بە بروای من بو وە دواکەوتنی لەناو چوونی تیجارەت لە باشوری عەرەبستان ،پێش لە محەمەد دەبیٚ لەو خالەدا بیبینینەوە.کەتۆ بەدروستی باسی لێدەیت.کەڕێگای بۆشۆڕشیئیسلامی خۆش کردوە.من لەڕێکەوتی
6ی سەدەی

*سەرەتای مەسیحیەت دا نەهاتومە دونیا کە بتوانم بلێم تا چ رادەیەك هەل‌و مەرجی مادی گشتی, ڕێگای تجاری لەئێران تا دەریای ڕەش‌و لەکەنداوی فارسەوە تا سوریاو باشوری رۆژهەلاّتی ئاسیای لەرێگای دەریای ئەحمەر چاکتر نەدەزانی. هۆی سەرەکی ئەو گۆرانکاریە لەئاسایشی کەم تاکورتی کاروانەکان لەئێران دا بوو کە دەورانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان بەباشی رێکخرا بوو. لەساڵی 300تا400 زاینی ئەگەر چی لەژێر دەسەلاّتی ڕاستەوخۆی حەبەشیەکان دانە بوو, بەلاّم بەردەوام دەکەوتە بەرهێرش‌و تالاّنی ئەوانەوە. لەدەوانی رۆمەکاندا شارەکانی باشوری عەرەبستان گرنگی‌و سەرهەلّدانی باشیان هەبوو, بەلاّم لەسەدەی حەوتەم دا بوون بەدەشت‌و کەلاوە ووێرانە. لەماوەی 500 ساڵ دا سەرەتاییەکان سەبارەت بە جیٚوشوێنی خواستەکانیان‌و ئەجدادی خۆیان چیرۆك‌و ئەفسانەی بەتەواوی خەیاڵیان ساز کرد.(لەم بارەدا چاو لەقورئان‌و نوسراوەکانی مێژو نوسی رۆژئاوا نوا ئیری بکە): الفو ب یەك کە لەو ئەسرانەدا بەکار هێنراوە هی ئەوناوچەیە بووە کە وردە وردە لەناو چووەو لەبیر چۆتەوە.

تەواوی ئەوانە نیشان دەدەن کە رەنگە بارودۆخی گشتی ریگاکان بۆ تە هۆی ئەوەی کە رێگای تجارەت ئاڵو گۆری تێدا بکرێت‌و لەهەمان کات دا توندو تیژیەکانی سەرچاوە گرتوو لەهێرشی حەبەشیەکان دەورو نەقشێکی گرنگیان هەبوە لەئەو وێرانیانەدا. 40 ساڵ پێش لەمحەمەد حەبەشیەکانیان لەعەرەبستان دەرکرد! ئەوە یەکەمین جولاّنەوەی سەرچاوە گرتوو لە وە خەبەر هاتنی هەستی نەتەتەوەیی عەرەبەکان بوو, کەلە ئاکامی هێرشی ئێرانیەکان لەباکورو گەیشتنی ئەوان بۆ نزیك مەککە پەرەی سەند. بەلاّم سەبارەت بەمێژوی محەمەد من لەرۆژەکانی داهاتودا باسی لێوە دەکەم! ئەوانە لەهەمو بوارێك بەتایبەت لەرەوانگەی ئاینی یەوە لە حاڵی لەناو چون دا بوون, لەبەر ئەوەی کە ئاینی سروشت پەرەستی ئەوان لە گەڵ یەهودیەت‌و مەسیحیەت تێکەڵ ببو کە بەرەو لەناوچوون بون))[35]

لەکۆتایی دابە وتەی مارکس(مەزهەب تریاکی جەماوەرە) بۆیە ئەگەر خەبات نەکریٚ لەدژی بەرهەم هێنان و بلاّوکردنەوەی تریاك،وردە وردە ئعتیاد تەواوی کۆمەلّگا دەگێرێتەوە.بەم پیٚ یە ئەگەرخەبات نەکەین لەدژی خورافە مەزهەبیەکان، ئینسانهایەکی زۆردەبنە یەخسیرو گیرۆدەی خورافەو یاسا دژیئینسانیەکانی ئەو.وەبەردەوام عەرەبستانی سعودیەکان وکۆماری ئیسلامیەکان درێژە بەدەسەلاّتی نائینسانی خۆیان دەدەن لەسەر ئەم کۆمەلّگایانە. ئەو ڕژێمانە هۆکاری شەڕ ،توندوتیژی،چارە ڕەشی و بەدبەختی خەلّکن بەپاڵپشتی بە یاسا ئیسلامیەکان دەست و لاق دەبڕن !سەر دەبرن, تاقمەکانی تیرۆر وریٚ دەخەن! ئەشکەنجەو لەسێدارە دەدەن, بەردەوام دەست درێژی دەکەنە سەر مافەکانی ئینسانی مندالان, ژنان کەنیوەی کۆمەلّگا پێك دێنن, ئەوان بەبیٚ شەرمی یەوە وەك نیوەی ئینسان چاو لەژن دەکەن! خۆیان بەسەرۆکی بیٚ ئەم لاو ئەولاّی بنەماڵە دەزانن‌و بەلاّی جۆراو جۆر بەسەر ژن‌و کچەکانیان دێنن‌و هەندیٚ جار تەنانەت دەیان کوژن. یاسای ئیسلامی‌و قورئان لەم ولاّتانە دەسەلاّت

داری دەكاتو هەر بەم بۆنەوە خەبات لەدژی مەزهەب, لەگەڵ خەبات لەدژی ئەو لە ولآتانێك كە مەزهەب ئەمری تایبەتی دەژمێردرێ, زۆر جیاوازە. بۆ یە رەخنەو لەقاودانی سیمای نا عەزی مەزهەب, كە هەروەك بەرگری لەحورمەتو بوونی ئینسانە, نابێ لەرەوتی خەباتی چینایەتی دا لەدژی زوڵمو ستەمو چەوساندنەوەكانی بورژوازی بەنیسبەت رەخنەگرتن لەمەزهەب خۆمان گێل كەین. هیچ مولا حەزەیەك نابێ ببێتە هۆی پێشگیری كردن لە رەخنەگرتنی بنەرەتی لە خورافە مەزهەبیەكان. سەبارەت بەم خاڵە دەبێ رەخنە گرتنی بنەرەتی لەخورافە مەزهەبیەكان. سەبارەت بەم خاڵە دەبێ بەرونترینو ئاشكراترین شێوە دەست بدەینە رونكردنەوە, تا ئەكاتەی كە هەبوونی مەزهەبو یالا مەزهەبی(بێدینی) وەك ئەمری تایبەتی كەسەكان بژمێردرێو مەزهەب دەبێ بەگشتی لەدەوڵەت جیا بكرێتەوە. رونو ئاشكرایە كە تەنیا لەكۆمەڵگایەكی یەكسانو ئازادی سوسیالیستی دایە كە بنەماكانی كۆمەلآیەتی هەرجۆرە خورافەیەك بەرون كردنەوەی بەردەوامو بەتێپەر بوونی كات لەناو دەچێت. لەوكۆمەڵگایەدا هەر ئینسانو حیزبو رێكخراوێك ئازادی تەواوی دەبێت كە باوەری مەزهەبی یا لامەزهەبی هەبێت. گرنگتر لەهەموان بەئازاد بوونی ئینسان لەدەست زوڵمو ستەمو چەوسانەوەی نیزامی سەرمایە داریو گرێ بەستەكانی ئەونیزامە, ئالو گۆری زۆر لەبیرو باوەری ئینسانەكان دا پێكدێت. لەوەها كۆمەڵگایەك دبن, وەك ئامرازێك بۆ دەست بەسەر داگرتنی مرۆڤو فریودانی جەماوەری خەڵك, لەدەست بورژوازی دا دێتە دەرێو دێتە سەر رێگای عادیو سروشتی خۆی. لەلایەكی ترەوە, كاتێك كە هەموو هۆیەكانی نایەكسانیو جیاوازیو نیگەرانی ترسی مرۆڤ بەنیسبەت داهاتوی لەناو بچێت, ئیتر جێگایەك بۆ دەست بەداوێن بوونی خورافەو هێزەكانی بان سروشت نامێنێتەوە

1 ئاوریلی 2002

و: شۆرش محمدی

سەرچاوەكان


1-مێژوی تەبەری, وەرگێرانی قاسمی پایەندە, تاران, چاپو پەخشی ئەساتیر, چاپی دوهەم 1363 هەتاوی, جلدی سیهەم, ل2411 "

2-مێژوی ئەدەبیاتی ئیران, جلدی یەكەم, نوسینی ژبیح الله سەفا, چاپو پەخشی فردوس چاپی دواز دەهەم, 1271, تاران, ل9 "

3- مسعودی, مروج المژهب, جلدی سیهەم, لاپەرەكانی 667, 649 وەرگێردراوی فارسی جلدی یەكەم, ل733 "

4- مێژوی ئەدەبیاتی ئیران, جلدی یەكەم, نوسینی ژبیح الله سەفا, چاپو پەخشی فردوس, چاپی دوازدەهەم, 1371, تاران, لاپەرەكانی10و11 "

6- دكتۆر تەها حوسێن, عەلیو كورەكانی, وەرگێردراوی محەمەدو عەلی شیرازی, لاپەرەكانی 201و202 "

7-بەهرامی چوبینە, تشێعو سیاسەت لەئێران, جلەدی یەكەم, ل136 "

8- مەلا محەمەد باقری مەجلیسی, بحارا الانوار, جلدی سێزدەهەم, وەرگێراوی عەلی دوانی, مێهدی مەوعود, تاران, دارا الكتاب الاسلامیە, ل 1572 "

9- هەمان سەرچاوە, ل 1017 "

10- هەمان كتێب, ل 1158 "

11-هەمان كتێب, ل 1114 "

13- سورەی البقرە, ئایەتی 228 "

14- سورەی البقرە, ئایەتی 224 "

15- سورەی النسا, ئایەتی 34 "

16- سورەی البقرە, ئایەتی 221 "

17- سورەی الاخراب, ئایەتی 31 "

18- سورەی الاخراب, ئایەتی 33 "

19- سورەی الاخراب, ئایەتی36 "

20- سورەی الاخراب, ئایەتی 50 "

21–سورەی الاخراب, ئایەتی 59 "
22–مێژوی تەبەری, جلدی سێهەم, ل1064 "
23–هەمان سەرچاوە, ل 1125 "
24–مێژوی تەبەری, جلدە چوارەم, وەرگیر ابولقاسم پایەندە, چاپی پێنجەم 1375, چاپو پەخشی ئەساتیر, ل 1291 "
25–حلیە المتقین, نوسینی محەمەد باقرمجلیسی, چاپو پەخشی کۆماری ئیسلامی, لاپەرەکان 115و116 !
26–هەمان سەرچاوە ل117 "
27–مێژوی تەبەری, جلدی چوارەم, وەرگێر قاسم پایەندە, چاپی پێنجەم 1275, چاپو پەخشی ئاساتیر, ل1291 "
28–سورەکانی النبا, ئایەتیکانی 29, 43, 33, 32 "
29–مێژوی تەبەری, وەرگێرداوی فارسی, جلدی سێهەم, ل1381 "
30–هەمان سەرچاوە, ل1207 "
31–هەمان سەرچاوە, لاپەرەکانی 1208, 1211 "
32–سورەی الحزاب, ئایەتی 9و10 "
33–هدایتگران راە نور, ژیاننامەی 14 مەعسوم, ایت اللا سەید مەحمەد تەقی مودەرسیی جلدی یەکەم, لاپەرەی 247 "
34– عەلی میر فتروس, چوا خشاندێك لەسەر مێژوی ئێران, ئیسلامیو ئیسلامی راستین, – چاپی یەکەم 1988, ئالمان, ل57 "
35– پێنج وتاری مارکسو ئینگلس سەبارەت بەئێران, چاپو پەخشی ئاتیە, چاپی یەکەم, پاییزی 1279, تاران, ل68و79, وەرگێر دکتۆر داور شیخاوندی "

**



# توێشوو

- به یادی هونەرمەندی کۆمۆنیست و گیانبەخت کردویی ریزەکانی کۆمەڵە جەمالی مفتی
- لە یادی ئازیزی هاوڕێ جەماڵ موفتی دا
- چیروکیك بۆیادی کاك جەمال
- یاد

# ـندی کۆمۆنیست و گیانبەخت کردویی
# ریزەکانی کۆمەڵە
# جەمالی مفتی

ئامادە کردنی: پێشەنگ



هاوڕێ جەمالی مفتی هونەرمەندی کارامەو پیشڕەو، پێشمەرگەی سەنگەر بە سەنگەری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردوستان، پێشەنگی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری لە کوردستان، مۆمی هەرگیز نەکوژاوەی دەنگ و ئاواز و سرودی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە، ساڵی 1335 لە بنەماڵەیەکی ناوەنجی شاری مەهاباد چاوی بە ژین پشکوت.

فلچك کردن و گرِو گال و گاگوڵکەو دارە دارە و یاری کردنی سەردەمی مناڵی و مێر مناڵی لە کوچە و کوڵان و شەقامە تەپ و تۆزاویەکانی باغی سیسە و ئاشی مام ئەحمەد و چوارچراو و مزگەوتی سوور لە گەل هاوڕییانی سەردەمی مناڵی و هاوچارەنوسانی بەسەر برد.

هاوڕێ جەماڵی مفتی خوێندنی دەورانی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری مەهاباد تەواو کرد.

هەر لە هەرەتی مێرمنداڵی و تازە لاویدا هۆگری و خۆشەویستی گۆرانی و موسیقا لە دڵی کاك جەمال دا هێلانەی کرد و بەردەوام زەمزەمەی گورانییە کوردییەکانی دەکرد. جەمالی مفتی خاوەنی دەنگ و سۆزێکی پاراو نوێ گورانییەکانی ئاوێتەی دل و دەرونی عاشقانی دەبوو مچورکی بە لەشیان دا دێنا.

هاوڕێ جەمالی مفتی ساڵی 1335 و 1356، لە رادیو تەلەفزیۆنی شاری مەهاباد چەند گۆرانیەکی رووبە جەماوەری خەڵك بلاو کردەوە. هەر لەو ساڵەدا لە خانەی جەوانانی مەهاباد کۆنسێرتێکی گۆرانی بەرێوە برد کە خەڵکی شار بە هۆگری و خۆشەویستی و عەلاقەیەکی تایبەتیێوە بەشداریان لە کۆنسێرتەکەدا کرد و چەندساتێکیان بەدور لە خەم و ئازار لەگەل دەنگ و سۆز و ئاوازی ئەم هونەرمەندە لاوە بەسەر برد و ئیستاش بیرەوەری ئەم رۆژە لە بیروزەینی زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەو کۆنسیرتەدا بەشداریان کرد هەر ماوە و بە رۆژێکی خۆش و لەبیر نەچۆوە یادی لێ دەکەن.

هەلسۆرانی کاك جەمالی مفتی تەنیا لە بواری هونەریدا قەتیس نەمایەوە و بەرلە شۆڕشی شکۆداری جەماوەری ئازار چێشتۆی خەڵکی ئیران لە مانگی ریبەندانی ساڵی 1357دا لە رێگا و هاورێیەتی لەگەڵ چەند لاوێکی شۆڕشگێڕی شاری مەهاباد لەگەڵ مەسائیلی سیاسی و ئینقلابی ئاشنا بوو، هەستی شۆڕشگێڕانە بەرە بەرە کاریگەری دادەنا لەسەر بەرهەمەهونەریەکانی و هەر ئەوەش کاری کردە سەر هەرچی زیاتر پاراو بوونی هونەرەکەی و ئەوی کردە سیمایەکی خۆشەویستی ناو خەڵك و خەڵك وەك نمونە ئینسانێکی شۆڕشگێڕ چاویان لێ دەکرد. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی خەبات و تێکوشانی خەڵك لە دژی رژیمی پاشایەتی کاك جەمالیش

وێرای خەڵکی وەگیان هاتو لەم خروشانە جەماوەرییەدا بەشداری کرد. کاک جەمال بەدەنگی زوڵاڵ و رەسای خۆیی و بەسرودە ئینقلابییەکانی خۆی کورەی خەباتی گەرم و گۆرتر دەکرد و هێزی وەبەردەنا. دوای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و بە تاڵان بردنی سەرجەم دەسکەوتە بە نرخەکانی ئەم شۆرشە لە لایەن ئەم رژیمە جینایەتکارانەوە، هاورێ جەماڵ وازی لە خەبات و تێکۆشان نە هینا و دەستی کرد بە لە قاودانی ناوەرۆکی راستەقینەی ئەم رژیمە دژی ئینسانییە و بە دەست پێی کردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان هاتەناو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە و لە سەنگەری هەمیشە ئاوەدان و پر لە رێبواری رێگای ئازادی و یەکسانی ئینسان ، خەبات و تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا. دوای گرتنەوەی شارەکان لە لایەن هێزی پیشمەرگە ، هاورێ جەمالی مفتی دیسان دەستی دایەوە هەلسۆرانی هونەری و ئەوجار هەرچی زیاتر و ئاشکراتر هونەرەکەی لەگەڵ ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی تێکەڵاو دەکرد. دوای دەوری دووهەمی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان هاورێ جەمال لە پەیوەند لەگەڵ کۆمەڵە دەستی دایەوە هاوکاری و لە شاری بۆکان بوو بە موعەلیم و ئەندامی جەمعیەتی موعەلیمانی سەر بە خۆ. کاک جەمال لە مەدرەسە و قوتابخانەکان وێرای وتنەوەی وانەی "دایە ئاو دا" " بابە نان دا" وانەی شۆڕش و شۆرشگێری بە مناڵانی رەش و روت و مناڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دەوت و رێگای راستەقینەی ژیان کردنی نیشان دەدان و ئاموژگاری دەکردن کە ئەگەر شۆرش لە دڵی کرێکار و زەحمەتکێش، لەدڵی خەڵکی وەگیان هاتوو، لەدڵی خەڵکێکی شۆرشگێر و بە ئاواتی ئینسانی هەڵقولابی هیچ کات نامرێ و دانامرکێتەوە. وانە بە نرخەکانی کاک جەماڵی مامۆستا ئیستاش لە گوێ قوتابیانیدا دەزرینگێنەوە و هیچ کات لەبیر ناچێ. کەم نەبوون ئەو پێشمەرگانەی کۆمەڵە وانەی شۆڕش و ئازادی و چەك و خۆراگری لە کاك جەمالی موفتی فیر بوون و دواتر کە گەورە بون وەك کاك جەماڵی هونەرمەند چەکی شۆرشیان کردە شان و لە پیاهەڵبون و هەر لە سەنگەرەکەی کاك جەمالیش دا وەك خۆی گیانیان بەخت کرد و ئیستاش ناو سەنگەرەکای کۆمەڵە پرن لە گوڵاڵەی سوری خوێنی ئەوان.

جەمال دوای داخستنی مەدرەسەکان لە لایەن رژیمەوە بوپوچەل کردنەوەی ئەم تەرحە وێرای هاورێیانی هەوڵی بێوچانیدا. دواتر چەکەکەی کردەوە شانی و بە سرود وتن و روحیەیەکی بێوینە و لە پیاهەڵبوو. کاتێك لاپەرەی دەفتەری بیرەوەرییەکانی رۆژانی رابردو هەڵدەدەینەوە شێو و دۆڵ و شاخ و گرد و بن رەوەزو ئاوایی و مەقەری کۆمەڵە لە ناوچەی مەهاباد ببینە کە کاك جەمال دوای گەرانەوەی پێشمەرگەکان لە عەمەلیات بۆدەرکردنی ماندوبون لە لەشیان و بۆ تاراندنی غەم و پەرۆشی بە هۆی گیان لە دەست دانی هاورێیەکمان گورانی و سرودی شۆرشگێرانەی لێ نەوتبیت و یادگارییەکی لێ جێ نەهێشتبێ.



کاتێك سەیری گەنجینەی سرودەکانی کۆمەڵە دەکەین ژمارەیەکی زۆر سروودی شۆرشگیرانە دەبینین کە بە دەنگی هەرگیز نەخنکاوی کاك جەمال وتراون ئەم سرودانە ئیستاش وێردی سەرزاری ژمارەیەکی زۆر پیر و لاوی کوردستان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵەن و بە شانازییەوە دەیان لێنەوە. جەمال بە سرودەکانی خۆی گەنجینەی کۆمەڵە و ئەدەبی کرێکاری لە کوردستان دەوڵەمەند کرد.

سرودەکانی وەك مام رەحمان– دووی رێبەندان– شۆرش وانن– کاك حەمەحوسێن– ئەیاری بەختیاری– ئەنترناسیونال– پێ ناوی– رێ خەباتمان– کارگەرین جەنگاوەرین– کاك شوان– تۆنامری– کرێکارم– پێشمەرگەی کۆمەڵە– یەکی ئەیار– رەنجدەر بژی– 22ی ریبەندان– ئەی شەهیدان– مەقامی تاهیر– کاك نەورۆز– من جوتیارم– دەبابزانن– هەڵگرین ئالای ئازادی– من پێشمەرگەی کوردستانم– ئاوی کەوسەرە– من کە رۆڵەی کوردستانم و چەند سرودێکی دیکە بە دەنگی هاورێ جەمالی مفتی وتراون و هەروەها بەشێك لە گۆرانییەکانیشی بەمجۆرەن: لە ولاتی غەریب– لیمو هەی لیمو– ئارامی گیانم– کیژەکەی کافرۆش– هەرمێ هەی هەرمێ– کراس زەردێ– سەیری زەمان گۆراوە– وەك قومری– ئەی نازەنینم– کۆلان بە کۆلان– نەمام نەمامە– مەقامی لەگوڵێ لە سورە گوڵێ– مەقامی دەمبینی کە غەمبارم– ئەی موتریبی حەریفان– گوڵاڵە سورەی سەر گۆنای یارم– بەهار هاتەوە– ئەی وەی زارا گیان و چەند گورانی دیکە.

کاتێك خەرمانەی شۆرش تەقێوە و چەپکەگوڵی سوور و ئال و والا لەسەر شەقامەکان رووان، کاتێك دەستی دێوەزمەی ترس و شەوی ئەنگوستەچاو لە بینەقاقای هاوار ترازا، دەنگێك، سرودێك پر بە گەروی شۆرش هاواری کرد و وتی:

هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان
دیلانی برسیەتی دونیا
لە تەنورەی بیرو باوەرمان
قرمژنی تریشقە راسا
ئاخرین شەرە، شەری سەرومال ، با یەکگرتو بین هەڤالان ، بە ئەنترناسیونال رزگار دەبێ ئینسان.

لە بەرەبەیانی شۆرش دا ئەو کاتەی کە کازیوەی شۆرش بەیانیت باشی بە پۆلەهەنگی ئازار چێشتووت و ئەو کاتەی کە جوگەلەی خورێنی خوێنی ئالاکان نەونەمامی سەربەستی پاراو کرد و شۆرش چەپك چەپك گوڵی سوری خوینی لە بەرۆکی دایکان و مامەی کرێکاردا، دەنگێك نوینەری چینێك رەنگی هەڵبری، کرێکارم، کرێکارم، پەروەردەی رەنج و ئازارم.

کاتێك کە شەمشەمە کوێرەی دەستکردی سەرمایە، عەبای رەش و پەیامی خوای دروینەیان بەسەر دەسکەوتی خەڵکی دڵ پر لە ئاوات دادا و ئاوات و خۆزگە بوونە پێشمەرگە و لە پیاهەڵبون و تافانەی شەهیدیان لێ لە دایك بوو. پێشمەرگەیەکی قاپاخ پر بە گەرووی ئەم سرودەی پیداهەڵکوت:

کاك شوانی قارەمان پێشەنگی پێشمەرگەکان
مەرگ بەر چاوتان سوك، ئاسمان بۆتان بوو.
کاڵ بووە چاوی رەشمان بۆ مەرگی تو کاك شوان

جەمال ئازارێ بوو بە رووی سەر چاوە کەیدا تەقیەوە، جەمال تروسکەیەك بوو پەردەی شەوی رەشی درِی، جەماڵ خوزگەیەکی ژیان لی ئارام بوو کە چەکی کردە شانی...

جەمال، دەنگ و سۆز و ئاواز و سرود و شۆرش بوو گوێ لێ بگرن

سرودێکی کاك جەمال

شەوگارانی پاییز کاك جەمال لەگەڵ نم نمەی بارانی تاوناتاو و وەرینی گەڵای زەردی داروردرختە، بە دەنگی زووڵاڵی و هاوکات ئاوێنە بوونی فلوتی هاورێی گیانبەخت کردو کاك عەبدوڵای وەیسی و دەنگی گەرمی هاورێی گیانبەخت کردو کەریمی بلوری، کۆری شەوگارانی مەقەرەکانی کۆمەڵەیان دەرازاندەوە.



بەڵام مەخابن ئەم رۆژانەی بەریان کورت بوو، ساعەت 7/5 دوانیوەرۆی رۆژی 28ی پوشپەری ساڵی 1360 لە عەمەلیاتێکی گەورە و قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شاری مەهاباد کە بە عەمەلیاتی "شەهیدانی تەورێز" ناسراوە، هاورێ جەماڵی

موفتی کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئازادی و گیانی لە پێناو ئامانجی بەرزی ئینسانیدا بەخت کرد.

تۆ کورە حەیرانی بەش مەینەتانی

مەهابادیش پێتەختی ژوانگەتان

چەنار ئەنگوستەچاوە و یەکترنابینن

لە چرکەیەکدا مەهاباد غەرقی خوێنە

کوڕی حەیرانیش سەر بەرزانە چاوی لێك نا بو هەمیشە.

کاك جەماڵی موفتی چاوی لێك ناو لە نێوکۆری یاران و ئەویندارانی دانەما بەڵام بێشك یادی ئازیزی و چریکەی بەسۆز و دڵنشینی سرودەکانی هەرگیز لە بیر ناچنەوە و لە نێو ریزی شۆرشگێرانیش دا سرودەکانی سەرمەشقن و مەراسم و کۆروکۆبونەوەکانی کۆمەڵەش بەم سرودانە دەرازێنەوە و ماندویی لە لەشی هاورێیان دەردەکات و گورێنی نوێیان پێ دەبەخشێ.

یادی هاورێ کۆمۆنیست و هونەرمەندی گیانبەخت کردوی ریزەکانی کۆمەڵە جەمالی موفتی بەدرێژەدانی رێگای پێروزی زیندو رادەگرین.

**



# لە یادی ئازیزی هاورێ جەماڵ موفتی دا

نوسینی: بێستون

هەوارمان لە کوێیە؟ شەوە و ئاپۆرایەك لە ساراوا، هەنگاوبە هەنگاو جمەی دێ. چ شەوێکی ئەنگوستەچاوە. ئاپۆرا و شەیدایانی سەوداسەر، بۆ دیتنەوەی ئەوهەوارە دەگەڕێن. ئەوین سەرکەشەو کەس ئۆقرەناگرێ. سانا نیە لە بەرە هوتێکی سەخت و ترسێنەردا لە لوتکەوە تا بنارو، لە دەریاوە هەتا خۆر، جۆگەلەی خوێن بە سەر سینەی ساراوا کە رادەبرێ وبە سەرهەزاران کەندولەندا بە شوێن ڕێگەی بەردەبازی پیرۆزە شێتەکەی خۆیادەگەڕێ. ماڵی وێران، یاران ئالۆزکاو! ڕان پەرش و بلاوەی کردووە. لەگەڵ کێ دەدوێی، هاوار بۆکێ دەبەی؟ لەم تەنیا شەوەی پێدەشتا، وەلام مەگەر لە بەرد ببیەی، بمانگرە خۆت ئەی کەژوکۆ، ئەی یارانی دڵ بەسۆ. بەکام ڕێ دا برۆین، هەوارمان والەکوێ؟ بنەی ئەم هەوارە لەکوێ بخەین؟

شەوە و چ تاریك و سارد وسامناك، ژانی ژنێك، ئاوێتەی زریکەی کۆرپەیەکی ساوا. شەو چ هەیکەل و پەیکەرێ خۆی لە بالای ئەسپی سەرکەش لوول داوە و سوارێك خۆی کشاندۆتە سەرزینی ئەسپ و گوڵی شۆرانی هێناوە. منالێ پێرۆکە بوو. بەیاری وکایەی منالانەوە گەورەبوو. سەردەم تێپەڕی. ڕێرەوی ئامانجی دوارۆژی خۆی بوو. ئەگەر نا، لەو شەوە زەنگە، بەورێژنە بارانە و، وەها تۆفان کێ دەتوانێ هەیبێ ئامانجێ کە ماف لە روانگەدا



نیگاری بەستبێ. لە هەوڵدانی شەو کە هەوری چڵکن بە سەردەریای ترس هێنەرەوە دەیبارێنێ. لە بەرزترین قەلای خەلوەتیا زەمزەمەی باران، بە رقەوە هاوار دەکا و لە سروودێکی پر گێژاوی دەریای حەماسەت وێژدا لە بەرزی دا جێ گیر بووە. منالەکەی جاران نیەو و هونەرمەندێك، لە سەر هەربان و سەرایەك شەپۆل دەدا. زەمزەمەی باران هەردەم هاواردەکا. ڕێبوار، هۆی ڕێبوار! نیازی پشودانت نیە! یان رۆنیشتن بە دیار یارانەوە. هەوردەگری "با" دەگەڕێ.

لە ژێر لێوی‌یەوە بە ورتەوە دەڵێ: ئاخ. زەماوەندیان لە پرسە بۆ سازدام، لە مردنیش هەواری ژیانیان بۆ هەڵدام.

لەم هەوارو دیارەدا "کەزاڵمان و زل و لە سەران حاکمان. نە مەدرەسەیەکی هونەری، نەزانکۆیەك، نەئیمکاناتێك، نە راهێنانێك هەر نەبووە بەلکو ئەوانە بە سووکایەتی چاولێکراون. پێش بە کۆرو کۆبوونەوەو هەموو چالاکییەکی هونەری و ئەدەبی گیراوە، ئەم هونەرمەندە کە جەمالی ناوە وەك سەرجەم هونەرمەندانی بێ پشت و

پەنا خۆڕسك بووە و بۆ خۆی، خۆی ڕاهێناوە. لە جیاتی هەر هەمووی ئەوانە، باغەکانی ئیندرقاش و وسووکەند و باغی میکایل، داشامەجید وزاوا بووك و مەیدانانی کردۆتە فێرگە و مەدرە سەو زانکۆی هەنەری، بە تایبەت لەگەڵ هەر دوو هاوڕێی گیانبەختکردوو هونەرمەندی خۆشەویست کاك عەبدوڵای وەیسی ناسراو بە عەبە فلوت و هاوڕێی دەنگ خۆش کاك کەریمی بلوری هاوکات لە گەڵ خوێندنی دەرس و خوێندنەوە شانیان دایە بەر باری گرانی هونەری.

ئەم دەنگە هەروا دەهات بەرزتر دەبۆوە و دەوروبەری رادەچڵەکاند، جیهانێکی دەهەژاند. شەپۆلی مۆسیقا لە دەرگایەك دەدا و جیهانێك پڕ دەکا . شنەی شەماڵی شێعرێك "بم شنە و بای شەوێ خەو بێو لە چاوم ناکەوێ " ئاوێتە بونی ئاوازێ ، شار و شەقام جمەی دێ . جار نا جارێك بزووتنی نەرمە بایەك شادی دەخاتە دڵانەوە . هەمیسان لە قوژبنێکی شاراوەی دڵ و دەروون دا ئاوات و ئەوینی ساتێ لەنگەرگرتن بە سەر سەوزەڵان و نەسیمی زەریا و ساراوا ، بە درێژایی شەوێك شەونخوونی بە شەکەتی گەڕاونەتەوە . شنەی شەپۆلی موسیقا "سرودەکانی ئەنترناسیونالێ ، مام رەحمان ، ئەیاری بەختیاری ، کاك شوان ، کارگەرین ، پێشمەرگەی کۆمەڵە ، مەقامی تۆ نامەی چاوەکانم لە سەر زمانی تەواوی لاوان و زەحمەتکێشانی کوردستان چەکەرەیان داوە و هێمان و هەر رەگاژۆ دەکەن " و بە سۆزتر لە جارانیش خۆیان بە تەنگەبەرایی بیستن دا دەکەن و مەلی خەیاڵ لە شەقەی شاباڵ دەدا . بە شابەیتێکی شەو شکێن شنەیەکی خۆش شەیداتریان دەکا . شەیداتر لە شەدەلار و نازی شۆخانی تەڕ پۆشی تامەزرۆ بە دەنگی هونەرمەندی پێشەنگی جەسووری هونەری شۆڕشگێرانەی کوردستانی ئێران .

هەر لەو سەردەمانەش دا بە دارە دارەی سیاسەت پێ دەگرێ و بە بەژنی کاجی عەشقی خۆشەویستی تێکۆشان و شۆڕشگێری و حەز و تاسەی هەژاران و جەماوەری دەست تەنگ هاندەری هەنگاوی بە گوڕ و تینی هێز و لێبڕاوی ئەو بوو و گەورە بوو . هونەرمەندێکی وشیار و ئاگا و چاوکراوە بوو ، لە ڕاپەرینی بە شکۆی جەماوەری 1357 دا یەکێك بوو لە پێشرەوان و بەیداخی زەحمەتکێشانی بە دەستەوە گرت و هاتە جیهانی سیاسەتەوە و ئەو کاتەی مامۆستا و موعەلیم بوو لە "جەمعییەتی موعەلیمانی سەربەخۆ " لە شاری بۆکان ، وەك رابەرو رێنیشاندەری ساوایانی ئەم شارە دەرسی هونەری و شۆڕشگێری و زانستی رزگاری دەری بەشەری بە زمانێکی سادە و پاراو بە مناڵان دەوتەوە و دوای تەعتیل بوونی قوتابخانەکان دەستی دایەوە چەك و رێی چیا و خەباتی گرتەوە بەر .

بەڵێ! " خەیاڵیش شارەزای پشتی سنورە " ، بەڵام ئاخ ! لەو شەوە زەنگی ئەنگوستە چاوە ، مەگەر شەو بایەك ، شەو بای چیای سەر کەشی لە کۆسارەوە بە قاسپەی خاسە کەو و بولبوول و قومری و مەلانی لانەواز بەسەر هاتی دورە هاتی بەرەو جێژوانی کیژۆڵانی شۆخ و شەنگ و شۆرە ژنانی سەر ژینی تاڵی بگێڕنەوە .



لە قەدپاڵ و پێدەشتەوە بانگ دەکەینە پەریانی زێر وەشانی ئەویندارانی عەشقی هونەرمەندێك، کامیان هەڵبژێرین ، چۆن سەری قسە بکەینەوە . لە گەڵ کامیان بدوێین ، تا گوێمان بۆ رادێرێ . ئای چەند هەڵبژاردنێکی سەختە . خەزاڵ و خەج ، زین ، شیرین و شەم ، یان باسی گڕاوی یەکانیان لاس و سیامەند ، فەرهاد ، وەلی و مەم بکەین !

لە چالاکی یەك گەڕاونەتەوە . درکاندنی سەختە ، ئاڵقەی گەمارۆی پرسیاری بێ وەڵام مەیدانی بیر کردنەوەی پێ تەنگ کردوون . لە دوورەوە دێن و بەپەلەن بۆ وەڵامی پرسیاری . بەڵام نا نا ، زۆر دور ناڕۆن ، پەلەش ناکەن ، لێرەوە دەست پێدەکەن و سبەی زوو بە گۆرانیەکەوە

پەیکیٚ رادەسپێرن ، هەواڵ دەنێرن بۆ " شەوانی بەزم و شایی شەو نشینی " ناو گاڵتەو گەپی گەرمی ناو مەقەرەکان . یەکێکیش دەکەنە قاسید لە سەر هەر گۆرێ شەمێك داگیرسێنێ و لە لاپەڕەی دەفتەری هەر شاعیرێ شێعرێك وەخوێنێ . بیریان کەوتەوە هونەرمەندێك وتی " کێ راسپێرم هەواڵ بەرێ بۆ کۆڕی گەرمی یاران ، کێ دڵنەواییم داتەوە بە جێی ئەم عەشقەی جارانا"

" پێشمەرگەکان بۆ عەمەلیاتێك خۆیان تەیار دەکەن . ئەو عەمەلیاتە ناوی عەمەلیاتی شەهیدانی تەورێز بوو . ئامانجی عەمەلیاتەکە ناو شاری مەهاباد بوو . جەماڵیش عەزمی جەزم کردبوو ، دەی وت ، هەر دێم و من هەر دەبێ لە گەڵ بم . هەر جۆرێك بێ بەرپرسی ناوچەی رازی کرد و چەك و رەختی مەسئوول مەقەری لە خۆی بست و ئەویش بە شوور و شەوقەوە خۆی حازر کرد . دوای قسە و باسێك لە سەر عەمەلیاتەکە و دابەش کردنی ئەرکەکان دەکەونە ڕێ .



پاش سەعات 3ی نیوە شەوی 1360 /4/28 لە چاوەروانییەکی دوور و درێژ دا پێشمەرگەکان یەکە یەکە و پۆل پۆل هاتنەوە مەقەری قزڵجە . هەواڵێکی دڵتەزێن و لەناکاو درِی بە بێدەنگی ناوچەکەدا ، هەواڵی گیانبەختکردنی هونەرمەندی شۆرشگێر "جەماڵ مفتی " تاسەی ماتەمباری خستە نێو دڵی هەموانەوە .

رۆژێك دوای ئەوە لایەنگرانی کۆمەڵە تەرمی پیرۆزی هونەرمەندی شکۆدار کاك جەماڵیان لە شاری مەهاباد هێنا دەرو بردیانە ئاوایی لاچین ، لە نێو شین و گریانی خەڵکدا و داخ و پەژارەی هاورێ و هاوسەنگەرانی ، تەرمی کاك جەماڵ راگوێزرا بۆ گەورە گۆرستانی شاری بۆکان . لە ری ّو رەسمێکی گەورە و بە شکۆ دا و هاورێ لە گەڵ دەنگی بە سۆزی سروودەکانی خۆی بە خاك ئەسپێردرا .

**



# چیروکیك بۆیادی كاك جەمال

نوسینی: یونس. م

ئیوارەی رۆژی 27ی پوشپەری 60 بۆ كۆبایەكی فێنك و بلاًوینی دەهات و زولف و ئەگریجەی سەوزی شانەكانی بەم لاوئەو ئادادەداو دەی ئالوز كاندن. شۆرەكچان وەك پۆله ناسەكەوێكی كۆیستانان بەرەو كانی بەرمالآن دەچون و كوره حەیرانیش خۆی له كەلین پەسیوەكانی مال دەزیوەوده چوتاچاوی بەگراوی خۆی بكەوی.

دەنگی بەسۆزی چریكەی پیشمەركەیەكی كۆمەڵه لەبنار مشانەكەی بەرامبەر ئاوایی قزابه دل و هەناوی هەموز ئەم كەسانەی دەمەزاند كه گۆیان لێ دەبو. ئەمانه دیمەنێكی جوان و داواوه بون كه ئەم ئێوارەی هاوێنه به ئاوایی قزلبه بەخشی بۆ.

پیری ئاوایی له تەبسته كۆلەكەكەی بەرمالآن خۆی هاویشتبو سەر قەفاپاڵی نەكەیی و له گەڵ چریكه كه خۆی رادەژاندو چاوی بریبو ئاوابونی هەتا كه خەرێك بو رۆدەچۆناخی سروشتەوه. لەنگه كابانێش بەرامبەر به پیره پاوه كه وەستابوو خەرێكی رستی تەشی بو ئاخو قەولێ به پێشمەرگەیەكی كۆمەڵەدا بو جوتێك زەنگالی بۆ بچنی. مامه پیره لەبەر خۆیەوه وتی ئەمه چریكەی جەماڵه ئاخ نەمێنم دەبێ چ ئەونێك ئاوادڵی وەجۆش خستبێ ئاخ لاوی.

بومەولێلی ئیوارەیه پێشمەرگەكان له مەقر هاتنه دەری و رێزیان بەستو وەری كەوتن، وەك كۆمەلێك تاپو لەبنار شاخه كه تێپەرین دەچون بۆ مەهاباد. بەنام بەرله وەری كەوتیان پیره پیاوه كه ئەم متسانەی له كۆمەڵە كان گۆلێ پیو. ناكەكه هەردیم دەكرێ ئەم كەمه لیاته له گەل نەبم ناتوانم خۆم پێ رازی ناكری دەبێ هەربیم دەی تەگەر وا سوری لەسەرهاتن با بروین هاورێان.

تا ئاپۆ كاینان له چاوان ئاوبون پیره پاوەكه هەر چاوی تێی بریبون.



له ئێواری وه دڵەخۆرپه دای گرتبو تەجمینی نەبو. هەر ئەم دیوارەدیوی دەكرد و سیگاری هەلدەیەستاوه دەیكێشا. نەكه كابان پیی وت ئەری ئەوچییه بۆ نەجمینه لێ براوه. نازانم له ئیواری وه كه گوم له دەنگی جەمال بو دەڵی به دودەست دلم دەكوشن ئەره ئێواری یه ئاودەنگی دیته. نا. دوێنی لەوبەری مالآن راهاواری دەكرد دەی كوت نەنكه كابان ئەو مزەنگاڵانەم بۆ تەواوكه باتانەمرد و دوباریان له پێی بكەم. نازانم ئەو كۆمەڵانەبو ئەوان هەر له خۆرا له دەلآن دەینشن. ئەرێ پیاوەكه راستەدەڵین نویژناكەن و باوەریان بەو شتانیه. بەلآم هەر پیەك بن ئەشمه دو پاك و كرده چەكەن بەو نیو ئاوایه دا دین و دەچن كەس به خراپی نەی دیون ئەنەهوكاری وا لەو كوره كۆمەڵانه ناوەشیتن وه.

شەو شەق بوو پیرە پیاو هێشتا نەو نەچوبۆ باوەکانی.
لەبەر مالأن سەوەرێك ساز بو بەبیستنی پیرە پیاو خیرا لە جێگاکەی هاتەدەرو چو بەرهیوانەکە سەوەرە کە تا کۆلأنەکە لای ئەوا هەر درێژەی هەبو. ئاخێکی تا سردەیی هەلکێشاو لەبەر خۆیەوە وتی " ئوخەیش ئەوەهاتنەوە دلّم ئوقرەی گرت بابچم سەر خەوێك بشکێنم دەزانم بەیانی بەدەنگی جەمال وە خەبەر دێم.
زەردە لە سەرانی دابو بەلأم دەنگی جەمال نەدەهات.
پیرەپیاوەکە پیی سەیر بو. مەقەری کۆمەلەکان هێندێك بێدەنگ بو. زو هەوالێك لەنیو دێ گەرا، "کاك جەمال" کامە؟ دەك مالّتە هەی، ئەوەی دەنگ خۆشە کە دەیبا؟" ئەمشەو لە مەهاباد شەهید بو"
شتی وانە لیی هەك نەمێنم هەی بۆ ئەو کورە بەراستی حەیف سەد حەیف. باشە نەدەکرا نەینێرن بەراستی بۆ ئەو شەڕە ،" کورە خۆ یەك رەختیشی پیێ نەبو مالّتە " ئەدی " هەر دوك پێی لە کەوشێك کردۆو و وتویەتی هەردیم ناچار مەسئول مەقەرەکەیان چەکو رەختەکەی خۆی پێداوە. ئەو پێشمەرگانە لەگەلّی بون دەلّین، تەنانەت لەبەر ئاوایش پێمان وت " کاکە جەمال گیان تۆ مەیە بگەرێوە لە جواب دا وتویەتی " کاکە بڕۆن هەر باسیشی مەکەن بۆ من چیم لە ئێوە زیاترە.
ئێوارەیەکی خۆلە مێشیە بێدەنگێکی سەر سور هێنەرە ئاوایی نزیلەی لەباوەش گرتو، لەناکاو تەقەی چەند فیشەکێك بەرز دەبێتەوە نێشانەی ئەوەیە لەتەرمی بێگیانی کاکە جەمال لەشار هێناوەتە دەر. پیرە پیاوەکە لە جێگای هەر دوێنیێ ئێوارەی خۆی راوەستاوە و نەنەکە کابانیش لە بەرامبەری. نەنکە کابان ئەمرو تەشی نارێسی! دەلێ ئاخر دوای جەمال دەستم بۆ کار ناچیێ قسەکەی پێریێ ئێوارەی وەراست گەرا مردو زەنگال پێلنەکەی تەواو نەبو.
پیرە پیاوەکە کۆم بۆتەوە خۆی هاویشتوتە سەر قەف پالی گۆچانەکەی، فرمیسکەکانی بەسەر گۆنا چرچ و لۆچ و ریشاویەکەیدا دێنەخۆار و دەکەونە سەر ئەرزو رۆ دەبەنە ناخی زەویو لەبەر خۆیەوە دەلێ" حەیف جەمال حەیف بۆ ئەو دەنگە پیرۆزە کە پییێتە ژێر گلەوە.

**

# یاد

ن: عزیز ئاجیکەند



وەرزەکانی ئەم ساڵە زۆر بەریان کورتو ئێوارەکانی نارنجیو بەیانییەکانی گەشو بەتینە. کات ژمێرەکان دەوریان خێراترو چرکەکان تیك تیك بەشوێن یەکەوەن.

شەوگارانی ئەستەم یەك لەدوای یەك تێدەپەرنو ماڵ ئاوایی لەیەکتر دەکەنو کراسی رەش تەندراویان دادەماڵنو باوەش بەخۆری تیشك هێنەر دادەکەنو بەرەو کۆتایی ساڵ ملی رێ ئەگرنەبەر.

بوونەوەرەکان هەرکاتەو بەجۆرێك بالی سەفەر لێدەدەن کۆچ دەکەن بەرەو مەڵبەندی تامەزرۆیانی عاشقانی ژین.

یارانی شۆڕش سواری ئەسپەشێ دەبنو کلاّوی شۆرشیان کردۆتە سەرو گەرەکیانە تاولی بیرۆکەی شۆڕش لەناو دڵی سابلاغی شاری عاشقان هەڵدەن. لەوساتە وەختانەداو لەوەها رۆژانێك لەبەربەیانی گەشو روناکدا, یەکەمین بولبولی بال نەخشاو, باوەشێکی خەوی 9 مانگو 9 رۆژی شکاندو گۆرانی سەمفونیای دیاری غوربەتی ئاشقانی کردە میوانی شەیدایانی سەودا سەری دەشتی کاکی بەکاکیو چریکەیەك پڕ بەگەروی سابلاغ چریکاندیو مژدەی وەزرێکی بەگوڵ نەخشاو وتوانەوەی بەفرو بەستەڵەکی زستانی ئەو ساڵەی بەعاشقانی وەرزە تەنیاکانی ساڵانی ڕابردودا هەستە ناسکەکانیو ئەوینە بێگەردەکان بن دیاری غوربەتی کارمامەزەکانی سنەو بۆکانو سابلاّغی کردە هاوسەفەرو سواری باڵی ئەسپەشێ بوونو موژدەی گۆرینی زەمانی بەگوێی عاشقانی دەشتی کاکی بەکاکیدا چرپاندو لەخەوی زستان ڕای چڵەکاندو بەرەو ئامێزی گەرمی کیژی

کافرۆشی تەمەن 16 ساڵان, وەبالّ لێدان کەوتن.

کوڕو کچانی سابلاّغ لەو بەرەبەیانی یەداو هاورێ لەگەڵ شەیدایانی سەوداسەر هەودای سەفەر دەگرنو لەدایك بوونی هەتاوی ئاواتە دێرینەکان, دەگرنو لەئامێزی شاعری سابلاّغ چاو لەئاسۆی روونی لەدایك بوونی خەونەکانیان دەکەن.

مامان پرسێکەی لە سەری پێچاو دەستی هەڵماڵیو بەدەستی من نەبێ و بەدەستی ئایشە فاتمان بێ نیتوکی بریو گونەکانی بریو دەستێکی بەسەر چاوانی دا هێنا عارەقەی نێو چاوانی سەریو پیرۆزبایی لەدایك بوونی لەدایە کرتو دوای چەند ساڵێك ناویان نا جەمال ئیتر جەمال لەو بەیانییە هەتاوێ دا بووە؟ میوانی شاری سابلاغ. دارە دارەو گاگولکێ تەمەنی ساوایی نایە سەرو پێی نایە سەردەمی مێرمنداڵی. جەمال ئیتر ئەولاوە تازە پێگەیشتوە بوو کە بەگۆرانیو قسەخۆشەکانی کۆری هەڤالانی گەرمو گورتر دەکردو گۆرانی بۆ هۆگرانی دەنگی دەوتەوە. ویرەویری سەر لێوەکانیو جوانیو روخساری بێگەردیو دەنگەخۆشو بەسۆزەکەی تێکەڵ بەشەپۆلی دەریا هەناسەی رەشەباو بۆنی بای وەعدە دەبوو وە وێنەی پەیکێکی تیژرەو خۆی خزاندە ماڵی بێ بەشانو هۆگرانی ئاوازو گۆرانی کوردیو بووبە ئەوێنی دڵداران و عاشقانی دەنگی جەماڵ.

ئێوارە تەمەن کورتەکانو چیاکانی شارەجوانەکەی سابلاغ, هەموو رۆژێ دەنگی جەماڵیان لە ئامێز دەگرت ئیتر ئەوناوچانە ببونە هەوارگەی شەیدایانی ئاوازەکانی

جەماڵو گۆرانی دلنیشینەکانی. شاخەکانی زاوا بووکو داشامە جیدو کانی کەوتەرو جەزیرەو کوێو کوێ, شوێنی حەسانەوەی رێبوارانی عاشقی جەمال بوو. بەگوێ گرتن لەدەنگە شینەکەی جەمال غەمی کورتی راغی دلدارانی هەتاویان ئاوپرژین دەکرد.

لەبیر ناچن ئەو رۆژانەی چریکەی گۆرانی سەیری زەمان گۆراوە عاشقان دلیان براوە بێدەنگی شەوگارانی عاشقانی دەشکاندو دەیکردنە میوانی ئاخرین لوتکەی خۆشەویستی. گۆرانیەکانی جەمال ئیتر یەك لەدوای یەك شەتڵی خۆشەویستی لەناودڵی هەموو شەیدایانی دەنگی رواندو گۆرانی کیژەکەی کافرۆشی کردە دیاریەك بۆ هەموو عاشقانی کوردستان.

هونەرمەند ماڵ بەگوڵو دەربەدەر ئیتر شاری مەهابات بەجێ دێڵێو باری سەفەری دەپێچێتەوەو روو لە حەوتەوانانی شۆرشدەکات. ئاواتو ئارەزوەکانی بڵێسە دەردەکەنو شارو ناوچەکانی تری کوردستانو چیا سەرکەشەکانی ئاویەرو, ناڵەشکێنەو ئەربابو کوچکەرەش دەکا بەپێخەفی خۆیو لەگەڵ یارانی وەك کاك کەریمی بلووری خۆشەویستی ناو ریزەکانی هەلمەتو راپەرین, بالایان رەختو فیشکە دەرازینەوەو بەدەنگو بەچەکو بەهیواو بەئارمانی سوری چەوساوان دێوزمەی مەرگ دەپێکێنو شەتڵی نەونەمامی شۆرشێکی ئاگرین لەهەمووبن بەردێكو چیایەك دەروینو بەئارەقی پاکی ناوچاوانیان ئاوی گوڵی سووری تینووی شۆرشو رزگاری دەدەن. جووتیارانی شاری مەریوان قەڵای شۆرشی کوردستانو هەژارانی شارەکانی دوکتۆر جەعفەرو کاك حمە حسێنو کاك صدیقی کەمانگەر, لەکازیوەی بەرەبەیانی لەرۆژەکانی مانگی گوڵاندا بەچریکەی دەنگی هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەتان, دیلانی برسیەتی دونیا, وەخەبەر دێنو 14 ئاڵای سووری شۆرشی چەوساوان لەسەر بەرزترین لوتکەی کوردستان هەڵ ئەکەن. ئەڵێن ئەمرۆ 24ی رێبەندان رۆژی کۆمەڵەیەو چەوساوانی کوردستان یەکەمین ساڵی ئاشکرا بوونی شۆرشی سووری کرێکاری جیژن دەگرنو چەندین گوڵاڵە سوورە ئەدەن لە قووبەی تاجی سەری خۆشەویسترین خۆشەویستەکانی شۆرش.

ئیتر ئەمرۆ جەمال بۆتە هەڵۆیەك لە چیاکانی کوردستان, بۆتە هەتاوێك دەیەوێ لەشەوی ئەنگوستە چاو دا بپشکوێ. دەیەوێ ببێتە ئاهی ئاپورای قین گرتووی شاری هەڵمەتو قوربانیو ئاهی جەرگ سووتاوی دایکانی نەوروزی خوێناوی سنە بەرێ بۆ جێژوانی ئاویەرو و لەداوێنی شاخە خۆشەویستەکەی کاك شوان, بیکا بە بلێسەی ئاگرو لەکوانووی هەرگیز نەکوژانەوەی ئەم ئاگرە, سرودی کاك شوانی قارەمان پێشەنگی پیشمەرگەکان بڵێتەوەو موەژدەی وەخەبەر هاتنی پۆلێك لەرەنجدەرانی کوردستان بەگوێی خەڵك بگەیەنێ. بەڵێ هەناسەکانی جەمال تێکەل بەسروودی مام رەحمان



دەبنو هەزاران ئەستێرەی لەچەشنی مام رەحمان پیری ناو ریزی شورش زیر زێرەو شان دەکاو ئاڵا بەدەس بەرەو شۆرشێکی قین گرتوو هەنگاو دەنێ. هەناسەکانی لەناو قوولایی دەریاوە هەڵدەستێتو هەتا خۆری رزگاری ئەستێرە دەچێنیو شەیدایانی دونیای ئازادی یەکسانیو جوانی بەدوای خۆی دا راکێش دەکا. لەو رۆژانەی سرودی رێی خەباتیان بەدەنگی جەمال سەمفونیای رزگاری لێدا: هاوارە قەتیس ماوەکان سنوریان شکاند. لەکۆڵانی عاشقە سەر براوەکانو ژووری دەست قرتاوان دا گوولی سووری رزگاری دەدەن لە یەغەی سەر لە ئێوارەی یەکێك لەژوورەکان, فەرماندەی هێز, بەرپرسی مقەر ئاگادار دەکا, کە کۆ بوونەوەمان هەیە. هەموویان خۆیان گورجو گۆڵ دەکەنو بەرەو مقەری قزلجە وەرێ دەکەون.

فەرماندەی هێز رایدەگەیەنێ:

هاورێیان مەئموریەتێکمان لەناوشاری مهابات هەیەو دەبێ هەرچی زووتر برۆین. پشمەرگەکان هەمویان یەك لەدوای یەك بالاّ یان بەرەخت فیشك دەرازینەوەو بەرەوشاری مهابات وەرێ دەکەون.

شاری مهابات دەمێك بوو بە تاسەی دیتنی جەماڵەوە بوو. دەمێك بوو خولیای سەرلەنوێ گوێ گرتنەوەی دەنگی جەماڵ بوو هەربۆیە بەتەواوەتی لەئامێزی گرتو لەنزیك مزگەوتی سوور. جێژوانی عاشقانی دەنگی جەماڵ.

جەمالیان دیدار کرد. بەلاّم بەداخەوە چەند ساتێك دوای ئەوە, جەمال بەتیری دوژمن دەپێکرێو ماڵئاوایی لەخەلكو لەشارەکەیو لەچەوساوانو لەئێمە لەشیدایانی دەنگە بەسۆزەکەی کرد.

بەرەبەیانی رۆژی دوای پێش خۆر هەڵهاتن غەمێکی قورس بالی بەسەر ئاوایی قزلجە داکێشا. هەواڵێکی کورتو جەرگ بەکۆلان بەکۆلاّنی ئاوایی دا گەرا. هەموولایەك کاس بوون, پیرو لاو بەپەرۆشەوە دەیان روانیە یەکتر.تۆ بڵێی چی بووبێ؟ پیشمەرگەکان بۆ نیگەرانن؟ ئاوایی بۆ وا ماتو غەم بارە؟

خەڵکی ئاوایی چاوەروانی هەواڵ بوون, یەك لەدوای



یەکو سیان, سیانو دوان, دوان بەرەو مقەر وەرێ کەوتنو خوازیاری پرسینی ئاخرین دەسکەوتەکانی عەمەلیاتی دوێنێ بوون, بەلاّم بەداخەوە هەواڵی گەرمی جەمال هەموویانی تاساندو ئەوانی خستە غەمو پەژارەوە.

بەڵێ هەواڵەکە زۆر کورت بوو. جەمال رویشتبوو, جەماڵ چوو بووە ناو خەوێکی ئەبەدیەوە. لەدوورەوە دەنگ دەبیسرا. ژنانو پیاوانی ئاوەدانی لەدەوری ئەم غەمە تازەیان کۆ ببوونەوەو هەریەکەو بەجۆرێك لەم ئازارە دەدوا.

حەیفە جەمال. حەیف نیە ئەم دەنگەت بچێتە ژێر خاکەوە. ئەی کێ ئەم جارە سرودی کاك شوانمان بۆ بڵی. کێ گۆرانی کیژی کافرۆش بۆ عاشقانی ژین بڵێتەوە؟ کرێکاران دەبێ بەدەنگی کێ کازیوەی بەرەبەیانیان بەسرورودی هەستن ئەی بەش مەینەتەکان, لەخەو هەستنو قوڵنگ لەپەیکەری سەرمایە بدەن.

بەراستی حەیف جەمال

***

جەماڵ گیان راستە دڵە گەورەکەت لەسەنگەری چیایەکی کوردستاندا, لەلێدان کەوت, بەلاّم دەنگی بەسۆزو چریکەی هەرگیز کپ نەبووت, ئێستاش لەئاپورەی جەماوەردا پەنگ دەخواتەوەو وێردی سەرزمانی هەژارانو چەوساوانە.

یادت بەخێر

**



سپاسی هاورێیان سەیران رەحیمی، کیومەرس مەنسوری و مەحمود باوەرێز دەکەین کە لەم ژمارەیەدا یارمەتیان داوین بە:

دابەزاندنی بابەت، ئیدیت و ناردنی وێنە بۆ پێشەنگ



# دوو وێنە لە کۆڵبەرێکی سنووری باشماخ

دیاری: مەحمود باوەرێز



**خوێنەری ئازیز!**

**پێشەنگ چاوەروانی ناردنی نوسراوە و بابەتی هونەری بە پێزی ئێوەی بەرێزە. دەستی هاوکاریتان بە گەرمی دەگوشین.**

**دەستەی بەرێوەبەری پێشەنگ**

